# لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

ژمارە (٣)ی پاییزی (٢٠٢٥) گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسی و ستراتیجییە مەڵبەندی دیراساتی گشتیی (ی.ن.ک) دەریدەکات.



- ئابووری جیهان لەنێوان ئاشتی و جەنگی ئەمریکا و چیندا.
- ئایندەی حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان لە عێراقدا.
- سعودیە و پاکسان، تارمایی ئەتۆمی لە کەنداو.
- ڕابردوو، مێژوو، مێژوونووسی و نووسینەوەی مێژوو.
- کاریگەری ژیریی دەستکرد لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی، دەرفەت و هەڕەشەکان.

# گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسیی و ستراتیجییە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەریدەکات.

## ژمارە (٣)ی پاییزی (٢٠٢٥)

خاوەن ئیمتیـــــاز | مەڵبەندی دیراساتی گشتی (ی.ن.ك)
سەرنووســــــەر | د. یوسف گۆران
جێگری سەرنووسـەر | پ.د. ئومێد رفیق فتاح
بەڕێوەبەری نووسیـن | م. هونەر احمد کریم



### دەستەی نووسەران

پ.د. عابد خالد رسول
د. فریدون صالح حمە
د. فاروق عبدول مولود
پ.ی.د. بێستون حسێن عارف
د. جلیل عمر علی

### دەستەی ڕاوێژکاری

سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاران: فرید ئەسەسەرد

### ئەندامانی دەستە

پ.د. یونس علی احمد
پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
پ.ی.د. ئارام عمر محی الدین
پ.ی.د. هندرێن عبدالله طاهر
پ.د. هیوا عزیز اسعد
پ.ی.د. نرمین معروف غفور
پ.ی.د. یادگار علی محمد
پ.ی.د.سەنگەر حسام عبدالله

هەڵەبڕ | پ. ی. بێستون عارف عزیز
دیزاین | شاهۆ عەبدولڕەحمان



- پێگە: cgs.kurdpuk.org
- ئیمەیڵ: jss@dirasatdiploma.org
- ژمارە تەلەفۆن: ٠٧٧٠٥٠٩٢١٩٦
- ناونیشان: عێراق- هەرێمی کوردستان- سلێمانی- گەڕەکی چوارچرا.

## لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی گۆڤارێکی وەرزییە، مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات. لەلایەن دەستەیەك لە کەسانی ئەکادیمیست و پسپۆڕەوە سەرپەرشتی دەکرێت و گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ئەو توێژینەوە و ڕاپۆرتە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییانە دەدات، کە ڕەهەندێکی ستراتیجییان هەیە و کاریگەریی و لێکەوتەی فرە ڕەهەندی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییان هەیە.

بیرکردنەوە لە دەرکردنی ئەم گۆڤارە لەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، عێراق، ناوچەکە و نێودەوڵەتی، جێی گرنگی پێدان و بایەخی زانستییە، گۆڤارەکە دەیەوێت ببێتە سەکۆیەك لە خستنەڕووی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر و فرە ڕەهەند، بۆ پرسە جیاوازە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکییە خراوە ڕووەکان، بە سەنتەری هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەو پرسانەش کە ڕەهەندی ستراتیجیی هەرێمی و نێودەوڵەتییان هەیە و کاریگەرییان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە. سیاسەتی گۆڤارەکە گرنگیدانە بەو چەمك و پانتاییانەی کە ڕەهەندی ئایندەی و ستراتیجیی لەخۆدەگرن، بەشێوەیەك توێژەر بتوانێت لە ڕەهەندی ئایندەییەوە سیناریۆکان و بژاردەکان بەشێوەیەکی زانستیی شیبکاتەوە.

پاش جێبەجێکردنی ئەو مەرج و سیاسەت و ڕێنماییانەی نووسین، کە لە گۆڤارەکە بۆ توێژینەوە و ڕاپۆرتەکان دیاریکراون، ژمارەکانی گۆڤارەکە جگە لەوەی بە شێوەی چاپکراو بڵاودەکرێنەوە، هاوکات بە شێوەی ئەلیکترۆنیش لە ماڵپەڕی فەرمیی مەڵبەندی دیراساتی گشتیی بڵاودەکرێنەوە و دەخرێنە بەردەست گرنگی پێدەران و خوێنەرانی گۆڤارەکە.

# پێرست


- هەرێمی کوردستان و دوورپیانە هەستیارەکە ........ | ٥
د. یوسف گۆران

- ئابووری جیهان لەنێوان ئاشتی و جەنگی ئەمریکا و چیندا ........ | ٧
پ. د. یونس علی أحمد | د. هندرێن عبدالله تاهیر

- وتاری ڕقاوی و جینۆساید، یان کاتێک وشە دەبێتە چەک ........ | ٣٧
د.سەرکەوت جەلیل

- ئایندەی حەشدی شەعبی و گرووپە چەکدارەکان لە عێراقدا ........ | ٥٩
پ.د. عابد خالد ڕەسول

- ناکۆکی سنووری دەریایی عێراق و کوێت لەسەر خۆر عەبدوڵڵا ........ | ٧٧
پ.ی.د. عیاد ئیبراهیم ئەحمەد

- کێبڕکێ و ململانێی تورکیا و ئیسرائیل بۆ هەژموونی ناوچەیی لە سوریا و ئەگەرەکانی داهاتوو ........ | ٩٩
د. فەرەیدون صالح حمەزۆراب

- سعودیە و پاکستان، تارمایی ئەتۆمی لە کەنداو ........ | ١٣١
د.فاروق عەبدول

- کاریگەری ژیریی دەستکرد لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی، دەرفەت و هەڕەشەکان ........ | ١٤٣
عباس حسن محمد

- ڕێڕەوی زەنگەزوور وەک هەنگاوێکی ستراتیژی ئەمریکا و کاریگەرییەکانی لەسەر هاوکێشە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوچەی قەوقاز ........ | ١٦١
م.ی. گۆران سەلام محەمەد

- ڕابردوو، مێژوو، مێژوونووسی و نووسینەوەی مێژوو ........ | ١٨٩
پ.د. هیوا عەزیز سەعید

- (نەخشەی نوێی جیهان) وزە، کەش و هەوا و پێکدادانی نەتەوەکان (دانیاڵ یەرگین) ........ | ٢٠١
م. هونەر احمد کریم

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

ژمارە: 1009

رێکەوت: 06/04/2025 - 06/04/2026

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی سالی 2007 کە لە 22/9/2008 بریاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری( لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ) وەرزییە، خاوەن ئیمتیازی (مەڵبەندی دیراساتی گشتی ی.ن.ک) و سەرنووسەرەکەی ( یوسف صمد لطف الله )، مەرجە یاساییەکانی تیدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (1009)تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک سال.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

# هەرێمی کوردستان و دوڕیانە هەستیارەکە



د. یوسف گۆران
لێپرسراوی مەڵبەندی دیراساتی گشتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

دواجار هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی فیدراڵی عێراق تەواو بوو، بێ ئەوەی هێزە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان "بەتایبەت یەکێتی و پارتی" بتوانن زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانیان هەبێت، یاخود دیدێکی هاوبەشی نزیك بۆ کارکردنی پێکەوەیی گەڵاڵە بکەن، هەرچەندە بە زارەکی باس لە یەکڕیزی نیشتمانی و مافە دەستورییەکانی کورد لە بەغداد لەلایەن زۆربەی هێزە کوردستانییەکانەوە دەکرێت، بەڵام بە پراکتیکی کوردستان بەرەو جەمسەرگیریی حزبی و سیاسیی مەترسیدار هەنگاو دەنێت، کە دوور نییە دەرگا بۆ جەمسەرگیریی جوگرافیش واڵا بکاتەوە.

گومان لەوەدا نییە لە دوو وێستگەی هەستیار و چارەنووسسازی نیشتمانی، کە تایبەت بوو بە دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی فیدراڵی لە ساڵی "١٩٩٢" و هەروەها لە دروستکردنەوەی عێراقی دوای "٢٠٠٣"، هەردوو هێز ڕۆڵی سەرەکییان لە دانانی دەستورو سیستمی سیاسیی ئێستای عێراق و کوردستان گێڕاوە، ئەم ئەزموونە "سەرباری ڕەخنە جیددییەکان" بۆ ماوەکی زۆر جێگیری و هێزو گەشەسەندنی هەمەلایەنەی بۆ هەرێمەکەمان فەراهەم کردو کوردستانیش بوو بە نموونەیەکی جیاواز، کە زۆرجار لەلایەن بێگانەکانەوە بە (عێراقێکی تر) ناو دەنرا.

بەڵام بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو هێزی سەرەکی، بەتایبەت لە دوایەمین کابینەی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی هەستێکی بەهێز لای یەکێتی کە بە مەبەست ناوچەکانی ژێر نفوزی پەراوێز دەخرێت و لە خزمەتگوزاریی هاوسەنگ بێبەش دەکرێت، تێکچوونی ئەم پەیوەندییانە گوتاری سیاسیی کورد لەسەر ئاستی فیدراڵیدا لاواز کردو درزێکی گەورەی تێکەوت، بەهۆی نەبوونی هیچ دامەزراوەیەکی کوردستانی گشتگیر بۆ هێزە کوردستانییەکان لە چەشنی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە یان ئەنجومەنی سیاسیی نیشتمانی سوننەکان، سەرەنجام کوردستان و هێزە کوردستانییەکان پەرتەوازە بوون، کوردیش خاڵی هێزی سەرەکی خۆی "کە یەك گوتارییە" لەسەر ئاستی فیدراڵی لەدەست دا.

وەرچەرخانی مەترسیدار و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو هێزە سەرەکییەی کوردستان، خراپترین کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بەجێهێشت، سەرەنجام هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی زیاتر لە "١٠" ساڵە تووشی قەیرانی دارایی و ئابوری و ناجێگیری سیاسیی بووە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەیوەندییەکانی هەردوولا، دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان نەیتوانی هیچ لایەنێک بەسەر ئەوی تردا زاڵ بکات، بەهۆی نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەشی هاوسەنگ بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان، لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە پاش شەڕی ناوخۆوە تووشی درێژترین قەیرانی پێکهێنانی حکومەت بووە، ئەم قەیرانە گەر لەوە زیاتر درێژە بکێشێت دوور نییە خودی هەرێمەکەمان وەك قەوارەیەکی یەکگرتوو بخاتە ژێر چەندین ئەگەری کراوە.

بە کورتی تێگەیشتن لەم هاوکێشەیە و ئاسۆکانی چارەسەرکردن زۆر قورس نییە، دوو لایەن کە لە بنەڕەتدا پێکەوە بنەمای ئەم هەرێمەیان دامەزراند و بەڕێوەبردووە، تاکو ئێستا نە لەڕووی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن و نە لەڕووی جەماوەری و کارەکییەوە هیچ کام لەم دوو هێزە پێگەو توانای خۆیان لەدەست نەداوە و هێزی سێیەمی سەرەکیش دروست نەبووەو بوونی نییە، بۆیە گرنگە دوو هێزە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان بۆ تێپەڕاندنی هەرێمەکەمان لەم قەیرانە:

**یەکەم:** بە هەمان ڕۆحییەتی وێستگە مێژووییە سەرەکییەکانی "١٩٩٢" و هەروەها "٢٠٠٥" کاربکەن و لەسەر بنەمای هاوسەنگی ئیستقراری سیاسی و گەشەسەندنی ئابوری، بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان و دامەزراوە و میکانیزمی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی کێشەکانیان دروست بکەن.

**دووەم:** ڕوونە ئەگەر ئەم دوو هێزە نەتوانن وەك پێشتر کاری پێکەوەیی بکەن و بۆ ئەوەی بازنەی ململانێکان لەوە زیاتر فراوانتر نەبێت، باشتر وایە بیر لە هەموو ئەڵتەرناتیڤێکی تر بکەنەوەو سیستمی سیاسی و یاسایی هەرێم بەشێوەیەك دابڕێژنەوە کە کەمترین کاری پێکەوەیی و هاوبەش لەنێوانیاندا هەبێت، سەرجەم دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی لامەرکەزی بۆ خزمەتکردنی ناوچە جیاجیاکانی هەرێم و جەماوەرەکەی شۆڕبکرێنەوەو قورسایی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگاو یەکە ئیدارییە سەربەخۆکان بگوازنەوە و لەڕووی یاساییشەوە دابڕێژرێتەوە. بەشێوەیەك کە لەڕووی یاساییەوە یەکگرتوویی هەرێمەکە پارێزراو بێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دوو یان زیاتر لە سیستمی بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی تێدا دروست بکرێت. هەردوولاش لەجێی ململانێی یەکتر و دروست بوونی نائیستقراری سیاسی و ئیداری شەڕی نمونەیی بۆ خزمەتکردن (وەك ئەوەی لە ساڵانی نێوان "١٩٩٨" و "٢٠٠٥") پێشکەش بە جەماوەری خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەن و بە شێوەیەکی واقیعی دەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمەکەمان دیاری بکەن و دایبڕێژنەوە و هەرێمەکەمان زیاتر لە ناوچەیەکی نیمچە ئۆتۆنۆمی هەبێت، کە دوور نییە لە ئایندەدا پاش گەڕانەوەیان بۆ سەر سنوری ئیداری هەرێمەکەمان هەمان میکانیزم بۆ ناوچە دابڕاوەکانیش پەیڕەو بکرێت.





# ئـابووری جیهـان
## لـەنێوان ئـاشتی و جـەنگی ئـەمریکـا و چیندا

پ. د. یونس علی أحمد | پسپۆڕ لە بواری ئابوری
د. هندرێن عبدالله تاهیر | پسپۆڕ لەبواری ژێری دەستکردی بەیزی و ئامار

**پێشـەکی:**

یەکێك لە سیما دیار و جیاکەرەوەکانی ئەم سەدەیە لە سەدەکانی پێشوو بریتییە لە سەرهەڵدان و دروستبوونی ناسەقامگیریی ئابووری و ڕامیاری و ژینگەیی لە یەك کاتدا، هەر یەکێك لەم بوار و کایانە تەواوکەری یەکترن و هاوکات هۆکارن بۆ ئەوی تریان. ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت لە جیهان بریتییە لە جەنگ و ناتەبایی ئابووری و بەرژەوەندییە دژ بە یەکەکان، کە هەر وڵاتێك دەیەوێت کایەکە لە بەرژەوەندیی خۆی کۆتایی پێبهێنێت. لەڕاستیدا سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی ڕێکخراوە جیهانییە هەمەجۆرەکان لە ئەنجامدانی چالاکیی جۆر بە جۆری وەك بەستنی کۆنفرانس و سمپۆزیۆمی هەمەجۆر، بەردەوام لە بواری ئابووری و ڕامیاری و ژینگەیی بەمەبەستی لەیەك نزیکردنەوەی دیدی وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتە خاوەن هێز و بڕیارەکان بەتایبەتی، بەڵام لەڕاستیدا دەرئەنجامی هەوڵەکان لە ئاستی پێویستدا نین، نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو ئاڵۆزی و گرژییەکان لە فراوانبوون و پەرەسەندندان و ئەگەری دروستبوونی جەنگی گەورە و گشتگیریی هەرێمی و نێودەوڵەتیی لەئارادایە. ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت هەبوونی دوو دەوڵەتی زلهێز کە هۆکارن بۆ زۆرێك لە کێشە جیهانییەکان و هاوکات ڕۆڵ و سەنگی تەواویان لە دروستکردنی گۆڕانکاری و یەکلاکردنەوەی زۆرێك لە گرفت و قەیرانە ئابووری و ڕامیاری و ژینگەییەکان هەیە. هەروەها ئەم دوو وڵاتە لە زۆرێك لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی پەیوەست بە ئابووری و ڕامیاری و ژینگەیی ئەندامی سەرەکین، خاوەن دەنگ و سەنگی گەورەن، ئەمە جگە لەوەی زۆرجار لەژێر فشاری ئەم دوو وڵاتە بڕیاری ناتەندروست و نەگونجاوی ئابووری و بازرگانی و ژینگەیی دەدرێت، ئەو دوو وڵاتەش بریتین لە ئەمریکا و چین.




**تەوەری یەکەم: بارودۆخی ئابووری جیهان لە ئێستادا:**

لە دوای ساڵانی (٢٠٠٠)وە ئابووریی جیهانی جۆرێك لە ناسەقامگیریی بەخۆوە بینیوە، بەشێك لە هۆکارەکانی پەیوەستبوون بە ناسەقامگیریی ڕامیاریی لەنێوان وڵاتان، بەشێکی تریان پەیوەست بوون بە قەیرانە داراییە هەرێمی و جیهانییەکان بەتایبەت قەیرانی دارایی جیهانی ساڵی (٢٠٠٨)، کە بووە هۆکاری دروستبوونی ناسەقامگیریی ئابووریی لە زۆرینەی زۆری وڵاتانی جیهان و کاریگەریی قەیرانە داراییەکان لە شێوە و جۆری جیاواز بەردەوامیان هەیە، ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت لە کاتی ئێستادا قەیران و گرفتە ئابووری و داراییەکان بە بەردەوامی لە هەڵکشاندان، لە دیارترین فاکتەرەکانی دروستبوونی شەڵەژانی ئابووریی لە ئێستادا، بریتییە لە هاتنە سەرحوکمی ترامپ سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەنگاو و بڕیارە خێرا و چاوەڕواننەکراوەکانی، کە سەرەتایەکە بۆ دوورکەوتنەوەی وڵاتان لە یەکتری و فراوانکردنی خاڵە ناکۆکییەکان و دروستبوونی ناسەقامگیریی دارایی و ئابووریی لە بازاڕە داراییەکان بەگشتی و دروستکردنی ناسەقامگیریی لە نرخی زێڕ و نەوت و دۆلار و برەودان و زیندووکردنەوەی بنەماکانی جەنگی بازرگانی.

بەڵام لەنێو وڵاتانی جیهان وڵاتی چین جگە لە هەبوونی هێزی و سەنگ، هاوکات بە ستراتیژ و ڕامیارییە ئابووری و داراییەکانی، سەرنجی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و دەیەوێت بە جیهان بڵێت منیش هەم وە دونیای ئەمڕۆ تەنها لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوە نابرێت، ئەمریکا و جیهانیش ئەو ڕاستییە دەزانن، نەك هەرئەوەندە بەڵکو چین دەیەوێت خۆی سەرکردایەتیی ئابووری و دارایی جیهان بکات، هەر لە وتەی سەرۆك و بەرپرسانی چین ئەوە بەدیاردەکەوێت کە دیارترین دروشمیان بریتییە لە: (ئێمە جەنگمان ناوێت، بەڵام توانای جەنگمان هەیە، دڵنیاشین جەنگ بکەین سەرکەوتوو دەبین). لەڕاستیدا چین ئەوەی مەبەستێتی بەشێوەیەکی سەرەکی جەنگی ئابووری و بازرگانییە نەك جەنگی ڕامیاری و سەربازی. ئەوەی جێی باسە

بارودۆخی ئابووریی جیهان بەرەو ئاڵۆزتر و شڵەژاویتر هەنگاودەنێت، ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان بەرەو نادیاری و ئاڵۆزتر هەنگاو دەنێن، ڕۆژانە گۆڕانکارییە ئابووری و بازرگانییە پێشبینینەکراوەکان زیاتر بەدیار دەکەون، هاوکات پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لاوازتر دەبن. لە ئێستادا دەتوانرێت بوترێت جەنگی بازرگانیی لەنێوان وڵاتانی جیهان دەستی پێکردوە، بەڵام ئەم جەنگە زیاتر لەنێوان ئەمریکا و چیندا پەرەی سەندوە، لە ئەگەری چارەسەرنەکردنی قەیرانەکان، ئەگەری جەنگی ڕامیارییش لەئارادایە.



**تەوەری دووەم: بیردۆزی گەمەی ئابووری و بازرگانی (نظرية الألعاب/ Game Theory):**

بارودۆخی ناسەقامگیریی ئابووریی جیهان لە ئێستادا بەشی هەرە سەرەکی بۆ ناوەرۆك و چەمکی بیردۆزی گەمەی ئابووری و بازرگانی دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەکی سادە و سەرەتایی ئەم بیردۆزە باس لە کێبەرکێ دەکات، جا لەنێوان وڵاتان یاخود کۆمپانیاکان، بیرۆکەکە لەسەر ئەوە بنیات نراوە کە چ وڵات و کۆمپانیایەك دەتوانێت براوە بێت و بتوانێت بەردەوام قازانج و پشکی خۆی لە بازاڕدا زیاد بکات. بێگومان بردنەوەی وڵات یان کۆمپانیایەك لەسەر حیسابی دۆڕاندن و پشکی وڵات و کۆمپانیایەکی ترە. ئەوەی پێویستە بوترێت ئاسان نییە لەم گەمە و یارییە ئابووری و بازرگانییە هەوڵی یەکسانکردن یان یەکسانبوون بدەیت، ئاسانیش نییە بتوانی بە بەردەوامی پارێزگاریی لە قازانج و پشك و سەرکەوتنەکانت بکەیت، چونکە دۆڕاوەکان بەردەوام لە هەوڵی هەڵسانەوە و قەرەبوکردنەوەی دۆڕاندنەکەیانن ، وە لەهەوڵی دووبارە بەدەستهێنانی  قازانج و زیادکردنی پشکەکانیانن، چونکە بە ئاسانی کۆڵ نادەن و بە ئاسانی دۆڕان و زەرەر قبوڵ ناکەن.

لەڕاستیدا هەر لەسەر بنەمای ئەم بیردۆزەیە کە وڵاتانی جیهان بیر لە گۆڕینی قەبارە و ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی وڵاتەکانیان دەکەنەوە، هەریەکە لە شوێنی خۆیەوە دەیەوێت هاوسەنگی لەنێوان گەشەی دانیشتوان و گەشەی دەرامەتە ئابوورییەکانی ڕابگرێت، هاوکات هەر لەسەر بنەمای ئەم بیردۆزەیە کە پرسیار لە بەشێك لە بەرپرسانی ئەمریکا دەکرێت بۆچی لە ساڵی (١٩٩١) ڕژێمی (سەدام حوسێن)تان نەڕووخاند؟ لە کاتێکدا زۆر لاواز بوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٣) ئەو کارەتان کرد، لە وەڵامدا (ئەگەر ساڵی (١٩٩١) بمانڕوخاندایە دەبوایە داهات و نەوت بەشی زیاتر لە (٣٠) وڵات بدەین، بەڵام ساڵی (٢٠٠٣) بەشی تەنها (٥) وڵاتمان دا). ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا لە هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا، بەڵام خاڵی ناکۆکییان بریتییە لە پشکی هەریەکەیان چەند بێت لە کانزا و سەرچاوەی سوتەمەنی لە ئۆکرانیا. هەروەها هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە درێژە نەخایانی جەنگی (ئیسرائیل- فەلەستین، ئیسرائیل– ئێران، ئیسرائیل– حوسییەکان) پەیوەستە بە پشکی و بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچەکە.



**تەوەری سێهەم: ئابووری ئەمریکا و چین لە ڕابردوو و ئێستادا:**

لە ڕابردوودا بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەمریکا کۆنترۆڵی زۆرینەی زۆری کایە ئابووری و ڕامیاری و داراییەکانی جیهانی کردبوو، هیچ کێبەڕکێکارێکی هاوتا و هەمیشەیی نەبوو، بەڵام لە سەرەتای (٢٠٠٠)کان، کۆمەڵێك کێبەڕکێکاری بۆ دروست بوو، بەتایبەت وڵاتانی ئەوروپا لەلایەك و وڵاتی چین لەلایەکی ترەوە، بەڵام بەهۆی هاوتەبایی سیستمی ڕامیاری و بازرگانیی لەنێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا، ئەو کێبەڕکێیە سروشتێکی ئاسایی وەرگرتووە و نەبووە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیریی ئابووری و دارایی و ڕامیاریی لە جیهان،

بەڵام کێبەڕکێی نێوان ئەمریکا و چین ئاڕاستەیەکی جیاوازیی وەرگرت، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئەمریکا بۆی دەرکەوت چین دەیەوێت ببێت بە کێبەڕکێکاری سەرەکی بەرامبەر ئەمریکا و ئەوەی یەکێتیی سۆڤێتی جاران نەیتوانی بیکات بەرامبەر ئەمریکا، ئەوا چین دەتوانێت بیکات، بەتایبەت چین توانی سوود لە باشیەکانی سیستمی هاوبەشی و سیستمی سەرمایەداری وەربگرێت، بەپێی قۆناغەکان و پێویستی ئابووریی وڵاتی چین، هەر بۆیە چین تاکە وڵاتە لە جیهاندا بە یەك وڵات ناودەبرێت و دوو سیستەم(تتبنى الصين مبدأ (دولە واحدە ونظامان)). لەڕاستیدا چین نایەوێت ببێتە کێبەڕکێکاری ئەمریکا، بەڵکو پلانڕێژی کردووە و دەیکات بۆئەوەی ببێتە وڵاتی یەکەم و سەرکردایەتیی ئابووری و دارایی جیهان بکات، بەشێك لە کاربەدەست و ڕاڤەکارە ئابووری و ڕامیارییەکان پێناسەی چین دەکەن بەوەی (مارێکی نووستوە، هەرکات خەبەری بێتەوە ئەوا جیهان دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی پرسیارە ئایا چین دەتوانێت ئەو کارەبکات؟ یاخود ئایا ئەمریکا لێدەگەڕێت ئەو کارە ڕووبدات؟ هەر بۆ ڕێگرتن لەوە ئەمریکا شەڕی بازرگانیی ڕاستەوخۆ دژی چین و هاوبەشەکانی ڕاگەیاندووە.

> **” یەکێك لە سیما دیار و جیاکەرەوەکانی ئەم سەدەیە لە سەدەکانی پێشوو بریتییە لە سەرهەڵدان و دروستبوونی ناسەقامگیریی ئابووری و ڕامیاری و ژینگەیی لە یەك کاتدا، هەر یەکێك لەم بوار و کایانە تەواوکەری یەکترن و هاوکات هۆکارن بۆ ئەوی تریان “**

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر و بەراوردکردنێکی زانستییانە لەنێوان ڕابردوو و ئێستای هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین، بەمەبەستی تێگەیشتن لەوەی کام لەم دوو وڵاتە لە داهاتوودا دەتوانێت سەرکردایەتیی ئابووریی جیهان بکات؟ پێویستە هەندێك پێوری ئابووری و بازرگانی و ژینگەی و دیمۆگرافی بخەینەڕوو، هەر بۆیە ئەم تەوەرە بۆ چەند خاڵ و بوارێکی سەرەکی دابەش دەکەین:

**١- توانای بەرهەمهێنانی ئەمریکا و چین و پشکی هەریەکەیان لە کۆی گشتی بەرهەمی جیهان.**

لەم تەوەرەدا دەدەین ئاماژە بە توانای بەرهەمهێنانی ئەمریکا و چین و پشکی هەریەکەیان لە کۆی گشتی بەرهەمی جیهان لە ماوەی نێوان (١٩٧٠-٢٠٢٥):

## خشتەی ژمارە (١) توانای بەرهەمهێنانی ئەمریکا و چین و پشکی هەریەکەیان لە کۆی گشتی بەرهەمی جیهان

| ولات | کۆی گشتی بەرهەمی جیهان ولات لە ساڵی ١٩٧٠ | کۆی گشتی بەرهەمی جیهان لە ساڵی ٢٠٢١ | کۆی گشتی بەرهەمی جیهان لە ساڵی ٢٠٢٥ |
|---|---|---|---|
| پشکی ئەمریکا | ٪٥٢ | ٪٢٣ | ٪١٤ |
| پشکی چین | ٪٦ | ٪١٨ | ٪٢٠ |
| پشکی وڵاتانی تری جیهان | ٪٤٢ | ٪٥٩ | ٪٦٦ |

تێبینی: هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ساڵی "٢٠٢١" لە خشتەکاندا بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە کاریگەریی زۆری لەسەر ئابووری و بازرگانیی جیهانی دروست کرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتی چین یەکەم وڵات بوو کە ڤایرۆسەکەی سەرهەڵدا تێیدا، لەسەرەتادا زیانی زۆری لە ئابووری و بازرگانیی وڵاتی چین دا، بەڵام لە دواجاردا توانی بە خێراییەکی چاوەڕواننەکراو و دووبارە توانای بەرهەمهێنان و بازرگانی ببوژێنێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لە خشتەی ژمارە: (١) ئەوە بەدیار دەکەوێت کە پشکی وڵاتی ئەمریکا لە کۆی گشتی بەرهەمی جیهان بە بەردەوامی بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، کە بە شێوەیەك لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠ بۆ ٢٠٢٥) نزیکەی لە (٪٧٥) پشکەکەی لەدەستداوە، بەڵام وڵاتی چین پشکی بە بەردەوامی لە زیادبووندایە، کە زیاتر لە سێ هێندە لە (٪٦ بۆ ٪٢٠) زیادیکردووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵی (٢٠١٩)، وڵاتی چین لە بواری بەرهەمهێناندا بەهۆی پلانڕێژی و ئەنجامدانی چاکسازییەوە لە پێشەنگی وڵاتانی جیهاندایە.





## ٢- قەبارەی هەناردەکردن و هاوردەکردنی ئەمریکا و چین و پشکی هەریەکەیان لە کۆی گشتی بازرگانی جیهان:

ئەم تەوەرە پەیوەستە بە قەبارەی هەناردەکردن و هاوردەکردنی کاڵا لە هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین، چونکە یەکێك لە پێوەر و نیشاندەرەکانی بەهێزی وڵات بریتییە لە پتەوی و هەمەجۆری و بەرزی پشکی وڵات لە بازرگانیی نێودەوڵەتی. بەگشتی ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت هەناردەکردنی کاڵا کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ئابووریی وڵات هەیە، چونکە دەبێتە هۆکاری بەدەستهێنانی دراوی بیانی و زیادکردنی ئاستی وەبەرهێنانی ناوخۆیی، بەڵام هاوردەکردنی کاڵا دەبێتە هۆی چوونە دەرەوەی دراو و سەرمایەی ناوخۆیی و پەیدابوونی کێبەرکێ بۆ بەرهەمە ناوخۆییەکان، بەکارنەهێنانی سەرچاوە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی تەندروست و دروستبوونی لاوازی ئاستی وەبەرهێنانی ناوخۆیی. ئەوەی جێی ئاماژەیە تەنها لە یەك حاڵەتدا هاوردەکردنی کاڵا کاریگەریی ئەرێنیی دروست دەکات، کە بتوانرێت لە بەرهەمهێنانی کاڵا و شمەك و دووبارە هەناردەکردنەوەی بۆ دەرەوەی وڵات بەشداربێت، بە واتایەکی تر کاڵای هاوردەکراو کاڵای وەبەرهێنانی بێت. لەم خشتەیەی خوارەوە قەبارەی هەنارده و هاورده و پشکی وڵاتی ئەمریکا و چین لە جیهاندا دەخەینەروو.

### خشتەی ژمارە (٢) قەبارەی هەناردەکردن و هاوردەکردنی ئەمریکا و چین و پشکی هەریەکەیان لە کۆی گشتی بازرگانی جیهان

| وڵات | کۆی گشتی هەناردەی جیهان لە ساڵی ١٩٧٠وڵات | کۆی گشتی هەناردەی جیهان لە ساڵی ٢٠٢١ | کۆی گشتی هەناردەی جیهان لە ساڵی ٢٠٢٥ |
|---|---|---|---|
| قەبارەی گشتی هەناردەی جیهان | ٣٤٥ ملیار دۆلار | ٢٥ تریلۆن دۆلار | ٣٢ تریلۆن دۆلار |
| پشکی ئەمریکا | ٪١٧ | ٪١١ | ٪١٠ |
| پشکی چین | ٪٠,٧ | ٪١٣ | ٪١٥ |
| وڵات | کۆی گشتی هاوردەی جیهان لە ساڵی ١٩٧٠ وڵات | کۆی گشتی هاوردەی جیهان لە ساڵی ٢٠٢١ | کۆی گشتی هاوردەی جیهان لە ساڵی ٢٠٢٥ |
| قەبارەی گشتی هاوردەی جیهان | ٣٢٣ ملیار دۆلار | ٢٢ تریلۆن دۆلار | ٣٢ تریلۆن دۆلار |
| پشکی ئەمریکا | ٪١٧ | ٪١٣ | ٪١٥ |
| پشکی چین | ٪٠,٧ | ٪١٢ | ٪١٠ |
| وڵات | بارودۆخ | بارودۆخ | بارودۆخ |
| بارودۆخی وڵاتی ئەمریکا | هاوسەنگ | کورتهێنان | کورتهێنان |
| بارودۆخی وڵاتی چین | هاوسەنگ | سەررێژی | سەررێژی |

**تێبینی:** بەگشتی هاوسەنگبوونی هەناردە و هاوردە لە وڵاتی ئەمریکا و چین لە ڕابردوودا و ساڵی "١٩٧٠" بەتایبەت، شتێکی ئاسایی بووە، چونکە لەو سەردەمانەدا وڵاتانی جیهان خۆیان بە یاسای هاوسەنگبوون و خۆدووردخستنەوە لە کورتهێنان و سەررێژی پەیوەست دەکرد، بۆ خۆدووردخستنەوە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لاسەنگبوون و قوربانی نەدان بۆ دروستکردنی سەررێژی بازرگانیی کە کارێکی ئاسان نەبوو. ئەوەی جێی ئاماژەیە ڕاستە لە ساڵی "١٩٧٠" هەردوو وڵات لەڕووی تەرازووی بازرگانییەوە هاوسەنگن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا قەبارەی هەناردە و هاوردەی وڵاتی ئەمریکا چەند هێندەی قەبارەی هەناردە و هاوردەی وڵاتی چین بووە، هەروەها پێکهاتەی ئابووریی ئەو دوو وڵاتە لە رووی هێز و ڕۆڵەوە زۆر جیاوازبوونە.

لە خشتەی ژمارە (٢) بەدیاردەکەوێت کە پشکی وڵاتی ئەمریکا لە هەناردەکردنی کاڵا بەرەو دابەزینی زۆر ڕۆیشتووە و پشکەکەی لە کۆی گشتی هەناردەکردنی جیهان کەمیکردووە (١٧٪ بۆ ١٠٪) لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ -٢٠٢٥)، بەڵام وڵاتی چین پشکی لە هەناردەکردنی جیهانی بەرەو زیادبوونی بەرچاو ڕۆیشتووە لە (٠,٧٪ بۆ ١٥٪) زیادیکردووە، ئەمەش مانای وایە چەندین هێندە زیادیکردووە، ئەگەر تەماشای ئەم ڕێژانە بکەین جیاوازی بەدی دەکەین، بەڵام بۆ زانینی قەبارەی قازانجی وڵاتی چین و زیانی وڵاتی ئەمریکا لە بازرگانیی نێودەوڵەتی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠-٢٠٢٥)، دەتوانین سەرج بدەینە قەبارەی هەناردەی جیهان کە لە هەمان خشتەدا ئاماژەی پێدراوە و بەدیاردەکەوێت، کە زیادکردنی پشکی هەناردەی چین بە ڕێژەی (١٪) چ مانایەکی هەیە و کەمکردنی پشکی هەناردەی ئەمریکا بە ڕێژەی (١٪) چ مانایەکی هەیە.

لە هەمان خشتە ئەوە بەدیار دەکەوێت کە قەبارە و پشکی هاوردەی وڵاتی ئەمریکا لەنێوان ماوەی ساڵانی (١٩٧٠ بۆ ٢٠٢٥) زیادیکردووە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە تەرازووی بازرگانیی ئەمریکا بەرەو کورتهێنان بڕوات. (واتا قەبارەی هەناردەکردنی لە قەبارەی هاوردەکردنی کەمترە(، کورتهێنانش بارودۆخێکی ناسروشتییە وە بەردەوامبوون و کەڵەکەبوونی دارمانی ئابووریی گەورەی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە وڵاتی ئەمریکا بۆ ڕێگرتن لەو دارمانە پەنای بردووەتە بەر قەرزکردن و دروستکردنی گۆرانکاریی لە نرخی سوو، ئەنجامدانی گۆرانکاریی لە بەها و شێوەی دۆلار، بەرامبەر ئەم بارودۆخە وڵاتی چین بە پێچەوانەوە تەرازووی بازرگانیی بەردەوام بەرەو سەررێژی دەڕوات و ڕۆیشتووە، چونکە (قەبارەی هەناردەکردنی لە قەبارەی هاوردەکردنی زۆرترە(، ئەمەش بووەتە هۆی دەستکەوتنی دراوی بیانی و بەدەستهێنانی گەشەی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کار و کەمکردنەوەی هەژاری.

لەڕاستیدا کەمبوونەوەی هەناردەکردنی ئەمریکا و دروستبوونی کورتهێنان لە تەرازووی

بازرگانیی، بۆ کۆمەڵە فاکتەرێکی ئابووری و ڕامیاری دەگەڕێتەوە، لە گرنگترینیان:
١- ناسەقامگیریی لە ڕامیاری و ستراتیژ و پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی جیهان بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا.
٢- ناسەقامگیریی نرخی دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دراوەکانی تر.
٣- بەرزی تێچووی بەرهەمهێنان، بەرزی کرێی کرێکار، گرانی نرخی کاڵای ئەمریکی بەرامبەر کاڵای وڵاتانی تر بەتایبەت کاڵای وڵاتی چین.
٤- کەمبوونەوەی یەدەگی دارایی و پەنابردن بۆ قەرز، بە شێوەیەك لە هەندێك لێکۆڵینەوەدا ئاماژە بەوە دەدرێت کە قەرزەکانی سەر ئەمریکا دە هێندەی قەرزەکانی وڵاتانی دواکەوتووە.

**"لە دوای ساڵانی "٢٠٠٠"وە ئابووریی جیهانی جۆرێك لە ناسەقامگیریی بەخۆوە بینیوە، بەشێك لە هۆکارەکانی پەیوەستبوون بە ناسەقامگیریی ڕامیاریی لەنێوان وڵاتان، بەشێکی تریان پەیوەست بوون بە قەیرانە داراییە هەرێمی و جیهانییەکان بەتایبەت قەیرانی دارایی جیهانی ساڵی "٢٠٠٨"، کە بووە هۆکاری دروستبوونی ناسەقامگیریی ئابووریی لە زۆرینەی زۆری وڵاتانی جیهان و کاریگەریی قەیرانە داراییەکان لە شێوە و جۆری جیاواز بەردەوامیان هەیە"**

لە بەرامبەردا کۆمەڵە هۆکارێکی ڕامیاری و ئابووریی بوونەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتی چین بتوانێت قەبارە و پشکی هەناردەکردنی بەردەوام زیاد بکات و سەرڕێژی لە تەرازووی بازرگانییەکەی دروست بکات، لەو هۆکارانە:
١- سەقامگیری ڕامیاریی تاڕادەیەکی زۆر وەدوورکەوتنەوە لە گرژی ڕامیاریی لەگەڵ وڵاتانی جیهان.
٢- هەبوونی پەیوەندییەکی بازرگانی و ئابووریی زۆر باش لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتانی جیهان، هەر ئەمەش وایکردوە کە بازاڕی زۆر فراوانی لەبەردەستدا بێت، بۆ نموونە بازاڕەکانی ئەوروپا، بازاڕەکانی ئاسیا و ئەفریقا... هتد، ئەویش بەهۆی بەرهەمهێنانی کاڵای هەمەجۆر و نرخی هەرزان و گونجاو.
٣- سەقامگیریی نرخی دراوەکەی و دابەزاندنی لە کات و ماوەی پێویست بە مەبەستی

زیادکردنی هەناردەکردن.
٤- زۆری و هەمەجۆری بەرهەم، پشتبەستن بە لادێکان بۆ بەرهەمهێنان بەهۆی هەرزانی دەستی کار و هەبوونی مادەی کانزایی و دەرامەتە ئابوورییەکان بە کوالێتییەکی باش.
٥- پاڵپشتیکردنی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ کارگە و کۆمپانیا ناوخۆییەکان، بە مەبەستی هاندانی زیاتری هەناردەکردنی کاڵا بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان.
پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە وڵاتی چین هاوشانی بەرهەمهێنانی کاڵای هەرزان و کوالێتی نزم، توانای بەرهەمهێنانی چەندەها کاڵای زۆر کوالێتی بەرزی هەیە، کە کێبەرکێی کاڵای وڵاتانی زۆر پێشکەوتووی وەکو یابان و ئەوروپا و ئەمریکا دەکات، هەر ئەوەش وایکردوە بەشێك لە کۆمپانیا و کارگەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا مایەپووچ بن، بەهۆی کەم توانایی لە کێبەرکێکردن بەرامبەر کاڵای چینی، هەر ئەمەش نیگەرانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای زیادکردوە وە هەوڵی بەردەوام دەدەن لە سەپاندنی باج و گومرك بەسەر کاڵای چینی بۆ پاراستنی ئابووریی و کۆمپانیاکانیان، هەرچەندە دەزانن کە ئەم کارە ئاسان نییە و ناتوانن دڵنیابن لەوەی کە دەتوانن ڕێگری لە هاوردەکردنی کاڵای چینی بکەن، بەتایبەت کە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ڕاستەوخۆ پێویستیان بە بەشێکی زۆر لەو کاڵایانە کە چین بەرهەمی دێنێت و خۆیان ناتوانن بەو نرخ و کوالێتییە بەرهەمی بهێنن.
جگە لە شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی ژمارە (٢)، بە پشتبەستن بە هەندێك داتای تر کە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ئاستی بازرگانیی نێوان ئەمریکا و چین دەدات. بە ڕاستەوخۆیی واتا بازرگانیی ئەمریکا بەرامبەر چین، ئەمەش بە مەبەستی دیاریکردنی قازانج و زیانی ئەو دوو وڵاتە لە بازرگانیکردن لەگەڵ یەکتریدا. لەو داتانە ئەوە بەدیاردەکەوێت کە وڵاتی چین سەرڕێژی بازرگانیی بەرامبەر ئەمریکا هەیە، واتا هەناردەکردنی کاڵای چینی بۆ ئەمریکا زۆر زیاترە بەرامبەر هەناردەکردنی کاڵای ئەمریکی بۆ چین، بەواتایەکی تر قەبارەی هاوردەکردنی کاڵای ئەمریکی بۆ وڵاتی چین زۆر کەمترە بەرامبەر بە هاوردەکردنی کاڵای چینی بۆ وڵاتی ئەمریکا. لە ساڵی (٢٠٢٤) زیادبوونی قەبارەی هەناردەکردنی چین بۆ ئەمریکا بە ڕێژەی(١٥,٦٪) کەمبوونەوەی قەبارەی هەناردەکردنی ئەمریکا بۆ چین بە ڕێژەی(٣٪)، قەبارەی سەرڕێژی بازرگانیی (قازانجی وڵاتی چین) بەرامبەر وڵاتی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٢٤) گەیشتووەتە نزیکەی (٢٩٥,٥ ملیار دۆلار)ە، کە ئەمەش دەکاتە نزیکەی (٥١٪) لاسەنگی و کورتهێنانی تەرازووی بازرگانیی وڵاتی ئەمریکا. بەواتایەکی تر لە (٥١٪) لاسەنگی تەرازووی بازرگانیی ئەمریکا بەهۆی وڵاتی چینەوەیە، ئەمەش بۆ کۆمەڵە فاکتەرێك دەگەڕێتەوە لە گرنگترینیان:
١- کەمکردنەوەی نرخی ئاڵوگۆڕی دراوی چینی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی وەکو ڕامیارییەك بۆ زیادکردنی قەبارەی هەناردەکردن، چونکە ئەو ڕامیارییە دەبێتە هۆی هەرزانکردنی کاڵای چینی بە بەراورد بە کاڵای ئەمریکی، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی خواستی هاوڵاتیانی

ئەمریکی لەسەر کاڵای چینی و کەمبوونەوەی خواست لەسەر کاڵای ئەمریکی.

٢- پیادەکردنی ڕامیاری دارایی و نەختینەیی گونجاو لەلایەن وڵاتی چین بۆ بازرگان و وەبەرهێنە چینیەکان، باتایبەت لە بواری کەمکردنەوەی باج و گومرك لەسەریان و پێدانی قەرز و دابەزاندنی نرخی سوو بۆیان، ئەمانەش هۆکاری سەرەکین بۆ هاندانی هەناردەکردنی وڵاتی چین و ساغکردنەوەیان لە بازاڕی ئەمریکا.





**٣- ڕێژەی گەشەی ئابووریی لە ئەمریکا و چین:**

گەشەی ئابووریی یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی بواری ئابووری، کە بۆ نیشاندانی توانا و ئەدای ئابووری و دارایی هەر وڵاتێك بەکاردێت. گەشەی ئابووریی هەر وڵاتێك بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە توانا و قەبارەی بەرهەمهێنان و قەبارە و توانا بازرگانیی دەرەکی دەبەستێت. گرنگی ئەم پێوەرە لەوەدایە کە زیادکردنی گەشەی ئابووریی هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی زۆرێك لە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، بەتایبەت کێشەی (بێکاری و هەژاری و هەڵئاوسان). لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی گەشە ئابووریی هەر دوو وڵاتی ئەمریکا و چین دەخەینەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٣) ڕێژەی گەشەی ئابووریی ئەمریکا و چین**

| وڵات | گەشەی ئابووری لە ساڵی ١٩٧٠ | گەشەی ئابووری لە ساڵی ٢٠٢١ | گەشەی ئابووری لە ساڵی ٢٠٢٥ |
|---|---|---|---|
| ئەمریکا | ٪٤ | ٪٧ | ٪٢,٢ |
| چین | ٪٠ | ٪٨,٤ | ٪٤,٨ |
| جیهان | ٪٤,٣ | ٪٥,٩ | ٪٣,٢ |

لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی گەشەی ئابووریی لە وڵاتی چین بە تایبەت لەنێوان ساڵانی (٢٠٢١ بۆ ٢٠٢٥) زۆر لە گەشەی ئابووریی وڵاتی ئەمریکا زیاترە. هەروەها لەناوەندیی گەشی ئابووریی جیهان زیاترشە، هاوکات هەر دوو وڵات ئەمریکا و چین لە ساڵی (٢٠٢٥) گەشەی ئابووریەکانیان ڕۆیشتووە بە ڕێژەی جیاواز بەرەو دابەزین، بەهۆی:

١- بەردەوامبوون و مانەوەی کاریگەرییەکانی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا.
٢- دەرکەوتنی هەندێك هێزی تری ئابووریی وەکو بەڕازیل و هند و پاکستان.
٣- ناسەقامگیریی ئابووریی جیهان بەهۆی دەستپێکردنی جەنگی بازرگانیی لەنێوان ئەمریکا و جیهان لە لایەك و لەنێوان ئەمریکا و چین لە لایەکی ترەوە.

هاوکات ئەوەی جێی سەرنجە سەرەڕای کەمبوونەوەی ڕێژەی گەشەی ئابووریی وڵاتی چین، بەڵام بەو کەمبوونەوەیەش هێشتا ڕێژەکەی لە ناوەندیی گەشەی ئابووریی جیهان بەرزترە، ئەمەش لە ئاماژەکانی سەرکەوتنی ئابووری چینە سەرەڕای کۆسپ و تەنگەژە ئابووری و بازرگانییە جیهانییەکان.





**٤- پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا لە ئەمریکا و چین:**

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی سەرکەوتنی لایەنی ئابووری و بازرگانیی هەر وڵاتێك بریتییە لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا. بێگومان هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین پشکی گەورەیان لە پەرەسەندنی تەکنەلۆجیادا هەیە. یەکێك لە دیارترین نیشانەکانی پەرەسەندنی تەکنەلۆجیایە، کە بریتییە لە بەرهەمهێنانی ڕۆبۆت، هەر بۆیە ئەم خشتەیەی خوارەوە پەیوەستە بە پشکی هەر دوو وڵات لە بەرهەمهێنانی ڕۆبۆت.

## خشتەی ژمارە (٤) پشکی ئەمریکا و چین  لە بەرهەمهێنانی ڕۆبۆت لە بازارە جیهانییەکان

| وڵات | لە بازاڕی ڕۆبۆتاتی جیهانی لە ساڵی ٢٠٠٠ | لە بازاڕی ڕۆبۆتاتی جیهانی لە ساڵی ٢٠٢٥ |
|---|---|---|
| پشکی ئەمریکا | ٪١٤,٣ | ٪٦ |
| پشکی چین | ٪١٢,٦ | ٪٥٤ |
| وڵاتانی تر | ٪٧٣,١ | ٪٤٠ |

لە خشتەی ژمارە (٤)دا بۆمان دەردەکەوێت کە لەساڵی (٢٠٠٠) پشکی ئەمریکا لە بەرهەمهێنان و بازاڕی ڕۆبۆت بریتیبووە لە (٪١٤,٣)، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٢٥) زۆر کەمبووەتەوە و تەنها لە (٪٦)ی ماوە، لە کاتێکدا وڵاتی چین بە پێچەوانەوە پشکەکەی چەندینجار زیادیکردووە، تا لە ساڵی (٢٠٢٥) پشکەکەی گەیشتووەتە نزیکەی (٪٥٤)، کە ئەم پشکە جگە لەوەی چەندینجار لە پشکی ئەمریکا زیاترە، هاوکات بە تەنیا وڵاتی چین پشکەکەی لە پشکی سەرجەم وڵاتانی جیهان گەورەترە. بەرهەمهێنانی ڕۆبۆت لە هەردوو وڵاتی چین و ئەمریکا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بازاڕی کار و بازاڕی سەرمایە و گۆڕانکاری لە قەبارە و بەهای بازرگانی و ڕێژەی گەشەی ئابووریی جیهان دروستکردوە. ئەوەی جێی ئاماژەیە شان بە شانی چین و ئەمریکا هەریەك لە یابان و ئەڵمانیا و کۆریای باشوور لە بەرهەمهێنانی ڕۆبۆتدا پێشەنگن.

> **"لە ڕابردوودا بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەمریکا کۆنترۆڵی زۆرینەی زۆری کایە ئابووری و ڕامیاری و داراییەکانی جیهانی کردبوو، هیچ کێبەرکێکارێکی هاوتا و هەمیشەیی نەبوو، بەڵام لە سەرەتای "٢٠٠٠"کان، کۆمەڵێك کێبەرکێکاری بۆ دروست بوو، بەتایبەت وڵاتانی ئەورووپا لەلایەك و وڵاتی چین لەلایەکی ترەوە"**

### ٥- قەبارە و ڕێژەی زێڕ لە ئەمریکا و چین:

بێگومان هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین لەڕووی ئابووری و دارایی و بازرگانی لە پێشەنگی وڵاتانی جیهانن. بەگشتی یەکێك لە بنەما و بنچینە و هۆکارەکانی پێشەنگبوونیان بە ئاست و قەبارەی کانزای گرانبەها و یەدەگی زێڕەوە بەتایبەت پەیوەستە، هەر بۆیە هەبوونی

قەبارەیەکی گەورە لە یەدەگی زێڕ لەم دوو وڵاتە بووەتە هۆکاری پتەوکردنی پێگەی ئابووری و رامیارییان، لە هەمان کاتدا زۆرێك لە بڕیار و بەرژەوەندییە ئابووری و دارایی و رامیارییەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان کۆتایی پێدەهێنن، لەم خشتەیەی خوارەوە قەبارەی زێڕ لە ئەمریکا و چین و پشکیان لە یەدەگی جیهانی دەخەینەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٥) قەبارە و ڕێژەی یەدەگی زێڕ لە ئەمریکا و چین و پشکیان لە جیهاندا**

| وڵات | قەبارەی یەدەگی زێڕ لە ساڵی ٢٠٢٥ | کۆی گشتی قەبارەی زێڕی جیهان |
|---|---|---|
| ئەمریکا | ٨١٣٤ تەن | ٪٢٢,١٦ |
| چین | ٢٢٨٠ تەن | ٪٦,٢١ |
| جیهان | ٣٦٧٠٠ تەن | ٪٧١,٦٣ |

لە خشتەی ژمارە (٥)دا دەردەکەوێت کە ئەمریکا پشکی لە (٪٢٢,١٦) یەدەگی زێڕی جیهانی هەیە کە قەبارەکەی بە نزیکەی (٨١٣٤ تەن) دەخەمڵێنرێت، بەمەش ئەمریکا خاوەنی گەورەترین یەدەگی زێڕی جیهانە و لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام وڵاتی چین پلەی شەشەمی ڕیزبەندیی جیهانی هەیە و خاوەنی ڕێژەی لە (٪٦,٢١) زێڕی جیهانە، کە دەکاتە نزیکەی (٢٢٨٠ تەن). هاوکات هەریەك لە وڵاتانی (ئەڵمانیا، ئیتالیا، فەرەنسا، ڕووسیا) لە ڕیزبەندیی پیشەوەی وڵاتانن لە یەدەگی زێڕ. ئەوەی جێی ئاماژەیە بەهۆی گۆڕانکاریی لە دۆزینەوە و پەیداکردن و کڕینی زێڕ لەلایەن وڵاتانەوە ڕیزبەندیی وڵاتان لە یەدەگی زێڕ جێگیر نییە و لەگۆڕاندایە.

> **"کەمبوونەوەی هەناردەکردنی ئەمریکا و دروستبوونی کورتهێنان لە تەرازووی بازرگانیی، بۆ کۆمەڵە فاکتەرێکی ئابووری و ڕامیاری دەگەڕێتەوە"**

هاوکات یەکێك لە گۆڕانکارییە بەرچاوەکانی جیهان لە ئێستادا بریتییە لە گۆڕانکاریی لە نرخی زێڕ، کە ئەم گۆڕانکارییانەش بە شێوەیەکی زۆر خێرا و پێشبینی نەکراون، بەڵام بەگشتی ئاڕاستەی بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە، کە لەکاتی ئێستادا نرخی یەك ئۆنسی زێڕ وەکو ناوەند (چوار هەزار دۆلارە)، سەرەڕای جیاوازیی بۆچوونەکان پێشبینی بەردەوامی

بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ دەکرێت. هەر بۆیە بەشێك لە پسپۆڕ و شیکەرەوە ئابووری و داراییەکان پێشبینی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی زێڕ لە سەردەمی ترامپدا دەکەن و پێیان وایە تاکو کۆتایی ماوەی حوکمی ترامپ نرخی زێڕ بگاتە (٧٠٠٠ دۆلار بۆ ئۆنسێك).

لە گرنگترین هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ لە جیهاندا بریتین لە:

١- جەنگ و ناسەقامگیریی ڕامیاری و لاوازی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی نێوان وڵاتانی جیهان.

٢- گۆڕانکاریی لە ڕامیاری و ستراتیژیی ئەمریکا بەگشتی و هاتنە سەر حوکمی ترامپ بەتایبەتی. ئەوەی وایکردوە کە وڵاتی ئەمریکا بە گشتی و بڕیارەکانی ترامپ بەتایبەت کاریگەریی زۆریان لەسەر بازاڕە داراییە جیهانیەکان لە لایەك و بازاڕی زێڕ لە لایەکی تر هەبێت، بریتییە لەو یەدەگە زۆرەی زێڕ کە ئەمریکا هەیەتی، کە توانیوێتی تاڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵی بواری خستنەڕووی زێڕ و نرخی زێڕ بکات.

٣- کەمبوونەوەی یەدەگی جیهانی زێڕ کە بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان نزیکەی (٨٠٪) یەدەگی زێڕی جیهانی دەرهێنراوە و لە پرۆسەی بەکارهێناندایە و تەنها (٢٠٪)ی ماوە.

٤- گۆڕانکاریی لە نرخی سوو (Interest Rate) بەتایبەت لە ئابووریی ئەمریکا، کە بووەتە هۆکاری دروستبوونی گۆڕانکاری و شەڵەژاوی لە بازاڕە داراییەکان(پشك و قەواڵە) و دواترش لە بازاڕی زێڕ، چونکە گۆڕانکاریی لە نرخی سوو ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بڕیاری وەبەرهێنەکان بۆ کڕینی زێڕ و هەڵگرتنی وەکو سەرمایە و سامان هەیە.

٥- بڵاوبوونەوەی دراوە دیجیتاڵی و دراوە گریمانییەکان، ئەگەری دروستبوونی گۆڕانکاریی لە سیستمی بازرگانی و نەختینەیی و دارایی جیهانی، کە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر نرخی دراوە جیهانییەکان بەگشتی و نرخی دۆلاری ئەمریکی بەتایبەت هەیە، دواتریش گۆڕانکاریی نرخی دۆلار کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر نرخی زێڕ هەیە.

٦- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ زیادبوونی خواستە بەتایبەت لە لایەن وڵاتانی زلهێزەوە و بەتایبەتتر ئەو خواستە زۆرەی کە وڵاتی چین لەسەر کڕینی زێڕ هەیەتی، ئەمەش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی یەدەگی زێڕەکەی و کەمکردنەوەی جیاوازیی لەگەڵ ئەمریکا وە بەتایبەت بەهۆی سەرهەڵدانی جەنگی بازرگانیی لەنێوان وڵاتانی جیهان بەگشتی و لەنێوان ئەمریکا و چین بەتایبەتی.

ئەوەی جێی باسە ڕاستە وڵاتی چین لەڕووی یەدەگی زێڕ و ڕامیاریی نرخی سوو لەگەڵ وڵاتی ئەمریکا هاوتا نییە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت کە وڵاتی چین خاوەنی یەدەگێکی کەم نییە لە زێڕ و لە ڕیزبەندییەکی باشدایە، هاوکات وڵاتی چین هەمیشە خۆی بۆ جەنگە بازرگانییەکان ئامادە دەکات. لە مێژوودا چین لە کەم جەنگی بازرگانیی هەرەسی هێناوە و ئەگەر هەرەسشی هێنابێت زوو هەڵساوەتەوە، هەر بۆیە شتێکی چاوەڕوانکراوە وڵاتی چین

و ڕامیاریە ئابووری و داراییەکانی جا ڕامیاریی ڕاستەقینە بن یاخود ڕامیاریی پەرچەکردار، ڕامیاریی بەردەوام بن یاخود ڕامیاریی کاتی، گۆڕانکاریی جیهانی گەورە لە سەرجەم کایە ئابووری و داراییەکان بەتایبەت لە بازارە داراییەکان و بازاڕی زێڕ بەتایبەت دروست بکات. ئەگەری زۆری هەیە بە پێچەوانەی ڕامیاری و ستراتیژیی ئەمریکا کە کار لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی زێڕ دەکات، چین بەرەو دابەزاندنی نرخی زێڕ بۆ نرخێکی پێشبینی نەکراو هەنگاوبنێت.




**٦- قەبارە و ڕێژەی نەوت لە ئەمریکا و چین:**

سەرەڕای هەبوون و دۆزینەوەی چەندین سەرچاوەی وزەی بەدیل بۆ نەوت، سەرەڕای دانانی پلان بۆ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی نەوت، کە زیانبەخشە بەژینگە و بە ئابووری، ئەمەش بەهۆی نادڵنیایی لە قەبارە و نرخی نەوت، بەڵام نەوت وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە ماوەتەوە و ئاسان نییە جێگرەوەی تەواوەتی بۆ پەیدابکرێت، بەتایبەت لە ماوەی کورت خایەندا. هەربۆیە بەهۆی پێویستی زۆری جیهان بە نەوت لەلایەك و بەرزی تێچوون و نرخی سەرچاوە بەدیلەکانی تری نەوت لەلایەکی ترەوە، فەراهەمنەبوونی سەرچاوە بەدیلەکانی نەوت بە شێوەیەکی ئاسان لە سەرجەم وڵاتان و لە سەرجەم ماوە و کاتەکان، هەر بۆیە نەوت وەکو سەرچاوەی سەرەکی وزە لە جیهاندا بەگشتی و لە ئەمریکا و چین بەتایبەتی ماوەتەوە. بۆ نموونە سەرەڕای گرنگی وزەی خۆر کە هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین پێشەنگن تێیدا، بەڵام تێچوونی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زۆر بەرزە ، هەر بۆیە نەوت پێویستییەکی بەردەوامی ئەو دوو وڵاتەیە.

هاوکات سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتی ئەمریکا خاوەنی ڕێژەیەکی زۆرە لە نەوت، بەڵام بە بەردەوامی بە قەبارەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوت و نرخی فرۆشتن و کڕینی نەوت

لە جیهاندا کاریگەرە، چونکە هەم بەرهەمهێنی نەوتە و هەم بەکاربەری نەوت، ڕێژەی ئەو نەوتەی کە بەرهەمی دەهێنێت بەشی بەکارهێنانی ناوخۆ ناکات. هەروەها جگە لەوەی وڵاتی چین خاوەن قەبارەیەکی زۆر لە خەڵوزە، بەڵام بە بەردەوامی بە قەبارە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوت و نرخی فرۆشتن و کڕینی نەوت لە جیهاندا کاریگەرە، چونکە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ڕێژەیەکی خەڵوز لە چین سنورردارکراوە، بەهۆی ئەوەی ڕێژەی پیسبوونی ژینگە لە وڵاتی چین لە ئاستێکی زۆر مەترسیدارە و بووەتە جێی سەرنج بۆ ڕێکخراوە ژینگەییە جیهانییەکان و مەرجی چارەسەکردن و کەمکردنەوەشیان لە چوارچێوەی چاکسازییە ژینگەییەکان بەسەر وڵاتی چیندا سەپاندەوە. لەم خشتەیەی خوارەوە قەبارە و ڕێژەی نەوتی بەهەمهێنراو و بەکارهێنراوی لە هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین دەخەینەڕوو:

| وڵات | قەبارەی نەوتی بەرهەمهێنراوی ڕۆژانە لە ساڵی ٢٠٢٥ | قەبارەی نەوتی بەکارهاتووی ڕۆژانە لە ساڵی ٢٠٢٥ |
|---|---|---|
| ئەمریکا | ١٣,٢ ملیۆن بەرمیل | ١٩ ملیۆن بەرمیل |
| چین | ٤,٢٦ ملیۆن بەرمیل | ١٥,٥ ملیۆن بەرمیل |
| جیهان | ١٠٥ ملیۆن بەرمیل | ١٠٤ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە |
| **وڵات** | **بەکارهێنانی نەوت لە جیهان لەساڵی ٢٠٢٥** | **بەرهە مهێنانی نەوت لە جیهان لە ساڵی ٢٠٢٥** |
| پشکی ئەمریکا | ٪١٢,٥٧ | ٪١٨,٢٦ |
| پشکی چین | ٪٤,٠٦ | ٪١٤,٩٠ |

**خشتەی ژمارە (٦) قەبارە و ڕێژەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوت لە ئەمریکا و چین و پشکیان لە جیهاندا**

لە خشتەی ژمارە (٦)دا بەدیاردەکەوێت کە قەبارەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوت لەنێوان هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین زۆر جیاوازن، ئەمریکا توانای بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوتی زۆر لە چین زیاترە، بەڵام ڕێژەی جیاوازییان لە قەبارەی بەکارهێنانی نەوت بە بەراورد بە قەبارەی بەرهەمهێنان زۆر کەمترە.

لە لایەکی ترەوە خشتەکە ئەوە بەدیار دەخات کە هەردوو وڵات سەرەڕای توانای بەرهەمهێنان و هەبوونی پشکیان لە بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆر پێویستییان بە

هاوردەکردنی نەوتە، هەر بۆیە هەردوو وڵات بە شێوەی جیاواز و بە میکانیزمی دیاریکراوی خۆیان دەیانەوێت بازاڕی نەوت (بەرهەمهێنان و بەکارهێنان) نرخی نەوت لە بەرژەوەندیی خۆیاندا ئاڕاستە بکەن، بەتایبەت کە نەوت لەڕووی تێچوون و نرخەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر پێگەی بازرگانی و گەشەی ئابووریی ئەم وڵاتانە دەبێت. هاوکات زۆرجار ڕێکخراوەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی نەوت بەتایبەت ڕێکخراوی ئۆپیك و ئۆپیك پڵاس، تەنانەت وڵاتانی بەشداربوو لەو ڕێکخراوانە، سیاسەت و ستراتیجیی بەرهەمهێنان و نرخی نەوت لەژێر ئەزموون و فشاری ئەمریکا دەگۆڕن، هەندێك جاریش ئەمریکا لەڕێگەی دبلۆماسیەت و پەیوەندییە بازرگانییەکانی گۆڕانکاریی لە قەبارەی بەرهەمهێنان و نرخی فرۆشتنی نەوت لە جیهاندا دروست دەکات، بەرامبەر بەوەش وڵاتی چین بەشێوەیەکی دبلۆماسییانە بە مەبەستی زامنکردنی نەوتی پێویست بە نرخێکی گونجاو لە هەوڵی ڕێکەوتنە لەگەڵ بەشێك لە وڵاتان، ئەمەش بەهۆی مەترسیی چین لە کەمبوونەوەی نەوت و گرانبوونی نرخەکەی. لە دیارترین ئەو وڵاتەی کە هاوبەشی لە دابینکردنی نەوت بۆ هەردوو وڵات دەکات بریتییە لە وڵاتی سعودیە.








**٧- کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ئەمریکا و چین:**

ئەم تەوەرە پەیوەستە بە خستنەڕووی بەشێك لە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکان لەهەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین، کە ئەویش بریتییە لە (بێکاری و هەژاری و هەڵئاوسان). بەگشتی بێکاریی خۆی لە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە هەل و دەرفەتی کاریان نییە لە کۆی گشتی دەستی کار دەبینێتەوە. هەژاری بریتییە لە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە

توانای دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان نییە. هەروەها هەڵئاوسان بریتییە لە بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خرمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توانای کڕین. لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بێکاری و هەژاری و هەڵئاوسان لە هەردوو وڵات دەخەینەڕوو:

| وڵات | ڕێژەی بێکاریی لە ساڵی ١٩٧٠ | ڕێژەی بێکاریی لە ساڵی ٢٠٢١ | ڕێژەی بێکاری لە ساڵی ٢٠٢٥ |
|---|---|---|---|
| ئەمریکا | ٪٤,٩ | ٪٣,٩ | ٪٤,٣ |
| چین | ٪٥ | ٪٥,١ | ٪٥ |
| وڵات | ڕێژەی هەژاریی لە ساڵی ١٩٧٠ | ڕێژەی هەژاریی لە ساڵی ٢٠٢١ | ڕێژەی هەژاریی لە ساڵی ٢٠٢٥ |
| ئەمریکا | ٪١٣ | ٪١١,٦ | ٪١٠,٥ |
| چین | ٪٨٠ | ٪١٧ | ٪٠ |
| وڵات | ڕێژەی هەڵئاوسان لە ساڵی ١٩٧٠ | ڕێژەی هەڵئاوسان لە ساڵی ٢٠٢١ | ڕێژەی هەڵئاوسان لە ساڵی ٢٠٢٥ |
| ئەمریکا | ٪٥,٦ | ٪٧ | ٪٢,٢ |
| چین | ٪٢ | ٪٠,٩٠ | ٪٠,٤٠ |

**خشتەی ژمارە (٧) ڕێژەی بێکاری و هەژاری و هەڵئاوسان لە وڵاتی ئەمریکا و چین.**

بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە (٧)، دەردەکەوێت کە هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین لەڕووی ڕێژەی بێکارییەوە لە یەکترەوە نزیکن، بەڵام لەڕووی قەبارە و ژمارەی بێکاران زۆر جیاوازن، ئەویش بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی چین بە بەراورد بە وڵاتی ئەمریکا، بۆ نموونە زیادبوونی ڕێژەی (١٪) بێکاریی لە وڵاتی چین واتا نزیکەی (١٤ ملیۆن کەس بێکارن) لە کۆی گشتی دەستی کار، هەر بۆیە یەکێك لە لەمپەر و کۆسپە گەورەکانی بەردەم گەشەکردنی زیاتری وڵاتی چین بریتییە لە زۆری ژمارەی بێکاران، هەر بۆیە حکومەتی چینی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و بە بەردەوامی هەوڵی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاریی دەدات، ئەمەش لەڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کارەوە، بۆ نموونە هانی هەندێك لە کۆمپانیاکانی بواری ئۆتۆمبێل دەدات بەوەی کە ئۆتۆمبێلەکانیان لە بازاڕە جیهانییەکان بە هەمان نرخی تێچوونەکانیان بەبێ وەرگرتنی هیچ قازانجێك بفرۆشن، بۆئەوەی بتوانن زۆرترین فرۆشیان هەبێت و لەهەمان

کات کۆمپانیاکانی تر نەتوانن بە ئاسانی کێبەرکێیان لەگەڵ بکەن، بەرامبەر ئەوە حکومەتی چینی پاڵپشتی دارایی ئەو کۆمپانیانە دەکات، جا بە بەخشینی بڕێکی دیاریکراو لە پارە بێت یاخود بەخشین لە باج و کەمکردنەوە گومرك بێت، یاخود دابینکردنی سەرچاوەی سوتەمەنی بە نرخی پاڵپشتیکراو. لەڕاستیدا حکومەت ئەو کارە دەکات لەپێناو ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێل بەردەوام بن و هەلی کار بۆ کرێکار و خاوەن پیشەکان بڕەخسێنن و لە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری بەشداربن.

**"وڵاتی چین هاوشانی بەرهەممهێنانی کاڵای هەرزان و کوالێتی نزم، توانای بەرهەممهێنانی چەندەها کاڵای زۆر کوالێتی بەرزی هەیە، کە کێبەرکێی کاڵای وڵاتانی زۆر پێشکەوتووی وەکو یابان و ئەورووپا و ئەمریکا دەکات، هەر ئەوەش وایکردوە بەشێك لە کۆمپانیا و کارگەکانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا مایەپووچ بن، بەهۆی کەم توانایی لە کێبەرکێکردن بەرامبەر کاڵای چینی، هەر ئەمەش نیگەرانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکای زیادکردوە وە هەوڵی بەردەوام دەدەن لە سەپاندنی باج و گومرك بەسەر کاڵای چینی بۆ پاراستنی ئابووریی و کۆمپانیاکانیان"**

لەهەمان خشتە بەدیار دەکەوێت کە لە هەردوو پێوەرەکەی تر (ڕێژەی هەژاری و ڕێژەی هەڵئاوسان) وڵاتی چین توانیوێتی چاکسازیی تەواوەتی بکات بەتایبەت لە بواری کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و گەیاندنی بە (سفر). لەڕاستیدا ڕاستە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕێژەی بێکاری و هەژاری هەیە و لەوانەیە ئاڵۆزییەك لای خوێنەر دروست بکات، چۆن ڕێژەی لە (٥٪) دانیشتوانی چین بێکارن، بەڵام ڕێژەی هەژاریی لە (٠٪)، یاخود ئەی چۆن ئەوانەی بێکارن هەژار نین، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە بریتییە لەوەی حکومەتی چینی هەڵدەستێت بە پاڵپشتی دارایی و دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ خێزانە هەژارەکان و دوورخستنەوەیان لە هێڵی هەژاری.
لە ڕوانگەی ئەو شیکاریانەی سەرەوە، بەگشتی دەتوانرێت بوترێت وڵاتی چین بە بەراورد بە ئەمریکا لە بارودۆخێکی باشتری ئابووری و کۆمەڵایەتییە، ئەم باشتربوونە لە بەراوردکاریی پێوەرەکان بەدیار دەکەوێت، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠ بۆ ٢٠٢٥) ئەویش بە

ئەنجامدانی کۆمەڵە چاکسازییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتی چین و ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان بنەماکانی ئابووریی هاوبەشی و ئابووریی سەرمایەداری.






**٨- قەبارە پیسبوونی ژینگە لە ئەمریکا و چین و پشکیان لە کۆی پیسبوونی ژینگەی جیهان:**

ژینگە و پیسبوونی ژینگە یەکێکە لە بابەتە زۆر گرنگ و سەردەمییەکان کە لەیەك کاتدا جێی بایەخی وڵاتان و ڕێکخراوە ژینگەییەکان و هاوڵاتییانە. لەڕاستیدا هەردوو وڵاتی ئەمریکا و چین هۆکاری سەرەکین لە پیسبوونی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی، ئەم خشتەیەی خوارەوە قەبارە و ڕێژەی پیسبوونی ژینگەی ئەمریکا و چین و پشکیان لە پیسبوونی ژینگەی جیهان بەدیاردەخات.

| وڵات | قەبارەی پیسبوونی ژینگە لە ساڵی ٢٠٢٥ | ڕێژەی پیسبوونی ژینگە لە کۆی گشتی پیسپوونی ژینگەی جیهان لە ساڵی ٢٠٢٥ |
|---|---|---|
| ئەمریکا | ٥,٨ مليار تەن | ٪١٤,١٥ |
| چین | ١٣ مليار تەن | ٪٣١,٧١ |
| جیهان | ٤١ مليار تەن | |

**خشتەی ژمارە (٨) قەبارە و ڕێژەی پیسبوونی ژینگە لە ئەمریکا و چین و پشکیان لە کۆی پیسبوونی ژینگە (Co2)ی جیهان.**

لە خشتەی ژمارە (٨)دا بەدیار دەکەوێت سەرەڕای جیاوازیی قەبارەی پیسبوون و پشکی ئەمریکا و چین، ئەم دوو وڵاتە هۆکاری سەرەکین لە پیسبوونی ژینگەی جیهان، کە بە نزیکەی لە (٪٤٦)ی کۆی گشتی پیسبوونی ژینگەی جیهان دەخەملێنرێت، ، بۆ نموونە ساڵی (٢٠٢٥) ئەمریکا قەبارەی پیسبوونی ژینگە بۆ وڵاتی ئەمریکا نزیکەی (٥,٨ مليار تەنە) کە

دەکاتە نزیکەی (١٤٪)ی کۆی پیسبوونی ژینگەی جیهان، بەڵام قەبارەی پیسبوونی ژینگەی وڵاتی چین برتییە لە (١٣ ملیار تەن) و بە ڕێژەی نزیکەی (٣٢٪)ی پیسبوونی ژینگەی جیهانە. لەمەوە بەدەردەکەوێت کە ئەم گرفتە لە وڵاتی چین چەند جار بە بەراورد بە وڵاتی ئەمریکا زیاترە، هەر بۆیە لەلایەک ئەمە بە یەکێك لە خاڵە ناکۆکەکانی نێوان وڵاتی ئەمریکا و وڵاتی چین دادەنرێت. لەلایەکی ترەوە لەنێوان ڕێکخراوە ژینگەییە جیهانییەکان و وڵاتی چین. ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەمریکا ئەم بابەتە وەکو کارتێکی فشار بۆ ڕێگریکردن لە گەشەی ئابووری و گەشەی بازرگانیی زیاتری وڵاتی چین بەکاردەهێنێت، هاوکات ئەمریکا بە بەردەوامی فشار دەخاتە سەر وڵاتانی جیهان و سەر ڕێکخراوە ژینگەییە جیهانییەکان کە ڕێگری بکەن لە وڵاتی چین کە ژینگەی جیهان پیس بکات، چونکە ئەمریکا پێی وایە چین لەپێناو بەدیهێنانی قازانج و گەشەی ئابووریی خۆی ژینگەی جیهانی پیس دەکات، بەرامبەر بەوەش چین پێی وایە نابێت بۆ ئەژمارکردنی قەبارە و ڕێژەی پیسبوونی ژینگە کۆی گشتی هەژمار بکرێت، بەڵکو پێویستە پشکی تاکە کەس بەهەند وەربگیرێت، ئەگەر ئەو کارە کرا ئەوا چین بە هیچ شێوازێك قەبارە و ڕێژەی ڕێپێدراوی نەبەزاندوە، بۆیە پێی وایە چین هۆکاری سەرەکی نییە بۆ پیسبوونی ژینگە، بەڵکو ئەمریکا و وڵاتانی تر هۆکاری سەرەکین بۆ پیسبوونی ژینگە.





**٩- ژمارە و ڕێژەی دانیشتوان لە ئەمریکا و چین و پشکیان لە کۆی دانیشتوانی جیهاندا:**

دانیشتوان بە یەکێك لە پێوەرە گرنگەکانی بواری دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی دادەنرێت. لەڕاستیدا ژمارەی دانیشتوان و گەشەی دانیشتوان ئەگەر پلانڕێژی تەواوی بۆ بکرێت، دەبێتە بنەما و پتەوکردن و بەهێزکردنی ئابووری و پاڵنەر دەبێت بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووریی پێویست، بەتایبەت ئەگەر بەرامبەر زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان هەلی کاری پێویست برەخسێت، ئەمە جگە لەوەی زۆری ژمارەی دانیشتوان پێگەی سەربازی

و ڕامیاری و دیمۆگرافی وڵات بەهێز دەکات، بەتایبەت ئەگەر زیادبوونەکە زیادبوونێکی تەندروست بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و نەبوونی هەلی کاری پێویست، دەبێتە هۆکارێك بۆ زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و هەڵئاوسان و دواکەوتنی ئابووری، ئەمە جگە لەوەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دەبێتە هۆکاری زیادبوونی پیسبوونی ژینگە و زیادبوونی پێداویستی و خواستی دانیشتوان لەسەر کاڵای هاوردە و کورتهێنانی تەرازووی بازرگانی.

هەر بۆیە پێویستە هەروڵاتێك پلانڕێژی تایبەتی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان گەشەی دانیشتوانەکەی بەرامبەر قەبارەی دەرامەتە ئابوورییەکانی هەبێت. هەروەها ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان گەشەی دانیشتوانەکەی بەرامبەر ژمارە و گەشەی دانیشتوانی جیهان.

لەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی ئەمریکا و چین و جیهان خراوەتەڕوو، هاوکات بەراوردکارییەکی سادەش لەنێوان ماوەی (١٩٧٠ بۆ ٢٠٢٥) بۆ پشکی هەریەکە لە وڵاتی ئەمریکا و چین ئەنجامدراوە.

| وڵات | ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ١٩٧٠ | ژمارەی دانیشتو انلە ساڵی ٢٠٢١ | ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٢٥ |
|---|---|---|---|
| ئەمریکا | ٢٠٣ ملیۆن کەس | ٣٣٢ ملیۆن کەس | ٣٤٣ ملیۆن کەس |
| چین | ٨١٨ ملیۆن کەس | ١,٤١ ملیار کەس | ١,٤٢ ملیار کەس |
| ڕێژەی دانیشتوان ئەمریکا بۆ کۆی گشتی دانیشتوانی جیهان | ٪٥,٥ | ٪٤,٣ | ٪٤,٣ |
| ڕێژەی دانیشتوان چین بۆ کۆی گشتی دانیشتوانی جیهان | ٪٢٢,١ | ٪١٨,١ | ٪١٧,٧ |

**خشتەی ژمارە (٩) ژمارە و پشکی دانیشتو انی وڵاتی ئەمریکا و چین**

لە خشتەی ژمارە (٩)دا بەدیار دەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی چین بەشێوەی بەردەوام لە زیادبووندایە، ژمارەی دانیشتوانەکەی چەند هێندەی ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکایە، بەڵام ڕێژەی دانیشتوانی ئەمریکا بە ڕێژەیەکی ڕێکخراو و هاوسەنگ و تەندروست لە زیادبووندایە و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە پشك و ڕێژەی دانیشتوانی ئەمریکا لە کۆی گشتی دانیشتوانی جیهان لەماوەی نێوان (١٩٧٠-٢٠٢٥) بەدیناکرێت. وڵاتی چین لەڕووی ژمارەی

دانیشتوانەوە پلەی دووەمی جیهانی هەیە، (چونکە بەپێی نوێترین سەرژمێری ساڵی (٢٠٢٥) وڵاتی هندستان بووە بە یەکەم وڵاتی جیهان لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە. لەڕاستیدا زۆری ژمارەی دانیشتوان لە وڵاتی چین سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوورییە و بنەمایەکی گرنگە بۆ دەستکەوتنی دەستی کاری هەرزان، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکی هەرزانی تێچوون و نرخی کاڵای وڵاتی چینە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆری ژمارەی دانیشتوان بە کۆسپی سەرەکی و بەردەوامی بەردەم گەشی زیاتری ئابووری وڵاتی چین دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی بەزۆری ژمارەی دانیشتوان سەرچاوەی سەرەکی پیسبوونی ژینگەیە لە چین، هەر بۆیە وڵاتی چین بە بەردەوامی هەوڵی کەمکردنەوە و ڕێکخستنی ژمارەی دانیشتوانەکەی دەدات لەڕێگەی دانانی باج لەسەر لەدایکبوونی زیاد لە منداڵێك، کەمکردنەوەی کۆمەکی دارایی و خەرجی خوێندن و خزمەتگوزارییەکان بۆ منداڵی زیاتر.

> **"گەشەی ئابووریی یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی بواری ئابووری، کە بۆ نیشاندانی توانا و ئەدای ئابووری و دارایی هەر وڵاتێك بەکاردێت. گەشەی ئابووریی هەر وڵاتێك بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە توانا و قەبارەی بەرهەمهێنان و قەبارە و توانا بازرگانیی دەرەکی دەبەستێت"**

**تەوەری چوارەم: خاڵی لاوازی ئەمریکا – دەرفەتێکە بۆ بەهێزبوونی وڵاتی چین:**

بە پشتبەستن بەو داتا و زانیاریانەی کە لە تەوەرەکانی پێشوودا شیکارکران، دەتوانین بەشێك لە خاڵە لاوازەکانی ئەمریکا دیاری بکەین، کە ئەگەر چارەسەر نەکرێن دەبنە دەرفەتێك بۆ بەهێزبوونی زیاتر چین، لەو خاڵانە:

١- ناسەقامگیری و گۆڕانکاریی زۆر خێرا لە سیاسەت و ستراتیژیی ڕامیاری و ئابووری و دارای و نەختینەیی ئەمریکا، کە بووەتە سەرچاوەی نائارامی پەیوەندییە دبلۆماسی و بازرگانییەکانی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی جیهان، بەتایبەت بڕیارەکانی ئەم دوایەی ئەمریکا لەبارەی کۆچبەرانەوە.

٢- پیادەکردنی بنەماکانی سیستمی سەرمایەداریی بەشێوەیەکی زۆر توند، ئەمەش زۆرجار

لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە ناوخۆی و دەرەکییەکانی ئەمریکادا یەکناگرێتەوە.

٣- پشتبەستن بە پیشەسازییە جەنگییەکان بەشێوەیەکی فراوان و کەم بایەخدان بە پیشەسازییە سەرەتاییەکان، ئەمەش ئەمریکای ناچار کردوە بۆ دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکان و قەبارەی هاوردەکردنی کاڵا پشت بە دەرەوەی وڵات ببەستێت، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی کورتهێنانی زیاتر لە تەرازووی بازرگانیی ئەمریکادا.

٤- هەڵکشانی بەردەوام لە ڕێژەی هەڵئاوسان، کە بووەتە هۆی بارگرانی لەسەر شانی هاوڵاتیانی ئەمریکا و بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری.

٥- کەمبوونەوەی یەدەگی دارایی و پەنابردن بۆ قەرزی دەرەکی و قەرەبووکردنەوەیان لەڕێگەی دانانی باج و گومرکی زیاتر لەسەر هاوڵاتیان و کۆمپانیا ناوخۆییەکان، کە زۆرجار ئەم باج و گومرکانە لەباتی کاریگەریی ئەرێنی، دەبنە هۆکاری ناسەقامگیریی زیاتر لە ئابووری و بازرگانیی ئەمریکا.

٦- بەرزی تێچووی بەرهەمهێنان، بەرزی کرێی کرێکار، گرانی نرخی کاڵای ئەمریکی بەرامبەر کاڵای وڵاتانی تر، کە بووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی خواستی جیهانی لەسەر کاڵای ئەمریکی.

٧- ناسەقامگیریی نرخی دۆلارو کەمبوونەوەی خواست لەسەر بەکارهێنانی دۆلار لە مامەڵە دارایی و بازرگانییەکان، ئەمە جگە لەوەی وڵاتان بەگشتی هەوڵدەدەن جگە لە دۆلار دراوی تری وەکو (پاوەن و یۆرۆ) بکەنە یەدەگی بانکە ناوەندییەکانیان. بۆ نمونە لە ساڵی (١٩٧٠) نزیکەی (٧٥٪) مامەڵە بازرگانی و مامەڵە دارایی و یەدەگی نەختینەیی بانك و بازرگان و وڵاتان بە دۆلاری ئەمریکی بوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٥) ئەم ڕێژەیە بەرەو کەمبوونەوەی زۆر هاتووە و بۆ تەنها لە(٥٥٪) کەمیکردوە، کە بەهۆی پەرەسەندنی دراوا دیجیتاڵی و دراوە گریمانییەکان، ئەگەری هەیە ئەم ڕێژەیە زۆر زۆر زیاتر کەم بکات. هەروەها زیادبوونی خواست لەسەر دراوەکانی تری وەکو (یۆرۆ و یوان)، خواست لەسەر (یۆرۆ) بە ڕێژەی (٣٠٪) و لەسەر یوانی چینی بە ڕێژەی (١٠٪) زیادیکردووە، ئەمە جگە لە هەوڵی وڵاتانی تر بۆ بەکارهێنانی دراوی تر وەکو جێگرەوەی دۆلار، بەتایبەت هەوڵەکانی کۆمەڵەی (البریکس BRICS - کە بە فەرمی ساڵی (٢٠٠٩) دامەزراوە، کە ناوەکە کورتکراوەی ناوی یەکەمی پێنج وڵاتە دامەزرێنەرەکەیەتی (بەرازیل و ڕووسیا و هند و چین و باشووری ئەفریقیا)، ئەم وڵاتانە نزیکەی لە (٤٠٪) دانیشتوانی جیهان و نزیکەی لە (٣٠٪) بەرهەمی گشتی جیهان لەخۆدەگرن. لە ساڵی (٢٠٢٥) کۆمەڵە وڵاتێکی تر بوونەتە ئەندام لە کۆمەڵەکە و کۆمەڵەکە ئەگەری فراوانبوونی زۆر زیاتری هەیە.

**تەوەری پێنجەم: خاڵی لاوازی چین – دەرفەتێکە بۆ بەهێزبوونی وڵاتی ئەمریکا:**

بە پشتبەستن بەو داتا و زانیاریانەی کە لە تەوەرەکانی پێشوودا شیکار کران، دەتوانین بەشێك لە خاڵە لاوازەکانی چین دیاری بکەین، ئەگەر چارەسەر نەکرێن دەبنە دەرفەتێك بۆ بەهێزبوونی ئەمریکا، لەو خاڵانەش:

١- لاوازی دیموکراسی و سەپاندنی ڕامیاریی چاودێریی توند لەسەر ئازادیی وەبەرهێنەکانی کەرتی تایبەت.

٢- زۆری ژمارەی دانیشتووان، کە هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و کەمی پشکی داهاتی تاکەکەس لە کۆی گشتی داهاتی وڵات.

٣- بەرزی ڕێژەی پیسبوونی ژینگە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، کە هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی پێوەری گەشەی بەردەوام و گەشەی مرۆیی و دابەزینی ڕیزبەندیی وڵاتی چین لەسەر ئاستی جیهان.

٤- کەمی قەبارەی نەوت و زێڕ  کە دوو بنەمای سەرەکی هێز و پێگەی ئابووری و بازرگانین. سەرەڕای هەبوونی نەوت و زێڕ، بەڵام بە بەراورد بە پێویستی ناوخۆیی و بە بەراورد بە ئەمریکا، وڵاتی چین ڕێژەی پێویست نەوت و زێڕی نییە.

> **"سەرەڕای هەبوون و دۆزینەوەی چەندین سەرچاوەی وزەی بەدیل بۆ نەوت، سەرەڕای دانانی پلان بۆ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی نەوت، کە زیانبەخشە بەژینگە و بە ئابووری، ئەمەش بەهۆی نادڵنیایی لە قەبارە و نرخی نەوت، بەڵام نەوت وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە ماوەتەوە و ئاسان نییە جێگرەوەی تەواوەتی بۆ پەیدابکرێت"**

**تەوەری شەشەم: ئایا جیهان پێویستی بە (ئەمریکا)یەکی بەهێزە یاخود بە (چین)ێکی بەهێز؟**

بێگومان بڕیاردان یاخود بیرکردنەوە لەوەی جیهان پێویستی بە کام وڵاتە کارێکی ئاسان نییە. لەڕاستیدا جیهان پێویستی بە هەموو وڵاتانە، بەڵام هەر وڵاتێك بەپێی توانا و قەبارەی خۆی. هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە ئەمریکا و چین، لەڕاستیدا ئەمریکا کۆمەڵە کاڵایەك بەرهەم دەهێنێت، کە زۆرینەی زۆری وڵاتان جیهان ناتوانن بەو کوالێتییە بەرزە بەرهەمی بهێنن، بەتایبەت بەرهەمی (پیشەسازی و بواری پرۆگرامسازی). لەبەرامبەردا وڵاتی چین کۆمەڵە

کاڵایەك بەرهەم دەهێنێت کە زۆرینەی زۆری وڵاتان ناتوانن بەو نرخە بەرهەمی بهێنین، بەتایبەت بەرهەمی (ناوماڵ و جل و بەرگ). لەڕاستیدا ئەمە مانای ئەوە نییە کە وڵاتی ئەمریکا لە توانایدا نییە یاخود ناتوانێت کاڵا و کەل و پەلی هەرزان بەرهەم بهێنێت، یاخود وڵاتی چین توانای نییە و ناتوانێت کاڵا و کەل و پەلی کوالێتی بەرز بەرهەم بهێنێت، بەڵکو بابەتەکە پەیوەستە بەوەی کە هەر یەکێك لەو دوو وڵاتە تایبەتمەندی و پسپۆری خۆیان هەیە، هەر بۆیە جیهان لەبوار و پێویستی جیاوازدا پێویستی بە هەردووکیانە و هیچیان شوێنگرەوەی ئەویتریان نییە.
هاوکات ژمارەی ئەو وڵاتانانەی کە ئەمریکا و چین مامەڵەی بازرگانییان لەگەڵدا دەکەن لە (١٨٠ وڵات) زیاترە، هەر بۆیە لەم بوارەشدا ئەوە دەسەلمێت کە جیهان لەیەك کاتدا پێویستی بە ئەمریکا و چینە، هەتا پەیوەندیی ئابووری و رامیاریی ئەم دوو وڵاتە بەهێزتر بێت، ئەوا جیهان ئارامتر و خۆشگوزەرانتر دەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە نابێت ئەم دوو وڵاتە کێبەرکێ بکەن و کەسیان پێشی ئەویتریان بکەون. لەڕاستیدا پێگە و پشکی هەریەك لەم وڵاتانە لە دابینکردنی پێداویستی جیهان و ڕادەی پشتبەستنی جیهان پێیان، پەیوەستە بەم چوار پرسیارە سەرەکییەی ئابووری، کە پێویستە سەرجەم وڵاتان و سەرجەم سیستمە ئابووری و ڕامیارییە جیهانییەکان وەڵامی بدەنەوە، کە ئەوانەش بریتین لە:
(چی بەرهەم دێنیت؟ چەند بەرهەم دێنیت؟ چۆن بەرهەمی دێنیت؟ بۆ کێ بەرهەمی دێنیت؟)
بۆ نموونە لە ڕابردوودا لە ساڵی (٢٠٠٠) ئەمریکا لە بەرهەمهێنانی ڕۆبۆت پێشەنگبوو؟ بەڵام لە ئێستادا چین پێشەنگە و ئەمریکا ئەوەی بەرهەمی دێنێت زۆرینەی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆیی بەکاریدەهێنێت و ڕێژەیەکی کەمی هەناردە دەکات، بەڵام چین کەمێکی بۆ پێداویستی ناوخۆیی بەکاردێنێت و زۆرینەی هەناردەی بازاڕە جیهانییەکان دەکات.
بۆ نموونە ئەمریکا تێچوونی بەرهەمهێنانی کاڵاکانی بەرزە و ناتوانێت بە ئاسانی کەمیان بکاتەوە، بەتایبەت پەیوەست بە تێچوون و کرێی کرێکار، هەر بۆیە ناچارە تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی گرانبەها بەکاربهێنێت، بەڵام وڵاتی چین دەستی کاری هەرزانی زۆرە و لە کاتی پێویستدا تەکنەلۆجیای هەرزانی لەبەردەستدایە.
بۆ نموونە ئەمریکا کاڵاکانی بۆ بەشێکی زۆر سنوردار لە هاوڵاتیان بەرهەم دەهێنێت و هەناردە دەکات، کە زیاتر بۆ چین و توێژە داهات بەرزەکانە، بەڵام چین کاڵاکانی سەرجەم هاوڵاتیان بەرهەم دەهێنێت و بۆ توێژە: (داهات بەرز و داهات ناوەند و داهات نزم)کان هەناردەی دەکات، ئەویش بەهۆی هەمەجۆری کاڵای چینی (هەمەجۆرە کوالێتی یەك، هەمەجۆری لە نرخ)، هەر بۆیە چین دەتوانێت خواستی بەردەوام بۆ کاڵاکانی دروست بکات و بەردەوام هەناردەکردنیان زیاد بکات و مامەڵە بازرگانیی فراوان لەگەڵ وڵاتان بکات.

**دەرئەنجام:**

لەڕاستیدا بەهۆی ئاڵۆزی پەیوەندیی نێوان کایە ئابووری و ڕامیاری و ژینگەییەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هەڵکشانی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و هەڵئاوسان بە ڕێژەیەکی زۆر، جیهان بە گشتی و ڕێکخراوە جیهانییەکان درکیان بە مەترسی و کاریگەرییەکانی جەنگ و ناسەقامگیریی ڕامیاری و گرژی ئابووری و بازرگانیی کردووە، بەتایبەت لەنێوان وڵاتە زلهێزەکانی وەکو ئەمریکا و چین، هەر بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو و تەماشایەکی خێرای هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بکەین، ئەوە دەبینین کە لە ئێستادا هۆکار و پاڵنەرەکانی دروستبوونی جەنگی جیهانی سێهەم بە تەواوەتی لەئارادایە، بەڵام بەهۆی هۆشیاریی وڵاتانی جیهان بەگشتی و ئەو وڵاتانەی کە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بەشداربوون، هەوڵی بەردەوام بۆ هەڵنەگیرسانی جەنگی جیهانی سێهەم دەدەن، چونکە دەزانن لە دەسپێکردنی جەنگ هیچ کەس براوەی هەمیشەیی نابێت، هەر بۆیە وڵاتە زلهێزەکان دەیانەوێت کێبەرکێکانیان لە چوارچێوەی ئابووری و بازرگانییدا بمێنێتەوە و پەل بۆ جەنگ نەکێشێت.

> **"سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتی ئەمریکا خاوەنی ڕێژەیەکی زۆرە لە نەوت، بەڵام بە بەردەوامی بە قەبارەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی نەوت و نرخی فرۆشتن و کڕینی نەوت لە جیهاندا کاریگەرە، چونکە هەم بەرهەمهێنی نەوتە و هەم بەکاربەری نەوت، ڕێژەی ئەو نەوتەی کە بەرهەمی دەهێنێت بەشی بەکارهێنانی ناوخۆ ناکات"**

لەڕاستیدا وڵاتی چین پلانڕێژی کردووە و دەکات بۆئەوەی ببێتە وڵاتی یەکەم و سەرکردایەتیی ئابووری و دارایی جیهانی بکات، بەڵام ئەوەی پرسیارە ئایا چین دەتوانێت ئەو کارە بکات؟ یاخود ئایا ئەمریکا لێدەگەڕێت چین بە تەنیا سەرکردایەتیی جیهان بکات؟ چونکە ئەمریکا لە ئێستادا جەنگی بازرگانیی لەڕێگەی سەپاندنی باج و گومرك لەسەر کاڵای بەشێك لە وڵاتانی جیهان دەستپێکردووە، بەتایبەت کاڵای چینی، ئەمەش وەکو هەنگاوێك بۆئەوەی ڕێگری بکات لەوەی چین ببێتە هێزی یەکەم، بەڵکو پێویستە ئەمریکا وەکو ئابووریی یەکەمی جیهان بمێنێتەوە. لەڕاستیدا ئەم کارە بۆ ئەمریکاش ئاسان نییە، چونکە هێزی دارایی و ئابووریی

چین بەرامبەر ڕاگەیاندنی جەنگی بازرگانیی ئەمریکا هێندە دەبێت کە پەرەچەکرداری هەبێت. هەر بۆیە داهاتوو ئەوە دیاری دەکات کێ بەهێزترین وڵاتی جیهانە.

---

## سەرچاوەکان:

1- https://www.worldstopexports.com/chinas-top-import-partners/?
2- https://www.census.gov/library/publications/2022/demo/p60-277.html?
3- https://www.worldbank.org/en/country/china/overview?
4- https://tradingeconomics.com/china/imports-by-country?
5- https://gfmag.com/economics-policy-regulation/record-china-trade-surplus-trump-tariffs/?
6- https://www.imf.org/en/Blogs/Articles/2024/09/12/trade-balances-in-china-and-the-us-are-largely-driven-by-domestic-macro-forces?
7- https://www.eenews.net/articles/in-sudden-shift-american-emissions-rise-as-chinas-falls/?
8- https://www.reuters.com/business/environment/china-says-greenhouse-gas-emissions-hit-13-billion-tons-2021-2025-01-10/
9- https://www.reuters.com/business/environment/china-says-greenhouse-gas-emissions-hit-13-billion-tons-2021-2025-01-10/?
10- https://www.spglobal.com/commodity-insights/en/news-research/latest-news/crude-oil/011725-china-data-2024-crude-throughput-falls-2-to-1419-mil-bd-gdp-grows-5?
11- https://www.reuters.com/business/energy/chinas-fuel-demand-may-have-passed-its-peak-iea-says-2025-02-13/?
12- https://energynow.com/2025/10/us-oil-production-is-booming-so-is-demand/?
13- https://www.bea.gov/news/2025/us-international-trade-goods-and-services-june-2025?
14- https://www.macrotrends.net/global-metrics/countries/usa/united-states/exports?
15- https://wits.worldbank.org/CountryProfile/en/Country/CHN/Year/2021/Summarytext?
16- https://www.wto.org/english/res_e/statis_e/world_trade_statistics_e.htm?
17- https://discoveryalert.com.au/news/central-bank-gold-rush-2025-impact/?
18- World Trade Organization - Home page - Global trade.
19- International Monetary Fund IMF - Search.
20- China Trade Surplus Surges To A Record | Global Finance Magazine.
21- The People’s Republic of China | United States Trade Representative.
22- Central Bank Gold Rush: Why Nations Are Stockpiling Reserves.
23- European Central Bank.
24- The Fed - The International Role of the U.S. Dollar .
25- https://www.census.gov/foreign-trade/balance/c5700.html?
26- IEA – International Energy Agency.
27- U.S. Lags China in Factory Robot Deployment by 5 to 1 Ratio – The Gilmer Mirror.



# وتاری ڕقاوی و جینۆساید، یان کاتێک وشە دەبێتە چەک

د.سەرکەوت جەلیل
پسپۆڕ لەبواری یاسای نێودەوڵەتی گشتی

## پێشەکی

پەیوەندیی نێوان وتاری ڕقاوی و جینۆساید، هەم بەهێزە و هەمیش مەترسیدار. لە کاتێکدا جینۆساید قێزەونترینی تاوانەکانە، بەو پێیەی هەوڵێکە بۆ لەناوبردنی تەواوی گرووپێک لەسەر بنچینەی نەژاد، ئاین، ڕەگەز، یان نەتەوە، زۆر جار وتاری ڕقاوی چوارچێوە دەروونی، کەلتووری و سیاسییەکەی پێک دەهێنێت. جینۆسایدەکان لە بۆشایی ئایدیۆلۆژی یان تەقینەوەی لەناکاوی توندوتیژیدا ڕوو نادەن، بەڵکو بە پاڵنەر و فاکتەری جیاواز و بەوردی لە ڕێگەی پرۆپاگەندە، ئەفسانەسازی، لەمرۆڤخستن و یارییپێکردنی زارەکییەوە، ئامادە دەکرێن.

مرۆڤەکان بە زۆر ڕێگە و شێواز، پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دەبەستن. هەندێک جار لە ڕێی زار و پەیوەندیی زارەکیی ڕاستەوخۆوە، هەندێک جاری تریش بە کردار و هەڵوەستەی کردەیی، یانیش لە ڕێی سیمبوڵ و نیشانەی تایبەتەوە. واتە یان ڕاشکاوانە شتەکان دەوترێن، یان لە ڕێی کۆدەوە پەیامەکان دەگەیەنرێن. لە هەموو دۆخێکیشدا، وتە و وشە خاڵی نین لە پەیام، لە کۆدی بنگە فراوان کە دەشێت ببنە ئامرازی چێکردنی جۆرە پەیوەندییەک، تێیدا پایەکانی دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی ڕەنگ بدەنەوە، یانیش بەکاوەخۆیی زەمینە بۆ وەها پەیوەندییەک خۆش بکرێت. نموونەی ئەوانەش لە مێژووی مرۆڤدا، زۆرن؛ لە ئاینەکانەوە بۆ فەلسەفەکان، بۆ ڕژێمە سیاسییەکان و هونەرەکان، بۆ بەشێک لە تیۆریا زانستییەکان، لە زۆرێکیش لە سێکتەرەکاندا تارمایی وەها مەیلێکی دەسەڵاتخوازانە بەدی دەکرێت. وەک هەندێک مێژوونووس جەختی لێ دەکەنەوە، پاژێکی گرنگی پێنج تا شەش هەزار ساڵی ڕابردووی مرۆڤایەتی، مێژووی ململانێ و ڕکەبەری بووە لەسەر دەسەڵات و ڕەوایەتی. لەم بەستێنەدا،

لەم وتارە و لە چەند تەوەرێکدا، هەوڵ دەدەم پەیوەندیی نێوان وتاری ڕقاوی(hate speech) و جینۆساید، یان ئەو دۆخەی تێیدا وشە دەگۆڕێت بە چەک، بەرباس بدەم و چەند نموونەیەکی واقیعی وەها پەیوەندی، یان وەها بەدگۆڕانێک، بهێنمەوە.
ئەوەی لێرەدا مەبەستە، ئەو دۆخەیە کە زمان یان وشە دەبێتە میانگر(میدیەم) لە نێوان تاوانکار و تاوانی جینۆسایددا. نەک ئەو دۆخەی کە خودی زمان دەبێتە ئامانجی جینۆساید، کە ئەمەیان بە مانا یاساییە بەرتەسکەکەی لە چوارچێوەی پەیماننامەی جینۆسایددا—سەرباری هەوڵێکی زۆر—جێ نەکراوەتەوە و ڕێک نەخراوە. کاتێک زمان کپ و کوێر دەکرێتەوە، تاوانێکی سەربەخۆ یان جۆرێکی ترە لە جینۆساید، کە پێی دەوترێت جینۆسایدی زمانی (linguistic genocide) یان زمانکوژی (linguicide)، کە دەبێتەوە بە، یان تێکەڵ دەبێت لەگەڵ، جینۆسایدی کەلتووری (cultural genocide). ئەمەیان جیاوازە لە باسەکەی ئێرە، کە تێیدا زمان دەبێتە یاریدەدەر و ڕێخۆشکەر بۆ تاوانەکان، نەک ئەوەی نیازەکە سڕینەوەی زمانی گرووپی بەئامانجگیراو بێت.

## ١. بناغەی تیۆریایی

### ١.١ فەلسەفەی کردەی زمانی

ئەوەی زمان یان وشە، خاوەن هێزێکی لە دەربڕین زیاترە، مێژوویەکی دێرینی هەیە. وشەکان تەنیا بۆ دەربڕین نین، بەڵکو ئەرکی تریش جێبەجێ دەکەن. لای جودیت بەتلەر، زمان هەرگیز بێلایەن نییە، بەڵکو لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات و ڕەوایەتییەوە ئاڵاوە. بەو مانایە بێت، وتاری ڕقاوی تەنیا بۆ دەربڕین نییە، بەڵکو ئەو بابەتەی بەئامانجی دەگرێت، (ناو لێ دەنێت، دەستنیشانی دەکات و سنوورەکانیشی دەکێشێت).[١] وەک بەتلەر دەڵێت، وشەکان بریندارکەرن، توانای سمین و کونکردنیان هەیە، توانایان هەیە خوێن بڕێژن. وشەکان، لە ناوکۆیی گشتیی کۆمەڵایەتیدا، جۆرێکن لە پۆلێنبەندی و ناولێنان، لەوێشەوە ئامرازێک بۆ پێڕەوکردنی دەسەڵات. هەموو ئەمانە پێکرا نیشانی دەدەن، یان دەیسەلمێنن، ئێمەی مرۆڤ بوونەوەری زمانیین، لە نێو زماندا پێک دێین و دروست دەبین. ئەوەی ناوێکمان هەیە پێی دەناسرێینەوە، بۆ خۆی بەڵگەیەکە بۆ ئەو قسەیە. گەر ئێمە بوونەوەری زمانیی نەبووینایە، چۆن وشەکان هێندە کاریان تێ دەکردین؟ چۆن دەیانتوانی پۆلێنمان بکەن و دەسەڵاتمان بەسەردا بسەپێنن؟ چۆن دەکرا بریندارمان بکەن؟ بەڵام وەک بەتلەر دەڵێت، تەنیا وشەکان بەس نین. یان بڵێین، پێوەرێک نییە بۆ دیاریکردنی جۆری بریندارکەر و ئاسایی وشەکان و جیاکردنەوەیان لە یەکتر. ئەوەی مەحەکە و بڕیار دەدات، ناوکۆیی یان سیاقی وتنەکە و وەشانەکەیە.
وتاری ڕقاوی تەنیا بۆ ئەوە نییە کار بکاتە سەر گوێگر، بەڵکو بەشداریشە لە پێکهاتنی

کۆمەڵایەتیی کەسی ئامانجدا، واتە دەبێتە بەشێک لە پێواژۆیەک بۆ لێپرسینەوەی کۆمەڵایەتی. بەو پێیەشی هەمیشە گوێگر پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیە، پێگە کۆمەڵایەتییەکانیش لە پەیوەندییەکی وەستاو و هیرارکیدان پێکەوە، بۆیە بەپێی ئەو پێگەیەی گوێگر هەیەتی، دەکرێت بەو وشە یان وتەیە بریندار بکرێت.[٢] لە ناوکۆیی جینۆسایدباردا، وەها ئەرکێکی وتاری ڕقاوی تا ئەوپەڕی کێش دەهێنرێتەوە. زمان تەنیا ئەو گرووپە ناو لێ نانێت کە دەبێت قڕ بکرێن، بەڵکو لەسەر لەمرۆڤخستنیان خۆی ڕادەهێنێت، جەماوەر لەهەست دەخات و ڕەزامەندیی بۆ توندوتیژی دەسازێنێت. لەبەر ئەمەیە لە کاتی ڕێگرتن لە جینۆسایددا، چاودێریکردنی شێوازەکانی وتاردان هێندەی بەدواداچوونی جووڵەی سەرباز و چەکداران، گرنگە.

### ٢.١. لەمرۆڤستن و دابڕانی ئەخلاقی

فەیلەسوفان و دەروونناسانیش بۆیان گرنگ بووە بزانن، مرۆڤەکان چۆن دەتوانن تاوانی قێزەون ئەنجام بدەن. یەک لە پێکهێنەر یان ئامرازەکان، لەمرۆڤخستنی قوربانییانە. هەڵبەت مرۆڤ هەمیشە مرۆڤی کوشتووە، بەڵام لێرەدا مەبەستەکە تەنیا کوشتن نییە، بەڵکو ئاسانکردن یان ڕەوایەتیدانە بە کردەکە. لەم بارەیەوە دەیڤد لیڤینگستۆن نیشانی داوین کە زۆر جار مرۆڤەکان، پێویستیانە بە خەیاڵ قوربانییەکانیان بگۆڕن بە شتێکی نا-مرۆیی: مشک، جرج، مار، مێروو، خانەی شێرپەنجەیی و ... هتد. وەها گۆڕینێکیش بە پلەی یەکەم لە ڕێی زمانەوە مەیسەر دەبێت. ئەو یەکێک لە کتێبەکانی بە سەردێڕێکی باڵکێشەوە ناو ناوە؛ کەمتر لە مرۆڤ: بۆچی ئێمە ئەوانی تر بەشەیتان دەکەین، بەکۆیلە دەکەین و دەکوژین. لە خودی ئەو سەردێڕەدا زیاتر لە ئاماژەیەکی گرنگ بەدی دەکرێن: زۆر جار بۆ ئەوەی کەسێک کەسێکی تر، یانیش گرووپێک گرووپێکی تر بکوژن، پێویستیان بە پێڤاژۆیەکی بنیاتنانی زیهنییە، کە لەسەر چەند پایەیەک بەندە. یەک، پێویستیمان بەوەیە ئەو کەس یان گرووپە بە ‹کەمتر لە مرۆڤ› وێنا بکەین. دوو، دواتر ئاسانتر دەتوانین بەکۆیلەیان بکەین، یانیش گەر بمانەوێت، بیانکوژین. پشکی شێری ئەم پێڤاژۆیەش لەسەر ‹بەشەیتانکردن› دەوەستێت، کە بریتییە لە خۆشەکردن یان ڕاهێنانی زیهنیی بەردەنگ و جەماوەر، بە جۆرێک، کە لە هەنگاوی دواتردا کردەی کوشتنەکە، وەک ئەوەی دەبێت، یان وەک ئەوەی چاوەڕوانکراوە، شۆکهێنەر نەبێت. ئەو ڕژێمانەشی مەیلەو جینۆسایدن، شارەزان لە داتاشینی میتافۆر و گێڕانەوەی جۆراوجۆردا کە لەو ڕێیەوە، کۆمەڵەی بەئامانجگیراو وەک هەڕەشەیەکی بوونەکی(وجودی) وێنا بکەن. تیۆریای ئالبێرت باندورا لەسەر دابڕانی ئەخلاقی، زیاتر ئەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. بە وتەی باندورا، تاکەکەس ئاسانتر تاوان دەکات و توندوتیژی دەنوێنێت، کاتێک لە ڕووی زەینییەوە وەک کردەیەکی لە ڕووی ئەخلاقییەوە پاساودراو، دەیبینێت. نموونەی

ئەوەش، بەرگریکردن، پاکوخاوێنی، یان تۆڵەسەندنەوە.[٣]

لێرەشدا، بە هەمان شێوە، وتاری ڕقاوی، هەمان ئەرک ڕادەپەڕێنێت. دەستەواژەی ‹هەڕەشەی بوونەکی› فراوانترە لە لەمرۆڤخستن. لە هەندێک دۆخدا گرووپی تاوانکار، گرووپی بەئامانجگیراو وەک ‹کەمتر لە مرۆڤ› وێنا دەکات، وەک ئەوەی بیانچووێنێت بە جۆرێکی تر لە زیندەوەر، جا هەرکامیان بێت. بەڵام لە حاڵەتی هەڕەشەی بوونەکیدا، کردەکە یان پاساوەکە زیاتر سیاسی دەبێت؛ وەک ئەوەی بوترێت گرووپی بەئامانجگیراو، بەکرێگیراوی دوژمنێکن، داردەستی نەیارێکن، یان بە فشاری هێزێکی دەرەکیی نەیار هەڵدەسووڕێن و ناپاکی لە نیشتمانی مەزن دەکەن. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا، میانگری زمان پێویستە؛ بەبێ زمان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، وەها کردەیەک خۆشدەست نابێت. کە واتە وتاری ڕقاوی چییە؟

### ٣.١. پێناسەی وتاری ڕقاوی

بەگشتی، پێناسەیەکی گەردوونیی یەکانگیر بۆ ئەم چەمکە، نییە. سەرباری ئەوەی زۆر نووسین و لێکدانەوەی لەسەرە، بەڵام تا هەنووکە نەناسێنراوە. یەک لەو هەوڵانەی دەیناسێنێت، بڵاڤۆکێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە تێیدا وتاری ڕقاوی بریتییە لە هەر جۆرە پەیوەندیگرتنێکی زارەکی، نووسراو یان ڕەفتارەکی، کە بەهۆی کێیەتیی(شوناس)ەوە، واتە بەهۆی ئاین، نەژاد، نەتەوە، ڕەگەز، ڕەنگی پێست، پێشینان، جێندەر یان هەر فاکتەرێکی تری کێیەتییەوە، هەڕەشە دەکاتە سەر کەسێک یان گرووپێک، یانیش زمانی شکاندن و جیاکاری [بەرامبەریان] بەکار دەهێنێت[٤]. لە ڕاسپاردەیەکی ئەنجوومەنی ئەورووپاشدا، وتاری ڕقاوی (هەموو جۆرە دەربڕینێکە، کە مەبەست لێی پەخشکردنەوە، هاندان، پاساودان یان پێشخستنی ڕقی نەژادی، بێگانەفۆبیا، دژەجوویەتی (ئەنتای سێمیتیزم)، یان هەر جۆرێکی تری ڕق بێت بنیات لەسەر لێنەبووردەیی، لە نێویشیاندا لێنەبووردەیی دەربڕاو لە شێوەی نەتەوەپەرستی یان ئیتنۆسەنتەریی شەڕەنگێزانە، جیاکاری و دوژمنایەتی دەرهەق کەمینەکان، خەڵکانی شوێنگۆڕ و کۆچبەران)[٥].

ئەوەی لە یاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغەیە، هاندانە بۆ جیاکاری، دوژمنایەتی یان توندوتیژی. کاریگەری یان ئاسەوارەکانی وتاری ڕقاوی بە نێو چەندان بوار و یاسادا دابەش دەبن: پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ڕێگرتن لە تاوانە قێزەونەکان، ڕێلێگرتن و بەرپەرچدانەوەی تێرۆریزم و پەرگیریی توندڕەوانە، ڕێگرتن لە توندوتیژیی لەسەر بنچینەی جێندەر، پاراستنی مەدەنییان، پاراستنی پەنابەران، بەرەنگاربوونەوەی هەموو شێوەکانی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری، پاراستنی کەمینەکان، بەردەوامیدان بە ئاشتی، هێنانەکایەی ژنان و منداڵان و گەنجان. ئەمەش واتە، وتاری ڕقاوی و ئەوەی هەڵی دەگرێت یان نوێنەرایەتیی دەکات، پرسێکی ستراتیژیک و گەرمە،

شایەنی ئاوڕلێدانەوە و ڕێکخستن و بەهەندگرتنە.
یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ وتاری ڕقاویدا دەکات، چونکە دەبێت لە نێوان ئازادیی دەربڕین و پێویستیی پاراستنی گرووپە لاوازەکاندا، هاوسەنگییەک دروست بکرێت و بپارێزرێت. بۆیە لە چەند یاسایەکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا، باسی وتاری ڕقاوی کراوە.
پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی جیاکاریی نەژادی، مادەی ٤ دەوڵەتان پابەند دەکات بە قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە بیرۆکەیەک دەربارەی باڵایی یان ڕقی نەژادی، هاندان بۆ جیاکاریی نەژادی، هەموو کردەیەکی توندوتیژ یان هاندان بۆ وەها کردەیەک دژی هەر کەس و گرووپێک، یان هەر جۆرە پشتیوانییەکی دارایی. لە پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ١٩٦٦، مادەی ١٩ و ٢٠دا باسی ئازادیی دەربڕین و بەربەستەکانی، کراوە. لە مادەی ١٩دا داوا لە دەوڵەتان کراوە مافی دەربڕینی ئازاد بەبێ هیچ دەستتێوەردانێک و بە هەموو شێوەکانییەوە، بۆ هەمووان مسۆگەر بکەن. بەڵام وەک مادەکە دەڵێت، ئەم مافە هەندێک ئەرک و بەرپرسیارێتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بۆیە ئاساییە گەر بەپێی یاسا هەندێک کۆتوبەندی بۆ دابنرێت: یەکەم، هێندەی بۆ ڕێزگرتن لە ماف و کەرامەتی ئەوانی تر پێویستە؛ دووەم، هێندەی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، نیزامی گشتی، تەندروستیی گشتی، یانیش ئادابی گشتی پێویستە

**" لە عێراق و هەرێمیش، یاسایەکی تایبەت بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان و دادگاییکردنی تاوانبارانیان نییە. دەشێت یەکێك لە داواکارییە سەرەکی و ستراتیژیکەکانی هەرێم و نوێنەرانی لە بەغدا، چ لە حکومەت و چ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانیش، دۆزینەوەی دەرچەیەك بێت بۆ ئەو کەلێنە گەورەیە. ئەوەش بە دوو ڕێگە دەبێت"**

لە مادەی ٢٠دا ڕاستەوخۆتر و بەهێزتر باسی وتاری ڕقاوی، کراوە. لە برگەی یەکەمی ئەو مادەیەدا هەر جۆرە پرۆپاگەندەیەک بۆ جەنگ، قەدەغەیە. لە برگەی دووەمیشدا هەر جۆرە بانگەشەیەک بۆ ڕقی نەتەوەیی، نەژادی یان ئاینی کە بچێتە چوارچێوەی هاندانەوە بۆ جیاکاری، دوژمنایەتی یان توندوتیژی، قەدەغەیە. بەڵام پەیماننامەکە، پێناسەی چەمکەکەی نەکردووە و بۆ پراکتیک لێی گەڕاوە. وەک تەواوکارییەک بۆ پەیماننامەکە، لە نەخشەڕێگای ڕەباتی ٢٠١٢دا شەش فاکتەر دەسنیشان کراون، کە بشێت لە ڕێگەیانەوە وتاری ڕقاوی

بناسرێتەوە و بەری پێ بگیرێت. ئەوانەش بریتین لە ناوکۆیی، قسەکەر، ناواخن، نیاز، ڕادەی بڵاوبوونەوە لەگەڵ ئەگەری زیانگەیاندن. واتە لە چ دۆخێکدا قسەکە کراوە یان وتارەکە دراوە، کێ کردوویەتی/داویەتی، چی تێدا وتووە، بە چ نیازێک وتوویەتی، لە چ ئاستێکدا بڵاو بووەتەوە، لەگەڵ تا چەند ئەگەری زیانگەیاندن بە گرووپی بەئامانجگیراوی تێدایە[٦]. بە لێکدانەوەی ئەم فاکتەرانە کەسێک دەتوانێت بڕیار لە وتارێک بدات، کە ڕقاوییە و ئامانجی تاوانێکی لە پشتەوەیە یان وتارێکی ئاساییە و بەشێکە لە دەربڕینی بۆچوونی ئاخێوەر.

لە یاسای ناوخۆیی چەند دەوڵەتێکیشدا، زیاتر لە یاسا سزاییەکاندا، باس کراوە. نموونەی ئەو دەوڵەتانەش، ئەڵمانیا، کەنەدا، بەریتانیا، هندستان، ئەمەریکا، فەرەنسا و ئوسترالیان. لە یاسای سزادانی ئەڵمانیادا ئەوەی تاوانە، بەئاشکرا هاندانە بۆ ڕقلێبوونەوە لە بەشێکی جەماوەر و بانگەوازە بۆ ڕێکاری توندوتیژانە یان هەڕەمەکییانە، یانیش سووکایەتی و شکاندن، یان لێکەمکردنەوەی کەرامەتی ئەو گرووپەیە. لە یاسای نیزامی گشتیی بەریتانی لە ١٩٨٦، بەشی سێیەمدا هەر جۆرە وشە یان کردارێکی هەڕەشەئامێز، سووکایەتیپێکەر یان توندوتیژانە، تاوانە گەر خاوەنەکەی نیازی بێت ڕقی نەژادی جۆش بدات، یان دۆخەکە هی ئەوە بێت لە ئەنجامی ئەو کارەوە، ڕقی نەژادی جۆش بدرێت. یاسای سزادانی کەنەدا لە ١٩٨٥ و یاسای ڕۆژنامەوانیی فەرەنسا لە ١٨٨١دا، هەر جۆرە هاندانێکی بەئاشکرا بۆ ڕق یان توندوتیژی دژی گرووپێک بەهۆی کێیەتییانەوە، قەدەغە دەکەن. لە ئوسترالیا، یاسای جیاکاریی نەژادی لە ١٩٧٥ بەرکارە، کە تێیدا هەر کارێکی ئاشکرا ببێتە هۆی سووکایەتی، هەڕەشە یان ترساندن بەهۆی نەژاد و ڕەنگی پێست و بنەچەی نەتەوەییەوە، قەدەغەیە. هندستان یاسایەکی تایبەت بە وتاری ڕقاوی نییە، بەڵام وەک بنەمای گشتی، دەکرێت لە چەند مادەیەکی یاسای سزادادندا جێی بکرێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی باس لە خۆشکردنی دوژمنایەتیی نێوان گرووپە جیاوازەکان، یان هەر کارێکی بەمەبەست بۆ دنەدانی هەستی ئاینی، دەکەن. لە ئەمەریکاش وتاری ڕقاوی، وەک خۆی تاوان نییە. چونکە تاکەکەس و گرووپەکان لە ئەمەریکا پاراستنی دەستووری و یاساییان هەیە، بۆیان هەیە چۆنیان بوێت بۆچوونی خۆیان دەربڕن. بەڵام لە هەندێک حاڵەتی ئاوارتەدا، دەکرێت ببێتە تاوان. بەپێی پێشینەی یاسایی و بڕیارەکانی دادگای باڵا، وتاری ڕقاوی لە دوو دۆخدا، تاوانە: یەک، گەر هاندان بێت بۆ کارێکی نایاسایی دەستبەجێ (وەک لە دۆسیەی براندنبێرگ دژی ئۆهایۆ لە ١٩٦٩دا جەختی لێ کراوەتەوە)؛ دوو، هەڕەشەی ڕاستەقینە (دۆسیەی چاپلینسکی دژی نیو هامپشایەر لە ١٩٤٩).

لە یاسای سزادانی عێراقیی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراودا، چەند مادە و حوکمێک هەن دەربارەی هاندان و وتاری ڕقاوی. مادەی ١٩٥ تایبەتە بە وروژاندنی جەنگی نێوخۆیی یان شەڕی تایفەیی و پڕچەککردن بۆ ئەو مەبەستە، یانیش بە هاندان بۆ شەڕکردن. مادەی ٢٠٢

تایبەتە بە سووکایەتی بە نەتەوەی عەرەبی، یان گەلی عێراقی، یان توێژێک لە دانیشتووانی عێراق، یان ئاڵای عێراق، یانیش دروشمی دەوڵەت. مادەکانی ٢١٠ تا ٢١٢ تایبەتن بە بڵاوکردنەوەوە. لە مادەی ٢١٠دا بەمەبەستەوە بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵ، زانیاری یان دەنگۆی ساختە، کە بە سروشتی خۆیان ببنە هۆی شڵەقاندنی ئاسایشی گشتی، تۆقاندنی خەڵک، یانیش زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیی گشتی. مادەی ٢١١ سزای بۆ هەر کەسێک دیاری کردووە، کە ئاشکرا هەواڵی درۆ، یان بەڵگەنامەی دەستکرد بڵاو بکاتەوە، گەر بشێت ببنە هۆی شڵەقاندنی ئاسایشی گشتی یان زیانگەیاندن بە بەرژەوەندیی گشتی. مادەی ٢١٢یش بۆ سزادانی هەر کەسێکە، کە ئاشکرا هانی تاوانی کوشتن، دزین، لەناوبردن یان ئاگرتێبەردان، یان هەر تاوانێکی تر بدات، کە لە باریدا بێت ئاسایشی گشتی بشڵەقێنێت.

**"یەک، هەوڵ بدرێت عێراق، بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای نێودەوڵەتیی تاوان (ICC) واژۆ بکات و ببێتە ئەندام، تا لە داهاتوودا ئەو دادگایە بتوانێت تاوانبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان (جینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانی شەڕەنگێزی)، دادگایی بکات. پێشتر چونکە عێراق ئەندام نەبووە، لە کاتی دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس بۆ ئەو تاوانانە، لە ٢٠٠٣ و دواتریش لە ٢٠٠٥ یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەرکرا، کە ئەو دادگایەش لە ٢٠١١ەوە کرایە دەستەیەک(ی بچووک) لە ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق و لەو کاتەشەوە بە دی فاکتۆ سڕ کراوە. بەڵگەش بۆ ئەوە، لە ٢٠٠٦ و دواتریش فەرمانی گرتنی بۆ دەیان تۆمەتباری دۆسیەی ئەنفال دەرکرد، کە تا ئێستاش جێبەجێ نەکراون و کەسیش ناپرسێت بۆچی!"**

لە مادەی ٣٧٢دا هەر دەستدرێژییەک(لەم حاڵەدا، دەمدرێژییەک)ی ئاشکرا بۆ سەر باوەڕی تایفەیەکی ئاینی یان سووکایەتی بە سرووتەکانیان؛ خوڵقاندنی ژاوەژاو و شڵەژان بۆ سەر ئاهەنگێک یان بۆنەیەک، یانیش گردبوونەوەیەکی ئاینی؛ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبێکی پیرۆز لای تایفەیەکی ئاینی، گەر دەقەکەی بشێوێنێت، یان بەکەم سەیری حوکمێک لە حوکمەکانی یان هەریەک لە ڕێنماییەکانی بکات؛ سووکایەتیکردنی ئاشکرا بە ڕەمزێک یان کەسێکی پیرۆز یان شکۆدار لای تایفەیەکی ئاینی؛ هەروەها گەر کەسێک ئاشکرا بە مەبەستی گاڵتەجاڕی، لاسایی سرووتێک یان بۆنەیەکی ئاینی بکاتەوە. لە هەرێمی کوردستانیش، جگە

لە یاسای سزادانی عێراق، یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٥ هەیە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان. بەپێی ئەو یاسایە، سەرجەم شێوەکانی جیاکاری دژی هەر پێکهاتەیەک؛ هەر بانگەشەیەکی ئاینی، سیاسی، یان میدیایی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ ڕق، توندوتیژی، تۆقاندن، دوورخستنەوە، یان پەراوێزخستن لەسەر بنچینەی کێیەتی، قەدەغەن و بەپێی یاسا بەرکارەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

ڕەنگە لێرەدا جێی هەموو ڕەخنەکان نەبێتەوە، بەڵام حوکمەکانی یاسای سزادانی عێراقیی تایبەت بە ئازادیی دەربڕین و وتاری ڕقاوی، بەو شێوەیەی هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم پیادەی دەکەن، زیاد لە جارێک لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە، ڕەخنەباران کراون، لەوانەش ڕێکخراوەکانی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، یونامی، لێبووردنی نێودەوڵەتی و یەزدا. کرۆکی ڕەخنەکەش بریتییە لە بەرفراوانیی حوکمەکانی یاسای سزادان و مامەڵەی هەڕەمەکیی حکومەتەکان لەگەڵ تۆمەتی وتاری ڕقاوی یان بەزاندنی سنووری ئازادیدا. چونکە پێناسەکان ڕوون نین، وەک ئەوەی ڕێکخراوەکان دەڵێن، حکومەتەکان دەسەڵاتێکی فراوانیان هەیە لەوەی کێ دەستگیر دەکەن و چ تۆمەتێکی دەدەنە پاڵ. دەکرێت زۆر کەس بە زۆر تۆمەت، دەستگیر بکرێن، وەکچۆن دەشکرێت بەفیعلی وتاری ڕقاوی لە دۆسیەی کوشتنی بەکۆمەڵدا یەکێک بێت لە فاکتەرەکان. بۆیە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان جینۆساید و وتاری ڕقاویدا، نموونەی مێژوویی زۆریش هەن بۆ سەلماندنی وەها پەیوەندییەک.

## ٢. جینۆساید و وتاری ڕقاوی

### ١.٢. جینۆساید چییە؟

سەرەکیترین هەوڵ و ئامرازی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جینۆسایددا، پەیماننامەی ڕێلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسایدە لە ١٩٤٨. بەپێی پەیماننامەکە، جینۆساید لە دۆخی جەنگدا ڕووبدات یان ئاشتی، هەر تاوانە و دەبێت دەوڵەتان(ی ئەندام) سزای ئەنجامدەرانی بدەن. بەپێی مادەی ٢، جینۆساید بریتییە لە هەریەک لەو کردەوانەی خوارەوە، کە بە نیازی تێکشکاندنی هەمەکی یان هەندەکیی گرووپێکی نەتەوەیی، ئاینی، ئیتنی یان نەژادییەوە ئەنجام بدرێن:

ا) کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە؛

ب) گەیاندنی زیانی بەرچاوی جەستەیی یان ئەقڵی بە ئەندامانی گرووپەکە؛

پ) خوڵقاندنێکی دۆخێکی ئەوتۆی ژیان بۆ گرووپەکە، کە لە ئەنجامدا لەناوچوونی لێ بکەوێتەوە؛

ت) ڕێگرتن لە وەچەخستنەوەی ئەندامانی گرووپەکە؛

چ) بەزۆر گواستنەوەی منداڵانی گرووپەکە بۆ نێو گرووپی تر.

تەنیا خودی جینۆساید نییە، کە پەیماننامەکە بەتاوانی ناساندووە. بەڵکو جگە لە بەشداریکردن لە یەکێک یان زیاتر لەو کردەوانەی بە بەشێک لە جینۆساید دانراون، بەپێی مادەی ٣ هەریەکە لە پیلانگێڕی بۆ ئەنجامدانی جینۆساید، هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ جینۆساید، هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید، لەگەڵ تێوەگلان لە جینۆسایددا، تاوانن. وەک دەبینرێت، بەپێی مادەی سێیەمی پەیماننامەکە، هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بۆ ئەنجامدانی جینۆساید، ئەگەرچی جینۆسایدەکەش ڕوو نەدات، تاوانە. بە وردبوونەوە لەم جۆرە لە ڕێلێگرتنی تاوانەکە، دەبینین کە وتار چەند دەتوانێت ترسناک و جدی بێت لە ڕێخۆشکردن بۆ تاوانی جینۆسایددا. هەروەها پێگە و پۆست و خەسڵەتی کەسەکەش، ڕۆڵی نابێت لە دیاریکردنی بەرپرسیارێتیدا؛ سەرۆکی دەوڵەت بێت، فەرماندەی سەربازی، ڕۆژنامەنووس، هونەرمەند، بازرگان یان هەر جۆرە پیشە و کارامەییەکی تر، بەرپرسیار دەبێت لە جینۆساید و سزای خۆیشی وەردەگرێت. ئەوەی پەیوەندیدارە بەم باسەوە، بڕگەی سێیەمی مادەی سێیەمە، کە تەرخانە بۆ هاندان بۆ جینۆساید. وەک دواتریش زیاتر ورد دەکرێتەوە، هاندان پەیوەندییەکی زۆری بە وتار و وتاری ڕقاوی و بڵاوکردنەوە و پەخشکردن و میدیا و سۆشیاڵ میدیاوە هەیە. ئەوەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا لە نێوان وشە و وتار و جینۆسایددا، دەخوڵقێنێت و پێشینەی دادوەرییشمان بۆ ئەوە هەیە

> **"دوو، یاسایەکی تایبەت بە هەموارکردنەوەی یاسای سزادانی عێراقی، دەربکرێت، بە جۆرێك جێی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بکرێتەوە و دادگاییکردنی تاوانبارانیشیان، مسۆگەر بکرێت. یان لەوەش زیاتر، یاسایەکی تایبەت بەو تاوانانە و حاڵەت و ڕێکارەکانی دادگاییکردنی تۆمەتباران، پەسەند بکرێت و جۆرێك لە ڕێکاری ستراتیژیك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تاوانە گەورانەدا، دابنرێت"**

### ٢.٢. پێشینەی یاسایی

یەک لە دۆسیە یان پێشینە یاساییە گرنگەکان، دۆسیەی یولیەس سترەیخەر، سەرنووسەری ڕۆژنامەی دێر ستورمەر-ە لە دادگایی نورمبێرگ (ئەو دادگایەی دوای دووەمین جەنگی جیهانی، لە ئەڵمانیا بۆ دادگاییکردنی بەرپرسە نازییەکان پێک هێنرا). تۆمەتەکانی دژی سترەیخەر بریتی بوون لە هاندان بۆ جینۆسایدی جووەکان، وەسفکردنی جووەکان وەک مشەخۆر و شەیتان، کێشان و بڵاوکردنەوەی کارتونی دژەجوویەتی، ژەهراویکردنی مێشکی ئەڵمانەکان و قبووڵکردنی قڕکردنی جووەکان. لەم دۆسیەیەدا پێشینەیەکی یاسایی گرنگ،

تۆمار کرا، ئەویش سزادانی هاندان بۆ جینۆساید بوو بەبێ بەستنەوەی بە تاوانگەلێکی دیاریکراوەوە[٧]. واتە بە باوەڕی دادگاکە خودی هاندان بۆ جینۆسایدی گرووپێک، تاوانە و دەبێت بکەرەکەی سزا بدرێت، نەک ئەوەی بسەلمێت لە تاوان یان تاوانگەلێکی دیاریکراوی سەروەختی جینۆسایدەکەوە، گلاوە.

دۆسیەی داواکاری گشتی دژی ناهیمانا و ئەوانی تریش، کە بە دۆسیەی میدیا لە ڕواندا ناسراوە، یەکێکی ترە لە پێشینەکان. بەپێی وتەی دادگای نێودەوڵەتیی تاوان تایبەت بە ڕواندا (ICTR) لە ٢٠٠٣، دەزگایی میدیایی ڕواندا (RTLM) و ڕۆژنامەی کانگور،ا پلاتفۆرمەکانی خۆیانیان بۆ هاندان، ئاراستەکردن و هەماهەنگیکردنی کردەی جینۆسایدانە بەکار هێناوە. بە باوەڕی دادگاکە، (هێزی میدیا بۆ هاندانی جینۆساید، خۆی لە توانای لەقاڵبدان یان شکڵپێدانی ئاگایی(ویژدان)ی دەستەجەمیی نەتەوەیەکدا دەبینێتەوە، بەتایبەت کاتێک دەزگاکە باوەڕپێکراو بێت)[٨].

یەک لە ناودارترین نموونەکان، بڵاوکردنەوەی (دە فەرمانەکەی هوتوو) بوو، کە تێیدا توتسییەکان وەک دوژمنی دەوڵەت وێنا کراون و ئامۆژگاریی پیاوانی هوتووی دەکرد، خۆیان لە تێکەڵاوی و گردبوونەوە لەگەڵیان دوور بگرن. بەپێی ئەم دۆسیەیە، بەرپرسیارێتیی سزایی درێژ کراوەتەوە و کەسانێک دەگرێتەوە، کە هەرچەندە ڕاستەوخۆ بانگەوازیان بۆ توندوتیژی نەکردووە، بەڵام لە ڕێگەی ڕەخساندنی ژینگەی لەبارەوە بۆ جینۆسایدەکە، هانیان بۆ دابێت. گەر لە دۆسیەی سترەیخەردا، تۆمەتبار سزا درابێت بەبێ گوێدانە تێوەگلانی لە کردەیەکی جینۆسایدانەی دیاریکراودا، لەم دۆسیەیەدا تۆمەتباری هاندان سزا دراوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی ڕاستەوخۆ خۆی لە هاندان بۆ جینۆسایددا بەشداریی کردبێت.

لە پەخشی ٤ی ٦ی ١٩٩٤ی ڕادیۆی ڕوانداداا، بەیانێک بڵاو کرایەوە، کە هەرچی زووە پێویستییان بە ناونووسکردنی سەد هەزار گەنجە. پێویستە هەموو ڕاپەڕن تا بتوانن ئینکۆتانی(توتسی)یەکان بکوژن و قڕیان تێ بخەن. ئەوەی کارەکەشیان ئاسان دەکات ئەوەیە، کە ئەوان سەر بە هەمان گرووپی نەژادیین. سەیری باڵا و شکڵی کەسەکان دەکەن، سەیری لووتە چکۆلەکانیان دەکەن، ئەوجا دەیانشکێنن. دواتریش بەردەوام دەبن تا دەگەنە ... هەموو جێیەک[٩].

دۆسیەی داواکاری گشتی دژی ڤۆیسلاڤ شەشەلی، یەکێکی تر لە پێشینەکانە لە بەردەم دادگای نێودەوڵەتیی تاوان لە یوگۆسلاڤیای پێشوودا. ئەو ڕاگەیاندنکارە لە وتار و بڵاوکراوەکانیدا، بۆسنیایی و کرواتەکانی وەک دوژمن دەناساند، هانی خەڵکی لە دژ دەدان. لە ٢٠١٨ بەهۆی کاریگەریی وتاری ئاگرینەوە لەسەر شاڵاوەکانی پاکتاوی نەژادی و ڕۆڵی ناوبراو لە وەها پەلامار و هەڵمەت و پاکتاوییەکدا، حوکم درا[١٠].

### ٣.٢. نموونەکانی وتاری ڕقاوی لە مێژوودا

لە ئەڵمانیای نازییەکاندا، پڕۆپاگەندە وەک ڕێبازی لێ هاتبوو. وتاری ڕقاوی لە نێو دەوڵەتدا، بەدەزگایی کرابوو. وەزارەتێک هەبوو تایبەت بە پڕۆپاگەندە، بە جۆرێک کە چاودێریی هەموو جووڵە و چالاکییەکی دەکرد و لە قەرەوڵی بەرژەوەندییەکانی ڕایخەوە، هەموو شتێکی هەڵدەسەنگاند. دەستی وەردەدایە مەنهەجی قوتابخانەکان، فیلم و سینەما، گۆرانی و وێنەکێشان، بەرنامەکانی ڕادیۆ و نووسینی ڕۆژنامەکان. ئامانجی وەزارەتەکەش، بە پلەی یەکەم، لەمرۆڤخستنی جوو، قەرەج، هاوڕەگەزخواز و خاوەن پێداویستانی تایبەت بوو، بە جۆرێک کە بە مرۆڤ یان هاوڵاتیی پلەدوو، تەماشا دەکران و بە شیاوی هەموو بێبەشکردن و داماڵین و سووکایەتی و سزادانێک، دەبینران. کاری دەزگاکانی پڕۆپاگەندەش، خۆشەکردنی جەماوەر بوو لە ڕێی وتاری ڕقاوییەوە، بە جۆرێک کە بەتەواوی ڕێگە بۆ تاوانەکانی ڕژێم، تەخت بکات. واتە ئەوەی لەو دەزگایانەوە پەخش دەکران، پێکڕا پێشمەرجی زارەکیی جینۆساید بوون. یەک لە نموونەکانی ئەڵمانیای ئەو سەردەمە، خودی هیتلەر بوو. لە کتێبەکەیدا، خەباتی من، جووەکان وەک مشەخۆر ناو دەبات و لەناوبردنیشیان وەک پێویستییەکی مێژوویی. ئۆباڵی قەیرانە ئابوورییەکانی ئەڵمانیاش، دەخاتە ئەستۆی ئەوان و هەرچی ڕق هەیە بەسەریاندا بەتاڵی دەکاتەوە

ئێستاش، کە سەردەم گۆڕاوە و پێمان ناوەتە چاخی مۆدێرن و دیجیتاڵییەوە، ئامرازەکان گۆڕاون، بەڵام نیاز و سیاسەتی مرۆڤەکان نا. گەر جاران ڕادیۆ و ڕۆژنامە، دواتریش تیڤی وەک ئامرازی پڕۆپاگەندە و وتاری ڕقاوی و خۆشەکردنی جەماوەر، بەکار دەهاتن، ئێستە جگە لەو ئامرازانە، هی تریش پەیدا بوون. سۆشیاڵ میدیا یەک لەو ئامرازانەیە کە لە هەندێک لە دۆسیەکاندا، بە وتاری ڕقاوی و جینۆسایدەوە بەستراوەتەوە. دۆسیەی موسوڵمانانی ڕۆهینگیا نموونەیەکی ئەوەیە. وێناکردنی ڕۆهینگییە موسوڵمانەکان وەک لاقەکار و تیرۆریست لەلایەن نەتەوەییە بوودییەکانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت لە فەیسبوکدا، وەک یەک لە هۆکارەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ، لاقەکردن، ئاوارەکردنی بەزۆری ٧٠٠،٠٠٠ کەس لە ٢٠١٧دا، باس دەکرێت. بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو دۆسیەیە، سۆشیاڵ میدیا، یان بڵێن ئەو وتاری کینەسازی و ڕقاوییەی لەوێدا پەخش دەکران، ڕۆڵی بەرچاوی لە تۆخکردنەوە و قووڵکردنەوەی جیاوازییەکان و دواتریش توندوتیژییەکاندا هەبووە[11].

لە دۆسیەی جینۆسایدی کوردیشدا، یان ڕەنگە ڕاستتر بێت بوترێت جینۆسایدەکان، پەیوەندیی نێوان وتاری ڕقاوی و جینۆساید بەدی دەکرێت. بۆ نموونە، پاش ئەوەی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕژێمی بەعسی عەرەبیی ئیشتراکی بەر بووە گیانی کوردانی فەیلی بە پاساوی ئەوەی بەکرێگیراوی ئێرانن و لە سەرەتای هەشتاکانیشدا بارزانییەکانی

جینۆساید کرد، لە ١٩٨٨یشدا یەک لە تاوانە گەورەکانی دەرهەق گەلی کورد ئەنجام دا، کە جینۆسایدی ئەنفال بوو. تێیدا دەیان هەزار کەس بوونە قوربانیی، جگە لە دەیان هەزاری تر کە ئاوارە بوون و بەزۆر ڕاگوازران و لە کولەمەرگیدا دەیانگوزەراند. ڕژێمی بەعس لە ڕێی میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، دەیویست پەلامارەکە وەک کارێکی سەربازی وێنا بکات؛ وەک ئەوەی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی ئاسایی بووبێت و ئامانج لێی لەناوبردنی کوردە خاینەکان بێت. لەو پێناوەشدا لە نووسراوە فەرمییەکان و لە ڕاگەیاندنەکانیشدا هەمیشە دەکۆشا پاساوی پەلامارەکانی بە جۆرێک بدات، بەوەی کوردانی پێشمەرگە و خەباتکار و یاخیی وەک خاین، تێکدەر، بەکرێگیراوی ئێران، بەکرێگیراوی دوژمن، وێنا دەکرد. لە نزیکەی هەموو بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە ئەنفال و کردەوەکانی تری دەوڵەتیشدا دەرهەق کورد، لە پاڵ ناوی هەر پێشمەرگە و هەر شەهید و چالاکێکی سیاسیدا، یان وشەی خاین، یانیش وشەی بەکرێگیراو(عمیل) هەیە[١٢]. ئەوەش پرۆسەی لەمرۆڤخستن و قڕکردنی، ئاسانتر دەکرد. لە بڕیاری ئیدانەکردنی عەلی حەسەن مەجیددا لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە لە عێراق، سیاسەتەکانی ناوبراو و ڕژێمی بەعس وەک سیاسەتی بینا لەسەر ڕق و وتارگەلێک کە تێیاندا کوردان وەک مەترسیی دیمۆگرافی ناسێنراون و بەوەش لەناوبردنیان ڕەوا کراوە، باس کراون[١٣].
لە تورکیاش بە هەمان شێوە، سیاسەتی سەد ساڵەی وێناکردنی کورد وەک تێرۆریست و جوداییخواز، یانیش وەک خۆیان دەڵێن، ‹تورکی شاخاوی›، بەشێکە لەو کەلتووری بوغزاندن و هەڵاواردن و جیاکارییە لە ڕێی بەرهەمهێنان و تاودانی وتاری ڕقاوییەوە.
نوێترین دۆسیەی جینۆسایدی کوردیش، کە وتاری ڕقاوی زۆر بەزەقی تێیدا دەرکەوت و ڕۆڵی هەبوو، دۆسیەی جینۆسایدی ئێزدییەکانە. گۆڤاری دابق، کە زمانحاڵی فەرمی داعش بوو—هەرچەندە داعش دەیان سەرچاوە و ئامرازی ئەلیکترۆنیی وەک زمانحاڵی خۆی، بەگەڕ خستبوو، تەنیا ئەو گۆڤارە نەبووە—لە ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤دا ئێزدییەکان وەک شەیتانی و شەیتانپەرەست، ناو دەبات. هەروەها ڕاستەوخۆ دنەی توندوتیژی دژیان و ڕەتکردنەوەی دانوستان لەگەڵیان لە ڕێی جزیەوە، کوشتنی نێرینەکان و بەکۆیلەکردنی مێینەکان، دابەشکردنی مێینەکان وەک دەستکەوتی جەنگ لە نێو جەنگاوەراندا و گلدانەوەی یەک پێنج بۆ دەوڵەتی ئیسلامی، دەدات. نەتەوە و ئاین دوو سەرەکیترین فاکتەری جینۆسایدەکان بوون. نەک تەنیا فاکتەری سادە و ئاسایی، یان ڕاگوزەر، بەڵکو دوو لە ترسناکترین فاکتەرەکانن، بەو پێیەی کاریگەری و ڕۆڵیان بە درێژایی کاتی جینۆسایدەکە و بەڵکو بۆ چەندان ساڵی دواتریش، درێژ دەبێتەوە. کاتێکیش داعش لە ٢٠١٤دا دێت و مۆرکی کوفر و شەیتانپەرەستی لە ئێزدییەکان دەدات، بە ناوی ئاین و ڕەوایەتی ئاینییەوە ڕاستەوخۆ دەرگا لەسەر قڕکردن و جینۆسایدیان دەکاتەوە؛ ڕاستەوخۆ دەیانکاتە گرووپێکی (دەرەکی) و

(جیاواز)، بەڵام (دوژمن) و (ناکۆک)، هەروەها (نەویتر) لە گرووپی داعش، بۆیە زۆر ئاسایی دەبێت گەر لەناو ببرێن و سەر و ماڵیان بۆ گرۆی موجاهیدان، حەڵاڵ بکرێت. داعش لەو ژمارەیەی گۆڤارەکەیدا، ددانی بەوەدا ناوە کە ئێزدییەکانی کوشتووە، خێزانەکانی لێک جودا کردووەتەوە و کیژۆڵەکانیشیانی بەکۆیلە کردووە و بەزۆر لە جەنگاوەرانی مارە کردوون. لەو ژمارەیەدا هاتووە (پاش دەستگرتن بەسەر خەڵک و منداڵانی ئێزدیدا، بەپێی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر ئەو جەنگاوەرانەی دەوڵەتی ئیسلامی کە لە ئۆپەراسیۆنەکانی شینگالدا بەشدار بوون، دابەش کراون)؛ جەختیش لەوە کراوەتەوە کە (ئەمە یەکەمین شاڵاوی بەکۆیلەکردنی بەرفراوانە دەرهەق خەڵکانی بێباوەڕ، پاش وازهێنان لە جێبەجێکردنی ئەم حوکمە شەرعییە لەلایەن هەندێک گرووپی لادەرەوە).[١٤] لێرەشدا هەمان شێوازی باوی جینۆسایدەکان، دووبارە دەبێتەوە: پۆلێنی بکە، بیخە دەرەوە، لەناوی ببە.

> **"جگە لەوانەش، پرسی دیموکراسی و دادی کۆمەڵایەتی و نوێنەرایەتیی جەماوەر، بە زۆرینە و کەمینەشەوە، دابین بکرێت. چونکە وەك وترا، وتاری ڕقاوی و دواتریش جینۆساید، لە بۆشاییدا ناقەومێن. بەڵکو زۆر جار پەیوەستن بە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات و سەرخان و ژێرخانی وڵاتەوە، لەوانەش پرسی ئابووری و دابەشکردنی سامان"**

تەنیا لە پرسی جینۆسایدی ئێزدییەکانیش نا، بەڵکو بەگشتی داعش وا ناسراوە، کە لە نێو گرووپە جیهادییەکاندا پلەی یەکەمی گرتووە لە بایەخدان بە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە جۆرێک، کە لە ڕێی تۆڕی وەک یوتیوب و فەیسبوک و تویتەرەوە توانی دەیان هەزار هەوادار و سەدان چەکدار لە خۆی کۆ بکاتەوە و لە فراوانترین پانتاییدا، وتاری ڕقاوی و جیاکاریانەی خۆی بە گوێیاندا بدات، کە لە هەندێک دۆخدا گەیشتووەتە هەزاران ئەکاوەنت و ملیۆنان پۆستی تویتەر و فەیسبوک[١٥].

ئێستەشی لەگەڵ بێت، سەرباری هەموو دۆسیەی جینۆسایدەکانی گەلی کورد لە عێراقدا—بەو پێیەی دەوڵەتی عێراق بەجدی بەخۆیدا نەچووەتەوە و داوای لێبووردنی نەکردووە و هەنگاویشی بۆ ئاشتەوایی و بنیاتنان و پتەوکردنی دیموکراسی لە ڕێی قەرەبووکردنەوەی قوربانییان و زیانلێکەوتووانەوە نەناوە—یەک لە گرێکوێرە سیاسی و مرۆییەکانی هەرێم و عێراقیش، پرسی جینۆسایدی ئێزدییەکانە و تا بە ئێستاش، دۆخی شینگال و دەوروبەری ئاسایی نەبووەتەوە و زیاتر لە تەنگژەیەکی یاسایی بۆ ئێزدییان خوڵقاوە، کە تەنیا یەکێک

لەوانە دۆسیەی ناونان و تۆمارکردنی ئەو سەدان منداڵەیە کە لە ئەنجامی لاقەکردنی مێینە ئێزدییەکان لەلایەن موجاهیدانی داعشەوە، لەدایک بوون، بەو پێیەی ئەو منداڵانە نە بەپێی ئاینی ئیسلام دەبنە موسوڵمان (چونکە دایکیان نە موسوڵمانە و نە کیتابییە)، نە بەپێی ئاینی ئێزدییش دەبنە ئێزدی (چونکە باوکیان غەیرە ئێزدییە). ئەمە گەر تەنیا یەک لە ئاسەوارە ڕەشەکانی جیهاد و جینۆساید باس بکەین، کە هاوشێوەی ئەوەش لە دۆسیەی جینۆسایدی بۆسنیاییەکاندا دەبینرێت، کاتێک تا بە ئێستاش دەیان ژنی گرووپی جینۆسایدکراو، بە دەست پەرێشانیی سکپڕی و لاقەکردنی بەزۆریان لەلایەن سەربازە سربەکانەوە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، دەناڵێنن.

## ٤.٢. نکۆڵیکردن لە جینۆساید

وتاری ڕقاوی تەنیا لە ڕەهەندی هاندان یان دنەدان و خۆشکردنەوە، بە جینۆسایدەوە پەیوەست نییە، بەڵکو لە دیوی نکۆڵیکردن لە جینۆسایدیشەوە. واتە لە پەیوەندیی بە جینۆسایدەوە، وتاری ڕقاوی دوو ئەرک یان زیاتریش، جێبەجێ دەکات: یەک، کاتێک، تا پێش یان تا کاتی ڕوودانی جینۆساید، هانی تاوانەکە دەدات؛ دوو، کاتێک، پاش تاوانەکە، نکۆڵی لە ڕوودانی دەکات. تەنیا ئەوە تاوان نییە بەئاشکرا هانی جینۆساید بدرێت، بەڵکو لە هەندێک دۆخ و دۆسیەدا، نکۆڵیکردن لە جینۆسایدیش دەبێتە تاوان. هەرچەندە مەرج نییە هەمیشە و لە هەموو جێیەک، نکۆڵیکردن لە جینۆسایدێک تاوان بێت، بۆ نموونە وەک لە یاسای ئەمەریکایی یان هەندێک دۆسیەی دادگای ئەورووپایی مافەکانی مرۆڤدا، بەڵام بەگشتی بوترێت، نکۆڵیکردن لە جینۆساید دەچێتە خانەی وتاری ڕقاوی و توندوتیژیی زارەکییەوە.
وەکچۆن پێناسەیەکی گەردوونیی بۆ وتاری ڕقاوی نییە، ئاوەهاش ڕێکخستنێکی یاسایی بۆ وتاری ڕقاوی یان نکۆڵیکردن لە جینۆساید(بەگشتی یان بەدیاریکراوی) نییە. دەوڵەتان ڕێبازی جیایان هەیە؛ تێیاندایە هەموو جۆرە نکۆڵیکردنێک لە جینۆساید، قەدەغە دەکات و سزا دەدات، وەک سویسرا، هەشیانە نکۆڵیکردن لە جینۆسایدێکی دیاریکراو، سزا دەدات، وەک ئەوەی لە یاسای فەرەنسیدا تایبەت بە هۆلۆکۆست و دۆسیەی ئەرمەنەکان هەیە. دادگاکانیش، بە هەمان شێوە، ڕاجیاوازن. دادگای ئەورووپایی مافەکانی مرۆڤ، بۆ نموونە، لە چەند دۆسیە و بڕیارێکیدا، حوکی جیاوازی دەرکردووە. لە هەندێک دۆسیەدا، دانانی سنوور و کۆتوبەندی لەسەر ئازادیی دەربڕین، پەسەند کردووە و نکۆڵیکردنی جینۆسایدی ڕەت کردووەتەوە، لە کاتێکدا لە هەندێک دۆسیەی تردا، وەک دۆسیەی دۆغو پێرینچەک دژی سویسرا، نکۆڵیکردنی[لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە ساڵانی ٢٠١٥ و دواتر بە دەستی عوسمانییەکان] وەک ئازادیی دەربڕین، لێک داوەتەوە و حوکمی ئیدانەکردنی لەلایەن دادگای سویسراوە، هەڵوەشاندووەتەوە[١٦]. هەندێک لە توێژەران، لەوانەش کارۆلین فۆرنێ،

نکۆڵیکردن لە جینۆساید وەک کردەیەکی جینۆسایدانە لێک دەدەنەوە و لەوە کەمتریش سەیری ناکەن[١٧]، لە کاتێکدا گریگۆری ستانتۆن وەک قۆناغی دەیەمی جینۆساید ناوی دەبات[١٨].

بەدەر لە مشتومڕە یاساییەکە، چ لە یاسای نێودەوڵەتیدا (لە پەیوەندیی بە پەیماننامەکانی مافی مرۆڤەوە، وەک پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، یان پەیماننامەی نەهێشتنی شێوازەکانی جیاکاریی نەژادی)، یانیش لە یاسای ناوچەییدا (وەک پەیماننامەکانی ئەوروپا و ئەفریقا)، لایەنی سیاسییش ڕۆڵی گرنگی هەیە. ئیسرائیل چارنی لە پەیوەندیی بە جینۆسایدەوە، چوار جۆر نکۆڵیکردنی سیاسییانە دیاری دەکات. یەکەم، نکۆڵیکردن لە هەندێک کرداری دیاریکراو بۆ خۆلادان لە بەرپرسیارێتی. دووەم، هەوڵدان بۆ وەدەرنانی ڕووداوگەلێک، کە لە باریاندایە پەیوەندیی دیپلۆماسی یان ئابووری لەگەڵ دەوڵەتێک، تێک بدەن (ڕیالیزمی سیاسی – ڕیال پۆلیتیک). سێیەم، ناساندن و ڕیزکردنی ڕووداوەکان بەپێی قەبارەیان، گەورەیی و بچووکییان، یان ئاستی تاوانەکانیان. چوارەم، نکۆڵیکردنی ئاشکرا و بێچاوڕووانە؛ یان کورد وتەنی، نکۆڵیکردنی سووک و ئاسان لە ڕووداو یان فاکتێکی مێژوویی[١٩].

بە مانا و تێگەیشتنێکی فراوانتر، جینۆساید لەسەر نکۆڵیکردن بەندە و دروست دەبێت. وەک کارۆلین فۆرنێ دەڵێت، جینۆساید واتە نکۆڵیکردن لە مرۆڤایەتی و کەرامەتی قوربانییان، نکۆڵیکردن لە مافی ژیانیان، نکۆڵیکردن لە مافی بوونیان، تەنانەت نکۆڵیکردن لە مافی مردنیشیان[٢٠]. نکۆڵیکردن لە مرۆڤایەتی و بوونی گرووپی بەئامانجگیراو، دەبێتە کرۆک و ڕەگەزی بنەڕەتی لە جینۆسایددا؛ بەبێ نکۆڵیکردن، جینۆسایدیش نابێت. بۆیە نکۆڵیکردن لەو تاوانەی دەرهەق گرووپی نەتەوەیی، ئیتنی یان ئاینی دەکرێت، دوو جار تاوانە، یان وەک دوو جار کوشتنی قوربانییان وایە. بەگشتی و لە پەیوەندیی بە جینۆسایدی دارفوورییەکانەوە لەلایەن حکومەتی سودان و میلیشیاکانی جەنجەویدەوە بەتایبەت، گریگۆری ستانتۆن دوازدە ڕێگە بۆ نکۆڵیکردن لە جینۆساید، دەخاتە ڕوو: گومانخستنەسەر و بچووککردنەوەی ئامارەکان؛ گومانسازی لەسەر شایەتحاڵەکان؛ بانگەشەی ئەوەی کوشتنەکان بەمەبەست نەبوون؛ جەختکردنەوە لە نامۆیی قوربانییان؛ دۆزینەوەی پاساوی تر بۆ توندوتیژییەکان (وەک شەڕی تایفەیی یان ناوخۆیی)؛ لۆمەکردنی هێزەیلی لە جڵەو بەدەر؛ ترسان لە کاردانەوەی تۆمەتباران؛ پاساودانی جینۆساید بەهۆی بەرژەوەندیی(ئابووری)یەوە؛ بانگەشەی مامەڵەی جوان لەگەڵ قوربانییان؛ بانگەشەی ئەوەی ڕووداوەکان ناچنە چوارچێوەی پێناسەی جینۆسایدەوە؛ لۆمەکردنی خودی قوربانییان؛ لەگەڵ زاڵکردنی بابەتی ئاشتی و ئاشتەوایی بەسەر پێویستیی دادگاییکردن و لۆمەکردنی تۆمەتباراندا[٢١].

هەوڵە یاساییەکان بۆ ناساندنی وتاری ڕقاوی، ڕوون نین. لە پەیماننامەکانی مافی مرۆڤدا، باس

لە کۆتوبەند لەسەر ئازادیی دەربڕین کراوە، بەو پێیەی مافێکی ڕەها نییە. بەڵام لە پەیوەندیی بە جینۆسایدەوە، چ لە دەقە یاساییەکانیدا و چ لە پراکتیکی دادگاکانیشدا، کۆدەنگییەکی گەردوونی دروست نەبووە. ئەوانەش پێکرا ڕادەی ئاڵۆزی و تێکچڕژانی جینۆساید و وتاری ڕقاوی و ئازادیی دەربڕین، نیشان دەدەن. چونکە لە لایەکەوە، دەبێت مرۆڤ ئازاد بێت لەوەی بۆچوونی خۆی لەسەر پرسە جیاوازەکان بڵێت، لە لایەکی تریشەوە ئەگەری هەیە ئەو ئازادییە سەر بکێشێت بۆ هاندان بۆ کوشتن و جینۆساید. بەو پێیەشی هەموو ڕێسایەکی یاسایی لەسەر دوو بنچینە بەندە، کە یەکێکیان ‹گریمانە›یە، دەبێت مەترسییەکانی وتاری ڕقاوی و نکۆڵیکردن لە جینۆساید، بەهەند بگیرێن و ڕێکاری یاساییان بۆ بگیرێتە بەر

## ٣. ئاڵنگارییە هاوچەرخەکان

### ١.٣. ڕێکخستنی سۆشیاڵ میدیا

ڕێکخستنی میدیا و کاری میدیایی، لە خۆیدا کارێکی قورسە. هەنووکە لەوەشدا نەماوە کاری میدیایی و مافی میدیاکاران ڕێک بخرێت، بەڵکو سۆشیاڵ میدیاشی هاتووەتە سەر. فەیسبوک، یوتیوب، ئێکس (پێشتر تویتەر)، تیکتۆک و...هتد، بوون بە لانەی توندڕەوی، نەتەوەپەرستی و پیلانگێڕی، هەریەکەو بە جۆرێک و بەشی خۆی. سۆشیاڵ میدیا چەندە خزمەتی بە گەیاندنی زانیاری و فراوانکردنی پانتایی پەیوەندیگرتن کردووە، هێندەش و وەک بەشێک لەوە، ئاستی پێکدادانی گرووپە جیاوازەکان و وتاری ڕقاوی و سانسۆر و چاودێریکردنی گەشە پێداوە.

ڕەنگە چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی میدیای تەقلیدی، واتە ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ، ئاسان بێ، بەو پێیەی شوێنی کارکردن و ناسنامەی کارمەندانیان، کەم تا زۆر ئاشکران. بەڵام هەمان کار لەگەڵ میدیای دیجیتاڵی و سۆشیاڵ میدیادا، ئاسان نییە. چونکە ئەمەی دوایی بە چەند ئاڵنگارییەکدا دەناسرێتەوە، لەوانەش: بەشێک لەوانەی بەکاری دەهێنن و وتاری ڕقاوی پەخش دەکەنەوە، نەناسراون، واتە ئەم جۆرە میدیایە دەرفەتی ئەوە دەدات کە بە نەناسراویی بەگەڕ بخرێت؛ بڵاوکردنەوە و گەورەکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕقاوی، بەو پێیەی ئەم میدیایە بەپێی ئەلگۆریتمی خۆی دەبزوێت و تا کاردانەوە لەگەڵ ئەو جۆرە ناوەڕۆکەدا زیاتر بێت، بڵاوبوونەوەشیان فراوانتر دەبێت؛ ئاسانی بانگەشە و چەواشەکاری؛ ئاسانیی گێچەڵپێگرتن و کەڵەگایی بەسەر کەسان یان گرووپەیلی بەئامانجگیراوەوە؛ دەستپێڕاگەیشتوویی لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە وەک هەر لایەن و گرووپێکی تر؛ تێپەڕاندنی سنووری دەوڵەتان و دەسترۆیشتوویی دادگاکان[٢٢].

لە یەکێتیی ئەورووپا، بۆ نموونە، یاسای خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان هەیە، کە ئامانج لێی میانڕەوکردنی ناوەڕۆک، گرتنەبەری ڕێکار دژی ناوەڕۆکی نایاسایی، کەمکردنەوەی ڕیسکی

سیستەماتیک، لەگەڵ ڕوونێتی(شەفافییەت)ە لە بابەتە بڵاوکراوە ئامانجدارەکانی وەک ڕێکلامەکاندا. ئەوە و جگە لە چەند یاسا و ڕێکارێکی تر بۆ پاراستنی بەکاربەر و منداڵان و ڕێکخستنی پرسی ژیریی دەستکرد، کە زۆرێک لەم یاسایانەش لە یاسای ناوخۆیی دەوڵەتاندا، جێ کراونەتەوە. بەڵام لە ئەمەریکا هەمان ڕێکخستنی یاسایی، نییە. لە ئەمەریکا جگە لە هەمواری یەکەمی دەستوور، کە تایبەتە بە ئازادیی دەربڕین، هەندێک ڕێکاری تر هەن، لەوانەش دیاریکردنی لای کەمی تەمەنی بەکاربەر (سێزدە ساڵ) و پاراستنی منداڵان لە بازرگانیی سێکسی، بەڵام بە هەمان چڕوپڕیی یاساکانی یەکێتیی ئەوروپا نین، بەو پێیەی لە ئەمەریکا ئازادیی دەربڕین مانا و مەودایەکی فراوانتری هەیە بەراورد بە ئەوروپا و ڕەنگە دەوڵەتان و ناوچەکانی تریش. لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی سۆشیاڵ میدیا، نییە، دۆسیەی هەڕەشە و جۆرەکانی تری تاوانیش لە ڕێی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، زیاتر لە ڕێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییەوە، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، یانیش لە ڕێی بنەما گشتییەکان و هەندێک مادەی گشتیی نێو یاسای سزادانەوە. ئەوەش واتە هەوڵە نێودەوڵەتییەکان ئاسان سەرناگرن، بەو پێیەی سەردار و سەروەر تا بە ئێستاش، دەوڵەتانن و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتانیش زۆربەی جار لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت/نەتەوەییەوە بۆ پرسەکان دەچن.

**٢.٣. مەترسیی سانسۆرکردن**

لە پرسی ئازادیی دەربڕین و وتاری ڕقاوی و هاندان بۆ جینۆساید و پرسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ڕێکخستنی یاسایی و سانسۆری ئازادیدا، گرنگە، چونکە دەوڵەتان زۆر جار یاساکانی وتاری ڕقاوی بەخراپ بەکار دەهێنن بۆ بێدەنگکردنی نەیارانیان. لە یاسای نێودەوڵەتیدا دەبێت پێوەرەکانی جیاکردنەوەی هاندانی ڕاستەقینە (وەک ئەوەی لە پەیماننامەی جینۆساید، یان لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هاتووە) و بۆچوونێکی هاکەزایی، بەرز و ڕێک بن: ئاخێوەر، نیاز، ناوکۆیی و ئەگەری زیانگەیاندن، پێکرا بەهەند بگیرێن. لێرەشدا ڕەنگە وا بخوازێت دادگا و دادوەران هێندە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویان هەبێت، پاڵپشت بەو پێوەرانە بڕیار لە سروشتی وتارێک بدەن.

هەمیشە ئەگەری زێدەڕەوی و توندڕەوی هەیە، وەکچۆن ئەگەری سانسۆرکردن و سنووردارکردنیش لەلایەن دەوڵەتەوە هەیە. پەیوەندیی دەوڵەت و ئازادیی دەربڕین و سانسۆر، دێرینە. دەوڵەتان و ئیمپراتۆریاکان لە سەدان و بگرە هەزاران ساڵ پێشترەوە، سانسۆریان زانیوە و جێبەجێ کردووە. دەوڵەتی دێرینی یۆنان لە ساڵی ٣٩٩ی پێش زاین، سۆکراتی دەمکوت کرد و لەبەر بۆچوونەکانیشی، سزای مەرگیان لە ڕێی خواردنەوەی

ژەهرەوە، بەسەردا سەپاند؛ لە ٤٣٣ی پێش زاین لە ڕۆما بەفەرمی نووسینگەی سانسۆر کرایەوە؛ لە ساڵی ٣٠٠ی پاش زاین دەوڵەتی چین یەکەم یاسای سانسۆری دەرچوواند[٢٣].
لای لیبراڵەکان و نەریتی لیبراڵیزم بایەخێکی زۆر بە ئازادیی دەربڕین دەدرێت، کەمتر هانا بۆ سانسۆرکردن دەبرێت، مەگەر بە زەقی دژی فەزای گشتی یان ئاسایشی نەتەوەیی بێت. لە جارنامەکانی پاش هەردوو شۆڕشی ئەمەریکایی و فەرەنسایی لە ١٧٧٦ و ١٧٨٩دا، جەخت لە ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە و بایەخی وەها ماف و ئازادییەک، کراوەتەوە. تا ٢٠٢٤ زۆرترین و دیارترین ئەو دەوڵەتانەی هانایان بۆ سانسۆرکردن بردووە وەک چەکێک یان ئامرازێک بۆ کپکردنی دەنگی نارەزا و نەیار، بریتین لە ئەریتریا، سوریا، ئەفغانستان، کۆریای باکوور، ئێران، تورکمەنستان، سعودیە، چین، بەحرەین، ڤیێتنام و میانمار و کوبا[٢٤]. ئەوەی ئەو دەوڵەتانە سانسۆری دەکەن و لێی دەترسن، زیاتر دەنگی نارەزا و ڕەخنەگرانەیە و ئامانجیانە لەو ڕێیەوە مانەوە و باڵادەستیی دەوڵەت و ڕژێمە سیاسییەکەی، مسۆگەر بکەن.
لە نێوان ئازادیی دەربڕین و تاوانەکانی سۆشیاڵ میدیادا، لەوانەش وتاری ڕقاوی، ئەوەی لە پەیماننامەی جینۆساید و پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و پەیماننامەی مافەکانی منداڵدا قەدەغە کراوە و دەبێت دەوڵەتان لە یاسای سزایی خۆیاندا، جێی بکەنەوە، بریتین لە بەکارهێنانی منداڵ بۆ کاری نارەوا (بۆ نموونە بازرگانیی سێکسی، پۆرنۆگرافی و... هتد)، هاندان بۆ تیرۆریزم یان کوشتن، جۆشدانی ڕقی نەتەوەیی، نەژادی، یان ئاینی کە ببێتە هۆی هاندان بۆ جیاکاری، توندوتیژی، یانیش ئەنجامدانی جینۆساید.[٢٥] بە مانایەکی تر، سەرباری بایەخی ئازادیی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری وەک مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤ و وەک کۆڵەکەیەکی دیموکراسی و حوکمڕانیی باش، دانانی کۆتوبەند بەهۆی یەکێک لەو پاساوانەوە، ڕەوایە و ناکرێت بخرێتە خانەی سانسۆر و داپڵۆسینەوە.
چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی ناوەڕۆکی سۆشیاڵ میدیا، کارێکی سەختە. ڕەنگە لەوەش سەختتر، جێکردنەوە و چەسپاندنی جۆرێک هاوسەنگی بێت لە نێوان ئازادیی دەربڕین و وتاری ڕقاوی (پەیوەست بە جینۆسایدەوە) لە فەزای سۆشیاڵ میدیادا. بۆ وەها کارێکیش پێویستیمان بە ڕستێک یاسا و ڕێنماییە، کە ڕوون و ڕەوان پێوەرەکان دەسنیشان و پێناسە بکەن؛ بە جەماوەر و هاوڵاتییان بڵێن، چ شتێک هێڵی سوورە و دەچێتە خانەی وتاری ڕقاوی و هاندان بۆ، یان نکۆڵیکردن لە، جینۆسایدەوە.

## ٤. ئەنجامگیری

وشە و دەستەواژەکان تەنیا نیازێکی سادە یان پێویستییەکی هەنووکەیی، ناگوازنەوە، بەڵکو دەکرێت بەشێک بن لە گوتاری دەسەڵات و پاوانخوازی و داگیرکردن و کۆنترۆڵکردن. ناونانی کەسێک یان گرووپێک بەهۆی یەکێک یان زیاتر لە خەسڵەتەکانییەوە، وەک

موسوڵمان و جوولەکە و ئێزدی، یان کورد و عەرەب و فارس، یان ئاسیایی و بەڵکانی، یان سوورپێست و ڕەشپێست، یان نێرینە و مێینە و... هتد، دەکرێت بەشێک بێت لەو ململانێ و دەسەڵاتخوازییە.

ئازادیی دەربڕین مافێکی بنەڕەتییە، لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و زۆرێک لە دەستوورەکانی دنیادا، لەوانەش دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق، پێی لەسەر داگیراوە و بەڵێنی پاراستنیشی دراوە. لەو لاشەوە، وتاری ڕقاوی وەک لێخنکەرەیەک قوت دەبێتەوە و سنووری ئازادی دەبەزێنێت و دەچێتە خانەی دەستدرێژییەوە. لە ڕێی وتاری ڕقاوییەوە، هان بۆ جیاکاری و هەڵاواردن و توندوتیژی و جینۆساید دەدرێت. بۆیە دەخوازێت جۆرێک لە ڕێکخستن هەبێت، بۆ کۆنترۆڵکردن یان کەمکردنەوەی ئازادیی دەربڕین نا، وەک ئەوەی دەوڵەتانی تاکحیزبی و تۆتالیتار دەیکەن، بەڵکو بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ململانێ و دەسەڵاتخوازییەی لە نێو هاوڵاتییاندا هەیە. بۆ ئەوە نا خەڵک بۆیان نەبێت ڕەخنە لە حکومەت و دەزگاکانی بگرن، بەڵکو بۆ ئەوەی کاتێک گرووپێک دەیەوێت گرووپێکی تر بسڕێتەوە، یان کاتێک گرووپێک نکۆڵی لە سڕینەوەی گرووپێکی تر دەکەن، یان پاساوی بۆ دەهێننەوە، ڕێکاریان لەدژ بگیرێتە بەر. چونکە جینۆساید سێ جار مەترسییە: جارێک کە ڕوو دەدات یان ئەگەری ڕوودانی هەیە، جارێک کە نکۆڵیی لێ دەکرێت، جارێکیش کە ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە. لەو نێوەدا وتاری ڕقاوی لە فۆرمی نکۆڵیکردن لە جینۆسایددا، ڕۆڵی میانگرێک دەبینێت لە نێوان هەر سێ حاڵەتەکەی جینۆسایدی گرووپێکدا. لە حاڵەتی یەکەمدا بەکار دێت بۆ پاساودانی جینۆسایدەکە؛ حاڵەتی دووەم بۆ نکۆڵیکردن لە جینۆسایدەکە؛ حاڵەتی سێیەمیش بۆ ڕێخۆشکردن یان ئامادەسازی بۆ دووبارەکردنەوەی جینۆسایدەکە. واتە لە هەموو قۆناغەکاندا، وتە و وتار و وشە، ئەرکدارن. بەبێ جبەخانەی میدیایی و زارەکی، ڕەنگە جبەخانەی نێو مەیدانی هێرش و پەلامار و جەنگەکان، وەک پێویست کارا نەبن. دەشێت زەقترین ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی وەها کار و دیاردەیەکیش، بریتی بن لە چاودێری و شیکردنەوەی پێشێلکارییەکان پاش ڕوودانیان؛ مامەڵەکردن لەگەڵ، یان بەهەندگرتنی هۆکارە ڕیشەییەکان، لە پێش هەمووشیانەوە پرسی نوێنەرایەتی یان دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی؛ لەگەڵ پشتیوانیی قوربانییانی وتاری ڕقاوی و سەرکۆنەکردنی هەر جۆرە کارێکی لەو شێوەیە، بەو پێیەی زەمینە بۆ تاوانی گورچکبڕی وەک جینۆساید، خۆش دەکات. بەو پێیەی وتاری ڕقاوی، لە وەها دۆخێکدا، دەبێتە بەشێک لە تاوانێکی قێزەون و ترسناک، کە ئەویش لای خۆیەوە زیاتر لە ڕیشە و هۆیەکی هەیە، دەخوازێت لەو بەستێنە گشتییەدا مامەڵە بکرێت و هەوڵی بنیاتی و قووڵیش بۆ چارەسەر و کەمکردنەوەی بدرێت.

لە عێراق و هەرێمیش، یاسایەکی تایبەت بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان و دادگاییکردنی تاوانبارانیان نییە. دەشێت یەکێک لە داواکارییە سەرەکی و ستراتیژیکەکانی هەرێم و نوێنەرانی

لە بەغدا، چ لە حکومەت و چ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانیش، دۆزینەوەی دەرچەیەک بێت بۆ ئەو کەلێنە گەورەیە. ئەوەش بە دوو ڕێگە دەبێت:
یەک، هەوڵ بدرێت عێراق، بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای نێودەوڵەتیی تاوان (ICC) واژۆ بکات و ببێتە ئەندام، تا لە داهاتوودا ئەو دادگایە بتوانێت تاوانبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان (جینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانی شەڕەنگێزی)، دادگایی بکات. پێشتر چونکە عێراق ئەندام نەبووە، لە کاتی دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس بۆ ئەو تاوانانە، لە ٢٠٠٣ و دواتریش لە ٢٠٠٥ یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەرکرا، کە ئەو دادگایەش لە ٢٠١١ەوە کرایە دەستەیەک(ی بچووک) لە ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی عێراق و لەو کاتەشەوە بە دی فاکتۆ سڕ کراوە. بەڵگەش بۆ ئەوە، لە ٢٠٠٦ و دواتریش فەرمانی گرتنی بۆ دەیان تۆمەتباری دۆسیەی ئەنفال دەرکرد، کە تا ئێستاش جێبەجێ نەکراون و کەسیش ناپرسێت بۆچی!
دوو، یاسایەکی تایبەت بە هەموارکردنەوەی یاسای سزادانی عێراقی، دەربکرێت، بە جۆرێک جێی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بکرێتەوە و دادگاییکردنی تاوانبارانیشیان، مسۆگەر بکرێت. یان لەوەش زیاتر، یاسایەکی تایبەت بەو تاوانانە و حاڵەت و ڕێکارەکانی دادگاییکردنی تۆمەتباران، پەسەند بکرێت و جۆرێک لە ڕێکاری ستراتیژیک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تاوانە گەورانەدا، دابنرێت.
جگە لەوانەش، پرسی دیموکراسی و دادی کۆمەڵایەتی و نوێنەرایەتیی جەماوەر، بە زۆرینە و کەمینەشەوە، دابین بکرێت. چونکە وەک وترا، وتاری ڕقاوی و دواتریش جینۆساید، لە بۆشاییدا ناقەومێن. بەڵکو زۆر جار پەیوەستن بە سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵات و سەرخان و ژێرخانی وڵاتەوە، لەوانەش پرسی ئابووری و دابەشکردنی سامان.
لەم بەستێنەدا پرسی کورد ماناداره. پرسێک کە دەکرێت لە ڕووی ستراتیژییەوە، لە ڕێی دوو پرسیارەوە زیاتر بوروژێنرێت، یان زیاتر شی بکرێتەوە. پرسیارگەلێک نەک تەنیا ڕوو-لە-دەر، بەڵکو ڕوو-لە-ناویش. چونکە کورد تەنیا بە دەستی دوژمن و داگیرکەرەوە گیری نەخواردووە و ناناڵێنێت، بەڵکو—بە هۆی دەیان ساڵ فشار و داگیرکاری و ڕاگواستن و نکۆڵیلێکردن و سڕینەوەوە—بە جۆرێکیش مێشکی شۆراوەتەوە، شیاوی باس و تێڕامان بێت. لە پەیوەست بە دەرەوەوە، دەکرێت بپرسین: بۆچی کورد، وەک تاکە نەتەوەی دنیا، لە ماوەی کەمتر لە چل ساڵدا و تەنیا لە عێراقدا، چوار جار جینۆساید کرا؟ لەوەی فەیلییەکانەوە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، بۆ ئەوەی بارزانییەکان لە ١٩٨٣، تا بە ئەنفال دەگات لە ١٩٨٨ و دوا جاریش جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ٢٠١٤دا. من ئەمە ناو دەنێم زەقترین و گەورەترین خاڵی جیاکەرەوەی جینۆسایدی کورد لە جینۆسایدی گەلانی تری دنیا. زۆرێک لەو گەلانەی لە سەدەی بیستەمدا جینۆساید

کران، سەربەخۆیی سیاسییان مسۆگەر کرد. جووەکان پاش هۆلۆکۆست، توتسییەکان پاش جینۆسایدەکەی ١٩٩٩٤ لە ڕواندا، بۆسنیاییەکان پاش جینۆسایدەکەی سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بوونە دەوڵەت و حوکمڕان و سەربەخۆیی سیاسییان بەدەست هێنا(یەوە). نموونەی تری پێشێلکارییش، هەن و زۆرن. پاش ستەم و جیاکاریی پاکستان دژی خەڵکانی پاکستانی ڕۆژهەڵات (بەنگلادیش)، ئەمەی دواتر بڕیاری دا و بە کەمێ یامەتیی هندستانەوە، لە پاکستان جیا بووەوە و سەربەخۆ بوو. پاش دەستپێکی نوێترین گەڕی جەنگی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین (کەرتی غەزە و حەماس) و تۆمەتبارکردنی ئیسرائیل بە ئەنجامدانی جینۆساید و دەرچوونی فەرمانی گرتن دژی سەرەکوەزیرانەکەی لەلایەن دادگای نێودەوڵەتیی تاوانەوە، بەتایبەت پاش بەڵێنی چەندان دەوڵەت و زلهێز بە دداننان بە دەوڵەتی فەلەستیندا (لەوانەش فەرەنسا، بەریتانیا، ئیسپانیا، ئوسترالیا و ... هتد)، ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێک بۆ فەلەستینییەکان لە هەر کاتێکی تر زیاترە. بەڵام کورد، وەک وترا لای کەم لە عێراقدا، چوار جار جینۆساید دەکرێت و هێشتاش بندەستە! لە پەیوەست بە ناوخۆشەوە، دەکرێت بپرسین: گەر گەلێک هۆشیار بووایە، گەر گەلێک هێندە مێشکی نەشۆردرابێتەوە و خۆی ڕادەستی قەدەر نەکردایە، چۆن دەیتوانی نکۆڵی لە جینۆسایدەکانی خۆی بکات، یان هیچ نەبێت بە جینۆسایدکردنی بەشێکی، شاگەشکە بێت و پاساوی بۆ بهێنێتەوە؟ لێرەدا ئەو شەپۆلی وتاری ڕقاوییەی پێش و پاش جینۆسایدی ئێزدییەکان دژی ئەو کۆمەڵەیە، بهێنەوە بیر. ئێستاشی لەگەڵ بێت، لێرە و لەوێ، هەڵڕشتنی ئەو بوغز و کینەیە دژی ئێزدییەکان، بەردەوامە و زۆرینەی ناهۆشیاری کورد، لە وەدەرنان و نەفرەتکردن لە بەشێکی خۆی، بەردەوامە.

ڕەنگە ئەو پرسیارانە کلیلی کردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتری پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان سیانەی ئازادیی دەربڕین و وتاری ڕقاوی و هاندان بۆ جینۆساید بن، لای کەم وەک نموونە یان کەیسێک بۆ بیرلێکردنەوەی ستراتیژیک و لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ لە دووانەی کورد و سەربەخۆیی سیاسی.

---

**پەراوێزەکان:**

1-Butler، Judith، 1997، Excitable Speech: A Politics of the Performative، Routledge، p. 15.

2-See Matsuda's introduction to Matsuda، Mari، Richard Delgado، Charles Lawrence III، and Kimberle Crenshaw (eds)، Words that Wound: Critical Race Theory، Assaultive Speech and the First Amendment، Boulder: Westview Press، 1993.

3-Bandura، Albert، Moral Disengagement، 2016، Worth; Smith، David Livingstone، Less Than Human: Why We Demean، Enslave، and Exterminate Others، St. Martin's Press، 2011.

4 -United Nations Strategy and Plan of Action on Hate Speech — Detailed Guidance on Implementation for United Nations Field Presences، (September 2020)، <https://www.un.org/en/genocideprevention/documents/UN%20Strategy%20and%20PoA%20on%20Hate%20Speech_Guidance%20on%20Addressing%20in%20field.pdf> accessed 10 October 2025.

5-Council of Europe’s Committee of Ministers، Recommendation 97(20) of the Committee of Ministers to Member States on "Hate Speech"، Appendix to Recommendation No. R (97)20، 30 October 1997، Scope، p.107.

6-International Covenant on Civil and Political Rights (adopted 16 December 1966، entered into force 23 March 1976) 999 UNTS 171; UN Office of the High Commissioner for Human Rights، Rabat Plan of Action (2012).

7-The United States of America v Julius Streicher (Nuremberg Judgment، 1 October 1946).

8-Prosecutor v Nahimana، Barayagwiza، and Ngeze (ICTR-99-52-T) Judgment (3 December 2003).

9-Hefti، Angela & Lawura A Jonas، 2020، From Hate Speech to Incitement to Genocide: The Role of the Media in the Rwandan Genocide، Boston University International Law Journal، 38، 1، pp. 1-37.

10-Prosecutor v Vojislav Šešelj (IT-03-67-A) Appeal Judgment (11 April 2018).

11-UN Human Rights Council، Report of the Independent International Fact-Finding Mission on Myanmar، A/HRC/39/64 (12 September 2018).

١٢بۆ بینینی بەشێکی بەرچاو لەو بەڵگەنامانە، بڕوانە: عەبدولڕەحمان، زیاد، ٢٠٠٤، تونی مەرگ: هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعسدا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ٢؛ عومەر، عەدالەت، ٢٠١٥، لە زمانی بەڵگەنامەکانەوە، ب١، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

١٣دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق، بڕیار لە دۆسیەی ئەنفالدا، ژمارە ٢٠٠٦/١ (٢٠٠٧).

Human Rights Watch، Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds (HRW 1993) <https://www.hrw.org/reports/1993/iraqanfal/> accessed 10 July 2025؛ Kurdistan Regional Government، Kurdish Genocide in Iraq <https://gov.krd/genocide> accessed 10 July 2025.

١٤-جريدة الشرق الأوسط، مجلة (داعش) تعترف باستعباد ايزديين، ١٤ أكتوبر ٢٠١٤ <https://aawsat.com/home/article/200876?page=5> تمت الزيارة في ١٦ أكتوبر ٢٠٢٥.

١٥- عبدالله، رانيا عبدالقادر، ٢٠٢٠، تحليل محتوى مجلة دابق لتنظيم (داعش): الأعداد المترجمة للغة العربية أنموذجا، مجلة قضايا التطرف والجماعات المسلحة، المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والسياسية والاقتصادية، العدد الرابع، ص ١٣-١٧.

16-Pégorier، Clotilde، ‘Speech and Harm: Genocide Denial، Hate Speech and Freedom of Expression’ (2018) Essex Research Repository <https://www.google.com/url?sa=t&rct=j&q=&esrc=s&source=web&cd=&cad=rja&uact=8&ved=2ahUKEwik_cT9r6uQAxXRRfEDHbx6CtYQFnoECCEQAQ&url=https%3A%2F%2Frepository.essex.ac.uk%2F20496%2F&usg=AOvVaw1jHJPkbfIkYmMO72yV5B2C&opi=89978449> accessed 17 October 2025.

17 Fournet، Caroline، 2007، The Crime of Destruction and the Law of Genocide: Their Impact on Collective Memory، Ashgate، Aldershot، p. 83.

١٨-گریگۆری ستانتۆن، دە قۆناغ بۆ هەر جینۆسایدێک دەستنیشان دەکات، کە مەرج نییە هەمیشە بەو ڕیزبەندییە بەدوای یەکدا بێن یان دووبارە ببنەوە، گرنگ ئەوەیە لە جینۆسایدەکاندا، هەن و کاران، ئەوانیش: پۆلێنکردن (دابەشکردنی گرووپەکان بۆ ‹ئێمە› و ‹ئەوان›)؛ ڕەمزاندن (دانانی ڕەمز یان نیشانەیەک بۆ ناسینەوەی گرووپی بەئامانجگیراو)؛ جیاکاری؛ لەمرۆڤخستن؛ ڕێکخستن؛ جەمسەرسازی؛ ئامادەکاری؛ ڕاوەدوونان؛ لەناوبردن؛ نکۆڵیکردن:
Stanton، Gregory H.، The Ten Stages of Genocide، 2005، Genocide Watch، <genocidewatch.org/genocide/tenstagesofgenocide.html>، accessed 17 October 2025.

19-Charny، Israel، Toward a Generic Definition of Genocide، in George J. Andreopoulos (ed)، Genocide: Conceptual and Historical Dimensions، 1994، Philadelphia: University of Pennsylvania Press، pp. 64-94.

٢٠- کارۆلین فۆرنێ، هەمان سەرچاوەی ژ. ١٧.

21-Stanton، Gregory H.، Twelve Ways to Deny a Genocide، 2005 <https://www.genocidewatch.com/twelve-ways-to-deny-genocide> accessed 17 October 2025.

٢٢-جابر، زيد حميد، محفزات خطاب الكراهية وآليات المواجهة، المؤتمر العلمي الرابع عشر لمركز المستنصرية للدراسات العربية والدولية، العدد ٧، ص ٨٤٠-٨٤٣.

23-Abbasi، Irum & Laila Al-Sharqi، 2015، Media Censorship: Freedom versus Responsibility، Journal of Law and Conflict Resolution، 7، 4، p. 3.

24-Committee to Protect Journalists، ’10 Most Censored Countries’ <https://cpj.org/reports/2019/09/10-most-censored-eritrea-north-korea-turkmenistan-journalist/> accessed 20 October 2025.

25- Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide (adopted 9 December 1948، entered into force 12 January 1951) 78 UNTS 277.



# ئـایـنـدەی حـەشـدی شـەعبی و گروپـە چەکدارەکان لـە عێراقدا

پ.د. عابد خالد ڕەسول
پسپۆڕ لە زانستە سیاسیەکان

**پێشـەکی:**

ئاشکرایە کە دامەزراندنی دەستەی حەشدی شەعبی (هیئة الحشد الشعبي - Popular Mobilization Forces) و بەڕەسمی ناساندنی هێز و گروپە چەکدارەکانی سەر بەم دەستەیە، یەکێک بوو لە لێکەوتەکانی هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە (٦)ی تەموزی ساڵی (٢٠١٤) و ئەو دارمانە ئەمنییەی بەهۆیەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراقدا دروست بوو. هەڵبەت هێزەکانی حەشدی شەعبی، شانبەشانی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە و پۆلیسی فیدراڵی، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە تێکشکاندنی ڕێکخراوی توندڕەوی داعش، کە دواتر خۆی وەك دەوڵەتی ئیسلامی ڕاگەیاند هەبوو، بەڵکو زۆرجار هێزەکانی حەشدی شەعبی هێڵی یەکەمی بەرگرییوون لە شارەکانی سەلاحەدین و ئەنبار و دیالە و موسڵ و بابل و شوێنە پیرۆزەکانی شیعە، هاوکات لەم ناوچانە سەرکردایەتی مەیدانی ڕاستەوخۆی زۆربەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە گەورەکانیان دەکرد. بەڵام لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەو ئۆپەراسیۆنانە دژی داعش و ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی عێراق بەسەریدا لە (٩)ی کانونی یەکەمی ساڵی (٢٠١٧)، هەر زوو پرسیار لەسەر ئایندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکانی عێراق و پێگەی سەربازییان لە چوارچێوەی قەوارەی ئەمنی دەوڵەت و پەیوەندییان بە بڕیاردانی سیاسی و ڕادەی کاریگەرییان لەسەر سەروەری وڵات سەریهەڵدا. ئەمڕۆ پرسی ئایندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان کرۆکی یەکێک لە دیارترین تەحەداکانی بەردەم دەوڵەتی عێراق پێکدەهێنێت، کە گرەوی گەورە دەخاتە بەردەم ڕادەی سەقامگیری و ئایندەی سیاسی و ئەمنی ئەم وڵاتە.

**یەکەم: سەرهەڵدانی حەشدی شەعبی وپەرەسەندنی لە پێویستییەوە بۆ تەحەدا:**

سەرهەڵدانی حەشدی شەعبی لەدوای ڕاگەیاندنی فەتوای (جهادی کیفائی) بوو، کە بە ئاماژەی ئایەتوڵڵا (عەلی سیستانی) لە (١٣)ی حوزەیرانی (٢٠١٤) بانگەشەی بۆ درا[١]، کە بە دوایدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوسای عێراق (نوری مالکی) بە (فەرمانی دیوانی/٤٧) لە (١٨)ی هەمان مانگدا (دەستەی حەشدی شەعبی) پێکهێنا، بۆ بەڕێوەبردن و مەشقپێکردن و ئامادەکردن و پڕچەکردنی ئەو خۆبەخشانەی کە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داعش چەکیان هەڵگرتبوو[٢]. هەموو ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بوو بۆ ئەو مەترسییە وجودییەی کە بەهۆی هاتنی داعشەوە، وەك هێزێکی تیرۆریستی سوننە مەزهەب، لەسەر پێکهاتەی شیعە و ئایندەی حوکمڕانییان لە عێراقدا دروستبووبوو، بەتایبەت لەو کاتەدا، کە لە ئەنجامی دارمانی تەواوی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە نەینەوا و سەلاحەدین و ئەنبار، چەکدارانی داعش کە بەشێکی بەرفراوانیان لە باکور و ڕۆژئاوای خاکی عێراقیان گرتبووەدەست، زۆر بەخێرایی پێشڕەویان دەکرد، بەشێوەیەك کە خەریکبوو دەگەیشتە ڕۆخی بەغدای پایتەخت و شارە پیرۆزەکانی شیعە لە باشووری عێراق.

هەر لەسەرەتاوە حەشدی شەعبی تێکەڵەیەکی بەرفراوانی لە کەسانی خۆبەخش و سەربازی کۆن و ژمارەیەکی زۆر لەو گروپە چەکدارانەی شیعەی لە خۆگرت کە پێش ساڵی (٢٠١٤) بوونیان هەبوو، هەندێکیان مێژوویەکی بەرچاویان لە بەشداریکردن لە موقاوەمە دژی ئەمریکا هەبوو، هاوکات هەندێکیتریان ڕۆڵی گەورەیان لە ململانێی تائیفی دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی (٢٠٠٣) هەبوو. بەگشتی لەڕووی پێکهاتەوە هێز و گروپەکانی ناو حەشدی شەعبی لە سێ بەشدا خۆیان دەبینییەوە[٣]:

١- ئەو هێز و گروپانەی کە پێشتر لە عێراقدا بوونیان هەبوو، سەرکردەکانیان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بەشدار بوون، بەڵام بە قۆستنەوەی فەتواکەی سیستانی و بەپێی فەرمانەکەی مالکی خۆیان لەناو حەشدی شەعبیدا ڕێکخستەوە، وەك (ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتائیبی حزبوڵڵا، بزووتنەوەی نوجەبا، کەتائیبی سەیدولشوهەدا، سەرایا سەلام و...هتد). کەواتە هەرچەندە پەیامەکەی سیستانی بۆ هاندانی خۆبەخشەکان بوو تا ڕووبەڕوی تیرۆر ببنەوە، لە سایەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی کە بەهۆی دارمانی سوپاوە لەو ناوچانەی داعش گرتبوونی دروستبووبوو، بەڵام سەرکردە سیاسی و میلیشیاییەکانی ئەوسای شیعە (نوری مالکی، هادی عامری، قەیس خەزعلی...هتد) ئەو هەلەیان قۆستەوە تا هەم شەرعیەتی ئایینی و سیاسی بۆ گروپە چەکدارەکانیان مسۆگەر بکەن و بە هێنانی خۆبەخشی زیاتر بۆ ناو ئەم گروپانە توانای چەکداریان فراوانتر بکەن.

٢- ئەو گروپە خۆبەخشانەی وەك بەدەمەوەچوونی پەیامەکەی سیستانی ڕاستەوخۆ دوای فەتواکەی دروستبوون، وەك (لیوای ئەنساری مەرجەعی، لیوای عەلی ئەکبەر، فرقەی

عەباسی قیتالی، فرقەی ئیمام عەلی قیتالی و...هتد)، لەبەرئەوە زۆربەی ئەم گروپانە شارەزای شەڕکردن نەبوون و هیچ ئەزمونێکی سەربازیان نەبوو، زۆربەیان کە شیعە بوون لەلایەن ئەو گروپانەی پێشووەوە، کە پێش هاتنی داعش بوونیان هەبوو، کۆنترۆڵکرابوون.

٣- ئەو گروپانەی کە بەدرێژایی ماوەی شەڕی داعش لەناو حەشدی شەعبیدا پێکهاتن، یەکێك لە سیما دیارەکانی ئەم گروپانە ئەوەبوو کە ئەندامەکانیان تەنیا شیعە نەبوو، بەڵکو سونە، مەسیحی، شەبەك و لە هەندێك ناوچە کوردیان تێدابوو، وەك (کەتائیبی جوندولئیمام، لیوای زولفەقار، حشدی شەبك، کەتائیبی بابلیون و...هتد).

لێرەدا، جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ئێران هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری لە دروستبوون و بەهێزبوونی گروپەکانی حەشدی شەعبی و گرێدانەوەی بەشێکی زۆریان بە ئەجێندای خۆیەوە هەبوو، بەتایبەت زۆربەی ئەو گروپانەی وەك یەکەمین بەشی حەشد لە سەرەوە ئاماژەیان بۆکراوە. ئەگەر تا هاتنی داعش بۆ عێراق، دەستوەردانی ئێران لە عێراق تاڕادەیەك شاراوە بوبێت، ئەوا لەدوای ئەوەوە، ئێران بەئاشکرا پاڵپشتی ئەو گروپانەی حەشدی دەکرد، کە بەپێی زانیارییەکانی لێپرسراوانی ئەمریکا (٦٠٪)ی کۆی ئەو چەکدارانەی حەشدی شەعبی، کە شەڕی داعشیان دەکرد، لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دارایی و لۆجستی دەکران، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە (قاسم سولەیمانی) فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، ڕاستەوخۆ لە عێراقەوە سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەم گروپانەی دژی داعش دەکرد[٤].

کەواتە لە بنەڕەتدا پێویستی بەدیهێنانی ئەوپەڕی ئاسایش پاڵنەری سەرەکی پێکهێنانی حەشد شەعبی و گروپە چەکدارییەکانی بوو، کە کارامەییەکی زۆر و گیانی قوربانیدانی گەورەیان لە شەڕی ڕزگاری دژی داعش نیشاندا. بەڵام دواتر هەم لایەنی ناوخۆیی (سەرکردە سیاسی و میلشیایەکانی شیعە) و هەم لایەنی دەرەکی (ئێران) لەناو حەشددا برەویان بەو هێز و گروپانە دا، تا بۆ بەرژەوەندی و مەرامی خۆیان ئاراستەیان بکەن. ئەمەش خاڵی وروژاندنی مشتومڕبوو لەسەر ڕۆڵی هێزەکانی حەشدی شەعبی و پێگەیان لە عێراقدا، بەشێوەیەك کە دوای سەرکەوتن بەسەر داعشدا، مشتومڕەکە لە ڕۆڵی ئەم هێزانەوە لە شەڕدا، گۆڕا بۆ سروشتی بەردەوامبوونیان لە هەیکەلی دەوڵەتدا و پێگەی ئایندەییان لە پرۆسەی سیاسی عێرقدا، بەتایبەت کە تا دەهات قەبارە و خەرجی و ڕۆڵیان لە ژیانی سیاسیی عێراقدا ڕووی لە زیادبوون دەکرد.

گۆڕینی ئەم هێزە (بەناو) خۆبەخشە گەورەیە بۆ قەوارەیەکی یاسایی، بەردەوام پێویستی بە گۆڕینی شەرعیەتی ئایینی بۆ شەرعیەتی یاسایی و دەستووری هەبوو. سەرەتا ئەم پرۆسەیە بە فەرمانی دیوانی ژمارە: (٩١) کە لە (٢٤)ی شوباتی (٢٠١٦) دەرچووە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، کە تێیدا هاتبوو هێزەکانی حەشدی شەعبی (پێکهاتەیەکی سەربازی سەربەخۆ بێت، بەشێك

بێت لە هێزە چەکدارەکانی عێراق و بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە پەیوەست بێت). دواتر لەهەمان ساڵدا (٢٠١٦) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (یاسای دەستەی حەشدی شەعبی - قانون هیأة الحشد الشعبي)ی دەرکرد، کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بە بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی عێراق هەژمارکرد، هاوکات بە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە گرێیدان. هەروەها لەم یاسایەدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو کە دەستەی حەشدی شەعبی لە فەرماندەیی و هەیئەی ئەرکان و چەندین پۆل (صنوف) و لیوای شەڕ پێکدێت، کە لە هەموو ڕوویەکەوە ملکەچی یاسا سەربازییە بەرکارەکان دەبێت. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بەرپرس، کارمەند و ئەندامانی دەستەکە لەگەڵ چوارچێوەی سەربازی وڵاتدا لەڕووی پلە و موچەو و دەرماڵەوە بگونجێنرێن و لە لایەنداریە سیاسی و حزبییەکانیان دابڕێنرێن، هاوکات ئەنجامدانی چالاکییە سیاسییەکان لەناو ڕیزەکانی دەستەکەدا قەدەغە بکرێن°.

> **"دامەزراندنی دەستەی حەشدی شەعبی (هیئة الحشد الشعبي) و بەڕەسمی ناساندنی هێز و گروپە چەکدارەکانی سەر بەم دەستەیە، یەکێك بوو لە لێکەوتەکانی هاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە "٦"ی تەمموزی ساڵی "٢٠١٤" و ئەو دارمانە ئەمنییەی بەهۆیەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراقدا دروست بوو"**

کەواتە ئامانج لە داڕشتنی ئەم یاسایە، شەرعیەتدان بوو بە حەشدی شەعبی و تێکەڵکردنی بوو لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، بەشێوەیەك کە هێزە چەکدارەکانی ناو ئەم دەستەیەی لە قۆناغی دانپێدانەنراوی و نادامەزراوەییەوە بۆ قۆناغی دانپێدانانی یاسایی و دامەزراوەیبوون گواستەوە. بەم پێیە هێزەکانی حەشدی شەعبی کەسایەتیی یاساییان بۆ دەستەبەرکرا و بە بەشێک لە هێزە چەکدارە فەرمییەکانی وڵات دانران و لە هەموو ڕوویەکەوە بە یاسا سەربازییەکانەوە پەیوەستکران. بەڵام سەرەڕای دابینکردنی ئەم ڕووپۆشە یاساییە، کێشە بنەڕەتییەکە چارەسەر نەکرا، بەڵکو زیاتر زەقکرایەوە.

لە ڕاستیشدا بەیاساییکردنی پرۆسەکە ئیندیماجپێکردنی ڕاستەقینەی هێزە چەکدارە نافەرمییەکان لە پێکهاتەی سەربازی فەرمی دەوڵەتدا نەبوو، کە ئامانج لێی کۆتاییهێنان بە دیاردەی میلیشیا بێت، بەڵکو تەنها پرۆسەی شەرعیەتدان بوو بەو دۆخەی کە هاتبووە ئاراوە. لەبەر ئەمە جێبەجێکردنی کردەیی یاساکە تا ئێستا ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو بووەتەوە،

بەتایبەت لە کاتێکدا کە هەندێک لە لیواکانی ناو دەستەی حەشد لە هەوڵدان بۆئەوەی لە پێکهاتەی سەربازی فەرمی دەوڵەتدا تێکەڵ ببن، کەچی هێشتا چەندین گروپی چەکداری بەهێزی سەر بە ئەم دەستەیە پلەیەکی بەرچاو لە سەربەخۆیی سیاسی و ئۆپەراسیۆنکردنیان لە دەرەوەی بڕیاری فەرمی دەوڵەتدا هەیە و بە هێزە ئیقلیمییەکانی ناوچەکەوە (ئێران) پەیوەستن[٦]. بەڵکو کاراترین گروپە چەکدارەکانی ناو حەشد، کە پەیوەستن بە پارت و کوتلە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانەوە، سەرکەوتوو بوون لە دەستەبەرکردنی بودجەیەکی بەرفراوانی حکومەت، کە لە (٢٠١٥)ەوە ساڵانە (٢) ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە[٧]، بەبێ گوێدانینان بە جێبەجێکردنی مەرجی بنەڕەتی پچڕانی پەیوەندییە حزبی و ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانیان.

**دووەم: حەشدی شەعبی وەك تەحەددا بۆ سەروەری، حوکمڕانی، ئابووری:**

هێزەکانی سەر بە حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان، بە سێ ئاست بۆ دەوڵەتی عێراق بوون بە تەحەددا، بەم شێوەیە:

١- تەحەددای سەروەری و یەکگرتنی تەواو: سەرەڕای چوارچێوە یاساییەکەی، گەورەترین پرسیار ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەك سەرجەم هێز و گروپەکانی حەشدی شەعبی ملکەچی دەسەڵاتی تەواوی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دەبن و تا چەند ئامادەن بەو چوارچێوە یاساییەوە پابەندبن کە دەوڵەت بۆ یەکخستن و ڕێکخستنیان لە پێکهاتەی سەربازی و فەرمی عێراقدا دایدەڕێژێت. لە ڕاستیدا بەپێی چەندین سەرچاوە زۆرێک لەو هێز و گروپانە فەرمان لە لایەنی سیاسیی یان هەرێمییەکانی دەرەوەی فەرماندەیی سەربازیی فەرمیی عێراقەوە وەردەگرن. ئەمەش لەلایەك نیگەرانی جددی لەسەر دووفاقی وەلائی ئەو گروپانە دەوروژێنێت، لەلایەکی دی توانای دەوڵەت لەسەر پاوانکردنی بەکارهێنانی هێز تەنها لەلایەن دەوڵەت خۆیەوە لاواز دەکات، کە ئەم توانایە بەردی بناغەی هەر دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرە[٨]. بوونی گروپی چەکداری بەهێز لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تەواوەتی دەسەڵاتی ڕەسمی دەوڵەت، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر سەروەری نیشتمانی و عێراقی کردووەتە گۆڕەپانێکی شێمانەکراو بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لە ناوچەکەدا. کەواتە ئەم گروپانە وەك چۆن لە ئاستی دەرەوەدا بەهۆی پەیوەندیی وەلاء و ئایۆلۆژییان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ (وەك؛ ئێران) سەروەری دەرەکی دەوڵەتی عێراقیان لەرزۆك کردووە، لە ناوخۆشدا بەهۆی ملنەدانیان بۆ بڕیاری فەرماندەی گشتی و پابەندنەبوونیان بە یاسا سەربازییەکانەوە سەروەری ناوخۆیی وڵاتیان فشەڵ کردووە. لە کاتێکدا کە لە دانپێدانانی یاسایی و توانای دارایی دەوڵەت سودمەندن، کەچی بەدەر لە ویستی دەوڵەت بە خواست و ئیرادەی کەسایەتی و سەرکردە غەیرە دەوڵەتییەکان هەڵسوکەوت دەکەن. هەندێك لە لیوا و فەسیلە بەهێزەکانی حەشد بەڕووکەش لەژێر چەتری یاسادا کاردەکەن،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی ڕێکخراوەیی سەربەخۆی خۆیان هەیە، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و هەواڵگری و ئۆپەراسیونی تایبەت بەخۆیان هەیە. پاراستنی ئەم پێکهاتە سەربەخۆیەشیان هەر تەنها لەپێناو بەرژەوەندی و دەسکەوتی ئابووری نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای شوناس و ناسنامەشە، بۆیە بەئاسانی مل بۆ یەکگرتن و یەکخستنیان لە پەیکەری سەربازی دەوڵەتدا نادەن، لەم چوارچێوەیەدا لێدوانی هەندێك بەرپرسی ئەم هێزانە بەڕوونی ئەم ڕەوتە پشتڕاست دەکاتەوە. بۆ نموونە یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی حەشدی شەعبی (ئەبو عامر ئەلعیساوی) لە (١٣)ی تەموزی ئەمساڵدا (٢٠٢٥)، وتی: (ئەو دەنگۆیانەی کە باس لە یەکگرتن یان دەمجکرنی حەشد لە ناو وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆدا دەکەن بێ بنەمان و پڕوپاگەندەی میدیایین و هیچ بەڵگە و داواکاری و فەرمانێك بۆ ئەم کارە لە ئارادا نییە)، هاوکات وتی: (سەرکردایەتییە سیاسییەکان لە مەترسییەکانی ئەم کارە ئاگادارن)[٩].

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم هێزانە بەتوندی پێداگریی لەسەر پاراستنی ناسنامە و سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی خۆیان وەك قەوارەی هاوتەریبی دامەزراوە سەربازییەکانی دەوڵەت دەکەن. لێرەدا شانازی بە ناسنامەی (موقاوەمە) بەربەستێکی وجودی لە بەردەم دەمجکردنی تەواوی زۆرێك لەم هێزانەی لەناو دامەزراوە چەکدارییە فەرمییەکانی دەوڵەتدا دروستکردووە. هەندێک لەم هێزانە بوونی خۆیان لەسەر بنەمای مێژوویی موقاوەمەکردن دژی داگیرکاری ئەمریکا جێگیر کردووە، گرنگیدان بە زاراوەکانی وەک (موجاهیدین) و (موقاوەمەی ئیسلامی) لەو مشتومڕانەدا کە لەسەر ڕەشنووسی پرۆژە یاساکان بۆ دەمجکردنی حەشد و هێزەکانی پێشنیارکراون، ئەوە نیشان دەدات کە وازهێنان لەم ناسنامە (دەرە-نەتەوەییە) یان (نیشتیمان-برە) لە بەرژەوەندیی ناسنامەیەکی (تەنیا سەربازیی) یان (نیشتمانی ناوخۆیی) دا، تەنازولێکی وجودییە کە لای هێزە پەیوەستەکان بە میحوەری ئیقلیمییەوە جێی قبوڵکردن نییە.

٢- تەحەددای سیاسی و کۆمەڵایەتی: ڕۆڵی حەشدی شەعبی تەنها لە بواری سەربازییدا سنووردار نەبووە، بەڵکو بەشێک لە سەرکردە و گروپەکانی بوونەتە کاراکتەری گەورەی سیاسی و بەشداری هەڵبژاردنەکان دەکەن و فراکسیۆنی پەرلەمانی تایبەت بە خۆیان پێکهێناوە و سیستەمی حوکمڕانی بە ئاڕاستەی ویستی خۆیاندا دەئاژوون. هەر بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٨)دا، (هاوپەیمانیی فەتح) بە سەرۆکایەتیی (هادی عامری: سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر) نوێنەرایەتیی زۆربەی هێزەکانی ناو حەشدی دەکرد، وەك ڕێکخراوی بەدر و عەسائبی ئەهلی حەق و گروپە چەکدارەکانی دیکە. ئەم هاوپەیمانییە لەو هەڵبژاردنەدا توانی (٤٧) کورسی بەدەستبهێنێت، بەمەش دووەمین گەورەترین لیستی براوەی ئەنجومەنی نوێنەران بوو، دوای هاوپەیمانی سائیرونی سەر بە (موقتەدا سەدر) کە (٥٨) کورسی

بردبووەوە. هەرچەندە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢١)دا (هاوپەیمانیی فەتح) ژمارەی کورسییەکانی بەڕێژەیەکی بەرچاو بۆ (١٧) کورسی کەمیکرد، بەهۆی لێکەوتەی ناڕەزایەتییەکانی تشرین لە (٢٠١٩)دا، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لە (٢٠٢٣) (هاوپەیمانی نەبنی) وەك درێژکراوەیەکی سیاسی (هاوپەیمانی فەتح) نوێنەرایەتیی گروپە چەکدارەکانی ناو حەشدی دەکرد و توانی لە زۆربەی پارێزگاکانی باشوردا (٤٣) کورسی بەدەستبهێنت، کە بەلایەنی کەم لە پێنج پارێزگاریاندا (بابل، موسەننا، نەجەف و میسان) لە پلەی یەکەمدابوو، لە کاتێکدا (هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا) لە پلەی دووەمدا بوو بە بەدەستهێنانی (٣٥) کورسی لە پارێزگاکانی باشوور و فوراتی ناوەڕاست[١٠]. ئەم سەریەککخستنە لەنێوان ڕۆڵی سەربازی و سیاسییدا دیاردەیەکی نیگەرانی وروژێنەرە، بەو پێیەی کە دەتوانرێت هێزی سەربازیی بۆ فشارکردن لەسەر بڕیارە سیاسییەکان و سیستەمەکانی حوکمڕانی وڵات بەکاربهێنرێت، یاخود تەنانەت ئازادییە گشتییەکان و مافی ڕادەربڕینی پێ سنووردار بکرێت. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، لە هەندێک لەو ناوچانەی کە بەدەست سەروەر نەبوونی یاسا و لاوازی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە دەناڵێنن، ئەم گروپانە کاریگەر و باڵادەستن و بوونەتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، یاخود ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی و تۆقاندن[١١].

**"هەر لەسەرەتاوە حەشدی شەعبی تێکەڵەیەکی بەرفراوانی لە کەسانی خۆبەخش و سەربازی کۆن و ژمارەیەکی زۆر لەو گروپە چەکدارانەی شیعەی لە خۆگرت کە پێش ساڵی "٢٠١٤" بوونیان هەبوو، هەندێکیان مێژوویەکی بەرچاویان لە بەشداریکردن لە موقاوەمە دژی ئەمریکا هەبوو، هاوکات هەندێکیتریان ڕۆڵی گەورەیان لە ململانێی تائیفی دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی "٢٠٠٣" هەبوو"**

٣- تەحەددای ئابووری: سەرەڕای ئەوەی کە بوونی ئەم هێز و گروپە چەکدارانە بارگرانییەکی ئابووریی بەرچاویان بەسەر بودجەی دەوڵەتدا سەپاندووە، کە جگە لە مووچە و دەرماڵە[١٢]، مەترسی تێوەگلانی هەندێکیان لە چالاکییە ئابوورییە نایاساییەکان هەیە، وەك سەپاندنی سەرانە و دەستگرتن بەسەر موڵک و ماڵی گشتی و ئەنجامدانی گەندەڵی ڕێکخراو. ئەمە سەرباری کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنووریی و بەندەرە نافەرمییەکان، کە تەحەدایەکی دیکەی ئەم گروپانەن بۆ ئابووریی وڵات، لە سایەیاندا دەروازە سنوورییەکانی عێراق، کە ناوەندێکی گرنگی بازرگانیین، بەدەست گەندەڵییەکی بەربڵاو و سیستەمێکی ئاڵۆزی باج وەرگرتن بۆ کاڵا

هاوردەکراوەکان دەناڵێنن، بەشێوەیەك کە بەپێی هەندێك سەرچاوە ساڵانە بە زیانی (١٢ بۆ ١٤ ملیار دۆلار) لە داهاتی باج و گومرگی عێراق مەزەندە دەکرێت، لە کاتێکدا دەوڵەت خۆی تەنها توانای کۆکردنەوەی بڕێکی کەم لەو داهاتانەی بەشێوەی یاسایی هەیە. کۆنترۆڵی ئەم دەروازە و بەندەرە نافەرمییانە و ئیستغلالکردنی بەرپرسە گەندەڵەکان لەلایەن ئەم گروپە چەکدارەکانەوە، ڕێگری لە سەپاندنی ڕێکارە یاساییەکان بەسەر گەندەڵکاراندا دەکەن[١٣]. لە ئەنجامی هەموو ئەمەشدا جۆرێك لە ئابووری سێبەر خولقاوە[١٤]، کە زیاتر بە (ئابووری گروپگەرایی - اقتصاد الفصائل) ناسراوە و تەحەددایەکی گەورەی لەبەردەم هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و یەکخستنی داهاتی گشتی وڵات دروستکردووە. ئەمە وێڕای ئەوەی کە چالاکییە نایاسییەکانی ئەم ئابوریە ڕێگری لە ڕەخساندنی ژینگەی وەبەرهێنانی گونجاو دەکەن و کاریگەریی نەرێنییان لەسەر گەشەپێدانی ئابووری وڵات داناوە.

حکومەتی عێراق بە پێدانی موچەی و دەرماڵەی فەرمی، ناڕاستەوخۆ پارەی ئەو قەوارانە دابین دەکات کە لەڕێگەی گەندەڵی ڕێکخراوەوە تەحەدای سەروەریە داراییەکەی دەکەن. لێرەدا، بۆ زیاتر بەرچاوخستنی ڕادەی کاریگەریی ئەم تەحادایە و قورسایی لەسەر دەوڵەت، جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ژمارەی چەکدارانی گروپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی و ئەو بڕە خەرجیانەش بکەین کە لە بودجە گشتی بۆیان تەرخانکراوە. بەپێی هەندێك سەرچاوە لە سەرەتادا لە ساڵی (٢٠١٦) ژمارەیان تەنها نزیکەی (٦٠ هەزار) چەکدار بووە، بەڵام لەساڵانی دواتردا بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم ژمارەیە ڕووی لە زیابوون کردووە، بەشێوەیەك کە لە بودجە گشتی ساڵی (٢٠٢١)دا بە (١٢٢ هەزار) چەکدار خەملێنراون، گەرچی لە واقیعدا ژمارە ڕاستەقینەیان لەو کاتەدا نزیکەی (١٦٠ هەزار) بووە. هەروەها بەپێی بەراییەکانی بودجەی گشتی ساڵی (٢٠٢٣)، ژمارەی چەکدارانی حەشد بە (٢٠٤ هەزار) چەکدار خەملێنراوە، کە لەو کاتەدا سەرۆکی حەشد (فالح فەیاض) ئەم ژمارەیەی بە فەرمی پشتڕاستکردووەتەوە، گوایە خۆی هەر (١٧٠ هەزار) بووە و بەڵام نزیکەی (٢٥ – ٣٥ هەزار) چەکداریان لە خشتەی موچەدا بە فەرمی تۆمار نەکراون. بەڵام هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە ڕەشنووسە سەرەتاییەکانی یاسا بودجەی ئەو ساڵەدا (٢٠٢٣) ژمارەی ڕاستەقینەیان بە (٢٣٨ هەزار) چەکدار خەملێنراوە. کەواتە بەپێی ئەم ژماریە بێت، لە ماوەدی (٢) ساڵدا قەبارەی حەشدی شەعبی نزیکەی دوو ئەوەندە زیادیکردووە، خۆ ئەگەر تەنها ژمارەی پێشوو وەرگرین ئەوا نزیکەی لە (٢٠٪) زیادییکردووە، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر زۆرە ئەگەر بەراوردی بکەین بە زیادبوونی قەبارەی وەزارەتی بەرگریی لەو ماوەیەدا، کە بەپێی بودجە (٢٠٢٣) تەنها (٦٪) زیادیکردووە، یان زیادبوونی قەبارەی وەزارەتی ناوخۆ کە لەو ماوەیەدا تەنها (٣٪) زیادیکردووە. هاوکات بڕی خەرجیی تەرخانکراو لە بودجە گشتی بۆ ئەم هێزانە

بەردەوام ڕووی لە زیادبوون بووە، بەشێوەیەك لە بودجەی گشتی ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٢) ساڵانە بڕی (٢،١٦ ملیار دۆلار) بۆ حەشد تەرخانکراوە، لە ساڵی (٢٠٢٣) کراوە بە (٢،٦٠ ملیار دۆلار)[١٥]، بەڵام لە بودجەی ساڵی (٢٠٢٤) ئەم بڕە زۆر زیادیکردووە و بووە بە (٣،١٢ ملیار دۆلار).

ئەم بودجە گەورەیە دەسەڵاتێکی ئابووری و سەربازی گەورەی بەم گروپانە بەخشیووە، ئەمە جگە لەوەی کە بە شێوەیەکی یاسایی پارێزبەندییان بۆ دابینکراوە، هاوکات بەدەر لە کۆنترۆڵی دەوڵەت لە چالاکییە چەکدارییەکانی دەرەوەی هێزێکی ئیقلیمی وەك ئێراندا تێوەگلاون. بەم شێوەیە ئەوەی کە پێی دەوترێت دۆخی (دەوڵەت لەناو دەوڵەتدا –State within State ) یان (دەوڵەتی قوڵ – Deep State) یان (دەسەڵاتی پارلێل – Parallel Power) وەك ئاماژەیەك بۆ ناساندنی پێگەی حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان لە عێراقدا، تا دێت زیاتر بەرجەستە و چەسپاوتر دەبێت و تەحەددا و ئاڵنگاریی گەورە و هەمەجۆری بۆ دەوڵەتی عێراق ناوەتەوە.

> **"گۆڕینی ئەم هێزە "بەناو" خۆبەخشە گەورەیە بۆ قەوارەیەکی یاسایی، بەردەوام پێویستی بە گۆڕینی شەرعیەتی ئایینی بۆ شەرعیەتی یاسایی و دەستووری هەبوو. سەرەتا ئەم پرۆسەیە بە فەرمانی دیوانی ژمارە: (٩١) کە لە "٢٤"ی شوباتی "٢٠١٦" دەرچووە مامەڵەی لەگەڵدا کرا"**

**سێیەم: سیناریۆکانی ئایندەی حەشد شەعبی.. دەرفەت و ڕێگری هەڵوێستەکان:**

ئایندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان لە عێراق پەیوەستە بە چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکییەوە، کە لە سایەیاندا دەتوانرێت چەندین سیناریۆی سەرەکی پێشبینی بکرێن، بەم شێوەیە:

١- سیناریۆی ئینتیماجکردنی تەواو و چارەسەرکردنی گشتگیر (الاندماج الكامل والحل الشامل): ئەمە ئەو سیناریۆیەیە کە حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خواستیان لەسەر بەدیهێنانی هەیە، ئەمەش بە ئینتیماجپێکردن و تێکهەڵکێشکردنی تەواوەتی سەرجەم لیوا و گروپەکانی حەشدی شەعبی لە هێزە چەکدارە فەرمییەکانی عێراقدا، بە شێوەیەك کە تەنها لەژێر دەسەڵاتی فەرماندەیی سەربازیی فەرمی دەوڵەتدا بن. ئەم سیناریۆیە پێویستی بە چاکسازیی قووڵ هەیە لە هەیکەلی حەشدی شەعبی و داماڵینی گروپە چەکدارەکانی لە چەکی قورس و دابڕینیان لە چالاکییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. هەڵبەت هاتنەدی

ئەم سیناریۆ ئایدیاڵە، بەهۆی پەیوەندیی قووڵی نێوان هەندێک لەم گروپە چەکدارانە و هێزە ئیقلیمییەکانی ناوچەکە و ڕەگ داکوتانی قووڵی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی ئەم گروپە چەکدارانە لە پێکهاتەی عێراقدا، ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی بەرچاو دەبێتەوە، بۆیە سەرکەوتنی ئەم سیناریۆیە تاڕادەیەکی زۆر بە ئیرادەی سیاسی بەهێزی ناوخۆیی و پشتیوانی دەرەکی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە بەندە.

٢- سیناریۆی پەراوێزخستن و سنووردارکردنی پلە بە پلە (التهميش والاحتواء التدريجي): لەم سیناریۆیەدا ڕەنگە حکومەت درێژە بە سیاسەتی ئێستای خۆی بدات؛ کە بریتییە لە هەوڵدانی شێنەیی بۆ جڵەوکردنی گروپە چەکدارەکان و وردە وردە پەراوێزخستنی ڕۆڵ و نفوزیان، بەبێ ئەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ دۆخ و مانەوەیانی هەبێت. ئەمەش ڕەنگە لەڕێگەی کەمکردنەوەی تەرخانکراوی دارایی هەندێک لە گروپەکانەوە بێت، یان لەڕێگەی هەوڵدان بۆ بڕینی کەناڵە نافەرمییەکانی پارەدارکردنیانەوە بێت، یان ئەمە لەڕێگەی پشتگیریکردنی گروپە دیسپلیندار و پابەندەکان لەسەر حیسابی گروپە سەربەخۆ و لەکۆنترۆڵ دەرچووەکان بەدەستبهێنێت. ئەم سیناریۆیە دەشێت ببێتە هۆکاری نانەوەی ناکۆکی ناوخۆیی یان ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆ، ئەمە جگە لەوەی کە کاتێکی زۆری دەوێت تا ئەنجامی بەرجەستەی لێ بەدەستبهێنرێت.

٣- سیناریۆی هەڵوەشاندنەوە یان پەرتبوون (التفكك أو الانقسام): لەم سیناریۆیەدا دەشێت فشاری ناوخۆیی یان لێدانی دەرەکی، یان تەنانەت گۆڕانکاریی لە دیمەنی سیاسی ناوچەکەدا، ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی تەواوەتی یان پەرتبوونی هەندێک لە گروپە چەکدارەکان بۆ تاقم و قەوارەگەلی بچوکتر. ئەم سیناریۆیە دەشێت لێکەوتەی جددی لەسەر ئاسایش هەبێت، چونکە ئەستەمە هەڵوەشانەوەی تەواوەتی بە ئاڕاستەی نەمانی تەواوەتی ئەم گروپانە و دانانی چەکەکانیان بڕوات، بەڵکو ئەگەری سەرەکی ئەوەیە کە بۆ چەند تاقم و گروپێکی بچوکتری یاخی و لە یاسا دەرچوو پەرتەوازە ببن، کە ڕەنگە هەندێکیان تێکەڵ بە تۆڕە تاوانکارییەکان ببن. بە پێچەوانەشەوە، ئەو ئەگەرە لە ئارادایە کە دەشێت ئەم ئەگەری هەڵوەشاندنەوە و پەرتبوونە دەرفەت بۆ هەندێک لە چەکدارانی ناو ئەم گروپانە بڕەخسێنێت کە بە تەواوی تێکەڵ بە هێزە چەکدارە فەرمییەکانی عێراق ببن، بەمەش بەشێك لە سیناریۆی یەکەم بێتە دی.

٤- سیناریۆی مانەوەی دۆخی ئێستا بە دەستکارییەکی کەمەوە (بقاء الوضع الراهن مع تعديلات طفيفة): بەشێوەیەك هەندێک لە گروپە چەکدارەکان لەژێر چەتری هێزەکانی حەشدی شەعبیدا بمێننەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی و فرە وەلائییان بۆ ناوخۆ و دەرەوە بپارێزن. هەڵبەت حکومەت لەسەر هەوڵەکانی بۆ جڵەوکردنیان بەردەوام دەبێت، بەڵام بەبێ ئەوەی توانای ئینیدماجپێکردنی تەواوەتی یان هەڵوەشاندنەوەی زۆرەملێیانی

هەبێت. ئاشکراشە ئەم سیناریۆیە واتا مانەوەی دۆخەکە بە نادڵنیایی و لاوازبوونی زیاتری سەروەری دەوڵەت و هێشتنەوەی عێراق بەڕووی دەستێوەردانە دەرەکییاکاندا.

بە بەراوردکرنی ئەم سیناریۆیانە، دەبینین هەریەکەیان بە ڕادەی جیاواز دەرفەت بۆ بەدیهاتنیان و ڕێگری بۆ بەدینەهاتنیان هەیە، ئەگەر سیناریۆی یەکەم تاڕادەیەکی زۆر ئایدیاڵ بێت، ئەوا ڕێگری زۆریشی لە هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا لەپێشە، هەرچی سیناریۆی دووەم و سێیەمە گەرچی بە پلەی جیاواز خوازراوتر واقیعیترن لە یەکەم، بەڵام هەریەکەیان بەهۆی ئەو مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییانەی لێیان دەکەونەوە کەمتر جێی دەستبۆبردنن، سەبارەت بە سیناریۆی چوارەمیش کە بە هیچ شێوەیەك لە ئاست چارەسەرکردنی ڕیشەیی ئەو بارگرانی و تەحەدا سەروەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە نییە کە بوونی ئێستای حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان لەسەر شانی دەوڵەت دروستیان کردووە، بەڵام ئەم سیناریۆیە لە مەودای کورتخایەن و مامناوەندیشدا زۆرترین ئەگەری بەردەوامبوونی هەیە.

> **"هێزەکانی سەر بە حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان، بە سێ ئاست بۆ دەوڵەتی عێراق بوون بە تەحەددا"**

لێرەدا، بۆ وێناکردنی سروشتی ئەو ڕێگریانەی لەپێش هەر یەك لەم سیناریۆیانەدان، جێی خۆیەتی ئاماژەیەك بۆ هەڵوێستە ناوخۆییەکان سەبارەت بە ئایندەی حەشد و گروپە چەکدارەکانی عێراق بکەین، هەڵبەت ئاشکرایە کە کەم تا زۆر هەڵوێستی هێزە کوردی و سونییەکان بەلای سیناریۆی هەڵوەشاندنەوە یان پەراوێزخستنی ئەم گروپانەدا ئارەزوومەندە، بەڵام کە ئەگەری وەدیهاتنیان دوور بێت، ئەوا سیناریۆی دەمجکردن بە گونجاوترین دەزانن، هەرچەند دەشێت هەر یەکێکیان لە ڕوانگەی پراگماتییەوە بە سیناریۆی چوارەمیش قایل بن، بەو مەجەی مەترسی بۆ سەر پێکهاتەکەیان نەبێت، بە پێچەوانەشەوە زۆربەی هێزە شیعییەکان، بەتایبەت ئەوانەیان کە لەناو (چوارچێوەی هەماهەنگی – الاطار التنسيقي)دا کۆبوونەتەوە، دژی سیناریۆی دەمجککردنن و خوازیاری سەربەخۆکردنی زیاتری ڕێکخراوەیی و دارایی حەشد و گروپە چەکدارەکانیان دەکەن، ئەگەرنا ئەوا مکورن لەسەر درێژەدان بە سیناریۆی چوارەم[١٦]. هەر لەم چوارچێوەیەدا، بە باشی دەزانین هەڵوێست و تێڕوانینی سەرەکیترین گروپ و پێکهاتەکانی ناو حەشدی شەعبی خۆی لەمەڕ ئایندەیان بخەینەڕوو، کە دەکرێت بەگشتی بۆ سێ ئاراستە لە هەڵوێست دابەشبکرێن[١٧]، بەم شێوەیە:

١- هەڵوێستی گروپەکانی مەرجەعی باڵا (لیوکانی عەتەبات)، کە وەلائیان بۆ ئایەتوڵڵا (عەلی سیستانی)یە لە نەجەف، ئەم لیوایانە وەك (سرايا العتبة العباسية والحسينية)،

کە لە بنەڕەتدا بۆ بەرگریکردن لە شارە پیرۆزکانی شیعە پێکهێنراون، بە گوتەی زۆرێک لە سەرکردەکانیان، ئامادەی هەردووی سیناریۆی هەڵوەشاندنەوە یان دەمجکردنی تەواون لەناو هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی دەوڵەتدا، هەر کاتێک هەڕەشەی داعش کۆتایی پێبێت، هاوکات پشتگیریی لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی گروپە توندڕەوەکانی ناو حەشدی شەعبی دەکەن.

٢- هەڵوێستی گروپەکانی میحوەری موقاوەمە (حەشدی وەلائی)، کە پرچەکترین و بە هەژموونترین گروپەکانی ناو حەشدی شەعبین و ڕاستەوخۆ بە ئێرانەوە پەیوەستن، گەرچی هەندێکیان وەلائی زارەکییان بۆ سیستانی ڕاگەیاندووە، بەڵام ولائی ڕاستەقینەیان بۆ (ئایەتوڵڵا خامەنایی)یە، هەڵوێستی ئەم گروپانە وەك (ڕێکخراوی بەدر وعەسائیبی ئەهلی حەق و کەتائیبی حزبوڵڵا) بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ڕەهای هەر گۆڕانکارییەك لە پێگەی ڕێکخراوەییاندا، یان تەسلیمکردنی چەکە پێشکەوتووەکانیان (وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەک) بە دەوڵەت. بەڵکو هەمیشە پێداگرن لەسەر ئەوەی کە دەبێت دەوڵەت؛ وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبیدا بکات، کە توانای ئەنجامدانی جوڵە و ئۆپەراسیۆنی سەربەخۆی هەبێت، ئەمەش بەو پاساوەی کە گوایە ئەمان چەکەکانیان تەنیا دژی (داگیرکاری) ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلە لە ناوچەکەدا. بۆیە ئەم گروپانە، هاوشێوەی زۆربەی هێزە باڵادەستەکانی شیعە، جگە لە سیناریۆی چوارەم وەك قۆناغێکی تەکتیکی، دژی سێ سیناریۆکانیترن، بەتایبەت سیناریۆی دەمجککردن.

٣- هەڵوێستی یەکە و گروپە ناوچەیی و خێڵەکییەکان، کە زیاتر ڕۆڵیان لە بەشداری سەربازیی بۆ پاراستنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکانیاندا تێدەپەڕێت و ئامانجی سەرەکییان بەدەستهێنانی سەقامگیری ناوخۆیی و دەستەبەرکردنی ئەو دەستکەوتە سەربازی و داراییانەیە کە لە ئەنجامی شەڕدا بەدەستیان هێناوە. ئەم گروپانە هەڵوێستێکی ڕوونیان بەرامبەر سیناریۆی دەمجکردنیان لە هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی وڵاتدا نییە، هەرچەندە زۆربەیان لەگەڵ مانەوەیانن لەو دۆخەی ئێستا هەیانە، لەپێناو بەردەوامبوونی دەستکەوت و بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان، بەڵام تەواو ئەم سیناریۆیە ڕەتناکەنەوە ئەگەر بێت و حکومەت پێداویستی و داواکارییەکانیان دەستەبەر بکات. لەمەشدا ئەم گرپانە لە هەڵوێستی هێزەکانی (سەرایا سەلام)ی سەربە (موقتەدا صەر) نزیکن، بەڵکو صەدر ئامادەیی بۆ سیناریۆی هەڵوەشاندنەوەی گروپە چەکدارییەکەی خۆی دەربڕیوە، بەڵام بەو مەرجەی کە دەوڵەت هێزی پێویستی هەبێت.

**چوارەم: هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ لە قاڵبدانی ئایندەی حەشدی شەعبی:**

لە ڕاستیدا، هەوڵدان بۆ بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی و یەکخستنی تەواوی گروپە چەکدارەکان لە پەیکەری ئەمنی و سەربازی دەوڵەت، تەوەرێکی سەرەکی بەرنامەی حکومەتەکەی (محەمەد شیاع سودانی) بوو. ئەم هەوڵەش لە ساڵانی (٢٠٢٤) و (٢٠٢٥) لەڕێگەی پێشکەشکردنی دوو پرۆژە یاساوە خرایەگەڕ، کە یەکەمیان (پرۆژە یاسای خزمەت و خانەنشینی موجاهیدینی دەستەی حەشدی شەعبی) و دووەمیان (پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای دەستەی حەشدی شەعبی) بوو. هەردوو پرۆژەکەش لەژێر ناونیشانی (چاکسازی ئەمنیدا) پێشکەشکران، گەرچی حکومەت وا پلانی خۆی ڕاگەیاندبوو کە کار بۆ (دەمجکردنی گروپە چەکدارەکان لە چوارچێوەی یاسایی و دامەزراوەیی وڵاتدا) دەکات، واتا بەشێوەیەك لە شێوەکان هەردوو پرۆژە یاساکە دەکەونە چوارچێوەی (سیناریۆی سێیەم)ەوە نەك (سیناریۆی یەکەم) کە لە سەرەوە بۆ ئایندەی حەشد و گروپە چەکدارەکان خراونەڕوو.

> **"حکومەتی عێراق بە پێدانی موچەی و دەرماڵەی فەرمی، ناڕاستەوخۆ پارەی ئەو قەوارانە دابین دەکات کە لەڕێگەی گەندەڵی ڕێکخراوەوە تەحەدای سەروەرییە داراییەکەی دەکەن"**

پرۆژەی یەکەمیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە (٢٤ /٧/ ٢٠٢٤) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، هەر لە سەرەتاوە مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، بەهۆی ئەوەی کە لەلایەك ئیمتازاتگەلێکی زۆری بە چەکداران و شەهیدان و کەسوکارانی حەشد دەبەخشی، لە لایەکی تر بە دانانی نازناوی (موجاهید) بۆ چەکدارانی حەشد سیمایەکی ئایینی بەم دەستەیە دەبەخشی، ئەمە جگە لەوەی کە لەگەڵ (یاسای خانەنشینی یەکگرتوو) و (یاسای سەربازی) دا ناکۆک بوو، بەتایبەت لەڕووی جیاکاریی بۆ چەکدارانی حەشد لە بابەتەکانی دیاریکردنی تەمەنی خزمەتکردن و خانەنشینییاندا. بەهەرحاڵ پرۆژەکە لە (١٧ /٩/ ٢٠٢٤) خوێندنەوەی دووەمیشی بۆ کرا، بەڵام دواتر لە (١٢ /٣ / ٢٠٢٥) لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە بیانووی پێداچوونەوەوە کشێنرایەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا هۆکارەکانی پشت کشاندنەوەکەی، سەرەڕای هۆشیارییپێدانەکانی ئەمریکا کە دژی هەر دانپیانانێکی یاسایی دیکەی حەشد و ئیمتازپێدانێکی زیاتری چەکدارانی بوو، توندبوونی ناکۆکی ناو باڵە شیعییەکانی (چوارچێوەی هەماهەنگی) بوو، بەتایبەت لەسەر پۆستی سەرۆکی حەشد، کە بەپێی پرۆژەکە دەبوو

(فالح فەیاضی) بەهۆی تێپەڕاندنی تەمەنی یاسایی (٦٠ ساڵ) خانەنشین بکرێت، ئەمەش لای دەوڵەتی یاسا (نووری مالیکی) و عەصائیب ئەهلی حەق (قەیس خەزعەلی) هەلێك بوو بۆ دوورخستنەوەی ناوبراو لە سەرۆکایەتیی ئێستای دەستەکە و ڕێخۆشکردن بۆ دەستبەسەرداگرتنی خۆیان بەسەر پۆستەکەیدا، بەڵام بزووتنەوەی حیکمە و ڕێکخراوی بەدر (هادی عامری) پێیان وابوو کە ئامانجی یاساکە ناچارکردنی کەسایەتییە کاریگەرەکانی ناو حەشدە بۆ خانەنشینی و دوورخستنەوەیانە لە ژیانی سیاسی و سەربازیی عێراقدا، بۆیە ئەمان زیاتر بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی یاساییەوە بوون بۆ (بەمیراتگرتن) یان مانەوەی سەرکردە دیارەکانی شیعە لەناو دەستەکەدا[١٨].

هەرچی پرۆژەی دووەمە، (پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای دەستەی حەشدی شەعبی ژمارە: (٤ ی ساڵی ٢٠١٦)، کە هاوزەمان لەگەڵ کشاندنەوەی پرۆژەی پێشوو پێشکەشکرابوو، لە (٢٤/٣/٢٠٢٥) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ئەمیش دوای چەندین هەوڵی پەکخستن و کشاندنەوە و دواخستن، لەپاڵ هۆشیاریی پێدانەکانی ئەمریکا بۆ کارنەکردن لەسەر دەرکردنی یاساکە، بەڵام لە (١٦/٦/٢٠٢٥) خوێندنەوەی دووەمیشی بۆ کرا، بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا دەنگ لەسەر دەرچواندنی بدرێت[١٩]، بەڵام دوای پەیوەندییەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (مایکل ڕۆبیۆ) لەگەڵ (سۆدانی) لە (٢٢/٦/٢٠٢٥)، ئەنجومەنی نوێنەران ڕۆژی دواتر لە (٢٣/٦/٢٠٢٥) گفتوگۆکانی لەسەر پرۆژەکە سڕکرد. بەهەرحاڵ، گرنگترین بڕگە پێشنیارکراوەکانی یاساکە، کە هەم لەناو خۆدا مشتومڕێکی زۆریان وروژاند و هەم جێی فشارکانی ئەمریکاشبوون لەسەر حکومەتی عێراق، بریتیبوون لە:

١- بەستنەوەی حەشدی شەعبی بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە.

٢- دامەزراندنی ئەکادیمیای تایبەت بە هێزەکانی حەشدی شەعبی.

٣- بەخشینی ئەندامانی حەشد لە مەرجەکانی تەمەن و بڕوانامە کە لە یاسای خزمەت و خانەنشینی سەربازیدا هاتوون.

٤- تەرخانکردنی بودجەیەکی سەربەخۆ بۆ حەشدی شەعبی[٢٠].

سەبارەت بەم بڕگانە، ئەمەریکا پێی وایە ئەم هەموارکردنە (بەناو چاکسازییانە) پێگەی حەشد وەک هێزێکی نیمچە سەربەخۆ و هاوتەریب لەگەڵ سوپا زیاتر دەچەسپێنن و دەسەڵاتی فراوانتری پێدەبەخشن، کە دوا ئامانجیان گۆڕینی حەشدی شەعبییە بۆ نوسخەیەکی تری (سوپای پاسدارانی ئێران)، ئەمە جگە لەوەی کە واتای هێشتنەوەی ئەو کەسانەیە لە پۆستە فەرماندەییە باڵاکاندا، کە لەلایەن ئەمریکاوە بە تیرۆریست لەقەڵەمدراون.

هەڵبەت، تا دوا پەیوەندیی (ڕۆبیۆ) لەگەڵ (سۆدانی) لە (٢١/١٠/٢٠٢٥)، پێداگری بەرچاو لەسەر دەرکردنی یاساکە لە داهاتوودا هەبوو، گەرچی لە ئێستادا بەهۆی فشارەکانی

ئەمریکاوە وەستێنراوە، کە بە وتەی سودانی حکومەت هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی هەڵوێستی ئەمریکا لەو بارەیەوە دەدات، بەڵام پێدەچێت لە خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا دوای هەڵبژاردنی (١١/ ١١/ ٢٠٢٥) جارێکی تر کار لەسەر دەرکردنی بکرێتەوە[٢١]. سەرچاوەی ئەم پێداگرییە لەلایەن هێزە شیعییە باڵادەستەکانەوە لەسەر دەرکردنی یاساکە بە پلەی یەکەم ئامانج لێی دەستەبەرکردنی بودجە بوو بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی، کە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد موچە و ژمارەی ئەندامەکانیان لە ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی سەرنجراکێش زیادی کردووە. هەروەها بۆ بەخشینی سەرکردە باڵاکانی حەشد بوو لە خانەنشینی ناچاری، لەگەڵ چارەسەرکردنی کەلێنی دیکەی یاساکەی (٢٠١٦). ئەمە وێڕای ئەوەی کە نیاز وابوو (ئەکادیمیای حەشدی شەعبی) پێشنیازکراو لە پرۆژە یاساکەدا ببێتە سەرچاوەی چاندنی ئەفسەرگەلێك لە سوپادا، کە لەسەر وەلاء و دڵسۆزی بۆ مەرجەعی شیعی ئێران پەروەردەکرابن، نەك لەسەر دڵسۆزی بۆ نیشتمان. بە هەموو ئەمەش حەشدی شەعبی وەك هێزێکی هاوتەریبی سوپا، پێگەی خۆی بەپێی یاسا لە سیستەمی سیاسی عێراقدا دەچەسپاند.

**"ئایندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و گروپە چەکدارەکان لە عێراق پەیوەستە بە چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکییەوە"**

ئاشکرایە کە لە داهاتوودا هەر هەوڵێکی دیکە بۆ دەرکردنی یاساکە بخرێتەوەگەڕ، ئەوا سەرلەنوێ دەبێتەوە سەرچاوەی وروژاندنی نیگەرانی ناوخۆ و دەرەوە. خۆ ئەگەر لە ماوەی پێشوودا پێداگری لەسەر تەواوکردنی پرۆسەی دەرکردنی یاساکە بکرایە، هەڵبەت لە حاڵەتی پشتگوێخستنی فشارەکانی ئەمریکا لەم بارەوە، پێشبینی دەکرا ئەو پێداگرییە لەسەر دەرکردنی یاساکە ڕووبەڕووی دژایەتی سوننە و کوردیش ببێتەوە، کە زۆربەی کات جۆرێك هەڵوێستی نزیك لە بێدەنگییان لەوبارەیەوە هەڵبژاردبوو. هاوکات ڕەنگبوو هەندێك لە هێزە شیعەکان لە ترسی سزاکانی ئەمریکا پشتیوانی خۆیان بۆی بکشێننەوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێك لە بڕگە پێشنیازکراوەکانی یاساکە تەوەرەی ململانێی نێوان هەندێك لە هێزە شیعەکانی ناو (چوارچێوەی هەماهەنگی) بوون، بەتایبەت کە هەندێکیان (بە پلەی یەکەم: عەسائبی ئەهلی حەق) خوازیاربوون لەڕێگەی بڕگەی خانەنشینییەوە کۆتایی بە ویلایەتی سەرۆکی ئێستای حەشد (فالح فیاض) بهێنن، ئەمەش مەترسی لێکترازانی ناو ماڵی شیعەی لێ پێشبینی دەکرا، هاوکات فشارەکانی ئەمریکا نەك لەسەر گروپە چەکدارەکانی

عێراق، بەڵكو لەسەر ئێرانیش ڕووی لە زیادبوون دەكرد، هەر بۆیە لە سڕكردنی پرۆسەی دانانی یاساكەدا، نەرمی نواندنی ئێران لەو كاتەدا، لە سایەی خوێندنەوەی بۆ لێكەوتە مەترسیدارەكانی دەركردنی یاساكە، تا ڕادەیەك یاریدەدەر بوو.

كەواتە لەناوەڕۆكی ئەم تەوەرەوە،ئەوە بە دیاردەكەوێت كە هەوڵەكانی حكومەت بۆ بەدامەزراوییكردنی حەشد و دیاریكردنی ئایندەی نەك بە ئاراستەی چاكسازی و لەقاڵبدانی ئەم ئۆرگانە چەكدارییە نەبووە، بەڵكو بەهۆی باڵادەستی هێز و لایەنە شیعییە نزیكەكان لە ئێرانەوە، بەسەر پێكهاتەی حكومەتی ئێستای عێراق و سیاسەتەكانیدا، ئەو هەوڵانە بەرەو چەسپاندنی زیاتری پێگەی هێزەكانی حەشدی شەعبی و گروپە چەكدارەكانی ئاڕاستەكراون.

## كۆتایی:

ئایندەی هێزەكانی حەشدی شەعبی و گروپە چەكدارەكان لە عێراقدا تەنیا پرسێكی ئەمنی نییە؛ بەڵكو تەحەدایەكی وجودییە كە بەركەوتنی لەگەڵ جەوهەری دەوڵەتی مۆدێرنی عێراقدا هەیە. گواستنەوە لە قۆناغی پێویستی چەكداری و جەنگاندنەوە بۆ قۆناغی بنیاتنانی دەوڵەتێكی مۆدێرن و مەدەنی پێویستی بە بڕیارێكی حازم و ژیرانەوە هەیە لەلایەن سەركردایەتیی عێراقەوە، كە بە ئیرادەیەكی یەككرتووی نیشتمانی پشتگیریی بكرێت. هەر چەشنە خۆبەدوورگرتنێك لە چارەسەركردنی ئەم پرسە، دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی هەڕەشەی تێكدانی سەقامگیریی وڵات، كە بەرەنجێكی زۆر بەدەستهێنراوە، ئەمە جگە لە هێشتنەوەی عێراق وەك بارمتەی ململانێ هەرێمی و ناوخۆییەكان، لە جیاتی ئەوەی كە ببێتە دەوڵەتێكی خاوەن سەروەری تەواو، كە توانای بەدیهێنانی گەشە و خۆشگوزەرانی بۆ گەلەكەی هەبێت. ئێستا عێراق لەبەردەم دووڕیانێكی چارەنووسسازدایە، كە دەبێت بە وردی ئەو ڕێیەیان هەڵبژێرێت كە دامەزراوە نیشتمانییەكانی بەهێزتر دەكات و بناغەكانی دەوڵەتی مەدەنی دیموكراتی لە خۆیدا دەچەسپێنێت.

---

### پەراوێز و سەرچاوەكان:

١- موقع مكتب السيد علي السيستاني، ما ورد في خطبة الجمعة لممثل المرجعية الدينية العليا في كربلاء المقدسة (خطبة الجهاد الكفائي) في (١٤/ شعبان /١٤٣٥هـ) الموافق (٢٠١٤/٦/١٣م )، من الانترنيت تأريخ الزيارة: (٢٠٢٥/١٠/٢٤) على الرابط الآتي:
https://www.sistani.org/arabic/archive-/٢٤٩١٨

٢- الامر الديواني لرئيس الوزراء العراقي رقم (٤٧) في (٢٠١٤/٦/١٨).

٣- د.عابد خالد رسول و فەرید دڵشاد محمد، ڕیشەی گروپەكانی حەشدی شەعبی و كاریگەری لەسەر پێكهاتە و وەلائیان، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، المجلد ٦، العدد ٢، كانون الاول

٢٠٢٣، ل ١٠٠-١٠١.
٤- فەرید دڵشاد محمد، کاریگەری هێزەکانی حەشدی شەعبی لەسەر هەرێمی کوردستان (٢٠١٤-٢٠٢١)، ماستەرنامە، کۆلێجی زانستە رامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢، ل ١٩-٢٠.
٥- بڕوانە : الفقرات (اولا و ثانيا)، من المادة ١، من قانون هيأة الحشد الشعبي رقم ٤٠ لسنة ٢٠١٦.
٦- عامر السامرائي، الحشد الشعبي.. "ضرورة" عراقية أم إيرانية ؟! (٢٠١٦/١٠/٥)، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٤) على الرابط الآتي:
https://aliraqnews.com-الحشد-الشعبي-ضرورة-عراقية-أم-إيرانية/
٧- زيد سالم، دمج فصائل العراق بـ(الحشد الشعبي).. مناورة حكومية للتخلص من الضغوط الغربية؟، موقع العربي الجديد، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٥) على الرابط الآتي:
https://www.alaraby.co.uk/politics/دمج-فصائل-العراق-بالحشد-مناورة-حكومية-للتخلص-من-الضغوط-الغربية
٨- محمد عماد، الفصائل العراقية تبلغ الحكومة برفض تسليم سلاحها أو الاندماج مع القوات النظامية، موقع العربي الجديد، بغداد، ٢٠٢٥/٢/٢٦، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٥) على الرابط الآتي:
https://www.alaraby.co.uk/politics/خاص-الفصائل-العراقية-تبلغ-الحكومة-برفض-تسليم-سلاحها-أو-الاندماج
٩- رئاسة أركان الحشد الشعبي: ما يتناقل عن دمج الحشد دعاية إعلامية، منصّة الجبال الاخبارية، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٥) على الرابط الآتي:
https://aljeebal.com/posts/٧٤٠٩
١٠- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، نتائج الانتخابات: ٢٠١٨ - ٢٠٢١ – ٢٠٢٣، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٦) على الرابط الآتي:
https://ihec.iq/results/
١١- بعثة الأمم المتحدة لتقديم المساعدة للعراق، تقرير حقوق الانسان، ١ آذار/مارس - ٣٠ نيسان/ابريل ٢٠٠٦، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٦) على الرابط الآتي:
https://www.ohchr.org/sites/default/files/Documents/Countries/IQ/HRReportMarApr٢٠٠٦AR.pdf
١٢- عماد عنان، اقتصاد الظل الإيراني: كيف يمر عبر البوابة العراقية رغم الحصار؟، نون بوست، ٢٠٢٥/٩/٣، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٦) على الرابط الآتي:
https://www.noonpost.com/٣٣٠٦٦٦/?noamp=mobile&print=pdf
١٣- شذى خليل، فساد المعابر الحدودية في العراق: تحليل وطريق للمضي قدما، مركز الروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية: وحدة الدراسات الاقتصادية / مكتب شمال امريكا، ٢٥

سبتمبر،٢٠٢٤، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٦) على الرابط الآتي:
https://rawabetcenter.com/archives-١٧٧٤٨٠/

١٤- مليارا دولار لـ"الحشد الشعبي" في الموازنة العراقية: السلاح قبل الكهرباء، منصّة درج الإعلامية، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٦) على الرابط الآتي:
https://daraj.media-/مليارا-دولار-لـالحشد-الشعبي-في-الموا/

١٥- أمير الكعبي ، مايكل نايتس، زيادة غير عادية في عديد (قوات الحشد الشعبي)، بالأرقام، معهد واشنطن: تحليل السياسات، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٦) على الرابط الآتي:
https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/zyadt-ghyr-adyt-fy-dyd--qwat-alhshd-alshby-balarqam

١٦- مفترق طرق جديد: مستقبل الفصائل المسلحة في العراق بين الضغوط الأمريكية والمطالب الداخلية، مركز الامارات للدراسات والسياسات - وحدة الدراسات العراقية، ٢٠٢٥/٧/١١، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٨) على الرابط الآتي:
https://www.epc.ae/ar/details/scenario/mustaqbal-alfasayil-almusalaha-fi-aleiraq-

١٧- ريناد منصور و فالح عبد الجبار، الحشد الشعبي ومستقبل العراق، مركز كارنيغي للشرق الأوسط، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٨) على الرابط الآتي:
https://carnegieendowment.org/research/٢٠١٧/٠٤/the-popular-mobilization-forces-and-iraqs-future?lang=ar

١٨- قانون تقاعد (الحشد) يفجر خلافات حادة داخل (الإطار) ويقسم البيت الشيعي: إقراره قد يثير أزمات داخلية وخارجية، باس نيوز، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٨) على الرابط الآتي:
https://www.basnews.com/ar/babat-٨٧٥٩٥١/

١٩- مركز صدارة للمعلومات والاستشارات، مشروع قانون هيئة الحشد الشعبي: تحد للضغوط الأمريكية ينذر بتصعيد سياسي، ٢٠٢٥/٧/٢١، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٨) على الرابط الآتي:
https://sadaara.com/Details-٢٥٤٤٣٦/

٢٠- لجنة الامن والدفاع، مجلس النواب، تقرير عن: مشروع قانون هيئة الحشد الشعبي في (٢٠٢٥/٥/٦).

٢١- مصطفى كامل، كيف نقرأ اتصال روبيو بالسوداني؟ البيان الأميركي يعكس تغيرا في لهجة واشنطن تجاه بغداد، وفي فهمها لطبيعة الواقع العراقي، صحيفة وجهات نظر، من الانترنيت تأريخ الزيارة (٢٠٢٥/١٠/٢٨) على الرابط الآتي:
https://wijhat.org/?p-=٨٣١٦٠

ژمارە(٣)پاییزی ٢٠٢٥



# ڕێکەوتننامەکان ناکۆکی سنووری دەریایی عێراق و کوێت لەسەر خۆر عەبدوڵڵا

## شرۆڤەیەکی فرەڕەهەند لە یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا

پ.ی.د. عیباد ئیبراهیم ئەحمەد
پسپۆڕ لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی

**پوختە**

ناکۆکی دەریایی نێوان عێراق و کوێت لەسەر ڕێڕەوی ئاوی خور عەبدوڵلا یەکێک لە بەردەوامترین و ئاڵۆزترین ململانێیە خاکییەکانی ناوچەی کەنداوی فارس/عەرەب دەخاتەڕوو، کە کاریگەری قووڵی لەسەر سەقامگیری هەرێمی و یاسا نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان هەیە. ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی فرەڕەهەندی گشتگیر بۆ ناکۆکییەکە پێشکەش دەکات، کە لە لایەنە یاسای، سیاسی، ئابووری و مێژووییەکانی لە چوارچێوەی فراوانتری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بزۆزیی دەسەڵاتی ناوچەییدا دەکۆڵێتەوە. ناکۆکییەکان لەسەر مافەکانی کەشتیوانی و سەروەریی عەرزییە بەسەر ئەم ڕێڕەوی ئاوییە ستراتیژییە، کە وەک دەرچەیەکی دەریایی گرنگی عێراق بۆ دەروازە سەرەکییەکانی ئوم قەسر و خور ئەلزوبەیر کاردەکات. ناکۆکییەکە بەهۆی ڕێککەوتننامەی ڕێکخستنی کەشتیوانی دەریایی لە خور عەبدوڵلا لە ساڵی (٢٠١٢)، کە دواتر لە ئەیلوولی (٢٠٢٣) لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراقەوە بە نادەستووری ناسێندرا، بەشێوەیەکی بەرچاو ئاڵۆزتر بووە؛ ئەمەش قەیرانێکی دەستووریی دروستکرد، کە پەیوەندییەکانی عێراق و کوێتی تووشی گرژیی کرد. ئەم توێژینەوەیە لە چاوی یاسای نێودەوڵەتی دەرياییەوە بنەما یاساییەکانی خواستی هەردوو دەوڵەت شیدەکاتەوە.

ڕۆڵی بڕیارنامەی (٨٣٣) لە ساڵی (١٩٩٣)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دامەزراندنی چوارچێوەی سنووردا دەخاتە بەرباس و کاریگەریی بڕیارە یاساییە ناوخۆییەکان لەسەر دەرباسداریی و پابەندبوونەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی هەڵدەسەنگێنێت. توێژینەوەکە شیکاریی دۆزی بەراوردکاریی لەگەڵ ناکۆکییە دەریاییە هاوشێوەکان بۆ

تێگەیشتن لە کاریگەرییە فراوانترەکان بۆ یاسای نێودەوڵەتی و ئاسایشی ناوچەکە بەکاردەهێنێت. دەرئەنجامەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ناکۆکییەکە ڕەنگدانەوەی پرسە قووڵەکانی سەروەریی دەوڵەت و وابەستەیی ئابووریی و یارییە ئاڵۆزەکانی نێوان سیاسەتی ناوخۆیی و پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانە لە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی دوای شەڕ و ململانێدا. شیکارییەکان ئەوە دەردەخەن کە چۆن هێزە هەرێمییەکان ناکۆکییەکانیان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییە فراوانەکانیان، وەکو ئامراز بەکارهێناوە. ئەم توێژینەوەیە تێڕوانینگەلێکی پەیوەندیدار بە چارەسەرکردنی ململانێیەکە لەنێوان هەر دوو وڵات و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشکەش دەکات.

## ١. پێشەکی

ناکۆکی ڕێڕەوی ئاوی خور عەبدوڵڵا لەنێوان عێراق و کوێتدا نموونەی ئەو بەریەککەوتنە ئاڵۆزەی نارەزایەتییە مێژووییەکان، بنەما یاساییەکان، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و شانۆی جوگرافیای سیاسییە، کە تایبەتمەندیی ململانێیە خاکییە هاوچەرخەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە[١]. ئەم ڕێڕەوە دەریاییە ستراتیژییە کە نزیکەی (٤٠) کیلۆمەتر لە دێلتای شەتولعەرەبەوە تا کەنداوی فارس/عەرەب درێژدەبێتەوە، وەک دەروازەی دەریایی سەرەکی عێراق دەردەکەوێت و بە پێکهاتەیەکی گرنگی ژێرخانی ئابووریی عێراق هەژماردەکرێت، کە ڕێگەی گەیشتن بە بەندەرەکانی ئوم قەسر و خور ئەلزوبەیر دابین دەکات[٢]. ناکۆکییەکە لە کێشەی دیاریکردنی سنوورەکانی دوای جەنگی کەنداوەوە بۆ ململانێیەکی فرەلایەن پەرەی سەندووە، کە دەست دەخاتە سەر پرسیارە بنەڕەتییەکانی سەروەریی دەوڵەت، دەرباسداریی و پابەندبوونەکان بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ڕۆڵی سیستەمی یاسایی ناوخۆیی لە ڕاڤەی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان.

قۆناغی هاوچەرخی ئەم ناکۆکییە بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ڕێکخستنی کەشتیوانی دەریایی لە خور عەبدوڵڵا لە ساڵی (٢٠١٢) دەستیپێکرد، کە ئامانجی دامەزراندنی ڕێکارەکانی کارکردن بۆ کەشتیوانی لە ڕێڕەوی ئاوی جێناکۆک و جێگای پێشبڕکێدا بوو[٣]. بەڵام ڕەوایەتی دەستووری ڕێککەوتنەکە لە سیستەمی یاسایی ناوخۆی عێراقدا کەوتە بەردەم ئالنگاری، کە بە بڕیارێکی گرنگ لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراقەوە لە ئەیلوولی (٢٠٢٣) ڕێککەوتنەکەی بە نادەستووری ناساند، گەیشتە لووتکە[٤]. ئەم دەستێوەردانە دادوەرییە قەیرانێکی یاسایی و دیپلۆماسی بەرچاوی دروستکردووە، کوێت و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی، بەتایبەتی سعودیە، داوا دەکەن عێراق ڕێز لە ئەرک و پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی بگرێت[٥]. کاتی پەرەسەندنی ناکۆکییەکە هەستیار بوو، هاوکات بوو لەگەڵ ئامادەکارییەکانی عێراق بۆ میوانداریکردنی لوتکەی کۆمکاری عەرەبی لە مانگی ئایاری (٢٠٢٥)، ئەمەش ئەوە

دەردەخات کە چۆن ناکۆکییە خاکییەکان (عەرزیی)[٦] دەتوانن دەستپێشخەری وەنگاوە دیپلۆماسییە بەرفراوانەکانی ناوچەکە ئاڵۆز بکەن[٧]. تێوەگلانی زلهێزە ناوچەییەکان، کە وا دیارە ئێران پشتیوانی لە هەڵوێستی عێراق دەکات لە کاتێکدا سعوودیە پشتیوانی لە کوێت دەکات، ئەوە نیشان دەدات کە چۆن ناکۆکییە خاکییە ناوخۆییەکان دەتوانن لە ناوچەی کەنداوی فارس/عەرەب ببنە بریکار بۆ پێشبڕکێی جیۆپۆلەتیکی فراوانتر[٨].

ئەم وتارە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ناکۆکی خۆر عەبدوڵلا دەکۆڵێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە بنەما یاساییەکانی لەژێر تێشکی یاسا نێودەوڵەتییەکان، گەشەسەندنی مێژوویی، کاریگەرییە ئابوورییەکان و هاوکێشە سیاسییەکان لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی عێراق و کوێت و جوڵەی ئاسایشی ناوچەکەدا دەخاتەڕوو. وتارەکە هەوڵدەدات تێگەیشتنێکی ئەکادیمی لە چۆنیەتی پەرەسەندنی ناکۆکییە خاکییەکان لە ژینگەکانی دوای جەنگ و ململانێ و ئالنگارییەکانی ئاشتکردنەوەی سیستەمی یاسایی ناوخۆیی لەگەڵ دەرباسداریی و پابەندبوونەکان بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان پێشکەشبکات.

## ٢. بەستێنی مێژووی

### ١,٢. خواستی دیرۆکی و گەشەپێدانی خاکیی پێش ساڵی (١٩٩٠):

بناغە مێژووییەکانی ناکۆکی خور عەبدوڵلا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنە ئاڵۆزەکانی سنووری کۆلۆنیالیزم و پاش کۆلۆنیالیزم لە ناوچەی کەنداو. لە سەردەمی عوسمانیدا، سنوورە ئیدارییەکانی نێوان ویلایەتی بەسرە و کوێت هەرگیز بەوردی دیاری نەکرابوون، ئەمەش بناغەی ناکۆکی خاکیی بۆ داهاتوو دروستکرد[٩]. خودی ڕێڕەوی ئاوەکە لە مێژوودا وەک کەناڵێکی دەریایی سروشتی بووە کە سیستەمی ڕووباری میزۆپۆتامیا بە کەنداوی عەرەب/فارسەوە دەبەستێتەوە، هەردوو کۆمەڵگەی ماسیگریی عێراقی و کوێتی بۆ چەندین سەدەیە ئاوەکانی بەکاردەهێنن.

چوارچێوەی خاکیی مۆدێرن لە سەردەمی سەرپەرشتیکاریی (ئینتداب)ی بەریتانیادا سەریهەڵدا، ئەو کاتەی بەڕێوەبەرانی کۆلۆنیالیزم هەوڵیان دەدا سنوورێکی ڕوونتر لەنێوان دەوڵەتە نەتەوەییە تازە سەرپێخراوەکان دەستنیشان بکەن. بەڵام ئەم هەوڵە سەرەتاییانەی دیاریکردنی سنوور زۆرجار ئاسانکاریی کارگێڕییان خستە پێش شێوازەکانی بەکارهێنانی مێژوویی یان عەقڵانییەتی ئابووری؛ ئەمەش هەلومەرجی پێکهاتەیی بۆ پەڤچوون و ململانێکانی داهاتوو دروست دەکرد. ڕێڕەوی ئاوی خور عەبدوڵلا بەهۆی گرنگی ستراتیژییەکەی وەک کەناڵێکی سروشتی قووڵی ئاو، بووە خاڵێکی تایبەتی جێگای ناکۆکی و مشتومڕ؛ چونکە هەردوو بەشەکە بەهای خۆیان بۆ بازرگانی دەریایی و دەستڕاگەیشتن بە دەریا خستەڕوو.

**٢.٢. جەنگی کەنداو و پاشهاتەکانی ساڵی (١٩٩٠):**

لەشکرکێشی عێراق بۆ سەر کوێت لە ئابی ١٩٩٠ لە بنەڕەتدا بەستێنی یاسایی و سیاسی کێشەی خور عەبدوڵڵای گۆڕی. حکومەتی سەدام حوسێن بەشێکی لە ڕێگەی بانگەشە و خواستی خاکیی مێژووییەوە ڕەوایەتی بەو لەشکرکێشییە دا، لەوانەش جەختکردنەوە سەبارەت بە دیاریکردنی شوێنی کوێت لە سنوورە مێژووییەکانی عێراقدا[١٠] . شەڕی کەنداو و دواتر شکستی عێراق زەمینەی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە دیاریکردنی سنوورەکان ڕەخساند، ئەمەش لە بنەڕەتدا سیمای ناکۆکییەکەی لە ناکۆکییەکی خاکیی دوولایەنەوە گۆڕی بۆ پرسێک کە یاسا نێودەوڵەتییەکان و چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەی دەبەن.

ئاوەدانکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و کوێت لە دوای جەنگ پێویستی بە دیاریکردنی سنووری هەمەلایەنە هەبوو بۆ ڕێگریکردن لە ململانێکانی داهاتوو. ئەم پرۆسەیە بە زنجیرەیەک بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەدەچێت کە چوارچێوەی یاسایی دامەزراند کە تا ئەمڕۆش ناکۆکییەکان بەڕێوەدەبەن. بەشداریکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەی کە ناکۆکییەکی تارادەیەک ناوچەیی بوو، گۆڕی بۆ کەیسێکی تاقیکردنەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی سنوورەکانی دوای جەنگ و جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتیی لە ناکۆکییە خاکییەکان.

**٣,٢. بڕیارنامەی (٨٣٣) (١٩٩٣)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و دیاریکردنی سنوورەکان**

بڕیارنامەی (٨٣٣)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە (٢٧)ی ئایاری (١٩٩٣) بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، کۆمیسیۆنی دیاریکردنی سنووری عێراق و کوێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراند و بناغەی یاسایی بۆ ڕێکخستنە سنوورییەکانی ئێستای دابینکرد. لە بڕیارنامەکەدا بەڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە کە کۆمسیۆنەکە (نابێت هەرێم و خاک تەرخان بکاتەوە، بەڵکو بۆ یەکەمجارە سنوور و شوێنی وردی سنووری نێوان کوێت و عێراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵات دیاری بکات)[١١]. ئەم زمانە لە ناکۆکییە یاساییە هاوچەرخەکاندا زۆر گرنگە، چونکە ئەوە پیشان دەدات کە کۆمیسیۆن ئەو ڕێککەوتنانەی جێبەجێ دەکرد کە پێشتر هەبوون، نەک ڕێکخستنی نوێی خاکیی و سەرلەنوێ دارشتنەوەی سنوور.

پرۆسەی دیاریکردنی سنوورەکان لە دەرەوەی سنوورە وشکانییەکان درێژبووەوە بۆئەوەی دیاریکردنی سنووری بەشەکی دەریایی لەخۆبگرێت، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە سنوورە وشکانی و دەرییاییەکان یەکتریان بڕیوە[١٢]. بەڵام بڕیارنامەکە هەندێک ناوچەی دەریایی لەوان

بەشێکی بەرچاوی ڕێڕەوی ئاوی خور عەبدوڵلای خستووەتە ژێر دانوستانی دوولایەنە، کە لە داهاتوودا لایەنەکانی ناکۆکی بە دانوستان چارەسەری بکەن. ئەم سنوورکارییە ناتەواوە ئەو ناڕوونییە یاساییەی دروستکرد کە دواتر ڕێککەوتنی کەشتیوانی ساڵی (٢٠١٢)ی ئاڵۆزتر کرد و بووە هۆی چڕترکردنەوەی ناکۆکییەکانی ئێستا.

جێبەجێکردنی بڕیارنامەی (٨٣٣) سنووری وشکانی عێراق و کوێت و سنوورە دەریاییە بەشەکییەکانی دیاریکرد، بەڵام بەتایبەتی ئاماژەی بەوە دا کە گفتوگۆکان سەبارەت بە (سنووری دەریایی لە دەرەوەی هێمای (١٦٢) بەردەوام دەبن، خاڵێکی هەستیار لە نزیک ڕێڕەوی ئاوی ستراتیژی خور عەبدوڵلا)[١٣]. ئەم دۆخە چارەسەرنەکراوە بنەمای یاسایی بۆ لێکدانەوە دژوازەکانی سەروەریی و مافەکانی کەشتیوانی لە ڕێڕەوی ئاوی ناکۆکدا بەرهەمهێناوە.

> **"ناکۆکی دەریایی نێوان عێراق و کوێت لەسەر ڕێڕەوی ئاوی خور عەبدوڵلا یەکێك لە بەردەوامترین و ئاڵۆزترین ململانێیە خاکییەکانی ناوچەی کەنداوی فارس/عەرەب دەخاتەڕوو، کە کاریگەریی قووڵی لەسەر سەقامگیریی هەرێمی و یاسا نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان هەیە"**

## ٣. چوارچێوەی یاسایی

### ١,٣. بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی دەریا:

شیکاریی یاسایی ناکۆکی خۆر عەبدوڵلا دەبێت لە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێونەتەوەیی دەریاوە دەستپێبکات، کە لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریا (١٩٨٢)[١٤] (UNCLOS) و یاسای نێودەوڵەتیی باو (عورف)دا کۆد کراوە. بەپێی مادەی سێیەمی (UNCLOS)، دەوڵەتان مافی ئەوەیان هەیە پانایی دەریایی هەرێمیی خۆیان تا (١٢) میل دەریایی دەستنیشان بکەن، لە کاتێکدا مادەی هەشتەم باس لە دۆخی یاسایی ئاڵۆزی ئاو و گەرووەکانی ناوخۆ دەکات. تایبەتمەندییە ناوازەکانی ڕێڕەوی ئاوی خور عەبدوڵلا وەک کەناڵێکی تاڕادەیەک تەسک کە ڕێڕەوی ئاوی ناوخۆیی بە دەریای کراوە دەبەستێتەوە، ئالنگاریی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم بنەما گشتییانە دروست دەکات.

بنەمای تێپەڕبوونی بێ کێشە (هاتووچۆی بێ زیان)[١٥] کە لە مادەکانی (١٧-١٩)ی (UNCLOS) زاگۆنسازی بۆ کراوە[١٦]، بەتایبەتی پەیوەندیی بە ناکۆکی خۆر عەبدوڵلاوە دەبێت. هەڵوێستی

عێراق بەوەی کە ڕێڕەوی ئاوەکە بەشێکە لە ئاوەکانی ناوخۆی وڵاتەکەی، بەشێوەیەکی بەرچاو مافەکانی کەشتیوانی کوێت سنووردار دەکات، لە کاتێکدا هەڵوێست و بۆچوونی کوێت پێشنیازی ئەوە دەکات کە کەناڵەکە دەبێت ملکەچی بنەما نێودەوڵەتییەکانی کەشتیوانی بێت. ڕێککەوتننامەی ساڵی (٢٠١٢) سەبارەت بە ڕێکخستنی کەشتیوانی دەریایی هەوڵیدا ئەم لێکدانەوە دژوازانە بە دامەزراندنی ڕێکارە پراکتیکییەکانی کارکردن چارەسەر بکات، بەڵام ئالنگاریی دەستووری دواتر ئەم کێشە و ناکۆکییە یاساییە بنەڕەتییانەی نایەوە[١٧].
ڕێچکەی کرداریی دەوڵەت لە ناکۆکییە هاوشێوەکانی ڕێڕەوی ئاویدا، بەستێنێکی گرنگی پێشوەختە بۆ ڕاڤەی شیاویی یاسایی هەردوو هەڵوێستەکە دابین دەکات. بڕیارەکانی دادگای نێونەتەوەیی داد لە کەیسەکانی وەک دۆسیەی (کەناڵی کۆرفو) و دۆسیەی (دیاریکردنی سنووری دەریایی قەتەر لە بەرانبەر بەحرەین)دا ڕێنمایی یاسایی پەیوەندیدار بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن یاسای نێونەتەوەیی لە مافەکانی کەشتیوانی لە ناوچە دەریاییە ناکۆکەکاندا رادەمێنێت پێشکەش دەکەن.

**٢,٣. ڕێککەوتنی کەشتیو انی ساڵی (٢٠١٢)- ناوەڕۆکی یاسایی و ئاستەنگە دەستوورییەکان:**
ڕێککەوتننامەی ڕێکخستنی کەشتیوانی دەریایی لە خۆر عەبدوڵڵا کە لە ساڵی (٢٠١٢) واژۆ کرا، هەوڵێک بوو بۆ دروستکردنی ڕێکاری کارپێکردنی پراکتیکی بۆ کەشتیوانی و لە هەمان کاتدا دوورکەوتنەوە لە چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆی کێشە بنەڕەتییەکانی سەروەری[١٨]. ڕێککەوتنەکە پرۆتۆکۆڵی تایبەتی بۆ ترانزێتی کەشتییەکان و ڕێکارەکانی پەیوەندیکردن و میکانیزمی هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتدارانی دەریایی عێراق و کوێت دامەزراند، بەڵام ڕەخنەگران ئاماژەیان بەوە دەکرد کە ڕێککەوتنەکە بە شێوەیەکی کاریگەر کۆنترۆڵی چالاکییەکانی بە کوێت بەخشی بەسەر بەشێک لەو شوێنانەی کە عێراق بە ئاوە ناوخۆییەکانی خۆی دەزانێت[١٩].
ئالنگاریی دەستووری بۆ ڕێککەوتنەکە پرسیاری بنەڕەتی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان پابەندبوون بە پەیماننامەی نێودەوڵەتی و یاسای دەستووری ناوخۆیی وروژاند. دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، لە بڕیارەکەیدا لە ئەیلوولی (٢٠٢٣)، بڕیاریدا کە ڕێککەوتنەکە پێشێلکردنی بڕگەکانی دەستووری عێراقە سەبارەت بە سەروەریی خاک و بۆ ڕێکخستنەکانی خاک و سنوور پێویستی بە ڕەزامەندیی پەرلەمانی هەیە[٢٠]. ئەم بڕیارە ڕەنگدانەوەی گرژییە فراوانترەکانە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پلەبەندیی نێوان بنەما دەستوورییە ناوخۆییەکان و پابەندبوونەکانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان.
پێدەچێت ئیستدلالەکانی دادگا لەسەر ماددەی (١١٠)ی دەستووری عێراق بووبێت، کە بابەتی خاکی و سەروەریی بە سەر خاک و سنوورەکاندا بۆ دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی

جێهێشتووە[٢١]. هەروەها مەرجە ڕێکارییەکانی پەسەندکردنی پەرلەمان - وەکو (ژمارە و ڕێژەی پێویستی دەنگی بەڵێ بۆ پەسەندکردنی هەر یاسایەک) - لەسەر ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان کە کاریگەرییان لەسەر خاکی عێراق هەیە. بڕیارەکە دۆخێکی یاسایی ئاڵۆزی دروستکردووە، کە عێراق ڕووبەڕووی پابەندبوونە دژیەکەکان بەپێی یاسای دەستووری ناوخۆیی و پابەندبوونە یاساییە نێودەوڵەتییە ئەگەرییەکان دەبێتەوە، ئەمەش ئالنگاریی یەکگرتنی یاسایی لە دۆخی دەوڵەتانی دوای جەنگ و ململانێدا دەردەخات.

**٣.٣. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق - شرۆڤەی دەستووریی و کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکان:**
بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە ئەیلوولی (٢٠٢٣)، کە ڕێککەوتنی کەشتیوانی ساڵی (٢٠١٢)ی بە نادەستووری ناساند، پێشکەوتنێکی بەرچاوە لە بەریەککەوتنی یاسای دەستووری ناوخۆیی و پابەندییەکان بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان[٢٢]. دادوەر فایق زیدان، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق، بەیاننامەیەکی وردی بڵاوکردەوە و تیشکی خستە سەر هۆکاری دادگاکە، جەختی لەوە کردەوە کە ڕێککەوتنەکە وەک (وڵامێکی تەکنیکی) بەبێ ڕێوشوێنی دەستووری دروست پەسەند کراوە[٢٣].

> **"ناکۆکی ڕێڕەوی ئاوی خور عەبدوڵڵا لەنێوان عێراق و کوێتدا نموونەی ئەو بەریەککەوتنە ئاڵۆزەی نارەزایەتییە مێژووییەکان، بنەما یاساییەکان، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان و شانۆی جوگرافیای سیاسییە، کە تایبەتمەندیی ململانێیە خاکییە هاوچەرخەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە"**

پێدەچێت بڕیارەکەی دادگا لەسەر چەند بنەمایەکی دەستووری بێت، لەوانە:
**یەکەم:** ئەو ڕێککەوتنانەی کاریگەرییان لەسەر سەروەریی هەرێمی عێراق هەیە، پێویستیان بە ڕەزامەندیی تایبەتی پەرلەمانی هەیە[٢٤].
**دووەم:** دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەسەڵاتی خۆی تێپەڕاند بە واژۆکردنی ڕێکەوتنێک کە بە شێوەیەکی کاریگەر کۆنترۆڵی ئۆپەراسیۆنی دەوڵەتی بیانی بەسەر ئاوە هەرێمییەکانی عێراقدا بەخشی.
**سێیەم:** جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە بە کردار ڕاستییەکی دروست کردووە کە ئیدیعاکانی عێراق بۆ سەروەریی، بەبێ مۆڵەتی یاسایی ناوخۆیی دروست، تێکدەدات[٢٥].
لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، بڕیارەکە ئاڵۆزییەکی بەرچاو دروست دەکات.

ڕێککەوتننامەی ڤییەنا سەبارەت بە یاسای پەیماننامەکان، مادەی (٢٧)، بەگشتی دەوڵەتان قەدەغە دەکات کە پشت بە یاسای ناوخۆیی ببەستن و بە یاسای ناوخۆیی پاساو بهێننەوە بۆئەوەی خۆیان لە پابەندبوونەکانی پەیماننامەکان بەدوور بگرن[٢٦]. بەڵام مادەی (٤٦) ڕیزپەڕ و شازێتی سنووردار دەخاتەڕوو لەو شوێنانەی کە ئەنجامدانی پەیماننامە ڕێکارە بنەڕەتییە دەستورییە ناوخۆییەکانی پێشێل کردووە[٢٧]. پێدەچێت بڕیارەکەی دادگای عێراق پشت بەم شازێتی و ئیستسناییە ببەستێت، بەو پێیەی کە ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکە پێشێلکردنی مەرجە دەستوورییە بنەڕەتییەکانی ڕێکخستنەکانی هەرێمی عێراق و سنوورەکانی بووە.

**٤،٣. شرۆڤەی کەیسی بەراوردکاری، ناکۆکییە دەریاییە هاوشێوەکان:**

کێشەی خۆر عەبدوڵڵا تایبەتمەندییەکی بەرچاوی لەگەڵ ناکۆکییەکانی دیکەی سنووری دەریایی هەیە، کە لەڕێگەی دادوەری نێودەوڵەتیی یان دانوستانەوە چارەسەر کراون. دۆسیەی (قەتەر بەرانبەر بە بەحرەین) لەبەردەم دادگای نێونەتەوەیی داد[٢٨]، پرسە هاوشێوەکانی دیاریکردنی سنووری دەریایی و مافەکانی کەشتیوانی لە ئاوە جێناکۆکەکاندا لەخۆگرتبوو، لە کۆتاییدا لەڕێگەی شرۆڤەی وردی شێوازەکانی بەکارهێنانی مێژوویی، هۆکارە جوگرافییەکان و بنەما یەکسانەکان چارەسەرکرا.

کەیسی (کەناڵی کۆرفو) پێشینەیەکی پەیوەندیدار بەتایبەتی سەبارەت بە مافەکانی کەشتیوانی لە ڕێڕەوی ئاوی ناکۆکدا دەخاتەڕوو. جەختکردنەوەی دادگای نێونەتەوەیی داد لەسەر بنەمای بنەڕەتی تێپەڕبوونی بێ کێشە یان هاتووچۆی بێ زیان و قەدەغەکردنی دەوڵەتان لە کەناڵە نێودەوڵەتییەکانی کەشتیوانی[٢٩]، ڕێنمایی گرنگ بۆ شیکردنەوەی شیانی یاسایی هەردوو هەڵوێستی عێراق و کوێت لە کێشەی خۆر عەبدوڵڵادا پێشکەش دەکات.
کەیسەکانی ئەم دواییە وەکو دیاریکردنی سنووری دەریایی ڕۆمانیا لە بەرانبەر ئۆکرانیا[٣٠]، ڕێبازە یاساییە نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئاڵۆزەکانی سنووری دەریایی نیشان دەدەن. میتۆدۆلۆژیای دادگای نێونەتەوەیی داد لەم کەیسانەدا، کە جەخت لەسەر چارەسەری دادپەروەرانە لەسەر بنەمای هۆکارە جوگرافی، مێژوویی و ئابوورییەکان دەکاتەوە، چوارچێوەیەکی باش بۆ چارەسەرکردنی کۆتایی ناکۆکی خۆر عەبدوڵڵا لەڕێگەی دادوەری نێودەوڵەتییەوە دابین دەکات.

**٤. ڕەهەندە سیاسییەکان و هاوکێشە ناوچەییەکان**

**٤،١. هۆکارە سیاسییە ناوخۆییەکان لە عێراق و کوێت:**

ناکۆکی خور عەبدوڵڵا بە قووڵی لە دیمەنە سیاسییە ناوخۆییەکانی هەردوو وڵاتی عێراق و کوێتدا چەسپاوە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شەرعیەتی حکومەت و پشتیوانی گشتی

هەیە. لە عێراقدا، ناکۆکییەکە لەلایەن کوتلە سیاسییە جیاوازەکانەوە بە ئامرازێک کراوە بۆ نیشاندانی مۆرکی ناسیۆنالیستی و بەرەنگاربوونەوەی فشارە دەرەکییە هەستپێکراوەکان[٣١]. بانگەوازی لیژنەی گواستنەوە و گەیاندنی پەرلەمانی بۆ ئەوەی کوێت لە لوتکەی کۆمکاری عەرەبی قەدەغە بکرێت، ئەوە دەردەخات کە چۆن ئەو ناکۆکییە بووەتە ئامرازێک بۆ یەکخستنی سیاسی و پێگەی ناوخۆیی[٣٢].

**"قۆناغی هاوچەرخی ئەم ناکۆکییە بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ڕێکخستنی کەشتیوانی دەریایی لە خور عەبدوڵڵا لە ساڵی "٢٠١٢" دەستیپێکرد، کە ئامانجی دامەزراندنی ڕێکارەکانی کارکردن بۆ کەشتیوانی لە ڕێڕەوی ئاوی جێناکۆک و جێگای پێشبڕکێدا بوو"**

ڕۆڵی کەسایەتییە سیاسییە عێراقییەکان کە داوای ڕەتکردنەوەی بەرفراوانتری سنوورە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن[٣٣]، ئەوە دەردەخات کە ناکۆکییەکە چۆن بە کێشمە کێشە گەورەکانەوە سەبارەت بە بووژانەوەی سیاسی عێراق لە دوای (٢٠٠٣) و پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پەیوەستە[٣٤].ئەم بزۆزییە سیاسییە ناوخۆییانە بەربەستێکی بەرچاو لەسەر نەرمی حکومەت لە دانوستاندن بۆ چارەسەری سازاندا دروست دەکەن، چونکە سەرکردە سیاسییەکان ڕووبەڕووی فشار دەبنەوە بۆ پاراستنی هەڵوێستی پەرگیر بۆئەوەی خۆیان بە لاواز دەرنەکەون یان سازش لەسەر سەروەریی نیشتمانی نەکەن. لە کوێت، ئەو ناکۆکییە مشتومڕی سیاسیی ناوخۆیی کەمتری لێکەوتووەتەوە، بەڵام هێشتا تاقیکردنەوەیەکی گرنگە بۆ توانای حکومەت بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاک و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان. هاوپەیمانیی کوێت لەگەڵ سعودیە لە داوای پابەندبوونی عێراق بە ڕێککەوتنی ساڵی (٢٠١٢) ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە ناوچەییە فراوانەکانی ناکۆکییەکەیە و ستراتیژیی کوێت بۆ فرەلایەنەکردنی فشارە دیپلۆماسییەکان بۆ سەر عێراق نیشاندەدات[٣٥].

### ٢,٤. کێبڕکێی هێزی ناوچەیی و داینامیکی پرۆکسی:

ناکۆکی خور عەبدوڵلا لەناو شێوازە بەرفراوانەکانی بەریەککەوتنی ناوچەیی نێوان ئێران و دەوڵەتانی عەرەبی کەنداو بەتایبەتی سعودیە ڕەنگیداوەتەوە. پشتیوانی ئێران بۆ هەڵوێستی عێراق لەم ناکۆکییەدا هاوتەریبە لەگەڵ ستراتیژیی فراوانتری خۆی کە بریتییە لە ئالنگاریی کاریگەریی عەرەبی کەنداو و پشتیوانیکردن لەو هەڵوێستانەی کە سیاسەتەکانی ناوچەیی

ئەمریکا و سعودیە ئاڵۆز دەکەن[٣٦]. ئەم ڕەهەندە ناوچەییە ناکۆکی خاکیی دوولایەنە بۆ پێکهاتەیەکی دژوازی جیۆپۆلەتیکی گەورەتر دەگۆڕێت.
پاڵپشتی گشتی سعودیە بۆ هەڵوێستی کوێت، لەوانەش لێدوانی هاوبەش کە داوای پابەندبوونی عێراق بە ڕێککەوتننامەی ساڵی (٢٠١٢) دەکات، ڕەنگدانەوەی نیگەرانییە فراوانەکانی سعودیە سەبارەت بە کاریگەریی ئێران لە عێراق و گرنگی پاراستنی یەکگرتوویی هاوپەیمانیی لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبی کەنداودا دەنوێنێت. بەم پێیە ناکۆکییەکە بەستێنێکە بۆ سیستەمی هاوپەیمانیی ناوچەیی و توانای دەسەڵاتە دەرەکییەکان بۆ کاریگەریی دانان لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییە خاکییەکان دەخاتەڕوو.
هەروەها تێوەگلانی هێزە ناوچەییەکان هەوڵەکانی چارەسەرکردن لە دەرەوەی پرسە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و کوێت ئاڵۆزتر دەکات. کاتێک ناکۆکییە خاکییەکان دەبنە بریکاریی بەریەککەوتنی ناوچەیی فراوانتر، گەیشتن بە چارەسەری ئاشتییانە قورستر دەبێت، چونکە ڕەنگە وەک سەرکەوتن یان شکست بۆ بلۆکە ناوچەییە پێشبڕکێکارەکان سەیربکرێت نەک چارەسەرکردنی پراکتیکی پرسە ناوچەییە ناوخۆییەکان.

### ٣,٤. ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان و دەستێوەردانی دیپلۆماسیی:

ڕۆڵی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان لە کێشەی خۆر عەبدوڵلادا، ڕەنگدانەوەی میراتی ئاڵۆزی ڕێکخستنەکانی دوای شەڕی کەنداو و بەردەوامیی تێوەگلانی نێودەوڵەتییە لە پرسە ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ڕۆڵی مێژوویی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دامەزراندنی چوارچێوەی سنوور لەڕێگەی بڕیارنامەی (٨٣٣) هەم دەرفەت و هەم بەربەست بۆ هەوڵەکانی نێوەندگیریی نێودەوڵەتی دروست دەکات. لە کاتێکدا چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان شەرعیەتی یاسایی بۆ ڕێکخستنی سنوورەکان دابین دەکات، بەڵام چەقبەستوویش دروست دەکات، کە ڕەنگە چارەسەرە گونجاوەکان بۆ گۆڕانی بارودۆخەکان ئاڵۆز بکات[٣٧].
هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناکۆکییەدا ڕەنگدانەوەی پابەندبوون و نیگەرانییە بەرفراوانەکانی هاوپەیمانیی ناوچەییە سەبارەت بە سەقامگیریی ناوچەکە. لەکاتێکدا لەڕێگەی چوارچێوە یاساییەکانی ئێستاوە بە فەرمی پشتگیریی لە چارەسەری ئاشتیانە دەکات، ئەمریکا بۆ پاراستنی پەیوەندییەکانی هاوپەیمانیی لەگەڵ هەردوو حکومەتی عێراق و هاوبەشە عەرەبییەکانی کەنداو ڕووبەڕووی گوشاری هاودژ دەبێتەوە. ئەم کردەوە هاوسەنگکردنە ئەو ئالنگارییانە دەخاتە ڕوو کە ڕووبەڕووی دەسەڵاتە دەرەکییەکان لە ناکۆکییە خاکییەکاندا دەبنەوە، کە چەندین دەوڵەتی هاوپەیمان یان هاوبەشیان تێدایە.
ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکە بەگشتی لەڕێگەی چوارچێوە یاساییە هەبووەکانەوە پشتگیرییان لە چارەسەرکردن کردووە، لە هەمان کاتدا خۆیان لە

لایەنگریکردن لە کێشە جەوهەرییە خاکییەکان بەدوور گرتووە. ئەم ڕێبازە ڕەنگدانەوەی پەسەندکردنی نێودەوڵەتیی بۆ سەقامگیری و پێشبینیکردنی یاسایی لە ناکۆکییە خاکییەکان فراوانترە، بەڵام ڕەنگە کاریگەریی نێوەندگیریی نێودەوڵەتیی سنووردار بکات، ئەگەر هەڵوێستە یاساییەکان ڕێگایەک بۆ ئاشتی و پێکهاتن نەهێڵنەوە.

## ٥. شرۆڤەی ئابووری و کاریگەرییە ستراتیژییەکان

### ٥.١. گرنگی ئابووری خور عەبدوڵلا بۆ عێراق:

ڕەهەندە ئابوورییەکانی ناکۆکی خۆر عەبدوڵلا بۆ عێراق بۆ تێگەیشتن لە بەردەوامی و چەقبەستوویەکەی بنەڕەتین، ڕێڕەوی ئاوی پێناسەی ڕێڕەوی سەرەتایی گەیشتن بە دەریایە بۆ بەندەرەکانی بازرگانیی سەرەکیی ئوم قەسر و خور ئەلزوبەیر، کە زۆرینەی بازرگانیی نێودەوڵەتیی عێراق بەڕێوەدەبەن[٣٨]. گرنگی ئابووریی بەندەرەکان لە ساڵی (٢٠٠٣) ەوە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە، بەهۆی ئەوەی ئابووری عێراق تادێت زۆرتر وابەستەی بازرگانیی نێودەوڵەتیی دەبێت، هەم بۆ هاوردەکردنی کەلوپەلی سەرەکی و هەم بۆ هەناردەکردنی نەوت و کاڵاکانی تر.

> **"بناغە مێژووییەکانی ناکۆکی خور عەبدوڵلا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنە ئاڵۆزەکانی سنووری کۆلۆنیالیزم و پاش کۆلۆنیالیزم لە ناوچەی کەنداو"**

ئاوەدانکردنەوەی ئابووریی عێراق لەدوای (٢٠٠٣) گرنگییەکی زۆری بە پاراستنی ڕێگەی دەریایی نێودەوڵەتی بەبێ سنوور داوە. هەر سنووردارکردنێک بۆ گەشتکردن بە کەشتیوانی لەڕێگەی خۆر عەبدوڵلایەوە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر تێچووی بازرگانیی عێراق و توانای کێبڕکێی ئابووریی عێراق هەبێت، بەتایبەتی بۆ بارهەڵگر و گوژمە کاڵاکانی هەستیار بە کات، کە پێویستە لە زووترین کات و کەمترین ماوەدا بگەنە بازاڕ و دەستی بەکارهێنەر. بەمشێوەیە ناکۆکییەکە دەست دەخاتە سەر پرسیارە بنەڕەتییەکانی سەروەریی ئابووری و توانای عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی گەشەسەندنی ئابووریی خۆی.

قووڵی و تایبەتمەندییە سروشتییەکانی ڕێڕەوی ئاوەکە، وایکردووە کە بەتایبەتی بۆ گەشتی کەشتییە گەورەکان بەنرخ بێت، ئەمەش لەڕێگا جێگرەوەکان کە ڕەنگە لە ڕێگەی ئاوە هەرێمییەکانی ئێرانەوە بەردەست بن جیای دەکاتەوە. ئەم سوودە جوگرافییە بەو مانایەیە کە پاراستنی سەروەریی تەواو بەسەر خۆر عەبدوڵلادا کاریگەریی لە دەرەوەی کۆنترۆڵی

هەرێمیی یان خاکیی ڕەمزی هەیە، کاریگەریی لەسەر توانا ئابوورییە کردارییەکانی عێراق و توانای گەشەسەندنی بەردەوام و سەقامگیر هەیە.

**٢,٥. بەرژەوەندییە ئابووریی و ئەمنییەکانی کوێت:**

بۆ کوێت، ڕێڕەوی ئاوی خور عەبدوڵڵا هەم سەرمایەیەکی ئابووری و هەم دەرخەری لاوازییەکی ئەمنییە. هەڵوێستی کوێت لەم ناکۆکییەدا ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکانە سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی کەشتیوانی کە پشتگیریی لە بازرگانیی دەریایی خۆی دەکەن. هەروەها ڕەچاوکردنی ستراتیژیی فراوانتر سەبارەت بە یەکپارچەیی خاک و ئاسایشی ناوچەکە. ڕێککەوتنی کەشتیوانی ساڵی (٢٠١٢) بە شێوەیەک داڕێژرابوو کە مافی دەستڕاگەیشتن بۆ کوێت دەستەبەر کراوە، لە هەمان کاتدا دامەزراندنی میکانیزمی هاوکاریی چالاکی و ئۆپەراسیۆن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراقدا مسۆگەربکات[٣٩].

هەروەها بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی کوێت لەم ناکۆکییەدا پەیوەندیی بە پرۆژەی پەرەپێدانی ناوچەیی فراوانتر و وەبەرهێنانی ژێرخانی دەرییایەوە هەیە. پاراستنی کاریگەریی لەسەر ڕێکخستنەکانی کەشتیوانی لە خۆر عەبدوڵڵا ڕەنگە بۆ پاراستنی وەبەرهێنانەکانی ئێستا و دڵنیابوون لە ڕۆڵی بەردەوامی کوێت لە بازرگانیی دەریایی ناوچەییدا وەک گرنگ سەیر بکرێت. چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەی بەندەری جێگرەوە و پرۆژەکانی ژێرخانی دەریایی، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر توانای کوێت هەبێت[٤٠].

ڕەچاوکردنی ئەمنی ئاڵۆزییەکی زیاتر بۆ نرخاندنە ئابوورییەکانی کوێت زیاد دەکات. ئەزموونی لەشکرکێشی عێراق لە ساڵی (١٩٩٠) نیگەرانی بەردەوامی سەبارەت بە لاوازی خاک و پێویستی پاراستنی سنوورە ڕوون و دانپێدانراوە نێودەوڵەتییەکانی دروست کردووە. لەم ڕوانگەیەوە ڕێککەوتنی کەشتیوانی نەک تەنها پێنوێنی ڕێکخستنێکی ئابووری، بەڵکو میکانیزمێکی ئەمنیش بۆ ڕێگریکردن لە ناکۆکییە خاکییەکانی داهاتوو مسۆگەردەکات.

**٣,٥. یەکگرتنی ئابووریی ناوچەیی و ئاسایشی وزە:**

ناکۆکی خور عەبدوڵڵا لە چوارچێوەی بەرفراوانی هەوڵەکانی یەکگرتنی ئابووریی ناوچەی و ڕەچاوکردنی ئاسایشی وزە لە کەنداوی عەرەب/فارسدا ڕوودەدات. پێگەی ستراتیژیی ڕێڕەوی ئاوەکە وا دەکات پەیوەندیی بە ڕێڕەوەکانی گواستنەوەی وزەی ناوچەیی و پرۆژە ژێرخانییە ئەگەرییەکانەوە هەبێت، کە سەرچاوەکانی وزەی عێراق بە بازاڕە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ببەستنەوە. چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە دەتوانێت بۆ زیادکردنی هاوکارییە ئابوورییەکان و یەکگرتنی نێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێی کەنداو ئاسانکاریی بکات.

هەروەها ئەم ناکۆکییە لەگەڵ کێشەی فراوانتر سەبارەت بە ئاسایشی وزەی ناوچەیی و

پەرەپێدانی ڕێگاکانی گواستنەوەی جێگرەوە بۆ هەناردەکردنی وزەی کەنداو یەکدەگرێتەوە. ڕۆڵی پۆتانسیێلی عێراق وەک ڕێڕەوێکی وزە کە سەرچاوەکانی وزەی ئاسیای ناوەڕاست و ئێران بە بازاڕە جیهانییەکانەوە دەبەستێتەوە، دەکرێت کاریگەریی چارەسەرکردنی مافەکانی کەشتیوانی لە خۆر عەبدوڵلا هەبێت، ئەمەش کاریگەرییەکانی ناکۆکییەکە دەخاتە دەرەوەی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی عێراق و کوێتەوە.

> **"لەشکرکێشی عێراق بۆ سەر کوێت لە ئابی ١٩٩٠ لە بنەڕەتدا بەستێنی یاسایی و سیاسی کێشەی خور عەبدوڵڵای گۆڕی. حکومەتی سەدام حوسێن بەشێکی لە ڕێگەی بانگەشە و خواستی خاکیی مێژووییەوە ڕەوایەتی بەو لەشکرکێشییە دا، لەوانەش جەختکردنەوە سەبارەت بە دیاریکردنی شوێنی کوێت لە سنوورە مێژووییەکانی عێراقدا"**

دەستپێشخەرییەکانی یەکخستنی ئابووریی ناوچەیی، لەوانەش پەیوەندییە ئەگەرییەکانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو لەگەڵ عێراق و چوارچێوە فراوانەکانی هاوکاریی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕەنگە بەهۆی کێشەی خاکیی و سنووریی چارەسەرنەکراوەوە ئاڵۆزتر بن. بەم پێیە پرسی خۆر عەبدوڵلا هەم بەربەستێکە لەبەردەم یەکگرتنی ناوچەیی و هەم دەرفەتێکە بۆ نیشاندانی میکانیزمی کاریگەرانەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، کە دەتوانێت پشتگیریی لە هەوڵەکانی هاوکاریی فراوانتر بکات.

**٦. شرۆڤەی بەراوردکاریی لەگەڵ ناکۆکییە هاوشێوەکان**

**٦.١. کەیسی دیاریکردنی سنوورداری دەریایی قەتەر-بەحرەین:**

بڕیاری یەکلاکەرەوەی دادگای نێونەتەوەیی داد لە ناکۆکییەکانی دەستنیشانکردنی سنووری دەریایی قەتەر لە بەرانبەر بەحرەیندا، تێڕوانینێکی گرنگی بەراوردکاریی بۆ شیکردنەوەی ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەگەری بۆ دۆسیەی خۆر عەبدوڵلا دەخاتەڕوو. ڕێچکەی دادوەریی دادگای نێونەتەوەیی داد جەختی لە پشکنینی وردی شێوازەکانی بەکارهێنانی مێژوویی، هۆکارە جوگرافییەکان و بنەما یەکسانەکان لە دیاریکردنی سنوورە دەرياییەکان و مافەکانی کەشتیوانیدا کردەوە[٤١].

هەروەها دۆسیەی قەتەر و بەحرەین گرنگی دۆزینەوەی ڕاستی گشتگیر و شیکاریی تەکنیکی پسپۆڕانە لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە دەریاییە ئاڵۆزەکاندا نیشان دەدات. پشتبەستنی دادگا

بە لێکۆڵینەوە جوگرافییە وردەکان، بەڵگەنامە مێژووییەکان و ئیفادەی پسپۆڕان، ئەوە پیشان دەدات کە چارەسەرکردنی کاریگەرانەی ناکۆکییەکانی خۆر عەبدوڵلا ڕەنگە پێویستی بە شیکاریی تەکنیکی گشتگیریی هاوشێوە هەبێت نەک دانوستانێکی تەنیا دیپلۆماسی.
هەروەها چارەسەرکردنی سەرکەوتووانەی ناکۆکی قەتەر و بەحرەین لەڕێگەی دادوەری نێودەوڵەتییەوە کاریگەریی پۆتانسێلی دامەزراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە خاکییەکانی نێوان دەوڵەتانی عەرەبیدا دەردەخات، ئەمەش مۆدێلێکی پۆتانسێل بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی خور عەبدوڵلا لە ئەگەری بێ ئاکام بوونی دانوستان و دیپلۆماسییدا، دابین دەکات.

### ٢,٦. کەیسی کەناڵی کۆرفو:

بڕیارەکەی دادگای نێونەتەوەیی داد لە دۆسیەی کەناڵی کۆرفودا بنەما بنەڕەتییەکانی سەبارەت بە مافەکانی کەشتیوانی لە ڕێڕەوی ئاوی ناکۆکدا جێگیرکرد، کە تا ئێستاش پەیوەندییان بە کێشەی خۆر عەبدوڵلاوە هەیە. جەختکردنەوەی دادگا لەسەر بنەمای تێپەڕبوونی بێ کێشە و قەدەغەکردنی ڕێگریکردن لە هاتووچۆ لە کەناڵە نێودەوڵەتییەکانی کەشتیوانی دەوڵەتان، پێشینەیەکی یاسایی گرنگ بۆ شیکردنەوەی داواکارییە هاودژەکان دابین دەکات[٤٢].
هەروەها کەیسی کەناڵی کۆرفو بنەمای گرنگی سەبارەت بە بەرپرسیارێتیی دەوڵەت بۆ دڵنیابوون لە کەشتیوانی بێ کێشە و بێ زیان لە ئاوە هەرێمییەکان و پابەندبوون بە پێشکەشکردنی ئاگادارکردنەوەی گونجاو لە سنووردارکردن یان مەترسییەکانی کەشتیوانی دامەزراند. ئەم بنەمایانە بۆ خۆر عەبدوڵلا دەتوانن بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە کردارییەکانی هەر ڕێککەوتنێکی کەشتیوانی لە داهاتوودا پەیوەندیدار بن.
جەختکردنەوەی دۆسیەکە لەسەر هاوسەنگکردنی سەروەریی دەوڵەتی کەنار دەریاکان لەگەڵ مافەکانی کەشتیوانی نێودەوڵەتیی، چوارچێوەیەک بۆ شیکردنەوەی چارەسەرە ئاشتییانە ئەگەرییەکان دابین دەکات، کە دەتوانێت هەم خواستی خاکیی عێراق و هەم بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کەشتیوانی لە خور عەبدوڵلا بپارێزێت.

### ٣,٦. ڕۆمانیا لە بەرانبەر دیاریکردنی سنووری دەریایی ئۆکرانیا:

دۆسیەی دیاریکردنی سنووری دەریایی ڕۆمانیا و ئۆکرانیا لە دەریای ڕەشدا، کە لەم دواییانەدا لەبەردەم دادگای نێونەتەوەیی داد پێسکەشکرا، ڕێبازە هاوچەرخەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە ئاڵۆزەکانی سنووری دەریایی نیشان دەدات، کە چەندین هۆکاری جوگرافی و یاسایی لەخۆدەگرێت. میتۆدۆلۆژیای دادگا لەسەر بنەمای هۆکارە جوگرافی و مێژوویی و ئابوورییەکان، کە جەخت لەسەر چارەسەری دادپەروەرانە دەکاتەوە، چوارچێوەیەکی

کرداریی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی خور عەبدوڵڵا دابین دەکات[٤٣].
هەروەها کەیسی ڕۆمانیا و ئۆکرانیا گرنگی شیکاریی تەکنیکی ورد و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای جوگرافی و کەشتیوانی مۆدێرن لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە دەریاییەکان دەخاتەڕوو. پشتبەستنی دادگا بە شیکاریی جوگرافیای ئاڵۆز، ئەوە پیشان دەدات کە چارەسەرکردنی کێشەی خۆر عەبدوڵڵا ڕەنگە سوود لە ڕێبازە تەکنیکییە هاوشێوەکان وەربگرێت.

### ٧. ڕێگاکانی چارەسەری ئاشتییانە

### ٧.١. چارەسەرە یاساییەکان:

چەندین ڕێڕەوی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خۆر عەبدوڵڵا هەیە، هەریەکەیان کاریگەریی جیاوازیان لەسەر پەیوەندیی فراوانتری عێراق و کوێت و سەقامگیریی ناوچەکە هەیە. بڕیاری دەستووری لە ناوخۆی عێراقدا دەتوانێت بریتیبێت لە پەسەندکردنی پەرلەمان بۆ ڕێککەوتنێکی هەموارکراوی کەشتیوانی، کە نیگەرانییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی دەخاتەڕوو، لە هەمان کاتدا هاوکاریی چالاکی پراکتیکی لەگەڵ کوێت دەپارێزێت.

> **"بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە ئەیلوولی "٢٠٢٣"، کە ڕێککەوتنی کەشتیوانی ساڵی "٢٠١٢"ی بە نادەستووری ناساند، پێشکەوتنێکی بەرچاوە لە بەریەککەوتنی یاسای دەستووری ناوخۆیی و پابەندییەکان بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان"**

چارەسەرکردنی یاسایی نێودەوڵەتیی لەڕێگەی دادوەری دادگای نێونەتەوەیی دادەوە ڕێڕەوێکی دیکە پێشکەش دەکات، بەتایبەتی ئەگەر دانوستانەکانی دوولایەنە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە یاساییە بنەڕەتیانەی کە بەهۆی ناکۆکییەکەوە وروژێنراون نەگەیشتنە ئەنجام.
هەروەها ڕێبازە تێکەڵەکان کە ڕێکارە دەستورییە ناوخۆییەکان لەگەڵ چوارچێوە یاساییە نێودەوڵەتییەکان تێکەڵ دەکەن، دەتوانن ڕێڕەوی چارەسەرکردن دابین بکەن. ئەم جۆرە ڕێبازانە ڕەنگە بریتیبن لە پەسەندکردنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن پەرلەمانەوە بە ڕێکارە دەستوورییە تایبەتەکان، کە بۆ چارەسەرکردنی نیگەرانییەکانی سەروەریی داڕێژراون و لە هەمان کاتدا پابەندبوونی یاسایی نێودەوڵەتی دەپارێزن.

### ٧.٢. چارەسەری دیپلۆماسی و سیاسی:

نوێبوونەوەی دانوستانی دوولایەنە وەک ئەگەریترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەمێنێتەوە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هەردوو دەوڵەت لە پاراستنی پەیوەندییە هاوبەشە فراوانەکان. پێدەچێت ئەم جۆرە دانوستانە پێویستی بە چارەسەرکردنی هەردوو پرسە پراکتیکییە ئۆپەراسیۆنییەکان هەبێت، کە بۆ ڕێککەوتنە ڕەسەنەکەی ساڵی (٢٠١٢) پاڵنەر بوون و ئەو نیگەرانییە دەستوریانەی کە بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق وروژێنراون.

نێوەندگیریی ناوچەیی لەڕێگەی چوارچێوەی کۆمکاری عەرەبی یان هاوکاریی کەنداو، دەتوانێت سەرچاوەی دیپلۆماسیی زیاتر بۆ هەوڵەکانی چارەسەرکردن دابین بکات. لوتکەی کۆمکاری عەرەبی دەتوانێت مەکۆیەک بۆ بەشداریکردنی دیپلۆماسی ئاستی باڵا لەسەر ئەو ناکۆکییە دابین بکات، هەرچەندە ڕەنگە بە سیاسیکردنی ئەو پرسە ئەم جۆرە هەوڵانە ئاڵۆزتر بکات.

نێوەندگیریی نێودەوڵەتیی لەڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان یان دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، دەتوانێت ئاسانکاریی بێلایەن بۆ دانوستانەکانی دوولایەنە دابین بکات. ڕۆڵی مێژوویی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دامەزراندنی چوارچێوەی سنوور لەڕێگەی بڕیارنامەی (٨٣٣) دەتوانێت شەرعیەت بۆ بەردەوامیی بەشداریکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵەکانی چارەسەرکردندا دابین بکات.

### ٧.٣. کاریگەرییەکانی یەکگرتنی ناوچەیی درێژخایەن:

دواجار چارەسەری ناکۆکی خور عەبدوڵلا دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەوڵە فراوانترەکانی یەکگرتنی ناوچەیی و پەرەپێدانی میکانیزمە ئەمنیەتییە هاوبەشەکان لە کەنداودا هەبێت. چارەسەری سەرکەوتوو دەتوانێت کاریگەریی میکانیزمە دیپلۆماسی و یاساییەکان بۆ بەڕێوەبردنی ناکۆکییە خاکییەکان نیشان بدات و هاندەری دەستپێشخەرییە هاوبەشە فراوانەکان بێت.

هەروەها چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر یەکگرتنی عێراق لەگەڵ چوارچێوە ئابووری و ئەمنییە ناوچەییەکان هەبێت، ئەمەش بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئاسانکاریی بۆ زیادکردنی هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی کەنداو و دەستپێشخەرییە بەرفراوانەکانی یەکگرتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. بە پێچەوانەوە، ناکۆکی درێژخایەن دەتوانێت ئەم جۆرە هەوڵانەی یەکگرتن ئاڵۆز بکات و بژاردە دیپلۆماسییە ناوچەییەکانی عێراق سنووردار بکات.

## ٨. ئەنجام

ناکۆکی عێراق و کوێت لەسەر خۆر عەبدوڵڵا پێنوێنی بەریەککەوتنی ئاڵۆزی فاکتەرە یاسای، سیاسی، ئابووری و مێژووییەکانە کە ئالنگارییەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی خاکیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا نیشان دەدات. ناکۆکییەکە لە پرسێکی سنووری دوای جەنگی کەنداوەوە بۆ ململانێیەکی فرەلایەن پەرەی سەندووە، کە دەست دەخاتە سەر پرسە بنەڕەتییەکانی سەروەریی دەوڵەت، یاسای دەستووریی، پابەندکارییەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی و بزۆزیی ئاسایشی ناوچەکە.

> " ناکۆکی خور عەبدوڵڵا بە قووڵی لە دیمەنە سیاسییە ناوخۆییەکانی هەردوو وڵاتی عێراق و کوێتدا چەسپاوە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شەرعیەتی حکومەت و پشتیوانی گشتی هەیە. لە عێراقدا، ناکۆکییەکە لەلایەن کوتلە سیاسییە جیاوازەکانەوە بە ئامرازێك کراوە بۆ نیشاندانی مۆرکی ناسیۆنالیستی و بەرەنگاربوونەوەی فشارە دەرەکییە هەستپێکراوەکان"

ڕەهەندە یاساییەکانی ئەم ناکۆکییە تیشک دەخەنە سەر گرژییە بەردەوامەکانی نێوان مەرجە دەستوورییە ناوخۆییەکان و دەرباسدارییە یاساییە نێودەوڵەتییەکان لە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی دوای ململانێدا. بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بۆ بە نادەستووری ناساندنی ڕێککەوتنی کەشتیوانی ساڵی (٢٠١٢)، پێشینەیەکی بەرچاوی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان یاسا ناوخۆییەکان و پابەندی و بەڵێنەکانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دروستکردووە، کە کاریگەرییەکانی زۆر زیاتر لە پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی عێراق و کوێت درێژدەبێتەوە.

لەڕووی سیاسییەوە، ناکۆکییەکە لەناو نەخشە فراوانەکانی پێشبڕکێی ناوچەیی و یەکخستنی سیاسیی ناوخۆییدا چەسپاوە، ئەمەش هەوڵەکانی چارەسەرکردن بە بەرزکردنەوەی گرەوەکان لە دەرەوەی بەرژەوەندییە دوولایەنە دەستبەجێیەکانی ئاڵۆزتر کردووە. تێوەگلانی زلهێزە ناوچەییەکان، بەتایبەتی ئێران و سعودیە، ناکۆکییەکی خاکیی ناوخۆیی بۆ پێکهاتەیەکی دژوازی جیۆپۆلەتیکی فراوانتر گۆڕیوە، ئەمەش وایکردووە بەدیهێنانی چارەسەری سازش قورستر بێت.

لەڕووی ئابوورییەوە ئەم ناكۆكییە ڕەنگدانەوەی پرسی بنەڕەتییە سەبارەت بە گەشەسەندنی ئابووریی دوای ساڵی (٢٠٠٣)ی عێراق و تێکەڵبوونی لەگەڵ بازاڕە ناوچەیی و جیهانییەکان. گرنگی ستراتیجی خور عەبدوڵڵا وەک ڕێڕەوی سەرەکیی گەیشتن بە دەریا بۆ عێراق بەو مانایەیە کە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر توانا ئابوورییەکانی عێراق و ئاسۆی یەکگرتنی ئابووریی ناوچەکە دەبێت.

شیکاریی مێژوویی ئەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن ڕێکخستنی سنوورەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیزم و هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەی دوای ململانێ، هەلومەرجی پێکهاتەیی بۆ ناکۆکییە خاکییەکان دروستکردووە، کە لە چەندین نەوەی سەرکردایەتیی سیاسیدا بەردەوامن. بەم پێیە ناكۆكییەكە نەک تەنیا دەرخەری ئاڵنگاریی سیاسەتی هاوچەرخە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی نەخشە مێژوویيە قووڵەکانە لە پێکهاتنی خاکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەشەپێدانی دەوڵەتدا.

شرۆڤەی بەراوردکاریی لەگەڵ ناکۆکییە دەریاییە هاوشێوەکاندا، هەم ئاڵنگارییەکان و هەم دەرفەتەکانی چارەسەرکردن لەڕێگەی میکانیزمە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی ئێستاوە نیشان دەدات. لە کاتێکدا ئاڵۆزی کێشەی خۆر عەبدوڵڵا بەربەستی بەرچاو لەبەردەم چارەسەرکردندا دەخاتەڕوو، دادوەری نێودەوڵەتیی سەرکەوتووانەی کەیسە هاوشێوەکان، هاندەرێکە بۆ ڕێگاکانی چارەسەرکردنی یاسایی.

ئەگەر لە داهاتوو بنوارنرێت، پێدەچێت چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە پێویستی بە ڕێبازی گشتگیر هەبێت، کە لە یەک کاتدا ڕەهەندە یاسای، سیاسی و ئابوورییەکان بخاتەڕوو. ڕێکارە دەستوورییەکان لە ناوخۆی عێراق، نوێکردنەوەی دانوستانی دوولایەنە و ئەگەری نێوەندگیریی یان دادوەری نێودەوڵەتیی، هەموویان ڕۆڵی گرنگ لە هەوڵەکانی چارەسەرکردنی دواجاردا بگێڕن.

کاریگەرییە بەرفراوانەکانی ناکۆکییەکە بۆ پرسەکانی بیناکردنی ئاسایشی ناوچەکە درێژدەبێتەوە، کاریگەریی یاسای نێودەوڵەتیی لە بەڕێوەبردنی ململانێ خاکییەکان و ئاسۆی یەکگرتنی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەو پێشینەیەی کە بەهۆی چارەسەرکردنی کۆتایی ناکۆکییەکانەوە دامەزراوە، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ڕێبازەکانی ناکۆکییە خاکییەکان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا هەبێت و بەشداری لە پەرەپێدانی میکانیزمی کاریگەرتر بۆ ڕێگریکردن و چارەسەرکردنی ناکۆکی بکات.

بەم پێیە ناکۆکی خور عەبدوڵڵا هەم وەک ئاڵنگارییەکی بەرچاوە بۆ پەیوەندییەکانی عێراق و کوێت و سەقامگیریی ناوچەکە، هەم وەک دەرفەتێکە بۆ نیشاندانی کاریگەریی میکانیزمە دیپلۆماسی و یاسایی و دامەزراوەییەکان، بۆ چارەسەرکردنی ململانێ ئاڵۆزە خاکییەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا. چارەسەری کۆتایی ئەم ناکۆکییە تێڕوانینێکی گرنگ لەبارەی پەرەسەندنی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێکخستنە ئەمنییەکانی ناوچەکە و ئەگەرەکانی

چارەسەرکردنی ئاشتییانەی ناکۆکی خاکیی لە یەکێک لە گرنگترین ناوچەکانی جیهان لەڕووی ستراتیژییەوە پێشکەشدەکات.

1 - International Crisis Group. (2025). Maritime Disputes Cast a Pall over Iraq-Kuwait Relations. https://www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/gulf-and-arabian-peninsula/iraq-kuwait/maritime-disputes-cast-pall-over-iraq-kuwait-relations

2 - Idris، A. F. (2025). The issue of the Khor Abdullah between Iraq and Kuwait – between sovereignty and international obligation. University of Mosul Faculty of Law. https://uomosul.edu.iq/en/rights/2025/07/26/the-issue-of-the-khor-abdullah-between-iraq-and-kuwait

3 - The National. (2025). The Khor Abdullah waterway: Navigation deal or border surrender? https://www.thenationalnews.com/news/mena/2025/08/01/the-khor-abdullah-waterway-navigation-deal-or-border-surrender/

4 - Trinidad، J. (2024). Tensions between Iraq and Kuwait over the Khor Abdullah channel. E-International Relations. https://www.e-ir.info/2024/02/20/iraqs-tensions-with-kuwait-over-the-khor-abdullah-channel/

5 - Iraq Business News. (2023). The Iraqi Supreme Federal Court's Nullification of the Khor Abdullah Agreement: Reshaping Iraq-Kuwait Maritime Boundaries and Sovereignty. Iraq Business News. https://www.iraq-businessnews.com/2023/09/19/reshaping-iraq-kuwait-maritime-boundaries-and-sovereignty/

6 - Territorial Dispute

7 - Al-Estiklal. (2025). Why is the Iraq-Kuwait border dispute back just before the Baghdad summit? Al-Estiklal. https://www.alestiklal.net/en/article/why-is-the-iraq-kuwait-border-dispute-back-just-before-the-baghdad-summit

8 - Shafaq News. (2025). Iraqi committee pushes for Kuwait's ban from Arab Summit over Khor Abdullah. Shafaq News. https://shafaq.com/en/Iraq/Iraqi-committee-pushes-for-Kuwait-s-ban-from-Arab-Summit-over-Khor-Abdullah

9 - Bishku، M. B. (1991). Iraq's claim to Kuwait: A historical overview. Middle East Policy، 1(2). https://doi.org/10.1111/j.1475-4967.1991.tb00100.x

10 - Arab Gulf States Institute. (2025). Iraq and Kuwait close the file on reparations، look to open a new chapter. AGSI Analysis. https://agsi.org/analysis/iraq-and-kuwait-close-the-file-on-reparations-look-to-open-a-new-chapter/

11 - United Nations. (1993). Security Council Resolution 833 (1993) on Iraq-Kuwait boundary demarcation. UN Document S/RES/833. New York: UN Security Council. https://www.refworld.org/legal/resolution/unsc/1993/en/65694

12 - The New Arab. (2025). Iraq and Kuwait resume border talks despite rising domestic back-

lash. The New Arab https://www.newarab.com/news/iraq-kuwait-resume-border-talks-despite-rising-backlash
13 - Zwain، F. M. F. (2023). The problem of installing borders Iraq with the state of Kuwait. European Scholar Journal، 4(10)، 86-94. https://www.scholarzest.com
14 - United Nations Convention of the Law of Sea
15 - Innocent Passage
16 - Article 17: Right of innocent passage - Subject to this Convention، ships of all States، whether coastal or land-locked، enjoy the right of innocent passage through the territorial sea.
مادەی ١٧: مافی تێپەڕبوونی بێ کێشە - بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، کەشتیەکانی هەموو دەوڵەتان، جا کەنار دەریاکان بن یان دوورە دەریا، لەمافی تێپەڕینی بێ کێشە واتە بێ زیان لە دەریای هەرێمییدا بەهرەمەندن.
١٧ - جار الله، علي عبد الحسين. (بلا تاريخ). حقوق العراق في المالحة البحرية طبقا التفاقية خور عبدالله وانعكاساتها الدوليةمجلة ميسان للدراسات القانونية المقارنة، ١(7)، ٣٥٢-٣٧٢
18 - Jarallah، A. A. H. (n.d.). Iraq's rights to maritime navigation according to the Khor Abdullah Agreement and its international implications. Misan Journal for Comparative Legal Studies، 7(1)، 352–364. University of Misan، College of Law.
19 - Nonneman، G.، & Schofield، R. (1992). Kuwait and Iraq: Historical claims and territorial disputes. International Affairs، 68(1). https://doi.org/10.2307/2620546
٢٠ - Trinidad، J. (2024)، op cit.
٢١ - دەستووری (٢٠٠٥) کۆماری فیدراڵی عێراق
٢٢ - جبر، ح. ح. (٢٠٢٥). إلغاء المحكمة الاتحادية العراقية لاتفاقية خور عبد الله مع الكويت وأثرها في مستقبل العلاقات بين البلدين . مجلة دراسات البصرة. *20*(59)، 193–233.
٢٣ - Zidan، F. (2025). Official statement on the constitutional review of the 2012 Iraq-Kuwait navigation agreement. Iraq Federal Supreme Court Official Communications. Baghdad: Iraqi Judicial Authority. https://www.iraq-businessnews.com/2025/07/25/judge-zidan-statement-on-khor-abdullah-dispute-ibn-explainer/
٢٤ - مادەی چوارەم برگەی (٦١) لە دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) (ئەنجوومەنی نوێنەران بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی پرۆسەی پەسەندکردن و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بە یاسایەک کە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی دەرچووە).
بەپێی ماددەی (١٧)ی یاسای پەیماننامەکانی عێراق ژمارە: (٣٥)ی ساڵی (٢٠١٥)، پەیماننامەیەک پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەران هەیە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی. ئیستسنای ئەم مەرجە بریتین لە (پەیماننامە سنوورییەکان، پەیماننامەکانی کاریگەری لەسەر سەروەری خاکی عێراق، پەیماننامەکانی ئاشتی، پەیماننامەکانی هاوپەیمانی سیاسی، ئەمنی و سەربازی، و پەیماننامەکانی دامەزراندنی یان پەیوەستبوون بە ڕێکخراوە هەرێمییەکان)، کە یاساکە بۆیان دیاری کراوە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ چوونە بواری جێبەجێکردنیان. هەموو ئەو جۆرە پەیماننامانە دەبێت لەلایەن سەرۆک کۆماری عێراقەوە پەسەند بکرێن بۆ ئەوەی ببنە پابەندکەر بۆ حکومەتی عێراق.
25 - Jarallah، A. A. H. (n.d.). Iraq's rights to maritime navigation according to the Khor Abdullah Agreement and its international implications. Misan Journal for Comparative Legal Studies،

7(1)، 352–364. University of Misan، College of Law.
26 - Article 27: Internal law and observance of treaties- A party may not invoke the provisions of its internal law as justification for its failure to perform a treaty. This rule is without prejudice to
مادەی ٢٧: یاسای ناوخۆ و پابەندبوون بە پەیماننامەکان - هیچ لایەنێک بۆی نییە وەک پاساوێک بۆ جێبەجێنەکردنی پەیماننامەیەک پەنا بۆ برگەکانی یاسای ناوخۆیی خۆی ببات. ئەم یاسایە مادەی (٤٦) پووچەڵ ناکاتەوە.
27 - Article 46: Provisions of internal law regarding competence to conclude treaties -1. A State may not invoke the fact that its consent to be bound by a treaty has been expressed in violation of a provision of its internal law regarding competence to conclude treaties as invalidating its consent unless that violation was manifest and concerned a rule of its internal law of fundamental importance.
2. A violation is manifest if it would be objectively evident to any State conducting itself in the matter in accordance with normal practice and in good faith.
مادەی ٤٦: برگەکانی یاسای ناوخۆیی سەبارەت بە لێهاتوویی بۆ ئەنجامدانی پەیماننامە
١- دەوڵەت ناتوانێت بە نادروست ئەو ڕاستییە پێناسە بکات کە ڕەزامەندی خۆی بۆ پابەندبوون بە پەیماننامەیەکەوە بە پێشێلکردنی برگەیەکی یاسای ناوخۆیی خۆی سەبارەت بە شیان و ژێهات بۆ پەسەندکردنی پەیماننامە دەربڕدراوە، مەگەر پێشێلکارییەکە ئاشکرا بووبێت و پەیوەندی بە ڕێسایەکی یاسای ناوخۆییەوە هەبێت کە گرنگییەکی بنەڕەتی هەبێت.
٢- پێشێلکارییەکی ئاشکرا کاتێک دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی بابەتیانە بۆ هەر دەوڵەتێک دیار بێت کە بە نیازپاکییەوە لەم بابەتەدا بەپێی پراکتیکی ئاسایی مامەڵە بکات.
28 - International Court of Justice. (2001). Maritime delimitation and territorial questions between Qatar and Bahrain (Qatar v. Bahrain). ICJ Reports 2001. The Hague: ICJ.
29 - International Court of Justice. (1949). Corfu Channel case (United Kingdom v. Albania). ICJ Reports 1949. The Hague: ICJ.
30 - International Court of Justice. (2009). Maritime delimitation in the Black Sea (Romania v. Ukraine). ICJ Reports 2009. The Hague: ICJ.
٣١ - ياسين، حسين مجيد عبد علي. (٢٠٢٠). الصراع الحدودي بين العراق والكويتالمجلة الحديثة للقانون والسياسة، ١(1)، ١٣١-١٦٠
32 - Shafaq News، 2025
33 - United Nations Security Council. (2022). The situation between Iraq and Kuwait. In Repertoire of the practice of the Security Council: 25th supplement (2022) (Part I، pp. 294-298). United Nations. http://www.un.org/en/sc/repertoire
34 - Trinidad، J. (2024).
35 - Iraq Business News، 2024
36 - Alwazzan، F. A. (2023). A background of historical borders agreements between Kuwait and Iraq. Kuwait Times.

٣٧ - یاسین، حسين مجيد عبد علي(٢٠٢٠).

38 - Idris، A. F. (2025).

39 - Jarallah، A. A. H. (n.d.). Iraq's rights to maritime navigation according to the Khor Abdullah Agreement and its international implications. Misan Journal for Comparative Legal Studies، 7(1)، 352–364. University of Misan، College of Law.

40 - Alqattan، M. E. A. (2024). The Kuwaiti blue economy and its potential obstacles. Marine Policy. https://doi.org/10.1016/j.heliyon.2024.e30975

41 - ICJ Reports 2001. (Qatar v. Bahrain).

42 - ICJ Reports 1949. Corfu Channel case (United Kingdom v. Albania).

43 - ICJ Reports 2009. Maritime delimitation in the Black Sea (Romania v. Ukraine).



# کێبرکێ و ململانێی تورکیا و ئیسرائیل بۆ هەژموونی ناوچەیی لە سوریا و ئەگەرەکانی داهاتوو

د. فەرەیدون صاڵح حمەزۆراب
پسپۆڕ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**پێشەکی:**

ململانێی سوریا یەکێکە لە ئاڵۆزترین قەیرانەکانی سەدەی بیستویەک، کە وڵاتەکەی بۆ گۆڕەپانێکی دابەشبوو گۆڕیوە، کە هێزە ناوچەی و جیهانییەکان تیایدا کێبڕکێ بۆ نفوز و باڵادەستیان دەکەن. دوابەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، ململانێکان لە سوریا نەک هەر نەیتوانیوە کۆتایی پێبێت، بەڵکو پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و بۆ ململانێی هەژموونی ناوچەیی لەنێو هێزە ئاست مامناوەندەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گۆڕاوە. تورکیا و ئیسرائیل لە دیارترین ئەو هێزە هەرێمیانەن کە ئەجێندای ئەمنی و تەماحی فراوانتر لە سوریا و ڕکابەرییەکانیان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە داڕشتنی نەزمی دوای ئەسەد دەگێڕن.

تورکیا کە بووەتە سەرەکیترین ئەکتەر لە سوریای دوای ئەسەد، بە پلەی یەکەم هەوڵدەدات ئەو وڵاتە بەجۆرێک دیزاین بکرێتەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجە ئەمنی و سیاسی و ئابووری و ستراتیجییەکانیدا یەکبگرێتەوە. تورکیا دەیەوێت ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بە ڕێگریکردن لە دروستکردنی هەرێمێک بۆ کورد بەدرێژایی سنووری باشووری وڵاتەکەی زامن بکات. هەروەها باڵادەستی و کاریگەریی لە باکووری سوریا بە پشتیوانیکردنی میلیشیا تورکمانەکان و هێزە عەرەبییە سوننەکان بهێنێتەدی. ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیدگای فراوانتری نیوعوسمانی ئەنقەرەیە، کە ئاواتەخوازە دەوڵەتێکی یەکگرتووی سوریا بنیات بنێت، کە لەگەڵ بەرژەوەندییە ئەمنی و ئایدیۆلۆژییەکانی هاوتەریب بێت.

لەبەرامبەردا ستراتیژیی ئیسرائیل لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنها هەڕەشەکانی ئێران و توانا سەربازییەکانی حزبوڵڵاوە بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێگرتن لە فراوانبوونی تورکیا و دەستەبەرکردنی لاوازی دەوڵەتی سوریا گۆڕاوە. ئیسرائیل سوریایەکی پارچەپارچەکراو یان کۆنفیدراڵی بە

دەسەڵاتێکی ناوەندیی لاواز دەخوازێت، کە دەتوانرێت بریکاری ناوخۆیی بۆ پاراستنی ناوچە پارێزراوەکان بە درێژایی بەرزاییەکانی جۆلان دامەزرێت. هەرچەندە ئەو دوو زلهێزە مۆدێلی جیاوازیی حوکمڕانی بۆ سوریا پەسەند دەکەن، بەڵام ئامرازی تاکتیکی هاوشێوەی وەک؛ دەستێوەردانی سەربازی، ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری، شەڕی بە وەکالەت و مانۆڕی دیپلۆماسی دەگرنەبەر. هەردوو هێز بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییان زۆنی ئارام یان ناوچەی نفوزیان لەباکور و باشوری ئەو وڵاتەدا دروستکردووە. هەریەکەیان نیگەرانی قووڵیان سەبارەت بە فراوانبوونی کاریگەرییەکانی ئەوی دیکە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بەدوور گرتووە. ململانێی تورکیا و ئیسرائیل بۆ باڵادەستی لە سوریادا خەریکە نەزمی ناوچەکە لە قاڵب دەداتەوە و بۆ ساڵانی داهاتوو وەک فاکتەری چارەنووسساز لە دیاریکردنی جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەمێنێتەوە.

### تەوەری یەکەم : ئامانج و ئەجێنداکانی تورکیا و ئیسرائیل لە سوریا

سوریا بووەتە گۆڕەپانێکی ڕکابەریی ناوچەی، بەجۆرێک هەر یەک لە تورکیا و ئیسرائیل هەوڵی بەدیهێنانی ئەجێندای هاوشێوە و جیاواز دەدەن. سوریا بۆ هەردووکیان تەنها وەک دراوسێیەکی قەیراناوی نییە، بەڵکو وەک گۆڕەپانێکی ستراتیژییە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و دیدگا ئایدیۆلۆژییەکانیان و خواستە ناوچەییەکانیان هەیە. ئەم بەشە لە ئامانجەکانی هەردوو وڵات لە چوارچێوەی مۆدێلی حوکمڕانی، ئەجێندای ئەمنی، ئاواتەکانی فراوانخوازی و بێمتمانەیی بەرامبەریەکتر دەکۆڵێتەوە.

#### ١. مۆدێلی حوکمڕانی لە سوریا: یەکگرتوویی لە بەرامبەر دابەشبوون:

ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد سوریای بۆ گۆڕەپانێکی کێبڕکێ و ململانێ گۆڕیوە، کە زلهێزە ناوچەییەکان هەوڵدەدەن نەزمی دوای جەنگ بەپێی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیان دابڕێژنەوە. تورکیا و ئیسرائیل دوو هێزی هەرێمی کاریگەرن> کە دیدگای جیاوازیان بۆ سوریای نوێ هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خواستە هەژموونگەرییە کێبڕکێکارەکانیانن. تورکیا بەردەوام داوای دەوڵەتێکی یەکگرتوو و مەرکەزی سوریا دەکات، کە بە درێژایی هێڵە نەتەوەیی یان تائیفییەکان توانای پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی هەبێت و ڕێگریی لە دابەشبوونی بکات[١]. لەم ڕووەوە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆککۆماری تورکیا دووپاتی کردەوە کە "پاراستنی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی خاکی سوریا لە هەموو بارودۆخێکدا هەڵوێستی نەگۆڕی تورکیایە"[٢]. خەمی سەرەکی ئەنقەرە، ئەگەری بەهێزکردنی گروپە کوردییەکانە لەڕێگەی ڕێکخستنە فیدراڵی یان کۆنفیدراڵییەکانەوە، کە ترسی ئەوەی هەیە ببێتە هاندەری خواستەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی لە سنوورەکانی تورکیادا. هاکان فیدان وەزیری دەرەوە لە

مانگی نیسانی "٢٠٢٥"دا ئەم هەڵوێستەی دووپاتکردەوە و ڕایگەیاند کە "لە سوریا ڕێگە بە هیچ پێکهاتەیەکی فیدراڵی نادرێت" و داوای هەڵوەشانەوەی گروپە چەکدارەکوردەکانی وەک یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" دەکات[٣]. سیاسەتی تورکیا ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاڤا و تێکەڵکردنی هێزەکانی سوریای دیموکراتە "هەسەدە" بە سوپای نیشتمانی سوریا و دانانی هەموو گروپە چەکدارەکان لەژێر دەسەڵاتی یەک دەوڵەتدا. لەم بارەوە هاکان فیدان لە نۆڤەمبەری "٢٠٢٥" ڕایگەیاند، "دەسەڵاتی هەڵگرتنی چەک و بەکارهێنانی هێز دەبێت تەنها بە دەست یەک دەوڵەتی شەرعی بدرێت"[٤]. ئەم دیدە ڕەنگدانەوەی پەسەندکردنی تورکیایە بۆ مۆدێلێکی ناوەندی و تاکڕەو، کە میراتی ئەسەد دەهێنێتەوە یاد، بەڵام بۆ پاراستنی سنوورەکانی و سەرکوتکردنی بزوتنەوەی کورد داڕێژراوە. بە پێچەوانەوە ئیسرائیل پارچەپارچەبوونی سوریا بە شتێکی چارەنووسساز بۆ ئاسایشی درێژخایەنی وڵاتەکەی دەزانێت. دەوڵەتێکی لاواز و لامەرکەزی سوریا ڕێگری لە سەرهەڵدانی بەرەیەکی یەکگرتوو دەکات، کە دوژمنایەتیی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل دەکات، بەتایبەتی لە باشوور و بە درێژایی بەرزاییەکانی جۆلان. هەروەها ئەم پارچەپارچەبوونە ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات ئازادیی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دژی ئامانجە پەیوەندیدارەکان بە ئێران و میلیشیا نزیکەکانی لە چوارچێوەی خاکی سوریادا بپارێزێت. لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە، سوریایەکی لاواز دەرگا بەڕووی ناوچە نیمچە سەربەخۆکان یان داماڵراوەکان لە چەک لە ناوچەکانی وەک قونەیترە، دەرعا و سوەیدا دەکاتەوە، بەمەش جێگیرکردنی هێزەکانی حکومەتی سوریا لە نزیک سنووری باکووری ئیسرائیل سنووردار دەبێت[٥].

ئەم ستراتیژە هاوتەریبە لەگەڵ دیدگای فراوانتری ئیسرائیل بۆ "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ" کە لەسەر بنەمای دەسەڵاتی لامەرکەزی دامەزراوە، کە پێی وایە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئاسایشەکەی و کاریگەریی لە ناوچەکە. نەتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد ڕایگەیاند، ئیسرائیل "ڕێگە نادات سوریا وەک دەوڵەتێکی بەهێز و مەرکەزی بنیاد بنرێتەوە و وەک بنکەیەک بێت بۆ خزمەت بە ئەجێندای ئێران"[٦]. هەروەها یۆاڤ گالانت وەزیری بەرگریی ئسرائیلیش لە سەرەتای"٢٠٢٥" جەختی لەوە کردەوە کە سوریای لامەرکەزی لەچاو ڕژێمێکی ناوەندگەرایی هاوپەیمانی تاران کەمتر مەترسیدارە.[٧]

ئەمریکا بە پشتیوانیکردنی فۆرمێکی سنووردار لە لامەرکەزی، خۆی لەنێوان ئەم دوو دیدە دژبەیەکەدا جێگیر کردوە. لە مانگی ئابی "٢٠٢٥"دا، تۆماس باراک، نوێنەری ئەمریکا بۆ سوریا ئاماژەی بەوە دا کە سوریا بۆ سیستەمێکی تەواو ناوەندی- نەک فیدراڵی "ڕەنگە پێویستی بە گەڕان بەدوای بەدیلەکاندا هەبێت، بەڵکو شتێکی کەمتر". [٨]ئەو مۆدێلێکی لامەرکەزیی کارگێڕیی پێشنیاز کرد، کە تێیدا کۆمەڵگا ناوخۆییەکان بوارەکانی پەروەردە و فەرهەنگ و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانییەکان بەڕێوەدەبەن، لە کاتێکدا حکومەتی ناوەندیی دەسەڵاتی

بەسەر بەرگری و سیاسەتی دەرەوەدا بۆ خۆی دەهێڵێتەوە. ئەم ڕێبازە ئامانجی پاراستنی مافی کەمینەکان و ڕێگری کردن بوو لە جیابوونەوەیان و هاوسەنگکردنی پێکهاتەی فرە نەتەوەیی سوریا لەگەڵ پێویستی سەقامگیری، جێبەجێکردنی ئەم دیدە، وەک باراک باسی کردووە، "عەقڵانیترین" ڕێگە بۆ ئاشتکردنەوەی دیمەشق لەگەڵ داواکارییەکانی کورد و دروزە.

لەڕاستیدا، ئەم دید و ستراتیژییە کێبڕکێکارانە ئەوە دەردەخەن کە چۆن سەروەری سوریا بووەتە ئامرازێکی کێبڕکێ لەسەر ململانێی دەسەڵاتی ناوچەیی. هەروەها ئەوەش دەردەخەن کە سوریایەکی دوای ئەسەد بە ئەگەرێکی زۆرەوە وەک شانۆی ململانێی بەردەوام بمێنێتەوە، کە حوکمڕانیەکەی زیاتر بە ویست و خواستی زلهێزە دەرەکییەکان بجووڵێتەوە نەک کۆدەنگی ناوخۆیی.

**٢. ئەجێندای ئەمنی:**

دیدگای ستراتیجی ئەمنی تورکیا لە سوریای دوای ئەسەددا لەسەر سێ ئامانجی پێکەوەگرێدراو دامەزراوە، ئەوانیش زاڵبوون و نەهێشتنی گروپە چەکدارە کوردییەکان، پەراوێزخستنی دەستپێشخەرییە سیاسییەکانی سەر بە ڕۆژئاوا و بەرپەرچدانەوەی پەرەسەندنی کاریگەری و باڵادەستی ئیسرائیل[٩].

**یەکەم:** خەمی سەرەکی ئەنقەرە بوونی هێزە چەکدارە کوردییەکانی وەک (یەپەگە، یەپەژە و هەسەدە)یە، کە بە درێژکردنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان «پەکەکە»یان دەزانێت. تورکیا لە باشورەوە سنوورێکی «٩٠٩» کیلۆمەتری لەگەڵ سوریادا هەیە و کورد بە درێژایی هەردوو دیوی سنوورەکە دەژین، دانیشتوانی کورد کە نزیکەی لە سەدا «٢٠»ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن، بۆیە تورکیا ترسی ئەوەی هەیە کە ئۆتۆنۆمی کورد لەودیو سنوورەوە هاندەر بێت بۆ خواستی جوداخوازیی لەناو سنوورەکانی خۆیدا[١٠]. بۆ ڕێگریکردن لەمەش ئەنقەرە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی یەک لە دوای یەکی وەک: قەڵغانی فورات، چڵە زەیتون و کانی ئاشتی، بە ئامانجی دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام لە باکوری سوریا و بۆ دورخستنەوەی ئەم هێزانە و ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی ستاتۆی بوونی کورد تیایدا ئەنجامداوە[١١].

تورکیا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدەوە سیاسەتێکی دوولایەنەی پەیڕەو کردووە: لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی و دانوستانەکانی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکەدا داوا دەکات کە یەپەگە و پەیەدە بەهەمان شێوەی پەکەکە چەک دابنێن، هاوکات هەوڵی یەکگرتنی هێزەکانی هەسەدە لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی سوریادا دەدات، بەمەش ئۆتۆنۆمییەکەیان تێکدەدات. ئەنقەرە لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژەدا بەوردی چاودێریی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی «١٠»ی ئازاری «٢٠٢٥»ی نێوان بەرپرسانی سوریا و مەزلوم عەبدی دەکات[١٢].

**دووەم:** ئەولەویەتی تورکیا لاوازکردنی کاریگەریی سیاسیی ئیدارەی خۆسەریی ڕۆژئاڤایە. ئەنقەرە بە گوشار خستنە سەر دەسەڵاتی کاتی سوریا بۆ ڕەتکردنەوەی کیانی ئیدارەی خۆسەر، دوورخستنەوەیان لە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی نوێی سوریا، ڕەتکردنەوەی ئەو دانوستانانەی هێزە ئەوروپیەکان لە نموونەی فەرەنسا بۆ نێوەندگیریی لەنێوان ڕۆژئاڤا و دەسەلاتی کاتی سوریا بڕیار بوو لە پاریس ئەنجام بدرێت، لەژێر فشاری تورکیا سوریا ڕەتی کردەوە. بەمەش جگە لە لاوازکردن، تورکیا دەیەوێت ئیدارەی خۆسەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، دامودەزگاکانی بێ شەرعییەت بکات[١٣].

**سێیەم:** دیارترین نیگەرانی، پەرەسەندنی ڕۆڵی ئیسرائیلە لە سوریا. هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر گروپەکانی سەر بە ئێران، هەڕەشەی لە پرۆکسیەکانی و هەڵوێستەکانی تورکیا کردووە، ئەمەش ترسی لە فرانبوونی هەژموون و کاریگەریی ئیسرائیل لە گەیشتن بە سنوورەکانی دروستکردووە. لە بەرامبەردا ئەنقەرە هاوکارییە سەربازییەکانی لەگەڵ دیمەشق بەهێزتر کردووە، لەوانەش مەشقکردن و پرچەککردنی سوپای سوریا، هاوکات پەیوەندییە ئەمنییە نزیکەکانی سوریا و ڕووسیا وەک بەرپەرچدانەوەی ئیسرائیل پتەوتر کردووە. لە هەمان کاتدا تورکیا خۆی وەک بەدیلێک بۆ هێزەکانی ئەمریکا پێگەی خۆی دادەنێت، ئەمەش بە پێشنیازکردنی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی دژە تیرۆر لەگەڵ سوریا و عێراق و ئوردن و پێشنیازی سەرپەرشتیکردنی زیندان و کەمپەکانی داعش بە هاوکاریی لەگەڵ دیمەشق کردووە. لەڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە ئەنقەرە هەوڵدەدات وەک هاوبەشێکی سەرەکی ئەمنی بۆ سوریا سەیر بکرێت.

کارنامەی ئەمنی ئیسرائیل لە سوریا لە دوای ڕووخانی ئەسەدەوە بە شێوەیەکی بەرچاو فراوان بووە. پێش ساڵی «٢٠١٤»، سەرنجی سەرەکی لە کۆنترۆڵکردنی ئێران و حیزبوڵڵا بوو لەڕێگەی «ئۆپەراسیۆنی نێوان شەڕەکان»، زنجیرەیەک هێرشی ئاسمانی کە کاروانەکانی چەک و بنکەکانی سوپای پاسدارانی ئێران و ژێرخانی حزبوڵلای کردە ئامانج. بەڵام داڕمانی ڕژێمەکە بۆشایی دەسەڵاتی دروست کرد، کە ئامانجەکانی ئیسرائیل فراوانتر کرد و بریتیبوو لە بەرپەرچدانەوەی کاریگەرییەکانی تورکیا و کاریگەریی لەسەر پارچە پارچەبوونی سیاسیی لە سوریا. هەنگاوی سەرەتایی ئیسرائیل دامەزراندنی ناوچەیەکی ئەمنی باشوور بوو بەدرێژایی بەرزاییەکانی جۆلان، کە بۆ قونەیترە و دەرعا «وەک لە نەخشەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێت» درێژدەبێتەوە. ئەم ناوچەیە زۆر هاوشێوەی زۆنی ئارامی باکووری سوریا کە لەلایەن تورکیاوە کۆنترۆڵکراوە، ئامانجێکی جیاوازیی هەیە: ڕێگریکردن لە دامەزراندنی پێگەی ئێران و تورکیایە، نەک گرنگیدان بە ئۆتۆنۆمی کورد. ئیسرائیل پەیوەندیی لەگەڵ کەمینەکاندا دامەزراندووە، بەتایبەتی دروزەکان و کوردەکان، هەروەها بۆ پاراستنی سنوورەکانی پشتگیریی لە گروپە پرۆکسییەکان کردووە[١٤].




نەخشەی ژمارە"١" فراوانخوازی ئیسرائیل لە باشوری سوریادا دوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد

TRT World، 2025، Israel expands into southern Syria، breaching the occupied Golan Heights and demilitarized zone، https://x.com/trtworld/status/1879143932459983165?lang=en، Accessed in: 8/10/2015.

ستراتیژێکی دیکەی سەرەکی پشتیوانیکردنە لە پارچەپارچەبوونی سوریا. بەرپرسانی ئیسرائیل، لەوانەش موشێ یاعلۆن، لە مێژە دەڵێت «سووریا وەک ئەوەی دەمانزانی چیتر بوونی نییە». دوای ئەسەد ئەم ڕێبازە بوو بە سیاسەتی فەرمی: ئیسرائیل پشتیوانی لە سوریایەکی لامەرکەزی یان کۆنفیدراڵی دەکات، کە ناتوانێت هەڕەشە لە سنوورەکانی بکات. ئەم پارچە پارچەبوونە ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات پەیوەندیی لەگەڵ کەمینەکان دروست بکات و لە هەمان کاتیشدا دیمەشق بە لاوازی بهێڵێتەوە[١٥].

لەڕاستیدا ئیسرائیل سیاسەتی سوریای خۆی لە چوارچێوەیەکی فراوانتری ناوچەییدا داڕشتووە. هاوپەیمانیی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو وەک ئیمارات و سعودیە ستراتیژیی سوریای لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی دژە ئێراندا دادەنێت، هاوکات هەماهەنگی لەگەڵ ڕووسیا ئازادیی ئۆپەراسیۆنەکانی لە ئاسمانی سوریادا مسۆگەر دەکات. بەگشتی، ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد سوریای بۆ گۆڕەپانێکی ململانێ گۆڕیوە، کە تورکیا و ئیسرائیل ستراتیجی کێبڕکێکار بۆ هەژموونی ناوچەیی پەیرەو دەکەن. هەردوو وڵات ئامانجە ئەمنییەکانیان لە دەرەوەی پرسی سنووری دەستبەجێ فراوانتر کردووە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و کۆنترۆڵکردنی ڕکابەرەکانیان ئامانجیان داڕشتنی دیمەنی سیاسی و سەربازیی سوریایە[١٦].

**٣. ئەجێندای فراوانخوازی: عوسمانیزمی نوێ بەرامبەر بە ئیسرائیلی گەورە:**

تورکیا و ئیسرائیل ستراتیژیی هاوشێوەیان لە سوریادا گرتووەتەبەر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ستراتیژەکانیان ستراتیژێکی کێبڕکێکەرە، کە ڕەگ و ڕیشەی لە دیدگای فراوانخوازانیدایە و لە نیگەرانییە ئەمنییەکانیاندا زیاتر سەرچاوەی گرتووە.

لە ساڵی «٢٠١١»ەوە دەستێوەردانی تورکیا لە سوریا لە وەڵامدانەوەی بەرگریانە و پاراستنی نائارامی سنوورەکانیەوە بۆ پرۆژەیەکی فراوانخوازی مەبەستدار گۆڕاوە. لە سەردەمی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆککۆماری تورکیا و پارتی داد و گەشەپێدان «ئاکەپە»، ئەنقەرە هەوڵی داوە ڕۆڵی خۆی وەک هێزێکی ئاست ناوەندیی هەرێمی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دووپات بکاتەوە، ئەمەش بە درێژکردنەوەی نفوزی خۆی بەسەر خاکەکانی پێشووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا. ئەم دیدگا نیوعوسمانییە تەماحی جیۆپۆلەتیکی بە زیندووکردنەوەی پاشخانی مێژووییەوە دەبەستێتەوە، تورکیا وەک پارێزەرێکی ئیسلامی سوننە و دیزاینەری هاوسەنگییەکی نوێی هەرێمی دەخاتەڕوو[١٧].

ئەردۆغان لە وتارەکانیدا بەردەوام بانگەوازی میراتی عوسمانی دەکات و هەر جۆرە

دابەشکردنێکی سوریا ڕەتدەکاتەوە و ئەنقەرە وەک زامنی یەکپارچەیی خاکەکەی دەخاتەڕوو. بەڵام تورکیا خۆی بە دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باکوری سوریا، پارچە پارچەبوونی بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتەی بەشێوەیەکی کرداریی ئەنجامداوە. ئەردۆگان لە وتارەکەیدا لە ساڵی «٢٠٢٢» کە لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەشی کرد، نەخشەیەکی خستەڕوو هەرچەندە مەبەست لێ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام و داماڵراو لە چەک بوو لە باکوری سوریا "وەک لە نەخشەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت". بەڵام لەڕاستیدا پلانێک بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی باکووری سوریا، بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئیدارەی خۆسەری کورد، ئەم ئامانجی فراوانخوازییەش لە باکوری سوریا دەرخەری دەسەڵاتی ئەنقەرەیە وەک بەشێک لە پرۆژەیەکی فراوانتری زیندووکردنەوەی نیوعوسمانی[١٨].




نەخشەی ژمارە «٢»: دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام لە باکوری سوریا لەلایەن تورکیاوە

Anadolu Ajansı، 2019، Turkey determined to clear out terrorists in Syria، Available at: https://shorturl.at/p2r5q ، accessed: 9/10/2025

بۆ چەسپاندنی ئەو پلانە، تورکیا لە ساڵی «٢٠١٦»ەوە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی یەک لە دوای یەک- قەڵغانی فورات، لقی زەیتون، کانی ئاشتی و قەڵغانی بەهار- «وەک لە نەخشەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت» لەژێر ناوی لەناوبردنی تیرۆردا، بە ئامانجی لاوازکردنی و لەناوبردنی گروپە

چەکدارەکانی وەک یەپەگە، پەیەدە و هەسەدە، کە ئەنقەرە لەگەڵ پەکەکەدا هاوتایان دەکات. ئەم هەڵمەتانە لە دەستەبەرکردنی ڕووبەرێکی بەرفراوان لە خاکی باکووری سوریا سەرکەوتوو بوون، کە ئێستا تورکیا زیاتر لە «١٠٠» بنکەی سەربازیی تێدا جێگیرکردووە. لە ناوچەکانی وەک عەزاز، ئەلباب، منبج و سەری کانی، ئیدارەی سەربازی تورکیا و ئەنجومەنە ناوخۆییەکانی سەر بە ئەنقەرە بە شێوەیەکی کاریگەر تیایدا دابەشبوون. مامەڵەکردن بە دراوی لیرەی تورکی و هەڵکردنی ئاڵای تورکیا و تێکەڵکردنی ئیدارەی ناوخۆیی لە پێکهاتە بیرۆکراتییەکانی تورکیادا جەخت لەسەر قووڵایی ئەم یەکگرتنە دەکەنەوە[١٩].




نەخشەی ژمارە «٣»: ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە باکوری سوریا

Anadolu Ajansı، 2022، Suriye'nin kuzeyindeki operasyonlarla 6 yılda yaklaşık 17 bin terörist etkisiz hale getirildi، Available at:https://www.aa.com.tr/tr/info/infografik/30989، accessed : 10/10/2025

کاریگەریی تورکیا زیاتر بەهۆی میلیشیاکانی سەر بە تورکیاوە بەهێزتر دەبێت، بەتایبەتی سوپای نیشتمانی سوریا کە لایەنەکانی وەک فیرقەی سوڵتان موراد و فیرقەی حەمزە لەخۆدەگرێت. ئەم گروپانە دەسەڵات و کاریگەریی ئەنقەرە فراوانتر دەکەن، لە هەمان

کاتدا ئەنقەرە کەمترین تێچووی سەربازیی ڕاستەوخۆی دەبێت. هەروەها تورکیا دەتوانێت ئەم گروپانە «کە باگراوندێکی «مەزهەبی-ناسیۆنالیزم، تورکی-سونییان هەیە»[٢٠]. جگە لە شەڕ لەگەڵ هێزە کوردییەکان، بۆ دژایەتیی کەمینە عەلەوی و دروزەکان بەکاریانبهێنێت و بەشداری لە سەرکوتکردنیان بکەن، هەروەک لە شەڕەکانی ئەم دواییەی ناوچەکانی منبج و سەدی تشرین، ناوچەکانی ئەشرەفیە و شێخ مەقسود دژ بە هەسەدە و کورد بەگشتی بەکارهێنران، بەهەمان شێوەش لە کۆمەڵکوژی دژ بە عەلەوییەکان لە ناوچەی ساحیل بەکارهێنران[٢١].

ستراتیژی تورکیا لەسەر دوو پایە وەستاوە. یەکەمیان قووڵایی ستراتیژییە: بە دەستبەسەرداگرتنی خاک و دامەزراندنی بنکە سەربازییەکان، ئەنقەرە توانای خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی باکووری سوریا و کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەران و پرۆژەی هەژموونی ناوچەیی خۆی چەسپاندووە. دووەمیان دیزاینی سیاسییە: تورکیا هەوڵدەدات بە هاوکاریی لەگەڵ گروپە ئیسلامییەکانی وەک دەستەی ڕزگاری شام، مۆدێلێکی سونی حوکمڕانی هەنارده بکات، بەمەش سیستەمی سیاسیی سوریا بە قازانجی خۆی دادەڕێژێتەوە. ئەم پایانەش پێکەوە دەستکەوتە سەربازییە کاتییەکان بۆ کاریگەریی درێژخایەن دەگۆڕن. کاریگەرییەکانی لەسەر سەروەری سوریا قووڵن. چەسپاندنی کاریگەریی و هەژموونی تورکیا لە باکوور وا دەکات کە زۆر قورس بێت، دیمەشق کۆنترۆڵی تەواو بەسەریاندا بگێڕێتەوە، بەمەش پارچە پارچەبوونی وڵاتەکەی دووپاتکردووەتەوە. ئەمەش ئاوێنەیەکی ستراتیژیی ئیسرائیلە لە باشووری سوریا، کە بوارەکانی کاریگەرییەکانی بە هەمان شێوە یەکپارچەیی خاکی سوریا تێکدەدەن[٢٢].

هاوتەریب لەگەڵ پرۆژەی نیوعوسمانی تورکیا، ئیسرائیل ئەجێندای فراوانخوازیی خۆی لە سوریادا پەیڕەوکردووە، کە ڕەگ و ڕیشەی لە دیدگای «ئیسرائیلی گەورە» و لۆژیکی پارچە پارچەبووندا هەیە. ئیسرائیل لەڕێگەی پلانی کۆریدۆری داود «وەک لە نەخشەی ژمارە (٤)دا دەردەکەوێت» و ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام و پرۆژەکانی وزەی ناوچەییەوە هەوڵدەدات قووڵایی ستراتیژیی مسۆگەر بکات، هاوسەنگی کاریگەریی ئێران و تورکیا بەرپەرچ بداتەوە و ڕۆڵی خۆی لە دارشتنەوەی نەخشەی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پتەوتر بکات.




نەخشەی "٣": نەخشەی کۆریدۆری داود

Mahdi Yaghi، 2025، David's Corridor: Israel's shadow project to redraw the Levant، Available at: https://thecradle.co/articles/davids-corridor-israels-shadow-project-to-redraw-the-levant، accessed: 9/1/2025.

هەرچەندە زۆرجار بە ڕەخنەی زیادەڕەویکردن لە سنووری ئەو ناوچانەی دەکەوێتە ناو ئەم پرۆژەیەوە ڕەتدەکرێتەوە، بەڵام بیرۆکەی «ئیسرائیلی گەورە» بەردەوامە لە کاریگەری دانان لەسەر دارشتنی بیرکردنەوەی ستراتیژی ئیسرائیلدا[٢٣]. پێشکەشکردنی نەخشەیەک لەلایەن سەرۆکوەزیران بنیامین ناتانیاهۆ لە کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە

«٢٢»ی ئەیلوولی «٢٠٢٣»، کە سنوورەکانی ئیسرائیل نیشان دەدات، کە لە نیلەوە تا فورات درێژدەبێتەوە، جەختی لەسەر بەردەوامی ئەم دیدگایە کردەوە. ئەم چەمکە کە ڕەگ و ڕیشەی لە ئاماژەکانی کتێبی پیرۆزدا هەیە و لە پلانی ئۆدید ئینۆی ساڵی «١٩٨٢»دا داڕێژراوەتەوە، جەخت لەسەر پارچە پارچەبوونی دەوڵەتە عەرەبییە دراوسێکان دەکاتەوە بۆ کیانی بچووکتر و لاوازتر[٢٤]. لە پلانی ئینۆن بە ڕاشکاوی پێشنیازی دابەشکردنی سوریای کردبوو بۆ چوار دەوڵەت - عەلەوی، سوننە، دروز و کورد - بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ دەوڵەتێکی یەکگرتووی سوریا نەتوانێت تەحەدای ئیسرائیل بکات[٢٥]. ئیسرائیل بە لاوازکردنی دیمەشق و بەهێزکردنی کەمینەکانی وەک دروز و کوردەکان، لاوازیی بەردەوامی سوریا مسۆگەر دەکات. هەروەها ئەم پارچە پارچەبوونە ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات خۆی وەک ناوبژیوانێک لە دانوستانەکاندا بسەپێنێت، ئەمەش گرنگییەکەی وەک زلهێزێکی ناوچەیی زیاتر دەکات.

ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل لە باشووری سوریا، لۆژیکی دوانەی پاساوی مرۆیی و تەماحی جیۆپۆلەتیکی نیشان دەدەن. لە «١٥»ی تەموزی «٢٠٢٥» ئیسرائیل هێرشێکی ئاسمانی بۆ سەر ناوچەی سوەیدا دەستپێکرد و بە فەرمی بە ئۆپەراسیۆنی پاراستنی دروزەکان ناساند. هەروەها هەڵمەتەکانی پێشووی ساڵی «٢٠٢٤»، لەوانەش دەستبەسەرداگرتنی ناوچەیەکی پارێزراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرزاییەکانی جۆلان، وەک کردەوەیەکی بەرگریکارانە وێنا کران، بەڵام لە پشت ئەمەوە ستراتیژییەکی قووڵتر هەیە ئەویش: خستنەڕووی ئیسرائیلە وەک هێزێکی سەقامگیرکەر و پارێزەری کەمینەکان لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی سیستماتیکی دەسەڵاتی دیمەشق تێکدەدات[٢٦].

دروزەکان وەک کوردەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا وەک سودمەندی لە ئۆتۆنۆمی سەیر دەکرێن. ئیسرائیل بە هاندانی دژایەتیی ناوخۆیی بۆ دەسەڵاتی ناوەندی و وێناکردنی خۆی وەک زامنکاری مافەکانی کەمینەکان، بەبێ لکاندنێکی فەرمییان بە وڵاتەکەیەوە هەژموون و کاریگەریی خۆی جێگیرکردووە. ئامانجەکە دەستخستنی خاک نییە، بەڵکو پارچە پارچەبوونی درێژخایەنی سوریایە بۆ ناوچەی پەرت پەرت، کە ئیسرائیل بۆ هێنانەدی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دەتوانێت ئیستغلالی بکات. ئەم ڕێبازە دەستێوەردانی ئیسرائیل لە باشووری لوبنان لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بیردەخاتەوە، کە تێیدا بریکاری ناوخۆیی بۆ دەستەبەرکردنی ناوچەیەکی پارێزەر و ئارام کۆکردەوە. لە چەقی ستراتیژیی ئێستای ئیسرائیلدا پرۆژەی کۆریدۆری داود هەیە، کە کۆریدۆرێکی سەربازی و لۆجستییە و باشوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کوردەکانەوە دەبەستێتەوە و بۆ عێراق درێژدەبێتەوە. ئەم کۆریدۆرە وا دەکات ئیسرائیل بتوانێت بەرەو ڕۆژهەڵات فراوان بکات و دەسەڵات لە نزیک سنووری ئێران پرۆژە بکات و بوونی خۆی لە عێراقدا پتەوتر بکات[٢٧]. کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا، گرنگی ئەم ستراتیژە بەهێزتر دەکات. ئەگەر واشنتۆن

دەستبەرداری پێگەکانی وەک ئەلتەنف بێت، ئەوا ئیسرائیل دەتوانێت وەک هێزی دەرەکی باڵادەست لە باشووری سوریا دەربکەوێت و ڕێڕەوێکی بەردەوام دروست بکات، کە سنووری باشووری وڵاتەکەی مسۆگەر بکات و ئۆپەراسیۆنەکانی داهاتوو لە دژی نەیارانی ئاسان بکات. ئیسرائیل بە بەستنەوەی بەرزاییەکانی جۆلانی داگیرکراو بە سوەیدا و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، کۆنترۆڵی خۆی بەسەر سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوی وەک بەنداوی یەرموکدا بچەسپێنێت و کاریگەریی لەسەر دابینکردنی وزە لەڕێگەی بەنداوەکانی سوریاوە بەدەستدەهێنێت[٢٨].

هەروەها ئەم کۆریدۆرە هەڕەشە لە پرۆژە وزەییەکانی کێبڕکێکار دەکات، بەتایبەتی بۆری گازی پێشنیازکراوی قەتەر-تورکیا لەڕێگەی سوریاوە، کە دەتوانێت ڕێڕەوی ترانزێتی وزەی ئیسرائیل تێکبدات. لە بەرامبەردا ئیسرائیل بەدوای بەدیلەکانی وەک پرۆژەی بۆری ئیست میدا "وەک لە نەخشەی ژمارە (٤)دا دەردەکەوێت" کەوتووە، کە لە ساڵی «٢٠٢٠» لەگەڵ یۆنان و قوبرس دەستی پێکردووە. ئەم پرۆژەیە نزیکەی «١٩٠٠» کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە و ئامانجی هەناردەکردنی غازە لە کێڵگەکانی ئیسرائیل و قوبرسەوە بۆ یۆنان و ئیتاڵیا، بەمەش پشتبەستنی ئەوروپا بە گازی سروشتی ڕووسیا کەم دەبێتەوە.




نەخشەی «٤»: پرۆژەی بۆری ئیست مێد بۆ هەناردەکردنی غازی سروشتی بۆ ئەوروپا

KNEWS، 2018، Government dismisses reports on East Med pipeline as baseless، Available at: https://knews.kathimerini.com.cy/en/news/government-dismisses-reports-on-eastmed-as-baseless ، accessed: 9/10/2025

بەڵام کۆریدۆرەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە. پێکهاتەی ئاڵۆزی خێڵەکی و نەتەوەیی ناوچەکە لەگەڵ هێزی مرۆیی سنوورداری ئیسرائیل، هەوڵەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی ڕێگاکە ئاڵۆزتر دەکات. سەرەڕای ئەم تەحەددیانە، تورکیا ئەو پرۆژەیە وەک هەڕەشەیەکی جددی دەبینێت[٢٩]. سەرۆک ئەردۆغان و دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تورکیا ئیدانەیان کردووە و بە «پرۆژەیەکی شەیتانی» وەسفیان کردووە، لە مەترسی ئەوەی کە فراوانبوونی ئیسرائیل لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سنووری باشووری سووریا بە ناوچەکانی تەنیشت تورکیاوە ببەستێتەوە[٣٠].

## ٤. نیگەرانی لە گەشەسەندنی ڕۆڵ و کاریگەریی یەکتر لە سوریا:

ململانێی سوریا وایکردووە کە ئەو وڵاتە ببێتە گۆڕەپانێکی سەرەکی بۆ کێبڕکێی نێوان تورکیا و ئیسرائیل، کە هەریەکەیان کاریگەریی ئەوی دیکەیان وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و پێگەی ناوچەیی خۆیان سەیر دەکەن.

بۆ ئەنقەرە، نیگەرانی سەرەکی، پشتیوانییە ئەگەرییەکانی ئیسرائیلە بۆ گروپە کوردییەکان لە سوریا. تورکیا لە مێژە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی شەڕی پەکەکە دەکات و هەر هاوکارییەکی ئیسرائیل لەگەڵ هێزە کوردییەکان بە هاندانی داواکاریی جوداخوازی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لێکدەداتەوە. بەهۆی ئەوەی کە ئیسرائیل بە کردەوە پێشینەی پەیوەندیی لەگەڵ کەمینەکاندا بۆ لاوازکردنی دەوڵەتانی دراوسێ هەیە، ئەمەش وایکردووە کە ئەم نیگەرانییە لەلایەن تورکیاوە بەهێزتر بێت. شەڕی غەززە نیگەرانی تورکیای زیاتر کردووەتەوە و داڕێژەرانی سیاسەتی تورکیاش زیاتر ئیسرائیل وەک هەڕەشەیەکی جددی ئەمنی نیشان دەدەن[٣١].

لە دەرەوەی حساباتی ئەمنی، ئەنقەرە لە دیدگای ئایدیۆلۆژییەوە سەیری ئیسرائیل دەکات. لە سەردەمی ڕەجەب تەیب ئەردۆگاندا، سیاسەتی دەرەوەی ئیسلامی ئاراستەکراوی تورکیا لەگەڵ ئەجێندای ناسیۆنالیستی زایۆنیستی ئیسرائیل پێکدادانی دەبێت. ئەم دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییە بێ متمانەیی قووڵتر دەکاتەوە، تورکیا ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل وەک هەوڵێک بۆ تێکدانی بزووتنەوە ئیسلامییەکان لێکدەداتەوە، لە کاتێکدا ئیسرائیل پشتیوانی تورکیا بۆ گروپە سوننەکان وەک ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی توندڕەوی دەبینێت[٣٢].

لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە، پەرەسەندنی بوونی تورکیا لە باکووری سوریا تەحەدای پێشبینینەکراو دەخاتەڕوو. تەلئەبیب لە بنکە سەربازییەکانی ئەنقەرە و پشتگیریکردنی لە حکومەتی نوێی سوریا و پلانەکانی بۆ جێگیرکردنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانی پێشکەوتوو لە بنکەکانی وەک (T٤) و حەما نیگەرانە- کە ئیسرائیل ئەم هەنگاوانە وەک هەوڵدانی تورکیا دەبینێت بۆ سنووردارکردنی ئازادیی و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی لە سوریادا. بەرپرسانی ئیسرائیل بەتایبەتی نیگەرانن لە سەرهەڵدانی ڕژێمێکی ئیسلامی سوننە کە لە لایەن تورکیاوە

پاڵپشتی دەکرێت. لە سەرەتای ساڵی «٢٠٢٥»، لیژنەیەکی ئەمنی ئیسرائیل هۆشداری دا لەوەی حکومەتێکی لەو شێوەیە دەتوانێت مەترسیدارتر بێت لە ڕژێمەکەی ئەسەد، کە سەرەڕای دوژمنایەتییەکەی، لە ساڵی «١٩٧٤»ەوە سەقامگیریی سنوورەکانی پاراستووە و ڕێگەی بە ئیسرائیل داوە لەڕێگەی لێدانی ئامانجدارو هەماهەنگی ڕووسیا هەڕەشەکانی ئێران و پرۆکسیەکانی لەناوبەرێت. لە بەرامبەردا، سوریایەکی ئیسلامیی هاوپەیمانیی تورکیا، وەکو هەڕەشە و دوژمنایەتیی ئایدیۆلۆژیی تەماشا دەکرێت[٣٣].

ئەمەش نوێنەرایەتیی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە سیاسەتی ئیسرائیل دەکات. لە کاتێکدا ئیسرائیل پێشتر تەحەمولی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریای دەکرد و تەنانەت پشتگیریيان دەکرد بۆ بەرپەرچدانەوەی کاریگەرییەکانی ئێران، هەمان ئەو گروپانە- ئێستا شەرعیەتیان پێدراوە و هاوپەیمانی تورکیا- ئێستا بە دوژمنی ئەگەریی دادەنرێت. ئیسرائیل ترسیی ئەوەی هەیە باکوری سوریا لەژێر کاریگەریی تورکیادا ببێتە بنکەیەک بۆ حەماس یان گروپە توندڕەوەکانی تری سوننە. پەیوەندییە نزیکەکانی ئەنقەرە لەگەڵ حەماس ئەم ترسانە بەهێزتر دەکات، ئەمەش وایکردووە بۆ هێشتنەوەی سزاکانی سەر سوریا ئیسرائیل لۆبی بۆ واشنتۆن بکات. سەرکردەکانی ئیسرائیل دەڵێن، هەڵگرتنی سزاکان ڕێگە بە تورکیا دەدات لەڕێگەی ئاوەدانکردنەوەوە کاریگەریی و باڵادەستی خۆی بچەسپێنێت و حکومەتێکی هاوسۆزی حەماس بەهێز بکات[٣٤].

ڕکابەرییەکە بۆ دەرەوەی سوریا درێژدەبێتەوە. چالاکییە ناوچەییە فراوانەکانی تورکیا- بوونی سەربازیی لە عێراق، لیبیا و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست- تێڕوانینەکانی ئیسرائیل بۆ فراوانبوونی نیوعوسمانی بەهێزتر دەکاتەوە، کە سوریای وەک بەردێکی بناغەی ئەم پڕۆژەیە دەخرێتەڕوو. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناگل لە ساڵی «٢٠٢٤»دا هۆشداری داوە کە گۆڕینی سوپای سوریا لەلایەن تورکیاوە بۆ هێزێکی بە وەکالەت دەتوانێت لە بنەڕەتدا هاوسەنگیی هێزی ناوچەکە بگۆڕێت. تورکیا بەجێگرتنەوەی ئێران وەک پاترۆنی سەرەکی سوریا، وەک ئەکتەرێکی ناوچەیی باڵادەست دەردەکەوێت و ڕاستەوخۆ تەحەدای پێگەی ستراتیژیی ئیسرائیل دەکات. ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئیسرائیل، لەنێویاندا سەنتەری ئەلما، هۆشداری دەدەن لەوەی کە جبەخانەی پەرەسەندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی ئەنقەرە دەتوانێت یان لەڕێگەی پرۆکسییەوە یان لە ململانێی ڕاستەوخۆدا ڕووبەڕووی ئیسرائیل ببێتەوە[٣٥].

بە کورتی، سوریا بووەتە خاڵی سەرەکی ڕکابەریی نێوان تورکیا و ئیسرائیل، کە نیگەرانییە ئەمنییە کێبڕکێکارەکان، دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییەکان و تەماحە ناوچەییەکان لێی کۆدەبنەوە. هەر وڵاتێک کردەوەکانی ئەوی دیکە وەک هەڕەشەی وجودی لێکدەداتەوە، ئەمەش سوریا نەک تەنها دەکاتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێ بۆ باڵادەستی، بەڵکو خاڵێکی بەهێزیشە بۆ ناسەقامگیریی فراوانتری ناوچەیی.

**تەوەری دووەم: ئامرازەکانی بەدیهێنانی هەژموونی هەرێمی تورکیا و ئیسرائیل لە سوریادا**

**١- ئامرازە سەربازییەکان**

ستراتیژیی سەربازی ئیسرائیل لە سوریا زۆر پشت بە هێزی ئاسمانی و دەریایی دەبەستێت. لە ساڵی «٢٠١٣»ەوە هێزی ئاسمانی ئیسرائیل سەدان هێرشی ئاسمانی ئەنجام داوە، کە بنکە و بارەگای هێزەکانی ئێران و هێڵەکانی دابینکردنی چەک و کەل و پەلی سەربازی و ژێرخانی هێزەکانی حیزبوڵڵای کردووەتە ئامانج. ئەم ئۆپەراسیۆنانە کۆگای چەک، کاروان و سیستەمی بەرگریی ئاسمانییان لەناوبردووە و ڕێگریان کردووە لەوەی کە چەکی پێشکەوتوو بگاتە حزبوڵڵا و پێگەی ئێرانیشی لەم ڕووەوە لە سوریادا لاوازکردبوو.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، ئیسرائیل هەڵمەتەکانی چڕتر کردووەتەوە و هێرشی ئاسمانی و دەریایی بەرفراوانی بۆ سەر فڕۆکەخانەکان، سیستەمی چەکی قورس و بنکە سەربازییەکانی وەک بنکەی ئاسمانی (T٤) ئەنجامداوە. ئەم لێدانانە دوو ئامانجیان هەیە: ڕێگریکردن لە دامەزراندنەوەی ڕێگاکانی قاچاخچێتی چەک و پەکخستنی توانای سوریا بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی سیستماتیکی سوپاکەی. ئیسرائیل بە هەڵوەشاندنەوەی ژێرخانی ستراتیژیی دڵنیای دەدات لەوەی کە دیمەشق لە ڕووی سەربازییەوە لاوازە[٣٦].

جگە لە لێدانی ڕاستەوخۆ، ئیسرائیل پاڵپشتی لەگەڵ کەمینە ناوخۆییەکانی سوریا، بەتایبەتی دروزەکان ڕاگەیاندووە. تەلئەبیب بە چەکدارکردن و پشتگیریکردنی ئەم گروپانە، دروستکردنی ناوچەی نیمچە سەربەخۆی ئیدارەی لامەرکەزی هان دەدات، کە دەسەڵاتی ناوەندیی لاواز دەکەن، لە هەمان کاتدا قووڵایی ستراتیژیی بۆ ئیسرائیل دابین دەکات. ئەم ڕێبازە سەربازییەش لەگەڵ دۆکترینە درێژخایەنەکەیدا هاوتەریبە: پاراستنی باڵادەستی سەربازی، ڕێگریکردن لە نەیاران لەڕێگەی لێدانی پێشوەختە و ڕێگریکردن لە هاوپەیمانییە دوژمنکارەکان لە چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان. هەروەها ئەم تاکتیکە ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات کە کۆنترۆڵی سەرچاوە گرنگەکانی وەک ئاو و گاز لە باشووری سوریا مسۆگەر بکات، ئەمەش کاریگەرییەکانی لە دیمەنی ئابووری و سەربازیی ناوچەکەدا چەسپاندووە[٣٧].

ستراتیژیی سەربازیی تورکیا لە سوریا جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. لە ساڵی «٢٠١٦»ەوە ئەنقەرە ئۆپەراسیۆنی یەک لە دوای یەک لە سنوور بەزاندنی وەک- قەڵغانی فورات، چڵە زەیتون، کانی ئاشتی و قەڵغانی بەهار-ی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمی کورد و دامەزراندنی ناوچەی پارێزراو لە باکووری سوریا ئەنجامدا. ئەم هەڵمەتانە زۆر پشتیان بە سوپای نیشتمانی سوریا (SNA) بەستبوو، کە هێزێکی بە وەکالەت بوو، کە لەلایەن تورکیاوە مەشق وڕاهێنان و پارەدار و تەیارکردنی بۆ دەکرا. ئەنقەرە بە تێکەڵکردنی بریکارەکانی لە پێکهاتەکانی حوکمڕانی ناوخۆییدا، ئیدارەیەکی هاوتەریبی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیا دروستکردووە. هەروەها تورکیا لەڕێگەی بنکە و بڵاوەپێکردنی لە سەرانسەری باکوری سوریا ئامادەیی

سەربازیی بەرچاو دەپارێزێت. ئەم ئامادەبوونە تەنیا بەرگریکردن نییە؛ بەشێکە لە پلانێکی درێژخایەن بۆ دارشتنی سوپای داهاتووی سوریا. ئەنقەرە دەستیکردووە بە دابینکردنی چەکی پێشکەوتوو لەوانە: فرۆکەی بێفرۆکەوان و سیستەمی مووشەکی، لەگەڵ مەشق و پاڵپشتی لۆجستی بۆ بنیاتنانەوەی سوپای سوریا لەچوارچێوەی رێکەوتنامەی هاریکاریی سەربازیی لەنێوان هەردوو وڵاتدا. ئەم کارانە ئامانجیان پێکهێنانی هاوبەشییەکی بەرگریی جێی متمانەیە لەگەڵ دیمەشق و دڵنیابوون لە بەردەوامی پشتبەستنی حکومەتی نوێی سوریا بە شارەزایی و سەرچاوەکانی تورکیا[٣٨].

وەزارەتی بەرگریی تورکیا، لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا لەمانگی «٨»ی ئەم ساڵدا، هەڵوێستی پتەوی خۆی سەبارەت بە دۆخی سوریا دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە کە ئامانجی تورکیا وەک خۆی ماوەتەوە و بریتیە لە «سوریایەکی ئارام و سەقامگیر و یەکگرتوو، لەڕووی خاک و گەلەوە، ئەمە جگە لە بەهرەمەندبوون لە یەکێتییەکی سیاسیی تەواو». هەر لە هەمان چوارچێوەدا ئاماژەی بەوەدا کە لە نزیکەوە چاودێریی یەکخستنی هێزەکانی هەسەدە دەکات لەگەڵ حکومەتی سوریادا. ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، گۆڕانی تۆنی گوتاری تورکیایە لە گوتاری هێرشبەرانەوە و هەڕەشەئامیزەوە بۆ گوتارێکی نەرم و دیبلۆماسی، کە ئامانجی جێبەجێکردنی رێکەوتنامەی نێوان مەزلوم عەبدی و ئەحمەد شەرعە لە«١٠»ی ئازاری «٢٠٢٥»[٣٩].

پێشنیازی پشتیوانی بەرگریی تورکیا بۆ حکومەتی نوێی دیمەشق تەنیا دەرئەنجامی ڕەچاوکردنی ئەمنی نییە، بەڵکو بەشێکە لە ڕێبازێکی ستراتیژیی فراوانتر کە هەوڵدەدات سوریا بۆ چەتری دەوڵەتێکی مەرکەزی بگەڕێنێتەوە و دوور لە پرۆژەکانی دابەشکردن و خۆبەڕێوەبردن، کە ئەنقەرە هەمیشە دژی بووە. هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە بەڕوونی هۆشداری دەدەین، نابێت هیچ گروپێك هەوڵی دابەشکردنی سوریا بدات، ئەگەر بەرەو ناسەقامگیریی هەنگاو بنێن، ئەوە بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیمان دەزانین، ئێمەش دەستوەردان دەکەین. پێشهاتێکی بەرچاو لێرەدا ئەوەیە کە تورکیا لە ئێستاوە دەستی کردووە بە دابینکردنی زرێپۆشی پێشکەوتوو بۆ سوپای سوریا، بە تایبەتی مۆدێلی ئەجدەر یالچین کە بەتوانای پاراستنی ئاستی بەرز لە ژینگە ئاڵۆزەکانی شەڕدا ناسراوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە واشنتۆن کە پێشتر خۆی لە باسکردنی نزیکبوونەوەی سەربازیی نێوان ئەنقەرە و دیمەشق بەدوور گرتبوو، بەڵام ئێستا هەڵوێستێکی نەرمتری گرتووەتەبەر. لەم بارەوە باراکی نێردەی ئەمریکا ڕایگەیاند، «ئەمریکا هاوکاریی بەرگریی نێوان تورکیا و سوریا بە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆی نازانێت»، ئەمەش دەتوانرێت وەک گڵۆپێکی سەوزی ناڕاستەوخۆ بۆ دارشتنەوەی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات لێکبدرێتەوە[٤٠].

جیاوازیی نێوان ئامرازە سەربازییەکانی ئیسرائیل و تورکیا تیشک دەخاتە سەر دیدگا ناکۆکەکانیان بۆ سوریا. ئیسرائیل هەوڵدەدا لەڕێگەی باڵادەستی ئاسمانی و هاوپەیمانیی لەگەڵ گروپە کەمینەکاندا پارچە پارچەبوونەکە پتەوتر بکات، هاوکات تورکیا ئامانجی دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی هاوپەیمانیی ئەنقەرەیە لەڕێگەی ئۆپەراسیۆنی زەمینی و ڕێککەوتنی بەرگرییەوە. ئەم ستراتیژییە جیاوازانە گرژییەکانیان خراپتر کردووە، ئیسرائیل کاریگەرییە گەورەکانی تورکیا بەسەر حکومەتی نوێی سوریادا وەک هەڕەشەیەکی گەورە سەیر دەکات، لە کاتێکدا تورکیا لێدانەکانی ئیسرائیل بە هەوڵێکی ئەنقەست بۆ تێکدانی پرۆژە هەژموونگەرییەکەی دەزانێت.

گفتوگۆ دیپلۆماسییەکان کە زۆرجار لەلایەن ئەمریکاوە نێوەندگیریی دەکرێن، هەوڵیان داوە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی تورکیا و ئسرائیل دووربخەنەوە. بەڵام هێشتا ڕکابەرییە بنەڕەتییەکە چارەسەرنەکراوە، چونکە هەردوو زلهێز هەوڵدەدەن نفوزی خۆیان لەناو ڕژێمی ئینتقالی سوریادا بچەسپێنن. ڕۆڵی زلهێزە دەرەکییەکان بۆ داڕشتنی ناوچەی نفوز و کاریگەریی خۆیان دیمەنەکە زیاتر ئاڵۆزتر دەکات، ئەمەش مەترسیی ئەوە زیاد دەکات کە بۆ تەماحە هەژموونگەرییەکانی دەرەکی، سوریا ببێتە گۆڕەپانی شەڕی هەمیشەیی.

## ٢- ئامرازە ئابوورییەکان

لەدوای داڕمانی ئەسەد، سوریا نەک تەنها بووەتە گۆڕەپانی شەڕی ململانێ سەربازییەکان، بەڵکو بووەتە گۆڕەپانێک بۆ کێبڕکێی ئابووری. ئیسرائیل و تورکیا کە دوو ئەکتەری ناوچەیی سەرەکین، ئامرازی ئابووریی جیاوازیان بۆ بەهێزکردنی کاریگەرییەکانیان و دەستەبەرکردنی باڵادەستی درێژخایەنیان بەکارهێناوە. لە کاتێکدا ڕەنگە ستراتیژییەکانیان لەڕووی فۆرمەوە جیاواز بن، بەڵام لە هەوڵەکانیاندا بۆ دووبارە داڕشتنەوەی دیمەنی ئابووریی سوریا بە شێوەیەک کۆدەبنەوە کە خواستە جیۆپۆلیتیکییەکانیان بەرەوپێش ببەن.

تورکیا ستراتیژێکی پراگماتیکی یەکگرتنی ئابووریی لە باکوری سوریا پەیڕەو کردووە. ئەنقەرە بە وەرگرتنی لیرەی تورکی وەک دراوی باڵادەست لە ناوچە سنوورییەکان، بە شێوەیەکی کاریگەر بازاڕە ناوخۆییەکانی بە ئابوورییەکەیەوە گرێداوە. کۆمپانیاکانی تورکیا کارەبا و پەیوەندییەکان و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دابین دەکەن و باکوری سوریا تێکەڵ بە تۆڕە بازرگانییەکانی تورکیا دەکەن. هەروەها بازرگانیی نێوان سنوورەکان و بازاڕە ناوخۆییەکان بەهێز دەکات، ئەمەش دڵنیای دەدات کە بژێوی ژیان لەم ناوچانەدا وابەستەی دابینکردنیان لەلایەن تورکیاوە دەمێنێتەوە.

یارمەتییەکانی ئاوەدانکردنەوە ئامرازێکی دیکەیە کە ئەنقەرە بەشێوەیەکی دیاریکراو بەکاریهێناوە. تورکیا لەبری دابەشکردنی سەرچاوەکان لە سەرانسەری سوریا، هاوکارییەکان

ئاڕاستەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەکات، بەمەش دڵسۆزی و ئامادەیی ئیداری خۆی چەسپاندووە. ئەم ستراتیژییە دیاریکراوەی ئاوەدانکردنەوە وێنەی تورکیا وەک گەرەنتیکاری سەقامگیریی بەهێز دەکات، لە هەمان کاتدا ئەکتەرە ڕکابەرەکان پەراوێز دەخات[٤١].

خواست و ویستی بەدەستهێنانی وزە بنەمای دیدگای ئابووریی فراوانتری تورکیان. ئەنقەرە بە کۆنترۆڵکردنی باکوری سوریا خۆی وەک ناوەندێکی ترانزێتی داهاتوو بۆ هێڵەکانی بۆری کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەوروپا دەبەستێتەوە پتەو دەکات. بۆری پێشنیازکراوی قەتەر-تورکیا، ئەگەر زیندوو بکرێتەوە، بە خاکی سوریادا تێپەڕدەبێت، ئەمەش وابەستەیی ئەوروپا بە غازی ڕووسیا و پرۆژەی ناردنی غازی ئیسرائیل و قوبرس لەڕێگەی پرۆژەی ئیست مێدەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە. ئەم پرۆژەیە نەک هەر ڕۆڵی تورکیا وەک ڕێڕەوێکی وزە بەهێز دەکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ تەحەدای خواستەکانی ئیسرائیل بۆ زاڵبوون بەسەر هەناردەکردنی وزەی ناوچەکەدا دەکات.[٤٢]

کاریگەریی ئابووریی ئیسرائیل ناڕاستەوخۆیە، بەڵام بە هەمان شێوە ستراتیژییە. تەلئەبیب بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بەسەر زۆربەی خاکی سوریادا، دیپلۆماسی نێودەوڵەتیی ئاوەدانکردنەوە بەکاردەهێنێت. ئیسرائیل بە کاریگەریی دانانی بەخشەرە ڕۆژئاواییەکان و هاوبەشەکانیان لە کەنداو، هەوڵدەدات دڵنیابێت لەوەی کە هاوکارییەکان نابنە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتی نزیک لە تورکیاوە. ئەم مانۆڕە دیپلۆماسییە ڕێگە بە ئیسرائیل دەدات کە ڕەوتسەرچاوەکان لە قاڵب بدات بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا دەستوەردان لە حکومەتی سوریادا بکات.

دیپلۆماسیی ئاو ئامرازێکی گرنگی دیکەیە. کۆنترۆڵکردنی بەرزاییەکانی جۆلان لەلایەن ئیسرائیل و فراوانخوازییەکانی بۆ باشووری سوریا، وایکردووە کە سەرچاوە ئاوییە گرنگەکان کۆنترۆڵ بکات، بەتایبەتی بەنداوی یەرموک و ئیتیحاد. ئەم دەریاچەیە زۆر گرنگە بۆ دابینکردنی ئاو بۆ بەشێکی زۆری باشووری سوریا و باکووری ئوردن، کە نزیکەی یەک لەسەر دەی کۆی پێداویستی ئاوەکانیان دەگرێتەوە. ئیسرائیل ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئاوە «وەک لە نەخشەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێت»، لەوانە ڕووباری بانیاس و بەنداوی جۆراوجۆر لە قونەیترە. جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەم دواییە بەرەو بەنداوی جوبەیلا لە دەرعا ئاماژەن بۆ فراوانبوونی ئەم ستراتیژە[٤٣].

خشتەی کۆنترۆڵکردنی ژێرخانی ئاو و کارەبا لە سوریا لەلایەن ئیسرائیلەوەی

| شوێنی ستراتیژی | هەڵکەوتەی جوگرافی | ئەرک و گرنگی | کۆنترۆڵکردن لەلایەن ئیسرائیلەوە | ڕادەی پێویستی سوریا |
|---|---|---|---|---|
| بەنداوی ئەلوەحدە | جۆلان/ حەوزی یەرموک | بەرهەمهێنانی کارەبا لەڕێگەی ئاوەوە، ئاودێری و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە | لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە دەستی بەسەردا گیراوە | ٣٠٪ی پێویستی سوریا بە ئاو/ کارەبا |
| هەرێمی سوەیدا | باشووری سوریا | سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، کارەبا و کشتوکاڵ | لە ژێر کاریگەریی ئیسرائیلدایە (ناکۆکی لەسەرە) | ٤٠٪ی پێویستی ئاوی سوریا |
| پارێزگای قونێیترە | نزیک جۆلان | دەست ڕاگەیشتن بەئاو، کۆنترۆڵی سەربازی | ٩٥٪ لەژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیلدایە | قووڵی ستراتیژی و دەستڕاگەیشتن بە ئاو |

TV100، Op.cit.

د.جیهاد یایجی، شارەزای بواری ستراتیجی و ئەدمیراڵی خانەنشینی هێزی دەریایی تورکیا، دەڵێت لەدوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەدەوە، ئیسرائیل (٧٠٪)ی پێداویستییەکانی سوریا بە ئاو و کارەبا کۆنترۆڵ کردووە. ئەو ئەمە نەک تەنها وەک داگیرکارییەک، بەڵکو وەک «سیاسەتێکی خنکاندن»ی ڕاستەخۆ وەسف دەکات، کە ئامانج لێی ناچارکردنی ملکەچبوونی سوریایە لەڕێگەی بێبەشکردنی لە سەرچاوەکانی ئاو و کارەباوە. یایجی دەڵێت کۆنترۆڵی ئیسرائیل بەسەر ژێرخانی ئاو و کارەبای سوریادا- بەتایبەتی بەنداوی یەکێتی و ناوچەی سوەیدە- جۆرێک لە هەژموونی ستراتیژیی پێکدەهێنێت، کە (٧٠٪)ی دامەزراوە گرنگەکانی سوریای کۆنترۆڵکردووە. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمە فۆرمێکی نوێی شەڕە کە بە شەڕی

هەژموونی ئاو ناودەبرێت"[٤٤](hydro-hegemony warfare) .
شارەزایان دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە ئاوییەکانی سوریا لەلایەن ئیسرائیلەوە وەک هەوڵێک بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئاوەکەی، بەکارهێنانی کارتی ئاو وەک ئامرازێکی فشاری سیاسی و چەسپاندنی هەژموونی ئاوی ناوچەیی خۆی لە سوریادا سەیر دەکەن. ئەم هەژموونە لەسەر دوو خاڵی سەرەکی وەستاوە؛ یەکەمیان، تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر گرتنی دوو خاڵە سەرەکییەکان وەستاوە. سەبارەت بە خاڵی یەکەم، بەنداوی وەحدەیە (لە سەر ڕووباری یەرموک)، کە لەژێر ئیسرائیل دەستی بەسەردا گرتووە، ئەم سەرچاوەیە (شێوەی ژمارە ١) بە تەنیا نزیکەی (٣٠٪)ی دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوەی سوریا پێکدەهێنێت. ڕێژەی (٥٠٪)ی پێویستی ئاودێری کشتوکاڵی ئیسرائیل دابین دەکات. دووەم، ناوچەی سوەیدایە، بە وتەی یایجی (٤٠٪)ی پێداویستییەکانی ئاو و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و ئاسایشی خۆراکی سوریا دابین دەکات"[٤٥].




شێوەی ژمارە "١": ڕێژەی کۆنترۆڵکردنی پێداویستیەکانی ئاو و کارەبای سوریا لەلایەن ئیسرائیلەوە
TV100،Op.cit.

ئیسرائیل بە بەستنەوەی ئەم سەرچاوانەی بە تۆڕی ئاوی خۆیەوە، سوود و پێگەیەکی ستراتیژی لە هەردوو سوریا و ئوردندا دەستەبەر دەکات. کۆنترۆڵکردنی ئاو لەگەڵ یەدەگی

غاز، باشووری سوریا بۆ ناوەندێکی سەرچاوەی وزە دەگۆڕێت، کە ئیسرائیل دەتوانێت بۆ بەهێزکردنی باڵادەستی ناوچەیی خۆی سوودی لێوەربگرێت.
کێبڕکێی وزە زیاتر ستراتیژیی ئیسرائیل پێ دەناسرێتەوە. ئیسرائیل بە کێڵگە غازییەکانی سوریا و تامار و بۆری ئیست مێد خۆی وەک دابینکەرێکی وزە بۆ ئەوروپا دەرخستووە. بەڵام بۆژانەوەی بۆری قەتەر و تورکیا بە پێشکەشکردنی بەدیلێکی هەرزانتر هەڕەشەی تێکدانی هەناردەی ئیسرائیل دەکات. لە ئەنجامدا ئیسرائیل بەرژەوەندیی هەیە لە هێشتنەوەی سوریا بە پارچە پارچە و ناسەقامگیری، ئەمەش ڕێگری لەو پڕۆژانە دەکات کە دەتوانێت پشکی بازاڕەکەی کەم بکاتەوە[٤٦].

### ٣-ئامرازە نەتەوەیی و تائیفیەکان:

لە سوریای دوای ئەسەد، دینامیکی نەتەوەیی و تائیفی بووەتە ئامڕازی سەرەکی کاریگەریی هەردوو هێز، ئیسرائیل و تورکیا. هەر لایە و سیاسەتی ناسنامە وەک ئامڕازێکی ستراتیژیی بۆ بەهێزکردنی بوونی خۆی و دروستکردنی پرۆکسییەکانی و لاوازکردنی ڕکابەرەکانی بەکاردەهێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیدگا جیۆپۆلیتیکییە فراوانەکانییانە.
تورکیا بە چەسپاندنی خۆی لەناو پێکهاتە ناوخۆییەکان لەڕێگەی تۆڕە ئایینییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دامەزراوە ئیسلامییەکان، خۆی وەک پارێزەری عەرەب و تورکمانەکانی سوننە لە باکووری سوریا دەخاتەڕوو. ئەم ڕێبازە ڕەنگدانەوەی خواستەکانی ئەنقەرە نیوعوسمانییە، کە وەک ئامڕازێک بۆ شەرعیەتدان بە بوونی جەخت لەسەر هاودەنگی ئیسلامی و یەکێتی سوننە دەکەنەوە. تورکیا بە کۆکردنەوەی ناسنامەی سوننە و تورکمان نەک هەر بەرپەرچدانەوەی ئۆتۆنۆمی کورد دەداتەوە، بەڵکو بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی دڵسۆز بۆ پشتیوانی لە پرۆژە سەربازی و سیاسییەکانی دروست دەکات. سوپای نیشتمانی سوریا کە بە پلەی یەکەم لە کوتلە سوننەکان پێکهاتووە، نموونەی ئەم یەکخستنی تائیفییە.[٤٧]
لە بەرامبەردا ئیسرائیل کار لەسەر "بنەمای پەراوێزخستن"ی مێژوویی خۆی دەکات، هەوڵدەدات هاوپەیمانیی لەگەڵ کەمینەکانی غەیرە عەرەب بۆ بەرپەرچدانەوەی زۆرینەی دوژمنکارانەی عەرەب دروست بکات. لە باشووری سوریا، تەلئەبیب پەیوەندییەکانی لەگەڵ دروزەکان پتەوتر کردووە و خۆی وەک پارێزەری ئەوان نیشانداوە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتیش لەگەڵ گروپە کوردییەکان خەریک بووە. کاربەدەستانی ئیسرائیل بە ئاشکرا کوردیان بە "هاوپەیمانی سروشتی" وەسف کردووە، ئەمەش ئەو تێڕوانینەیان بەهێزتر کردووە کە تەلئەبیب هاوپەیمانیی لەگەڵ کەمینەکان وەک پارێزبەندییەکی درێژخایەن لە دژی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و فراوانخوازی تورک دەڕوانێت.[٤٨]
پرسی کورد لە چەقی ئەم ڕکابەرییەدایە. لە کاتێکدا تورکیا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆنۆمی

کورد دەدات، ئیسرائیل هێزە کوردییەکان وەک ئەکتەرێکی لایەنگری ڕۆژئاوا دەبینێت، کە شایەنی پارێزگارییە. ئەم جیاوازییە بووەتە هۆی هاندانی دوژمنایەتیی یەکتر و ئەنقەرە ئیسرائیلی بە تێکدانی سەقامگیریی سنووری باشووری وڵاتەکەی تۆمەتبار کردووە. بە هەمان شێوە تورکیا پشتیوانی ئیسرائیل بۆ میلیشیا دروزەکان لە سوەیدا وەک هەوڵێک بۆ تێکدانی کاریگەرییە ناوچەییەکەی لێکدەداتەوە.[٤٩]

هەردوو وڵات ناسنامەی نەتەوەیی و تائیفی نەک بۆ مەبەستی مرۆیی بە تەنها، بەڵکو وەکو کارتی موزایەدە لە کێبڕکێ و ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکی فراوانتردا دەقۆزنەوە. پەسەندکردنی تورکیا بۆ سوریایەکی یەکگرتوو و سوننەکان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە دەوڵەتێکی پارچە پارچەدا دژبەیەکن، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سیاسەتی ناسنامە وەک گۆڕەپانێکی چارەنووسساز لە ڕکابەرییەکانیاندا دەمێنێتەوە.

**٤- ئامرازە دیپلۆماسی و یاساییەکان:**

دوابەدوای دارمانی ڕژێمی ئەسەد، سوریا بووەتە گۆڕەپانێکی کێبڕکێکار، کە ئیسرائیل و تورکیا نەک هەر ئامرازە سەربازییەکانیان دەگرنەبەر، بەڵکو ئامرازی دیپلۆماسی و یاسایش بۆ بەهێزکردنی پێگە و باڵادەستییان لەو وڵاتەدا بەکاردەهێنن.

تورکیا زیندووکردنەوە و فراوانکردنی ڕێککەوتننامەی ئەدەنەی ساڵی "١٩٩٨" وەک کاریگەرترین ئامرازی یاسای و دیپلۆماسی بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە ستراتیژییە ئەمنییەکانی لە سوریادا گرتوەتەبەر. ڕێککەوتننامەی ئەدەنە مافی شەڕ و لێدان لە پەکەکە لە چوارچێوەی خاکی سوریادا بە ئەنقەرە دەدات، بەڵام لە ئێستادا سەرلەنوێ دانوستان لەسەر گۆڕانکاریی لە ڕێککەوتنەکەدا دەکرێتەوە، بۆئەوەی شێوازێکی فراوانتری بنەمای "ئاسایش لەپێناو سەروەری تێدا جێگیر بکرێت.[٥٠] بەپێی ئەم ڕێککەوتنە تورکیا لەڕێگەی ئۆپەڕاسیۆنی بەزاندنی سنوورەوە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی زامن دەکات، لە کاتێکدا دیمەشق وردە وردە کۆنترۆڵی ئیداری لە باکووری سوریا بەهێزتر دەکاتەوە. ئەم چوارچێوەیە کە بە بێدەنگی لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرێت، بنەمایەکی یاسایی بۆ بوونی سەربازی تا "٣٠"-"٣٥ کیلۆمەتر لە ناوخۆی سوریادا بۆ ئەنقەرە دابین دەکات. هەروەها ئەمەش ڕێگە بە تورکیا دەدات کارەکانی نەک وەک داگیرکارییەک، بەڵکو وەک ئیدارەیەکی ئەمنی هاوبەش نیشان بدات. تورکیا بە پاڵنانی یەکگرتنی هێزەکانی هەسەدە بۆ ناو سوپای سوریا لەڕێگەی نێوەندگیریی ئەمریکاوە هەوڵدەدات ئۆتۆنۆمی کورد و هیزەکانیان کۆتایی پێبهێنێت، لە هەمان کاتدا پێگەی خۆی وەک گەرەنتی سەقامگیریی لە سوریا پتەوتر بکات.[٥١]

هەروەها تورکیا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ولاتانی دەرەوە و ناوچەکەش لەگەڵ دەسەڵاتی کاتی سوریا بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد ئەلشەرع سەرقاڵی دیپلۆماسییەکی چڕە.

ئەنقەرە بە لۆبیکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزاکان و لابردنی ناوی لە لیستی تیرۆریستیدا، ئامانجی دەستەبەرکردنی دانپێدانانی نێودەوڵەتییە بۆ حکومەتی نوێ. ئەم هەوڵە نەک هەر تەنها ئامانجی سەقامگیرکردنی دراوسێیەکی هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تورکیا نییە، بەڵکو بە هێنانەوەی سوریا بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپەرچی فشارەکانی ئیسرائیل دەداتەوە.[٥٢]

لە بەرامبەردا ئیسرائیل پشتی بە کۆمەڵە ئامرازێکی دیپلۆماسی جیاواز بەستووە. لە باشوورەوە تەلئەبیب ئامادەیی سەربازیی خۆی لە نزیک بەرزاییەکانی جۆلان چڕتر کردووەتەوە و لە هەمان کاتدا لەگەڵ دیمەشقدا بە نێوەندگیری واشنتۆن گفتوگۆی ناڕاستەوخۆی کردووە. ئەم دانوستانانە تایبەتن بە ئاسایشی سنوورەکان و پارێزگای سوەیدا کە زۆرینەی دروزەکانە، کە ئیسرائیل داوای ڕێڕەوی مرۆیی و گەرەنتی ئەمنی دەکات. لەوەش گرنگتر ئیسرائیل تورکیا لەم ڕێککستنانە دوور دەخاتەوە و هەوڵدەدات دیزاینێکی ئەمنی باشووری دوور لە کاریگەریی ئەنقەرە بنیات بنێت.[٥٣]

لە هەمان کاتدا ئیسرائیل چوارچێوەی دیپلۆماسی فراوانتر بەکاردەهێنێت، وەک ڕێککەوتننامەکانی ئەبراهام و فراوانکردنی بۆ دەوڵەتانی تری ناوچەکە. ئیسرائیل بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و بەشداریکردنی لەڕێگە ئابووری و ئەمنییەکانی ناوچەکەدا، شەرعیەتی خۆی بەهێزتر دەکات و نەیارەکانی بەتایبەتی ئێران و تورکیا گۆشەگیر دەکات.

### ٥- ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری (شەڕی سێبەر):

لە سوریای دوای ئەسەد، ململانێ بۆ هەژموونی نێوان ئیسرائیل و تورکیا تا دێت بۆ کایەی ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکان دەگوازرێت، یان ئەوەی بە "جەنگی سێبەر" ناسراوە.

بۆ تورکیا ڕێکخراوی هەواڵگریی نیشتمانیی (میت) بووەتە یاریزانی سەرەکی لەم بوارەدا. میت ئۆپەراسیۆنی شاراوە لە دژی گروپە کوردییەکان ئەنجام دەدات و چاودێریی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان دەکات و چالاکانە بەرپەرچدانەوەی تۆڕە هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا دەداتەوە. هەروەها ئەنقەرە وەبەرهێنانێکی زۆری لە ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا کردووە و ئاماژە بەوە دەدات کە کایەی دیجیتاڵی بووەتە گۆڕەپانێکی شەڕی چارەنووسساز. تایبەتمەندییەکی دیاریکەری ڕێبازی تورکیا پشتبەستنی بە میکانیزمە یاسایی و دامەزراوەییەکانە نەک ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێتۆریکی. تورکیا لەبری ئەوەی بە ئیدانەکردنی سیاسی وەڵامی کردەوەکانی ئیسرائیل بداتەوە، بەردەوام بووە لە دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە و ئۆپەراسیۆنەکانی چاودێریی کە ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی هەواڵگریی دەکات. لەنێوان ساڵانی ٢٠٢٢" – "٢٠٢٥، دەزگای میت چەندین تۆڕی پەیوەست بە مۆساد هەڵوەشاندەوە و کەناڵە داراییەکانی

ئاشکرا کرد و دەیان کەسی دەستگیرکرد، کە تۆمەتبار بوون بە سیخوڕی. ئەم کردارانە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە لە دژە هەواڵگریی کاردانەوە بۆ دوکتۆرینی ئاسایشی چالاکانەی درێژخایەن. دامەزراندنی ئەکادیمیای هەواڵگریی نیشتمانیی لە ساڵی "٢٠٢٣" ئەم ڕێبازەی بەهێزتر کرد، ڕاهێنانی بریکارەکان لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی و دەروونناسی سیاسی و شەڕی زانیاریدا.[٥٤]

لە بەرامبەردا ئیسرائیل ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکان وەک درێژکراوەی دوکتۆرینی بەرگریی پێشوەختەی خۆی بەکاردەهێنێت. مۆساد و هەواڵگریی سەربازیی (ئامان) لەڕێگەی تیرۆرکردنی ئامانجدارانەی سەرکردەکانی ئێران، تێکدانی دامەزراوەکانی چەک و هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر ژێرخانی گرنگ، شەڕێکی شاراوەیان لە سوریا دەستپێکردووە. ئەم ئۆپەراسیۆنانە بە شێوەیەکی دیپلۆماسی وەک کردەوەی ڕەوای بەرگریکردن لە خۆ، بەتایبەتی لە دژی دزەکردنی ئێران لە چوارچێوەیەکدا داڕێژراون. هەروەها ئیسرائیل تۆڕی هەواڵگریی بەرفراوان لە ناوخۆی سوریا بۆ چاودێریکردنی حیزبوڵڵا و ئێران دەپارێزێت، ئەمەش ئیدیعای خۆی بەهێزتر دەکات کە وەک هێزێکی سەقامگیرکەر لەژینگەیەکی ناجێگیردا مامەڵە بکات[٥٥].

یاری نێوان ئەم ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییانە ڕکابەرییەکی قووڵتری ناوچەیی ئاشکرا دەکات. ئیسرائیل وەک ڕکابەرێکی بەرزبووەوە لە تورکیا دەڕوانێت، کە کاریگەرییەکەی لە لیبیا تا قەفقاز دەگرێتەوە، لە کاتێکدا ئەنقەرە ئیسرائیل بەو شێوەیە دەبینێت کە لەڕێگەی غەززەو سوریاوە نەزمی ناوچەکە دەگۆڕێت. ئەم ململانێ بێدەنگە نوێنەرایەتیی کۆتایی سیخوڕی تەقلیدی ناکات، بەڵکو دەرکەوتنی دۆکتورینێکی نوێی هەواڵگرییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەم "شەڕەی عەقڵ"دا، باڵادەستی هی بەرزترین دەنگ نابێت، بەڵکو هی ئەو دەنگە دەبێت کە زۆرترین زانیاری و تیژترین تێڕوانین و توانای گۆڕینی زیرەکیی بۆ سوودێکی ستراتیژیی هەیە.[٥٦]

## تەوەری سێیەم: سیناریۆکانی داهاتووی کێبڕکێی تورکیا و ئیسرائیل بۆ هەژموونی ناوچەیی لە سوریادا

لە سوریایەکی دوای ئەسەد، بەهۆی کاریگەریی بە گۆڕانی دایانمیکە ناوچەیی، فشارە سیاسییە ناوخۆییەکان و دەستتێوەردانی زلهێزە دەرەکییەکانەوە، پێشبینی دەکرێت کێبڕکێی نێوان تورکیا و ئیسرائیل بە ناجێگیری بمێنێتەوە. چوار سیناریۆی ئەگەری، کێبڕکێی بە وەکالەت، پەرەسەندن، نێوەندگیریی دەرەکی و ڕێکخستنەوەی سیستەم و هاوسەنگی هێزی هەرێمی، مەودای ئەگەرەکانی داهاتوو نیشان دەدەن. سیاسەت و ڕوانگەی حکومەتی کاتی ئەحمەد شەرع لە دیاریکردنی سیناریۆکاندا ڕۆڵێکی تاڕادەیەک گرنگ دەبێت.

**١. بەڕێوەبردنی کێبڕکێکان بە وەکالەت:**
بەڕێوەبردنی کێبڕکێ لە ماوەی داهاتوویەکی نزیکدا، سیناریۆیەکی زاڵ لە کیبڕکێی نێوان هەردوو وڵات لە سوریادا دادەنێت. لەم دۆخەدا هەرچەندە هەردوو وڵات خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بەدوور دەگرن، بەڵام بەردەوامن لە کێبڕکێ لەڕێگەی پرۆکسی و ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکان و مانۆڕی دیپلۆماسییانەوە. لێرەدا ڕەنگە ئیدارەی شەرع ئەم دینامیکی شەڕی سارده لەڕێگەی هاوپەیمانییەکی نزیک لەگەڵ ئەنقەرە بچەسپێنێت، بەمەش تورکیا ناوچە ئارامەکانی خۆی لە باکوری سوریا دەچەسپێنێت و ئۆتۆنۆمی کوردەکان لاواز دەکات و چالاکییە ئابوورییە ناوخۆییەکان دەخەنە ناو کایەی نفوزی خۆیەوە[٥٧]. ئەمەش کاریگەریی تورکیا بەهێزتر دەکات و ئیسرائیل ناچار دەکات هاوبەشییە شاراوەکانی لەگەڵ گروپە کەمینەکانی دروز و کورد بەهێزتر بکات. هاوکات ئیسرائیل درێژە بە ستراتیژەکەی «جەنگی نێوان شەڕەکان» دەدات و ئامانجەکانی ئێران و حزبوڵڵای لوبنان و ڕەنگە پرۆکسییەکانی تورکیاش بکاتە ئامانج. ئەم سیناریۆیە ڕەنگدانەوەی داینامیکی جەنگی بەوەکالەت یان جەنگی سارده: هەردوولا ئاگاداری تێچووی پەرەسەندنی ململانێکانیانن و شێوازی ناڕاستەوخۆیان بۆ کێبڕکێ پێ باشترە، بەڵام مەترسییەکانی حیساباتی هەڵە هێشتا زۆرە، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ئۆپەراسیۆنە هەواڵگریی و نهێنییەکان و ناجێگیریی گروپە پرۆکسیەکان.[٥٨]

**٢. پەرەسەندن بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ:**
سیناریۆی دووەم بریتییە لە زیادبوونی ئاستی کیبڕکێ و ململانێکان لە کێبڕکێی بە وەکالەتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەنێوان تورکیا و ئیسرائیل لە سوریادا. چەند هۆکار و گریمانەیەک هەن کە ڕەنگە ببنە هۆی هاتنەدی ئەم سیناریۆیە. لەوانەش:
**یەکەم:** ئەگەر ئیسرائیل پشتیوانی خۆی بۆ گروپە کوردییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵات زیاد و فراوان بکات، تورکیا ئەمە وەک هێڵی سوور لێکبداتەوە و ببێتە هۆی گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند لە بەرپەرچدانەوەیدا، بە واتای پەرچەکردارێکی زۆر توند بگرێتەبەر. کردەوەکانی ڕژێمی سوریا دەتوانێت ئەم پەرەسەندنە خێراتر بکات. ئەگەر حکومەتەکەی بەشێوەیەکی کاریگەر خۆبەڕێوەبەریی کورد لە باکووری ڕۆژهەڵات هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوا لەم بارەدا ڕەنگە ئیسرائیل بە زیادکردنی پشتیوانی سەربازی و هەواڵگریی بۆ هێزە کوردییەکان وەڵامی ئەم هەوڵە بداتەوە.
**دووەم:** بە پێچەوانەوە ئەگەر تورکیا ئارام بگرێت یان ناڕاستەوخۆ بە هۆکاری تاکتیکی ئاسانکاریی بۆ فراوانبوونی ئێران بکات، ڕەنگە ئیسرائیل ئەمە وەک ڕەفتارێکی دوژمنکارانە سەیر بکات.[٥٩] لە باشووری سوریا، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بریکارەکانی ئێران، بەبێ ئاگاداریی دەتوانێت لایەنەکانی سەر بە تورکیا بۆ ناو ئەم هێرشانە ڕابکێشێت. ئەم پێشهاتانە

دەتوانن وەک هێرشی ئەلیکترۆنی، تیرۆرکردنی ئامانجدار، یان پێکدادانی سنووردار دەربکەون. لە کاتێکدا شەڕێکی تەواو بەدوور نازانرێت، تەنانەت پێکدادانەکانی خۆجێییش زیاتر سوریا ناسەقامگیر دەکات و ڕۆڵی ئەکتەرە دەرەکییەکان ئاڵۆزتر دەکات.

### ٣. نێوەندگیریی دەرەکی:

سیناریۆیەکی دیکە بریتییە لەنێوەندگیریی دەرەکی، کە زلهێزەکان یان ئەکتەرە ناوچەییەکان بۆ بەڕێوەبردنی کێبڕکێکە دەستوەردان دەکەن. ئەمەریکا بە کاریگەریی لەسەر هەردوو ئەنقەرە و تەلئەبیب، دەتوانێت نێوەندگیریی ئەو ڕێکخستنانە بکات کە ناوچەکانی کاریگەری و نفوز دیاری دەکەن، بەتایبەتی سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکان و بوونی ئێران.
ڕووسیا هەرچەندە بەهۆی سەرقاڵی و تێوەگلانی لە ئۆکرانیا لاواز بووە، بەڵام هێشتا کاریگەریی لە سوریادا هەیە و دەتوانێت نێوەندگیریی بۆ پاراستنی بنکە و هاوپەیمانەکانی بکات[٦٠]. دەوڵەتانی کەنداو، وەک ئیمارات و سعودیە، کە پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا باشتر کردووە، دەتوانن لەنێوان تورکیا و ئیسرائیل لە سوریادا ڕۆڵی نێوەندگیریش بگێڕن. بەدواداچوونی شەرع بۆ شەرعیەتی نێودەوڵەتی، وای لێدەکات ببێتە هاوبەشێکی پۆتانسێل لەم جۆرە نێوەندگیرییەدا[٦١]. بە قبوڵکردنی ناوبژیوانی دەرەکی، ئیدارەی شەرع دەتوانێت وەک ڕۆڵی گرنگ و یەکلاییکردنەوە بگێڕێت، بۆ نموونە بەگەرەنتیکردنی سەربەخۆیی سنوورداری کورد لەژێر پاراستنی ئەمریکا، لە هەمان کاتدا دانپێدانانی ناوچە ئەمنییەکانی تورکیا. لەڕاستیدا، نێوەندگیریی کێبڕکێکە چارەسەر ناکات، بەڵام دەتوانێت مەترسییەکانی پەرەسەندن کەم بکاتەوە و سەقامگیرییەکی کاتی دابین بکات.

### ٤. ڕێکخستنەوەی ناوچەیی و گۆڕینی هاوپەیمانییەکان:

گۆڕانکاریترین سیناریۆ بریتییە لە ڕێکخستنەوەی هەڵوێستە هەرێمییەکان. ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسرائیل، کە لە ڕێککەوتنەکانی ئەبراهامدا بەرجەستە بووە، شەرعیەتی ئیسرائیلی بەهێزتر کردووە و ڕەنگە ڕژێمەکانی داهاتووی سوریا پەیوەندییەکانی لەگەڵ تەلئەبیب بە پشتیوانی کەنداو ئاسایی بکەنەوە[٦٢]. لە هەمان کاتدا نزیکبوونەوەی تورکیا لە وڵاتانی کەنداو و میسر، دەتوانێت پێگەی دانوستانکارییەکەی بەهێزتر بکات. کەمبوونەوەی نفوزی ئێران، چ بەهۆی ناسەقامگیریی ناوخۆیی بێت یان فشارە دەرەکییەکان- هاوسەنگی هێز دەگۆڕێت و نیگەرانییە ئەمنییەکانی کاتی ئیسرائیل کەمدەکاتەوە و حیساباتەکانی لە سوریادا دادەڕێژێتەوە. لە سیناریۆیەکی لەو جۆرەدا، ڕەنگە ڕکابەریی تورکیا و ئیسرائیل کەم ببێتەوە، لەگەڵ پێناسەکردنەوەی هاوپەیمانییە دەرەکییەکان و گۆڕینی هاوبەشییەکان لەناو نەزمی ناوچەکەدا.

| سیناریۆ | ناساندن | ڕۆڵی حکومەتی سوریا | هۆکارە هاندەرەکان | ئاستی مەترسی |
|---|---|---|---|---|
| ململانێ و کیبڕکێی بەوەکالەت | کێبڕکێی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پرۆکسی و هەواڵگری و دیپلۆماسییەوە | لەگەڵ تورکیا هاوپەیمان دەبێت؛ کورد پەراوێز دەخات؛ داینامیکی جەنگی سارد بەهێز دەکات | ناجێگیری پرۆکسی، ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان، حیساباتی هەڵەی هەواڵگری | مامناوەند |
| ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ | پەرەسەندن لە ململانێ بە وەکالەتەوە بۆ پێکدادانی ڕاستەوخۆی سەربازی یان ئەلیکترۆنی | ئۆتۆنۆمی کورد هەڵدەوەشێنێتەوە؛ وەڵامدانەوەی ئیسرائیل وروژێنێت | پشتیوانی ئیسرائیل بۆ کورد، چەسپاندنی ئێران، کردەوەکانی ڕژێم | بەرز |
| نێوەندگیریی دەرەکی | زلهێزەکان یان دەوڵەتانی کەنداو نیوەندگیریی سەقامگیری کاتین | نێوەندگیریی قبوڵ دەکات بۆ هاوسەنگکردنی بەرژەوەندییەکان و شەرعیەتدان بە حوکمڕانی | دەستێوەردانەکانی ئەمریکا، ڕووسیا، ئیمارات، سعودیە؛ ئۆتۆنۆمی کورد بە پاڵپشتی ئەمریکا | نزم تا مامناوەند |
| دووبارە ڕێکخستنەوەی سیستەمی هەرێمی | گۆڕانکاریی لە هاوپەیمانییەکاندا ڕکابەریی کەمدەکاتەوە و داینامیکی دەسەڵاتی ناوچەیی دەگۆڕێتەوە | لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو هاوتەریبە؛ لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی دەبێتەوە؛ هاوبەشییەکان پێناسە دەکاتەوە | ڕێککەوتنەکانی ئەبراهام، پاشەکشەی ئێران، نزیکبوونەوەی کەنداو-میسر-تورکیا | نزم |

خشتەی ژمارە "٢" سیناریۆکانی داهاتووی ڕکابەری تورکیا و ئیسرائیل لە سوریای دوای ئەسەرد

## دەرئەنجام:

داهاتووی ڕکابەریی نێوان تورکیا و ئیسرائیل لە سوریادا بەندە بە داینامیکی بە وەکالەت و مەترسییەکانی پەرەسەندن و نێوەندگیریی دەرەکی و گۆڕینی هاوپەیمانییەکان و سیاسەتەکانی حکومەتی ئەحمەد ئەلشەرعەوە. لە داهاتوویەکی نزیکدا بەردەوامبوونی شەڕی بە وەکالەت بەهێزترین سیناریۆ دەبێت، بەڵام ژینگەی سیاسیی دوای ڕوخانی ڕژێمەکەی ئەسەد لە سوریا زۆر ناجێگیرە، ئەمەش وایکردووە پێشکەوتن یان بنیادنانەوەی سوریا قورس بکات. هەروەها لەم دۆخەدا پێکدادانەکانی خۆجێییش زیاتر سوریا ناسەقامگیر دەکات و ڕۆڵی ئەکتەرە دەرەکییەکان تیایدا ئاڵۆزتر دەکات و سەرکێشانی ململانێکان بۆ شەڕێکی تەواو بەدوور نازانرێت. لە کۆتاییدا سوریا لە سەردەمی دوای ئەسەددا نەک هەر گۆڕەپانی شەڕ نابێت، بەڵکو نیشاندەرێک دەبێت بۆ ئەوەی کە چۆن ڕکابەرییە ناوچەییەکان لەگەڵ سەرکردایەتیی نوێ و هاوپەیمانییە گۆڕاوەکاندا پەرەدەسەنن.

---

## سەرچاوەکان:

1 - Fikir Turu، 2025، Suriye'de Türkiye-İsrail gerilim hattı، Available at: https://fikirturu.com/jeo-politika/suriyede-turkiye-israil-gerilim-hatti/، (accessed 12/10/2025).

2 - Turkish Minute، 2024، Protecting Syria's territorial integrity and an 'unchanging line' for Turkey: Erdoğan، Available at: https://turkishminute.com/2024/12/24/protecting-syrias-territorial-integrity-an-unchanging-line-for-turkey-erdogan/ (accessed 10/10/2025).

3 - Türkiye Today، 2025، No federal structure will be allowed in Syria، FM Fidan says، Available at:https://www.turkiyetoday.com/region/no-federal-structure-will-be-allowed-in-syria-fm-fidan-says-145791(accessed 10/10/2025).

4 - Hürriyet Daily News، FM urges armed groups in Syria to unite، Available at: https://www.hurriyetdailynews.com/fm-urges-armed-groups-in-syria-to-unite-205124، (accessed 7/10/2025).

5 - Orunc، Haydar، 2025، Türkiye-İsrail Mücadelesinde Suriye'nin Yeri ve Önemi، Dış Politika، Kriter، 10، 101، 36.

6 - Dettmer، Jamie، Netanyahu Says Iran's Presence in Syria Won't Be Tolerated، 2017، Available: https://www.voanews.com/a/israel-syria-iran/4147522.html، (accessed 7/10/2025).

7 - Özkan، İslam، 2025، Orta Güçler ve Sınırlı Dengeleme: Suriye ve 7 Ekim Sonrası Savaşlar، Available: https://ekopolitik.org.tr/orta-gucler-ve-sinirli-dengeleme-suriye-ve-7-ekim-sonrasi-savaslar/، (accessed 11/10/2025).

8 - Welat، 2025، Washington Post: Barrack Acknowledges Syria's Need for a System Close to Federalism، Available at: https://welattv.com/en/node/16704، (accessed 11/10/2025).

9 - Alibabalu، Sayyad Sadri، 2022، Turkey's Security Policy towards Northern Syria and Iraq amid Regional Chaos (2011-2019)، DergiPark، 102، 147-170.

10 - Ibid.

11 - Yiğitaslan، Berçin، 2025، Türkiye'nin Suriye'deki Askeri Varlığı ve Yeni Bölgesel Güç Dengesi، Available at : https://www.toplum.org.tr/turkiyenin-suriyedeki-askeri-varligi-ve-yeni-bolgesel-guc-dengesi/(accessed 9/10/2025).

12 - Anadolu Ajansı، 2025، Bakan Fidan: DEAŞ ile mücadele kisvesi ile bölücü bir gündem takip eden SDG'nin bu denklemden vazgeçmesi gerekiyor، Available at: https://www.aa.com.tr/tr/gundem/bakan-fidan-deas-ile-mucadele-kisvesi-ile-bolucu-bir-gundem-takip-eden-sdgnin-bu-denklemden-vazgecmesi-gerekiyor/3711537، (accessed 9/10/2025).

١٣ - آفرين علو، ٢٠٢٥،مسؤول في الإدارة الذاتية: ضغوط تركية كبرى تعرقل محادثاتنا مع دمشق وتهدد بتعليقها، https://shorturl.at/aGwW8، (accessed 9/10/2025).

١٤ - أحمد، صافيناز،٢٠٢٥، تركيا والتصعيد العسكرى الإسرائيلى فى سوريا،
https://acpss.ahram.org.eg/News/21392.aspx، (accessed 14/10/2025)

١٥ - عدنان بوينو قره،٢٠٢٥، تركيا و"قسد" ومستقبل سوريا،
https://shorturl.at/vb3Si.، (accessed 14/10/2025).

16 - Lazar، Berman، 2024، Times of Israel، After fall of Assad، PM says Israel is transforming the face of the Middle East، Available at :https://www.timesofisrael.com/after-fall-of-assad-pm-says-israel-is-transforming-the-face-of-the-middle-east/، (accessed 11/10/2025).

17 - Saponaro، Kunz، J. Luigi M، 2025، Neo-Ottomanism in Türkiye's Foreign Policy: Examining Turkish Influence in Syria (2016-2024)، IEEE 58/2025، 1-13.

18 - Süveydan، Muhammet، 2025، Suriye'de 'Büyük İsrail' ile 'Neo-Osmanlıcılık' arasındaki mücadele، https://hvodinali.wordpress.com/2025/03/22/suriyede-buyuk-israil-ile-neo-osmanlicilik-arasindaki-mucadele/،(accessed 8/10/2025).

١٩ - أيمن ، أبو هاشم ، قراءة في عملية «غصن الزيتون» وانعكاساتها على القضية السورية، ٢٠١٨،
https://shorturl.at/djugc، (accessed 8/10/2025).

٢٠ - جوان ، سوز ،السلطان مراد.. ذراع تركيا المسلحة في شمال سوريا وشرقها، العربية،
https://shorturl.at/SQo90 (accessed 8/10/2025).

٢١ - المجلة،٢٠٢٥، انتهاكات الساحل السوري... ما الفصائل المتهمة؟ ما دورها خارج البلاد؟، https://tinyurl.com/yeymwan7 (accessed 8/10/2025).

22 - Abdul-Hussain، Hussain، 2025، Syria's New Leader Is an Autocrat; Will That Be Good or Bad for Israel and Turkey?، Available at: https://www.fdd.org/analysis/op_eds/2025/03/24/syrias-new-leader-is-an-autocrat-will-that-be-good-or-bad-for-israel-and-turkey/،(accessed 11/10/2025).

23 - Süveydan،Op.cit.

٢٤ - فايد أبو شمالة، ٢٠٢٤، الخريطة التي عرّفتنا على خطط نتنياهو،
https://tinyurl.com/5deby7cf، (accessed 11/10/2025)..

٢٥ - د.مهدي مبارك عبد الله، ٢٠٢٥، هل تعيد اسرائيل رسم خريطة سوريا بخمس دويلات طائفية متناحرة؟،
https://tinyurl.com/mpa953uh، (accessed 8/10/2025).

26 - Jyoti D.،Hirak and Yadav، Abhishek ، 2025، Israel's Strategic Priorities in Post-Assad Syria، Manohar Parrikar Institute for Defence Studies and Analyses، Available at: https://www.idsa.in/wp-content/uploads/2025/07/Issue-Brief-HJ-Das-and-AYadav-29-July-2025.pdf، (accessed 11/10/2025)

٢٧ - أحمد، صافيناز،٢٠٢٥،سوريا: الشرع والخيارات الصعبة فى مواجهة «قسد» و«الدروز»، https://acpss.ahram.org.eg/News/21489.aspx ،(accessed 14/10/2025).

28 - Spyros، A. Sofos، 2025، Syria As A Battleground: How Israel And Turkey Are Shaping A Fragmented Middle East، https://blogs.lse.ac.uk/mec/2025/08/26/syria-as-a-battleground-how-israel-and-turkey-are-shaping-a-fragmented-middle-east/، (accessed 16/10/2025)

٢٩ - ترك بريس، ٢٠٢٥، تقرير: «ممر داود» الإسرائيلي في سوريا طموح جغرافي مستحيل التنفيذ عمليا،
https://www.turkpress.co/node/107529، (accessed 14/10/2025)

30 - ODA tv، Bahçeli 'şeytan koridoru' dedi ve çağrı yaptı: YPG'nin hayrına olur، 2025، https://www.odatv.com/siyaset/mhp-lideri-devlet-bahceli-myk-mdk-toplantisi-oncesi-yazili-aciklamada-bulundu-120107191، (accessed 15/10/2025)

31 - Jones، Dorian، 2025، Syria in Crossfire as Turkish-Israeli Rivalry Heats Up over Assad's Successors، Available at: https://www.rfi.fr/en/podcasts/international-report/20250317-syria-in-crossfire-as-turkish-israeli-rivalry-heats-up-over-assad-s-successors ، (accessed 11/10/2025).

32 - Ghazawi، Saher، 2025، İsrail'in Türkiye'nin Artan Nüfuzuna Yönelik Kaygısı، Vizyon Siyasi Kalkınma Merkezi، Available at:https://vision-pd.org/tr/israilin-turkiyenin-artan-nufuzuna-yonelik-kaygisi/، (accessed 12/10/2025).

٣٣ - أحمد، صافيناز،٢٠٢٥، تركيا والتصعيد، مصدر السابق.

٣٤ - اياد ابو شقرا، ٢٠٢٥، لكل هذا لا تزال سوريا قيد المتابعة الدولية!، الشرق الأوسط،
https://shorturl.at/WmmV6، (accessed 11/10/2025).

35 - Süveydan، Muhammet، Op.cit.

٣٦ - علي أسمر، ٢٠٢٥، ملامح المعادلة الأمنية الجديدة في سوريا،
https://shorturl.at/n9GRt ، (accessed 15/10/2025).

37 - Özlem Tür، 2025، Ortadoğu'da stratejik rekabet: İran، İsrail، Suriye ve Türkiye، Heinrich Böll Stiftung، Available at : https://tr.boell.org/tr/2025/07/23/ortadoguda-stratejik-rekabet-iran-israil-suriye-ve-turkiye، (accessed 12/10/2025).

38 - Jyoti Das، Hirak، and Yadav، Abhishek، 2025، Israel's Strategic Priorities in Post-Assad Syria، Available at: https://www.idsa.in/wp-content/uploads/2025/07/Issue-Brief-HJ-Das-and-AYadav-29-July-2025.pdf، (accessed 8/10/2025).

39 - Utku Şimşek، MSB: Suriye'nin siyasi birliğini، toprak bütünlüğünü savunuyoruz، 2025، Anadolu Ajansı، https://www.aa.com.tr/tr/gundem/msb-suriyenin-siyasi-birligini-toprak-butunlugunu-savunuyoruz/3659254، (accessed 8/10/2025).

٤٠ - علي أسمر، ٢٠٢٥، ملامح المعادلة الأمنية الجديدة في سوريا،
https://shorturl.at/n9GRt ، (accessed 15/10/2025).

41 - Demirdöğen، Oğuzhan، 2025، Suriye'nin Ekonomik Geleceği: Yıkımdan Kalkınmaya، Available at : https://orsam.org.tr/yayinlar/suriyenin-ekonomik-gelecegi-yikimdan-kalkinmaya/(accessed 9/10/2025).

42 - Ibid.

43 - Hegazi، Aghiad، 2025، Southern Syria: Where Israel redraws the Levant through water and gas، Available at : https://thecradle.co/articles/southern-syria-where-israel-redraws-the-levant-through-

water-and-gas، (accessed 11/10/2025).
44 - TV100، Türkiye İsrail İle Karşı Karşıya Gelir Mi?، Doğru Yorum - Doç. Dr. Cihat Yaycı، 19 July 2025، Available at: https://www.youtube.com/watch?v=7H1Ja6kX2Zs، accessed : 10/10/2025.
45 - Ibid.
46 - Nûdem، Şervîn and Jin، Newaya، 2025، New Maps and Corridors – Who is Drawing the Future of the Middle East?، Available at: https://jineoloji.eu/en/2025/09/30/new-maps-and-corridors-who-is-drawing-the-future-of-the-middle-east/#:~:text=The%20David%20Corridor%2C%20which%20is،of%20influence%20and%20trade%20routes.، (accessed 14/10/2025).
47 - Abou youssef، Ahmed، 2025، Divergent Agendas: Turkey and Israel in Syria، https://tinyurl.com/294kxf94، (accessed 16/10/2025)
48 The Syrian Observer، 2025، Israel's Strategic Ambitions in Syria: Fragmentation، the 'David Corridor،' and Confrontation with Turkey، Available at: https://shorturl.at/KtBTw (accessed 15/10/2025)
49 - Fikir Turu، Op.cit.
٥٠ - علي أسمر، ٢٠٢٥، «أضنة بريميوم».. النسخة المطورة من اتفاقية أضنة ١٩٩٨،
https://shorturl.at/Fze8K (accessed 15/10/2025).
٥١ - ترك بريس، ٢٠٢٥، مباحثات تركية سورية حول توسيع نطاق اتفاق أضنة.. ماذا يعني ذلك؟،
https://www.turkpress.co/node/107439،(accessed 14/10/2025).
٥٢ - عدنان بوينو قره، مصدر السابق.
53 - The Syrian Observer، Op.cit.
٥٤ - علي أسمر، ٢٠٢٥، كيف يمكن أن تستفيد سوريا من حرب الظل بين أنقرة وتل أبيب؟،
https://shorturl.at/6KQVQ،(accessed 15/10/2025)
55 - Özden، Aslıhan، 2022، Israeli Security and Intelligence in The Context of Syrian Civil War، Available at: https://foreignpolicy.org.tr/israeli-security-and-intelligence-in-the-context-of-syrian-civil-war/(accessed 7/10/2025).
٥٦ - علي أسمر، ٢٠٢٥، كيف يمكن، مصدر السابق.
57 - Coşkun، Alper، 2025، The Middle East's Other Escalating Rivalry: Türkiye and Israel in Syria، Carnegie Endowment for International Peace، Available at: https://carnegieendowment.org/emissary/2025/07/turkey-israel-syria-escalating-rivalry?lang=en، (accessed 11/10/2025).
58 - North Press، 2025، Syrian President Al-Sharaa: Syria and Turkey to Establish a Deep Strategic Partnership، Available at: https://npasyria.com/en/121779/، (accessed 11/10/2025).
59 - Abdul-Hussain، Hussain، Op.cit.
60 - Jones، Dorian، ، Op.cit.
61 - Mohammed، A. Salih، 2025، Unlikely Alliances and Confrontations: Türkiye، Israel، and Iran in Post-Assad Syria، New Lines Institute، Available at: https://newlinesinstitute.org/people/mohammed-a-salih/، (accessed 11/10/2025).
62 - Ghazawi، Saher، Op.cit.



# سعودیە و پاکسـان، تـارمایی ئـەتۆمی لـە کـەنداو

د.فـاروق عـەبدول
پسپۆڕ لە زانستە سیاسیەکان

**پێشـەکی:**

لەنـاوەڕاستی مانگی ئەیلوولی «٢٠٢٥» و بە دیاریکراوی لە«١٧» ئەو مانگەدا، سعودییە هەنگاوێکی ستراتیجی گرنگی بە ئاڕاستەی پەیوەندییەکانی نەخشـەڕێژ کردو لەگەڵ پاکستانی خاوەن چەکی ئەتۆم چوونە ناو ڕێککەوتنامەیەکی چارەنووسازەوە کە تارمایی ئەتۆم دەباتە کەنداو و دەتوانێت وەکو قەڵغانێك بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێکی پڕ لە ئالۆزو قەیراناویدا سودی لێوەربگرێت، هەردوو دەوڵـەت (سعودیە و پاکستان) ڕێککەوتننامەی هاوبەشی بەرگریی ستراتیجی (Strategic Mutual Defence Agreement) (SMDA) واژۆ دەکەن، هەندێك ئەم ڕێککەوتنە وەکو چەکەرەی (ناتۆی ئیسلامی یان عەرەبی) لە قەڵەم دەدەن، بەو پێیەی هەڕەشەو هێرشەکان لەمەودوا تەنیا سەرچاوەکەی ئێران نییە، بەڵکو دەشێت دۆستە هەرە نزیکەکانی ئەمریکا بن، وەکو ئەوەی لە هێرشەکەی ئسرائیل بۆ سەر قەتەر ڕوویدا.




محەمەد بن سەلمان شازادەی جێنشینی سعودیە و شەهباز شەریف، سەرۆکوەزیر انی پاکستان پاش واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە

بەپێی ڕێککەوتنامەکە، هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر هەریەکێکان بە دەستدرێژی بۆ سەر هەردوو وڵات دادەنرێت و هاوکاریی یەکتر دەکەن بۆ بەهێزکردنی بواری بەرگریکردن و بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشە و هێرشێك لە داهاتوودا.

خواجە محەمەد ئاسیف وەزیری بەرگری پاکستان ڕایگەیاند کە بەپێی ڕێککەوتنامەکە، ئەگەر پێویست بکات بەرنامەی ئەتۆمی پاکستان «دەخرێتە بەردەست» سعودیە. وتیشی: «مافی بنچینەیی وڵاتان و گەلانی ناوچەکەیە بەتایبەتی دانیشتووانی مسوڵمانە، کە پێکەوە بەرگری لە ناوچەکە و وڵاتەکانیان و نەتەوەکانیان بکەن[١].

ڕێککەوتنەکە هیچ بڕگەیەکی تێدا نییە کە هاتنە ناوەوەی وڵاتانی دیکە قەدەغە بکات، هاوکات ڕێگریش ناکات لە پاکستان لە واژۆکردنی ڕێککەوتنێکی هاوشێوە لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکە.

هەر زوو ئەم ڕێککەوتنە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە، کە بۆچی لەم کاتەداو لەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمیەکانی ئێران، (سعودیە و پاکستان) ڕێککەوتننامەیەکی لەو شێوەیەیان ڕاگەیاند، مەغزاو هۆکارەکانی چی بوون؟ کاردانەوەو هەڵویستی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان لەم بارەیەوە چی بوو؟ ئەم ڕێککەوتننامەیە چی بە هەردوولا دەبەخشێت و لەداهاتوودا چ کاریگەریەکی لەسەر خودی پەیوەندییەکانی سعودیەو پاکستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و کەنداو بەتایبەتی دەبێت؟ بۆ وەڵامی ئەمانە سەرەتا دەبێت بزانین کە هاوبەشی سعودیەو پاکستان لە کوێوە دەستی پێکردووەو چۆن گەیشت بە قەڵغانی ئەتۆمی؟

## هاوبەشییەکی مێژوویی

بەپێی ئاژانسی فەرمی سعودیە (SPA) ڕێککەوتنە نوێیەکەی بەرگریی هاوبەش لەگەڵ پاکستان لەسەر ئەو هاوبەشییە مێژووییە بنیات نراوە کە نزیکەی هەشت دەیە بەردەوامەو لەسەر بنەمای پەیوەندیی برایەتی و هاوپشتی ئیسلامی دامەزراوە. هەروەها لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ستراتیژییە هاوبەشەکان و هاوکاریی بەرگریی نزیکی نێوان هەردوو وڵات هاتووەتە کایەوە.

بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان سعودیە گەورەترین دابینکەری نەوتی پاکستانەو هاوکاریی دارایی بەرچاوی ئەو وڵاتە دەکات، نزیکەی دوو ملیۆن کرێکاری کۆچبەری پاکستانی ساڵانە زیاتر لە (٤,٥) ملیار دۆلار حەواڵەی وڵاتەکەیان دەکەن، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانییە بۆ پاکستان. پەیوەندییەکان لە دەرەوەی یارمەتی و قەرزی نەوت بەهێزتر بوون، لە ساڵانی ڕابردوودا هەردوو وڵات هەنگاویان بەرەو فراوانکردنی هاوکاریی دوولایەنە لە بواری بازرگانی، پەروەردە، خانووبەرە، گەشتیاری، کشتوکاڵ ناوە. سعودیە لە پلەی دووەمی ناوچەکە و چوارەمی جیهانییە وەک هاوبەشی بازرگانیی پاکستان، بەپێی

ئامارەکان ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەردوو وڵات لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا (٢١,٣) ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە. سعودیە لەڕێگەی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو (GCC) بەشداری لە پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ پاکستان کردوە، کە لە ساڵی «٢٠٢٣»ەوە ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی لەگەڵ ئیسلام ئاباد واژۆکرد.
بەپێی ناوەندی ئاماری کەنداو لە ساڵی «٢٠٢٢»دا ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان پاکستان و وڵاتانی کەنداو گەیشتە (٢٣,٣) ملیار دۆلار. هەروەها لە ساڵی «٢٠١٩» سعودیە بۆ دابینکردنی دارایی پرۆژەکانی گەشەپێدان لەو وڵاتە بەڵێنی (٢٠) ملیار دۆلاری بە پاکستان داوە. هەروەها لە مانگی نیسانی «٢٠٢٤» سعودیە و پاکستان پابەندبوونیان بە خێراکردنی شەپۆلی یەکەمی پاکێجێکی وەبەرهێنانی (٥) ملیار دۆلاری ڕاگەیاند[٢].
ئەم پەیوەندییانەی سعودیە و پاکستان، تەنیا لەلایەنی دارایی و بازرگانیدا قەتیس نەبووە، بەڵکو لە بواری سەربازی و ئەمنییدا هەنگاوی گەورەیان بڕیوە، بەپێی ڕاپۆرتەکان پابەندبوونی ئەمنی بە بەرگریکردن لە مەککە و مەدینە، «ناوەڕۆکی هاوپەیمانی» نێوان پاکستان و سعودیە پێکدەهێنێت، کە لە ساڵی «١٩٥١»ەوە پەیمانی دۆستایەتییان واژۆکردوە. لە ساڵانی شەستەکاندا یەکەم کاروانی هاتنی سەربازانی پاکستان بۆ سعودیە ئەنجامدراوە، ئەمەش لە بەرامبەر نیگەرانییان لەبارەی شەڕێکەوە کە هێزەکانی میسر لە یەمەن ئەنجامیاندا. دوابەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی «١٩٧٩»، ئەم پەیوەندییانەی نێوان سعودیە و پاکستان لە بەرامبەر مەترسی سعودییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تاران زیاتر پتەوتر بوو. هەروەها لە کاتی ئۆپەراسیۆنی گەردەلولی بیابان «١٩٩٠-١٩٩١»، پاکستان هێزێکی سەربازی زۆری ڕەوانەی سعودیە کرد، کە ئەرکی پاراستنی مەککەو مەدینەیان پێسپێردرا. لە «٢٠١٦» پاکستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پەیوەندیی بە هاوپەیمانی سەربازیی ئیسلامییەوە کرد، کە سعودیە سەرکردایەتیی دەکات. تا ساڵی «٢٠١٨» زیاتر لە هەزار ئەفسەری پاکستانی بە مەبەستی ڕاهێنان و ڕاوێژکاری لە سعودیە بوونیان هەبووە[٣].

## بەرنامە ئەتۆمیەکەی پاکستان

بەرنامەی ئەتۆمی پاکستان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکرد، بەهۆی گرژییە ناوچەییەکان، بەتایبەتی لە دوای تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی هیندستان لە ساڵی «١٩٧٤»دا. پاکستان لە ساڵی «١٩٩٨» بە ئەنجامدانی شەش تاقیکردنەوەی ئەتۆمی بە فەرمی پەیوەندیی بە «یانە ئەتۆمییەکان»ەوە کرد و پەیوەندیی بە گروپێکی دیاریکراوی دەوڵەتانی خاوەن توانای ئەتۆمییەوە کرد. دکتۆر عەبدولقەدیر خان بە باوکی بەرنامە ئەتۆمییەکەی پاکستان دادەنرێت، بەو پێیەی دامەزرێنەری بەرنامەی ئەتۆمی پاکستان بووە و ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەوەی پاکستان بکاتە خاوەن یەکەم بۆمبی ئەتۆمی.

سەرەڕای ئەوەی پاکستان بەردەوام ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی بووەتەوە، بەتایبەتی لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە توانیویەتی جبەخانەی ئەتۆمی خۆی بپارێزێت. هەروەها بەردەوام جەختیشی لەسەر بەکاربردنی مەدەنیانەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی کردووەتەوە، بەڵام ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە بوونی چەکی ئەتۆمی پێویستییەکی ستراتیژییە بۆ پاراستنی لە دژی هیندستانی هاوسنوری، بەتایبەتی لەژێر ڕۆشنایی ململانێ بەردەوامەکانی لەسەر پرسی کشمیرو ململانێ تائیفیەکانی ناوچەکە. لەبارەی پەرەسەندی بەرنامە ئەتۆمیەکەوە کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووە دەستی پێکردوە هەندێک لە شرۆڤەکاران ڕیاز بە «دارایی بێدەنگ»ی بەرنامەی ئەتۆمی ئیسلام ئاباد وەسف دەکەن، ئەمەش بەهۆی پاشخانی دەیان ساڵەی پشتیوانی دارایی سعودیە بۆ بودجەی بەرگریی پاکستان و پەرەپێدانی جبەخانە ئەتۆمییەکەی ئەم وڵاتە[٤].

**پاڵنەرەکانی سعودیە بۆ ڕێککەوتنەکە**

ئەو بارودۆخە نوێیەی لەدوای ڕووداوەکانی «٧» ئۆکتۆبەری «٢٠٢٣» هاتەکایەوەو بەدوایدا شەڕی «١٢» ڕۆژەی ئێران و ئیسرائیل، سعودیەی وەکو دەوڵەتێکی هەرێمی خاوەن پێگە خستە بەردەم واقیعێکی نوێوە، هەڵبەت پەرەسەندە خێراکانی تەکنەلوجیای سەربازی و لێکەوتەکانی لەسەر ئاسایشی وڵاتان، ئەم واقیعە نوێیەی بۆ سعودیە کردە پرسێکی حەتمی، ئەم وڵاتە لەبەر سامانە زەوەندەکەی و پێگەی ئایینییە بەرچاوەکەی، هیچ کاتێك پارێزراو نییەو نەبووە، بەردەوام لەژێر هەڕەشەدایە، بۆیە سەرباری ئەو تێچوونە زۆرانەی بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکەی خەرجی دەکات، هاوکات زۆرجار بەپێی بارودۆخ هەڵسەنگاندنی بۆ ستراتیژی بەرگریی هەیەو چاوی لە ڕێوشوێنی نوێ و ئەلتەرناتیڤی جێگرەوەیە لە حاڵەتی زیادبوونی نادڵنیایی و هەڕەشەو مەترسییەکان، بۆیە ئەوەی لەگەڵ پاکستان ئەنجامیدا بەشێکە لەو ستراتیژە کە دەکرێت لە چەند لایەنێکەوە پاڵنەرەکان دیاری بکرێن:

**١- نیگەرانی و ناهاوسەنگی ناوچەیی:**

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا دێت ناجێگیری زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، گرژی و ململانێکان لەگەڵ ئێران، نادڵنیایی لە جموجۆڵ و کردەوە سەربازییەکانی ئیسرائیل (بەتایبەت دوای هێرشەکانی بۆ سەر قەتەر)، سووربوونی ئێران لەسەر پرۆگرمە ئەتۆمییەکەی، شەڕی درۆن و مووشەکی لەگەڵ ئیسرائیل، لەو فاکتەرانەبوون کە سعودیەی ناچارکرد بە توانا بەرگرییەکانیدا بچێتەوە و وەکو هەنگاوێکی بەپەلە بەهێزتری بکات. هەروەها سعودیە لە مێژە ترسی ئەوەی هەیە کە ئەگەر نەیارەکانی توانا ئەتۆمییەکانیان پەرەپێبدەن، ڕەنگە وڵاتەکەی ناچار بە وەڵامدانە بکرێت، هەروەك هۆشداریش هەبوو کە ئەگەری هەیە ئێران چەکی ئەتۆمی

بەدەست بهێنێت[٥]. بۆیە پرسی پەرەسەندنی هەڕەشەکان و دووبارەبووەیان لە کات و قۆناغی جیاوازدا، ئەو مەترسیە بوو کە لە چوارچێوەی گشتی ڕێککەوتننامەی بەرگریی هاوبەشی سعودیە – پاکستاندا بەڕوونی ئاماژەی پێکراوە، پاڵنەرەکەی سعودیەش بۆ ڕێککەوتنەکە هەر بۆ ڕەوینەوەو سنوردارکردنی هەڕەشە دووبارەبووەکانە.

**٢- نادڵنیایی لە پارێزەرە تەقلیدییەکان:**

دەیان ساڵە پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و شەش دەوڵەتی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو (بەحرەین، کوەیت، عومان، قەتەر، ئیمارات و سعودیە) لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێك بووە کە واشنتۆن ئاسایشی ئەم شەش دەوڵەتە لە بەرامبەر دەستەبەرکردن و دابینکردنی سەرچاوەکانی وزەی نەوت و گاز دەپارێزێت. هەروەها بەدەستهێنانی بەشێك لە سەرچاوە هایدرۆکاربۆنییەکان، یەکەم زەنگی مەترسی لەسەر ئەم ڕێککەوتنە لە ساڵی «٢٠١٩»دا بوو. بەپێی گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی، هێرشەکانی ئێران بۆسەر دامەزراوە نەوتییەکانی کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیە لە سێبتەمبەری «٢٠١٩» یەکەم لەقبوونی متمانەکە بوو. هەروەها هێرشی حوسییەکانی یەمەنی هاوپەیمانیی ئێران بۆ سەر فڕۆکەخانەی ئەبوزەبی لە ئیمارات لە ساڵی «٢٠٢٢» و بەگشتی بێوەڵامی بەهێزی ئەمریکا بۆ هیچ کام لەم دوو هێرشە، سەرەتای نیگەرانی وڵاتانی کەنداو بەگشتی و سعودیە بوو بەتایبەتی.

ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیست پێی وایە دەوڵەتانی کەنداو ئێستا نەك هەر بەدوای گەرەنتییەکدا دەگەڕێن کە ئیسرائیل هێرشێکی لەو شێوەیە بۆ سەر قەتەر یان وڵاتانی دیکە دووبارە نەکاتەوە، بەڵکو بەدوا گەرەنتی ئەمنیی گەورەتر و متمانەپێکراوتر و درێژخایەنتریش دەگەڕێن[٦].

> **"بەپێی ڕێککەوتنامەکە، هەر دەستدرێژییەك بۆ سەر هەریەکێکیان بە دەستدرێژی بۆ سەر هەردوو وڵات دادەنرێت و هاوکاریی یەکتر دەکەن بۆ بەهێزکردنی بواری بەرگریکردن و بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشە و هێرشێك لە داهاتوودا"**

هەرچەندە سعودیە لە مێژوودا بۆ بەرگری و ئاسایشی خۆی زۆر پشتی بە ئەمریکا بەستووە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییە (هێرشەکانی ئیسرائیل، گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، نیگەرانییەکان لەوەی کە ئەمریکا چەندە خێرا وەڵام دەداتەوە) بووەتە هۆی جۆرێك لە نادڵنیایی ئەو وڵاتە، بۆیە سعودیە دەخوازێت هەم پەیمانی نوێ بەرهەمبهێنێت و هەم

هاوپەیمانەکانی هەمەچەشن بکات و کەمتر بەتەنیا پشت بە ئەمریکا ببەستێت و پێی وایە کە هاوپەیمانی ناوچەیی کاریگەرترەو دەتوانێت ڕاستەوخۆ دەستوەردان بکات[٧].

**٣- ئامادەیی ستراتیژی، قەڵغانی بەرگری:**

سعودیە بە بەرزکردنەوەی ئاستی هاوئاهەنگی زیاتر لەگەڵ پاکستانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی، دەیەوێت پەیامێك بۆ نەیارانی داهاتووی (بەتایبەت ئێران) بنێرێت، کە ئەم جۆرە ڕێککەوتنە بوار بۆ قەڵغانێکی درێژخایەنی بەرگریی لە خاکی سعودیە فەراهەم دەکات، کە دەتوانێت پێگەی لە ئاستی بەرگرییەوە بۆ هەڕەشە بەرزبکاتەوەو مەترسییەکان بۆسەر خاکەکەی سنوردار بکات.

هەروەها لەڕووی داینامیکی دیپلۆماسییەوە، ئەم ڕێککەوتنە بۆ سعودیە گرنگەو چەند هەنگاوێك دەیباتە پێشەوە، بەتایبەتی لە دانوستانەکاندا وا دەکات سعودیە چانسی زیاتری هەبێت، یان لانی کەم «کارت»ی زیاتری بۆ بەڕێوەبردنی گەمە سیاسی و دیپلۆماسیەکان هەبێت[٨].

**٤- پەیوەندیی درێژخایەن و هاوکاریی پێشوەختە:**

سعودیە و پاکستان بۆ دەیان ساڵە پەیوەندییەکی نزیکیان هەبووە، هاوکاری سەربازی، دارایی، تەنانەت سعودیە لە هەوڵە ئەتۆمی و سەربازییەکانی ڕابردوویدا لەڕووی داراییەوە یارمەتیی پاکستانی داوە، کەواتە ڕێککەوتنی دڵنیایی ئەتۆمی جگە لەوەی لە هەندێك ڕووەوە بونیاتنان و پتەوکردنی ئەو شتانەیە کە پێشتر لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا هەبووە، هاوکات پەیوەندییەکان زیاتر فەرمیتر دەکات، چونکە لەسەر بنەمای دەرفەت و هەڕەشە بینا دەکرێتەوە.

سەرباری هەموو ئەو گرنگی و دەستکەوتانەی کە ئەم ڕێککەوتنامەیە بۆ هەردوو لایەنی فەراهەم دەکات، بەتایبەتیش بۆ سعودیەکان، بەڵام هێشتا هەندێك لایەنی شاراوەو نادیاری هەن کە پێویستی بە شیکردنەوەو شرۆڤەی زیاتر هەیە بە لەبەرچاوگرتنی تازەی پرۆسەکەو گۆڕانکارییە خێراکان، لە کاتێکدا ئاماژە سەرەتاییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سعودیە دەتوانێت سوود لە ڕێگری ئەتۆمی پاکستان وەربگرێت، بەڵام هێشتا هەندێك لایەنی گرنگی ئەم هەنگاوە ناڕوون و نادیارە، ڕێککەوتنامەکە بەڕوونی ناوی نەهێناوە کە ڕێگریکەرەکە بۆ بەرپەرچدانەوەی کام لە نەیارەکانە، ئەوەی هەیە زیاتر وەکو قەڵغانێکی بەرگریی گشتیی ناسێنندراوە، نەك ئەوە کە بەڕوونی وڵاتێکی وەکو ئێران یان ئیسرائیلی کردبێتە ئامانج. هەروەها نازانرێت کە ئایا جێگیرکردنی کرداری چەکی ئەتۆمی پاکستان یان سیستەمی گەیاندنی چەکی ئەتۆمی بۆ ناو سعودیە ڕوودەدات یان نا؟ لەم ڕووەوە

هیچ پشتڕاستکردنەوەیەکی گشتی لەبارەی جوڵاندنی چەک، ڕێکخستنی فەرماندەیی و کۆنترۆڵکردن، یان هاوبەشیکردن لە بەرپاکردنی جەنگ نییە، جگە لەوەش لەڕووی مێژووییەوە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی پاکستان بە بەراورد بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هندستان نارۆونە، کە زیاتر دامەزراوترو ئاشکراترەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەمتر مەترسیان لەسەری هەیە[٩].

**گرنگی ڕێککەوتنەکە بۆ هەردوو وڵات:**

**سەبارەت بە پاکستان**، ئەم ڕێککەوتنە دەرفەتی ستراتیجی گرنگ بۆ ئەو وڵاتە دەسەبەر دەکات بەتایبەت بۆ هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هیندستان و ئێران، کە پاکستان دەتوانێت لەڕێگەی هاوبەشی لەگەڵ سعودیە هێرش و هەڕەشەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بەرپەرچ بداتەوە و پێگەی خۆی لە بەرامبەر هیندستانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی بەهێزتر بکات. هەروەها دەرفەت دەداتە پاکستان پێگەی خۆی لەناو جیهانی ئیسلامی بەهێزتر بکات، تا گەیشتن بە پلەی سەرکردایەتی و دەرکەوتنی وەك «پارێزەری جیهانی ئیسلامی کە ڕەگەزێکی سەرەکی گوتاری سیاسی ئەو وڵاتەیە.

> **"بەپێی ئاژانسی فەرمی سعودیە (SPA) ڕێککەوتنە نوێیەکەی بەرگریی هاوبەش لەگەڵ پاکستان لەسەر ئەو هاوبەشییە مێژووییە بنیات نراوە کە نزیکەی هەشت دەیە بەردەوامە و لەسەر بنەمای پەیوەندیی برایەتی و هاوپشتی ئیسلامی دامەزراوە"**

لەڕووی ئابوریشەوە، پاکستان بەدەست قەیرانی ئابووری و قەرزی دەرەکی زۆرەوە دەناڵێنێت، ئەمەش وایکردووە سعودیە ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ پاڵپشتی دارایی و وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی وزە و ژێرخانی ئابووریدا بەتایبەتیش پارەدارکردنی پرۆژە ئەتۆمییەکەی کە ڕیاز دەتوانێت بودجەی تەواوکاریی بۆ پاکستان دابین بکات، ئەمەش لەپێناو بەردەوامبوون لە پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، ئەمە جگە لەوەی ڕێککەوتنەکە دەتوانێت دەرگا بەڕووی زیادکردنی بازرگانی و پرۆژەی هاوبەشدا لە بوارەکانی وزە و تەکنەلۆژیا و توێژینەوەی ئەتۆمی بکاتەوە[١٠].

سەبارەت بە سعودیەش ئەم ڕێککەوتننامەیە لەڕووی ئاسایش و سەربازییەوە کاریگەریی گەورەی لەسەر داهاتووی سعودیە دەبێت بەتایبەتی لەڕووی بەهێزکردنی ناوچەییەوە،

چونکە ئەم ڕێککەوتنە جگە لەوەی وەکو قەڵغانێکە بۆ سعودیە لەبەرامبەر زلهێزە ئەتۆمییەکانی ناوچەکە بەتایبەتی ئێران، کە بە خێرایی بەرنامە ئەتۆمییەکەی پەرەپێدەدات. هەروەها یارمەتی هاوسەنگی هێزی ناوچەیی بۆ ئەم وڵاتە دەرەخسێنێت و دەکرێت سەربکێشێت بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاریی تەکنیکی و ڕاهێنانی سەربازی پێشکەوتوو لە بوارەکانی وزەی ئەتۆمی ئاشتییانە و بەرگریی ئەتۆمی کە سعودیە لە بواری سەربازیدا دەباتە ئاستێکی باڵاوە.

لەبواری سیاسی و دیپلۆماسیدا، هەردوو وڵات پەیوەندییەکی مێژوویی بەهێزیان هەیە، کە لەسەر بنەمای هاوکاریی سیاسی و سەربازی و ئایینی دامەزراوە. ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئاستی متمانەی ستراتیژی زیاد دەکات و پەیامێک دەداتە ئێران، کە سعودیە توانای ئەوەی هەیە هاوپەیمانی بەدیل دروست بکات ئەگەر ڕێز لە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی لە ناوچەکەدا نەگیرێت. هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ فراوانکردنی نفوزی سعودیە لە جیهانی ئیسلامیدا. لەڕووی ئابووریشەوە، سعودیە دوور لە نەوت هەوڵی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی وزەی خۆی دەدات و پاکستانیش ئەزموونێکی بەرفراوانی لە بەڕێوەبردنی بەرنامەی ئەتۆمی ئاشتییەکانەدا. هەروەها ڕێگە بە سعودیە دەدات شارەزایی زانستی و تەکنیکی بەدەستبهێنێت، کە یارمەتی بدات لە بنیاتنانی دامەزراندنی ناوەندیی توێژینەوەی هاوبەش و پڕۆژەی ژێرخانی وزەدا[١١].

## ئاڵنگاری و نیگەرانیەکان

سەرەڕای گرنگییەکی بەرچاوی ئەم ڕێککەوتنەی نێوان سعودیە و پاکستان، ڕەنگە بۆ هەردوولا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك نیگەرانی و ئاڵنگاریی ببێتەوە.

لەلایەنی سعودیەوە نیگەرانی لە کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە هەیە کە لە نزیکەوە چاودێریی هەر هاوکارییەکی ئەتۆمی لە ناوچەکە دەکەن، ترسیان هەیە ببێتە هۆی پێشبڕکێیەکی نوێی چەکی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. جگە لەوەش، هەر هاوبەشییەکی سەربازی یان ئەتۆمی لەگەڵ پاکستان دەتوانرێت وەک هەنگاوێك بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لێکبدرێتەوە، کە ئەگەری هەیە ڕیاز بەرەوڕووی فشاری سیاسی، یان تەنانەت سزا ئابوورییەکان ببێتەوە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەندامێتی لە پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی(NPT). هەروەها ڕەنگە سعودیە ڕووبەڕووی تەحەدای پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی و پێداویستییە ئەمنییەکانی ناوچەکە ببێتەوە، بەتایبەتی ئەگەری هەیە هاوکاریی لەگەڵ پاکستان پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتۆن یان پاریسدا بەرەو گرژی ببات، کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی لە ناوچەکەدا دەدەن.

سەبارەت بە پاکستانیش، نیگەرانییەکان بە پلەی یەکەم پەیوەندییان بە فشارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەیە. دەکرێت هاوکاریی ئەتۆمی لەگەڵ سعودیە وەك ئامڕازێکی ناڕاستەوخۆ بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی یان شارەزایی سەربازیی بۆ دەوڵەتێکی نائەتۆمی سەیر بکرێت، کە ئەگەری هەیە ئیسلام ئاباد ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند یان ڕێوشوێنی مەرجداری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی و وڵاتانی ڕۆژئاوا ببێتەوە. هەروەها پاکستان ترسی ئەوەی هەیە کە ڕێککەوتنەکە لەلایەن هیندستانەوە وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە لێکبدرێتەوە، کە ئەگەری هەیە گرژییەکان لە نیمچە کیشوەری هیندستان زیاد بکات و کاریگەریی لەسەر هاوسەنگی هێز هەبێت. جگە لەوەش ئەگەری هەیە لە شێوەی فشارە ئابووری و سیاسییەکان پاکستان ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ناوخۆیی ببێتەوە، چونکە چوونە ناو ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەم قەبارەیە، پێویستی بە سەرچاوەی دارایی و سەقامگیری ناوخۆیی هەیە، کە لەژێر ڕۆشنایی قەیرانە ئابوورییەکانی ئێستادا زەحمەتە دەستەبەر بکرێت[١٢].

**"سەرەڕای ئەوەی پاکستان بەردەوام ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی بووەتەوە، بەتایبەتی لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە توانیویەتی جبەخانەی ئەتۆمی خۆی بپارێزێت"**

هەر هەڵە تێگەیشتنێك سەبارەت بە سروشتی ڕێککەوتنەکە «چ سەربازی بێت یان ئاشتیانە» دەتوانێت هەردوو وڵات بەرەو گۆشەگیریی دیپلۆماسی یان کردنەوەی دەرگای کێبڕکێی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا ببات، کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی هیچ کام لەم دوو وڵاتەدا نییە.

### کاردانەوەکان:

واژۆکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژیی بەرگریی(SMDA) لەنێوان سعودیە و پاکستان دوای هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر قەتەر، شەپۆلێك قسەو باسی لە کۆڕەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەدوای خۆیدا هێنا، هەرچەندە هەندێك لە وردەکارییەکانی ڕێککەوتنەکە ڕوون نییە، بەڵام شرۆڤەکاران بە هەنگاوێکی گرنگی دەزانن بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە. بەتایبەتی ترس و نیگەرانی ئەو هێز و لایەنانەی کە پێیانوایە ئەم هەنگاوە هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی وڵایەکەیان، لەسەروو هەمووشیانەوە وڵاتانی هندستان و ئیمارات.

**نیگەرانییەکانی هیندستان:**

شرۆڤەکارانی ڕۆژئاوا و هیندستان ترسیان هەیە کە ڕێککەوتنەکە کاریگەریی لەسەر هاوسەنگی ئەمنی باشووری ئاسیا هەبێت و سعودیە ببێتە پاڵپشتێکی بەهێزی پاکستان لە دژی هیندستان. لەم بارەوە دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی (ISPI) پێیوایە ڕێککەوتنەکە کاریگەریی لەسەر ڕێڕەوی هیندستان- ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەورووپا دەبێت، چونکە سعودیە و ئیمارات ناوەندیی سەرەکین.

پێدەچێت هیندستان بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە بەرگری و ئابوورییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو، هەوڵی دوورخستنەوەی هەر کاریگەرییەکی نەرێنی ئەو هەنگاوەی سعودیە بدات، چونکە هەر ڕۆژێك دوای ڕێککەوتنە ئەمنییەکەی نێوان سعودیە و پاکستان، هندستان پەیماننامەی بەرگری هاوبەشی لەگەڵ ئیماراتی عەرەبی ئیمزاکرد، کە جەخت لەسەر ئاڵوگۆڕی زانیاری و مانۆڕی سەربازیی هاوبەش کراوەتەوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نیگەرانی و ترسی هندستان لە هەنگاوەکەی سعودیە.

> **"سەبارەت بە پاکستان، ئەم ڕێککەوتنە دەرفەتی ستراتیجیی گرنگ بۆ ئەو وڵاتە دەسەبەر دەکات بەتایبەت بۆ هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هیندستان و ئێران، کە پاکستان دەتوانێت لەڕێگەی هاوبەشی لەگەڵ سعودیە هێرش و هەڕەشەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بەرپەرچ بداتەوە و پێگەی خۆی لە بەرامبەر هیندستانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی بەهێزتر بکات"**

هەرچی سەبارەت بە ئیماراتە، هەرچەندە ئەم وڵاتە ئەم پەیماننامەیە وەك بەشێك لە هاوپەیمانییەکی بەرفراوانتر لە کەنداودا لێی دەڕوانێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەولەویەت و هەڵوێستەکانیان دژی ئێران، بەڵام ڕاستەوخۆش پشتیوانی ناکات، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئیمارات نایەوێت زیان بە پەیوەندییە گەشەکردووەکانی لەگەڵ هیندستان بگەیەنێت[١٣].

**دەرئەنجام:**

بەهۆی بەرزبوونەوەی کێرڤی هەڕەشە ناوچەییەکان لەدوای ڕووداوەکانی (٧)ی ئۆکتۆبەرەوە، سعودیە بەدوای پارێزبەندییەکی باوەڕپێکراوتردا دەگەڕێت هەر «لە ئێرانەوە، تا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل و ئەگەری سەرهەڵدانی هەڕەشەی نوێ». هەروەها نیگەرانییەکانی

لە ئەمریکا وەکو بەهێزترین متمانەپێکراوی خۆی لە دابینکردنی ئاسایشی وڵاتەکەی، جۆرێك لە نادڵنیایی بۆ دروستکردوە، کە مەبەستییەتی سەرنجی ئەمریکا لەسەر وڵاتەکەی زیاد بکات و پەیامێکیش بەهاوپەیمانە خۆرئاواییەکانی بدات، کە دەستەوەستان نابێت و ئەلتەرناتیڤی دیکەی هەیە هەرچەندە لە ئاست هێزو توانای ئەواندا نەبێت، جگە لەوانەش سعودیە خواست و پلانی بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی ستراتیژی خۆی لەناوچەکەدا هەیە، یان لانی کەم لە دەستنەدانی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی بەتایبەتی ڕاگرتنی هاوسەنگی ناوچەیی لەبەرامبەر نەیارە تەقلدییەکانی. سعودیە بە هاوپەیمانیی لەگەڵ پاکستان و فەراهەمکردنی قەڵغانی ئەتۆمی ئەو وڵاتە، دەیەوێت تارمایی ئەتۆمی بەسەر کەنداوەوە بێت ولەم ڕێگەیەوە لەگەڵ پاکستانی هاوپەیمانیی سەرکردایەتیی «ناتۆی ئیسلامی» بکەن.

---

## سەرچاوەکان:

١- وزير دفاع باكستان: برنامجنا النووي «سيكون متاحا» للسعودية، موقع سكاي نيوز: https://www.skynewsarabia.com/middle-east/١٨٢١٤٣٥- ٢٠٢٥-١٠-٢١

٢- اتفاقية الدفاع السعودية الباكستانية... بين العلاقات التاريخية والعدوان على قطر، مجلة الهدف، https://hadfnews.ps/post/134695 ٢٠٢٥-١٠-٢٤

٣- هل تؤرخ «اتفاقية الدفاع المشترك بين السعودية وباكستان» لتحول في ميزان القوى الإقليمية؟ موقع بي بي سي عربي، https://www.bbc.com/arabic/articles/ amp.cwy٩١٤٤٠xz٠o ٢٠٢٥-١٠-١٩

4- Pakistan Nuclear Weapons Program: https://www.ebsco.com/research-starters/power-and-energy/pakistan-nuclear-weapons-program 20-10-2025

5- Saudi Arabia-Pakistan pact sends nuclear umbrella signal over Israel's attack on Qatar: https://www.scmp.com/week-asia/politics/article/3325972/saudi-arabia-pakistan-pact-sends-nuclear-umbrella-signal-over-israels-attack-qatar 21-10-2025

٦- موقع بي بي سي، مصدر سبق ذكره.

7- Saudi Arabia and Nuclear-Armed Pakistan Sign 'Comprehensive' Mutual Defense Pact: https://www.fdd.org/analysis/2025/09/18/saudi-arabia-and-nuclear-armed-pakistan-sign-comprehensive-mutual-defense-pact/ 18-10-2025

8- Saudi Arabia and Pakistan's mutual defence pact sets a precedent for extended deterrence: CHATHA HOUSE: https://www.chathamhouse.org/2025/09/saudi-arabia-and-pakistans-mutual-defence-pact-sets-precedent-extended-deter-

rence26-10-2025
9- Saudi Arabia Signs a Mutual Defense Pact with Nuclear-Armed Pakistan After Israel's Attack on Qatar: https://www.military.com/daily-news/2025/09/18/saudi-arabia-signs-mutual-defense-pact-nuclear-armed-pakistan-after-israels-attack-qatar.html?utm_source=chatgpt.com 27-10-2025
10- Pakistan's strategic defense pact with Saudi Arabia: A new security architecture in the wider Middle East: https://www.mei.edu/publications/pakistans-strategic-defense-pact-saudi-arabia-new-security-architecture-wider-middle?utm_source=chatgpt.com 28-10-2025
11- Pakistan-Saudi Pact Reveals Growing Distrust of US-Led Security Architecture: https://www.stimson.org/2025/pakistan-saudi-pact-reveals-growing-distrust-of-us-led-security-architecture/?utm_source=chatgpt.com 25-10-2025
12- Beyond the Hype: Pakistan-Saudi Defense Pact Is Not a Saudi Nuclear Umbrella:https://www.belfercenter.org/research-analysis/beyond-hype-pakistan-saudi-defense-pact-not-saudi-nuclear-umbrella-0 23-10-2023
١٣- مؤسسة بحثية ترصد .. تداعيات اتفاق "السعودية" و"باكستان" الدفاعي على الهند والإمارات، الموقع: https://kitabat.com/news/%D9%85%D8%A4%D8%B3%D8 ٢٢-١٠-٢٠٢٥



# کاریگەری ژیریی دەستکرد لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی، دەرفەت و هەڕەشەکان

عباس حسن محمد
ماستەر لە (تەکنەلۆجیای زانیاری)

لەم دەیەی ڕابردوودا، پێشکەوتنی خێرای ژیریی دەستکرد (AI) کاریگەری زۆری کردۆتە سەر هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگا، لە چاودێری تەندروستی و داراییەوە بۆ پەروەردە و پەیوەندیکردن. بەڵام لە گرنگترین بەکارهێنانەکانی، کاریگەرییە گەورەکانێتی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی. حکومەتەکان و دەزگا ئەمنییەکان لە سەرانسەری جیهان ڕوو لە تەکنەلۆژیاکانی ژیریی دەستکرد دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی توانا بەرگرییەکانیان و بەهێزکردنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی و باشترکردنی ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکان[1]. توانای ژیریی دەستکرد بۆ شیکردنەوەی بڕێکی زۆر لە داتا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، دیاریکردنی نەخشەکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکان بە وردی، وای کردووە ئەم تەکنەلۆژیایە ئامرازێکی بەهێز و کاریگەر بێت لە پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی بەرامبەر هێرش و هەڕەشەکان. لە هەمان کاتدا یەکخستنی ژیریی دەستکرد لەگەڵ سیستەمی ئاسایشی نیشتمانیدا مەترسی گەورە و پێشبینی نەکراو دەخاتە ڕوو. هەمان ئەو تەکنەلۆژیایەی کە دەتوانێت نەتەوەیەک بپارێزێ، دەکرێ لەلایەن نەیارەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت و بەکاربهێنرێت بۆ هێرشی پێچەوانە، دەستکاریکردنی زانیاری، یان پەرەپێدانی چەک بە جۆرێک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی مرۆڤ. جگە لەوەش، زیاتر چڕبوونەوەی کێبڕکێی نێوان زلهێزە جیهانییەکان بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی لە ژیریی دەستکرددا نیگەرانییەکی گەورەی دروستکردووە کە دەکرێ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تێک بدات.

لە جیهانی دیجیتاڵی بەیەکەوە گرێدراوی ئێمەدا، چەمکە تەقلیدییەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە دەرەوەی هەڕەشە سەربازییە ئاساییەکان فراوانتر بوون و ئاسایشی ئەلیکترۆنی، شەڕی زانیاری، سیخوڕی ئابووری و هەڕەشە تێکەڵەکان دەگرێتەوە. پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە

کۆمەڵگایەکی ئاساییەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیجیتاڵی لاوازی نوێی دروست کردووە و لە هەمان کاتدا ئامرازی نوێی بۆ پاراستن و بەرگریکردن پێشکەش کردووە. ژیریی دەستکرد لە چەقی ئەم پێشهاتانە دایە، هەم وەک ئامرازێکی بەرگری بەهێز و هەم وەک چەکێکی کاریگەر لە دەستی نەیارەکاندا ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەگێڕێت. ئەم سروشتە دوو لایەنەیەی ژیری دەستکرد ئەوە دەردەخات پێویستە بە وردی و خێرایی کاریگەرییەکانی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی هەڵبسەنگێندرێت. لەبەرئەوە لێرەدا هەوڵ دەدەین سەرەتا بە کورتی باسی ئەوە بکەین ژیریی دەستکرد چییە وە جۆرەکانی چین. پاشان لەو دەرفەتانە بکۆڵینەوە کە ژیریی دەستکرد پێشکەشی دەکات بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی. هەروەها باس لەو هەڕەشە بەرچاوانە بکەین کە دەیخاتە ڕوو. لە کۆتاییدا باسەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە داهاتووی ئاسایشی نیشتمانی نەک تەنها بەندە بە داهێنانی تەکنەلۆژی بەڵکو بەندە بە توانای حکومەتەکانەوە بۆ بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی پەیوەست بە ژیریی دەستکرد بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە.

**تەوەری یەکەم: ژیریی دەستکرد چییە؟**

زیرەکی دەستکرد نوێنەرایەتی یەکێک لە گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکانی سەردەمی ئێمە دەکات. لە ناوەڕۆکەکەیدا، ژیریی دەستکرد ئاماژەیە بۆ دروستکردنی سیستەمەکانی کۆمپیوتەر بە جۆرێک توانای ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەیان هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی پێویستیان بە ژیریی مرۆڤ هەیە. ئەم ئەرکانە بریتین لە فێربوون لە ئەزموونەوە، ناسینەوەی نەخشەکان، بڕیاردان، تێگەیشتن لە زمان، چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکاندا . لەبری ئەوەی تەنها ڕێنماییە پێشوەختە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکان پەیڕەو بکەن، سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد دەتوانن خۆیان لەگەڵ دۆخە نوێیەکاندا بگونجێنن، باشتر بکەن و وەڵامی دۆخە نوێیەکان بدەنەوە بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی پرۆسە مەعریفییەکانی مرۆڤ بێت.

چەمکی زیرەکی دەستکرد لە ساڵانی (١٩٥٠)کاندا سەریهەڵدا کاتێک زانایانی کۆمپیوتەر دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لەوەی ئایا ئامێرەکان دەتوانن وەک مرۆڤ فێربن و بیربکەنەوە. لەو کاتەوە، ژیریی دەستکرد لە چەمکێکی تیۆریەوە پەرەی سەندووە بۆ تەکنەلۆژیایەکی پراکتیکی کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە یاریدەدەری مۆبایلە زیرەکەکانەوە تا ئۆتۆمبێلە خۆلێخوڕەکان دەبینرێت. ئەم بوارە لە چەندین زانستەوە سوود وەردەگرێت لەوانە زانستی کۆمپیوتەر، بیرکاری، دەروونناسی، زانستی دەمار، و فەلسەفە، ئەمەش ڕێبازێکی دەوڵەمەندی نێوان زانستەکان بۆ تێگەیشتن و دووبارەکردنەوەی زیرەکی دروست دەکات. دیارە دەتوانرێت ژیریی دەستکرد بە چەندین شێواز پۆلێن بکرێت، بەڵام باوترینیان پۆلێنکردنێتی لەسەر بنەمای ئاستی توانا کە لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا خراونەتە ڕوو.

**١. ژیریی دەستکردی سنووردار (Weak or Narrow AI):** نوێنەرایەتی دۆخی ئێستای تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد دەکات. ئەم سیستەمانە بە شێوەیەک داڕێژراون کە ئەرکە تایبەتەکان بە شێوەیەکی نموونەیی ئەنجام بدەن بەڵام ناتوانن لە دەرەوەی ئەرکە دیاریکراوەکانیان گشتگیر بن. نموونەی ئەمانە بریتین لە بەرنامەکانی یاری شەترەنج، سیستەمی ناسینەوەی وێنە و ئامرازەکانی وەرگێڕانی زمان. لەگەڵ ئەوەی ئەم سیستەمانە زۆر ورد و ئاڵۆزن، ناتوانن زانیارییەکانیان بگوازنەوە بۆ بوارە ناپەیوەندیدارەکان.

**٢. ژیریی دەستکردی گشتی یان بەهێز (General or Strong AI):** ئاماژەیە بۆ ئەو سیستەمە گریمانەییانەی کە خاوەنی زیرەکی ئاستی مرۆڤ دەبن لە تەواوی بوارەکاندا. ئەم جۆرە سیستەمانە دەتوانن لە زانست تێبگەن و فێربن و لە بواری جۆراوجۆردا بەکاریبهێنن هەروەک چۆن مرۆڤەکان دەیکەن. دیارە ئەم ئاستەی ژیریی دەستکرد تا ئێستا وەک تیۆری ماوەتەوە، هەرچەندە ئامانجی سەرەکی زۆرێک لە توێژەرانی ژیریی دەستکردە.

**٣. ژیریی دەستکردی پێشکەوتوو (Artificial Super-intelligence):** باس لە جۆرێک لە سیستەمی ژیریی دەستکرد دەکات کە لە هەموو بوارەکاندا زیرەکی مرۆڤ تێدەپەڕێنێت، لە داهێنان و چارەسەرکردنی کێشەکانەوە تا زیرەکی و دانایی و سۆزداری. ئەم چەمکە، لە کاتێکدا کە تا ڕادەیەکی زۆر تەنها پێشبینییە، بەڵام بووەتە هۆی گفتوگۆی گرنگ سەبارەت بە کاریگەرییە درێژخایەنەکانی پەرەپێدانی ژیریی دەستکرد.

**تەوەری دووەم: تێگەیشتن لە ژیریی دەستکرد لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانیدا**

وەک ئاماژەی پێدرا، ژیریی دەستکرد ئاماژەیە بۆ هاوشێوەکردنی ژیریی مرۆڤ لە ئامێرەکاندا بە جۆرێک ئامێرەکان توانای بیرکردنەوە و فێربوون و بڕیاردانیان هەبێت. بە پێچەوانەی سۆفتوێرە تەقلیدییەکانەوە، سیستەمی ژیریی دەستکرد توانای بەرەوپێشبردنی خۆی هەیە لە ڕێگەی پرۆسەکانی وەک فێربوونی ئامێر[٢]، فێربوونی قووڵ[٣] و تۆڕە دەمارییەکان[٤]. ئەم تەکنەلۆژیایانە وا لە ئامێرەکان دەکەن زۆر بە ئاسانی و بە خێرایی داتا گەورەکان پرۆسێس بکەن، نەخشەکان بناسنەوە و ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەن کە پێویستیان بە زیرەکی مرۆڤ هەیە، وەک ناسینەوەی دەنگ، شیکاری وێنە و بڕیاردانی ستراتیژی.

لە بواری ئاسایشی نیشتمانیدا، ژیریی دەستکرد بیرۆکەیەک نییە بۆ داهاتوو بەڵکو واقیعێکی ئێستایە. حکومەتەکان و دامەزراوە بەرگرییەکان ژیریی دەستکرد لە چەندین بواردا بەکاردەهێنن، لەوانە دەزگا هەواڵگرییەکان ژیریی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ شیکردنەوەی بڕێکی زۆر لە داتا لە چەندین سەرچاوەوە، دەستنیشانکردنی هەڕەشە و مەترسییە ئەمنییەکان کە ڕەنگە لەلایەن شیکەرەوە مرۆییەکانەوە لەدەست بدرێن. ئەلگۆریتمەکانی فێربوونی ئامێر دەتوانن نەخشە نائاساییەکان لە پەیوەندییەکان، مامەڵە داراییەکان، یان

داتاکانی گەشتکردندا دەستنیشان بکەن کە دەکرێ ئاماژە بە چالاکییە تیرۆریستییەکان یان نیگەرانییە ئەمنییەکانی دیکە بکەن. سیستەمی چاودێری کە بە ژیریی دەستکرد کاردەکات دەتوانێت چاودێری سنوورەکان و دامەزراوە گرنگەکان بکات، وە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چالاکییە گوماناوییەکان دەست نیشان بکات.

لە ئاستی جیهانیدا، گەلان پێشبڕکێ دەکەن بۆ ئەوەی ژیریی دەستکرد بخەنە ناو ژێرخانی ئەمنی خۆیانەوە. ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەبەرهێنانێکی زۆری لە ژیریی دەستکرددا کردووە لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانی وەزارەتی بەرگری و دەزگای پرۆژەکانی توێژینەوەی پێشکەوتووی بەرگری (DARPA)، کە گرنگی بە هەردوو بەرنامەی سەربازی و ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەدات[٥]. لە بەرامبەردا وڵاتی چاینە ژیریی دەستکردی لە ستراتیژی نیشتمانی خۆیدا جێگیر کردووە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە چاودێری و مۆدێرنکردنی سەربازی و کۆنترۆڵکردنی زانیاریدا بەکارهێناوە. یەکێک لە ئامانجەکانی پلانی پەرەپێدانی ساڵی (٢٠١٧) ی وولاتی چاینە ئەوەیە کە تا ساڵی (٢٠٣٠) ببێتە پێشەنگی جیهان لە بواری ژیریی دەستکردا[٦]. ڕووسیاش بە هەمان شێوە تاقیکردنەوە لەسەر ئۆپەراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکان و پەرەپێدانی چەکی سەربەخۆ دەکات کە بە ژیریی دەستکرد بەڕێوەدەبرێن. سەرۆک پۆتین جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە هەرکەسێک سەرکردایەتی ژیریی دەستکرد بکات «حوکمڕانی جیهان دەکات". یەکێتی ئەوروپا وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ستاندارده ئەخلاقییەکان، دانی بە پێویستی بەهێزکردنی تواناکانی ژیریی دەستکرد بۆ بەرگری و ئاسایشی ئەلیکترۆنیدا ناوە.

بەم شێوەیە، ژیریی دەستکرد بووەتە پێکهاتەیەکی گرنگ لە ستراتیژییەتی ئاسایشی نیشتمانی مۆدێرن. بەرزی تواناکانی لە ڕووی خێرایی و وردبینی و کارایی لە بڕیاردانلدا، وای لێدەکات کە زۆر کاریگەر بێت بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە هاوچەرخەکان. بەڵام پەسەندکردن و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی بەربڵاو ئاماژەیە بۆ دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێی کێبڕکێی ستراتیژی، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەو وڵاتەی کە پێشەنگایەتی دەکات لە بواری ژیریی دەستکردا لە کاروباری ئاسایشی جیهانیدا ببێتە خاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوە.

### تەوەری سێیەم: ئەو دەرفەتانەی کە ژیریی دەستکرد پێشکەشی ئاسایشی نیشتمانی دەکات

ژیریی دەستکرد شۆڕشێکی گەورەی لە تواناکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی هەواڵگریدا کردووە. سیستەمە پێشکەوتووەکانی ناسینەوەی دەموچاو دەتوانێت تاکەکان لەناو قەرەباڵغیدا بناسێتەوە، بەدواداچوون بۆ شێوازی جووڵەی کەسەکان بکات و ڕاستەوخۆ ڕەفتاری گوماناوی دەستنیشان بکات. شیکاری وێنەی مانگە دەستکردەکان کە بە بینینی کۆمپیوتەر[٧] کاردەکات دەتوانێت چاودێری دامەزراوە سەربازییەکان بکات، بەدواداچوون

بۆ جوڵەی سەربازەکان بکات و گۆڕانکارییەکان بە وردی و خێرایی بێ وێنە هەڵسەنگێنێت. چاودێریکردن لە ڕێگەی درۆنەکانەوە لە ڕێگەی سیستەمی فڕینی سەربەخۆی ژیریی دەستکرد و شیکاری ڤیدیۆیی کاتی ڕاستەوخۆوە بەرەوپێش براوە. بە جۆرێک ئەم سیستەمانە دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ کاربکەن، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئامانجە گرنگەکان دەستنیشان بکەن و بەدواداچوونیان بۆ بکەن لە هەمان کاتدا قورسایی کارکردن لەسەر بەڕێوەبەرە مرۆییەکان کەم دەکەنەوە. با لە چەند خاڵێکدا بە کورتی لەسەر ئەو خزمەتانە بدوێین کە ژیریی دەستکرد پێشکەشی ئاسایشی نیشتیمانی دەکات.

> **"لەم دەیەی ڕابردوودا، پێشکەوتنی خێرای ژیریی دەستکرد (AI) کاریگەری زۆری کردۆتە سەر هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگا، لە چاودێری تەندروستی و داراییەوە بۆ پەروەردە و پەیوەندیکردن"**

**یەکەم: بەرەوپێشبردنی چاودێری، کۆکردنەوەی زانیاری و بە ئامانجگرتن**

ژیریی دەستکرد دەتوانێ کارایی و وردی سیستەمی چاودێری وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و شیکاری وێنەی مانگی دەستکرد و تەکنەلۆژیای ناسینەوەی دەمووچاو بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش بەرێت. ئەم سیستەمانە پشتگیری لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و چاودێریکردنی ڕووداوەکان و دۆزینەوەی دەستبەجێی هەڕەشەکان دەکەن. بۆ نموونە، لە ئەمریکا گومرگەکان و پاراستنی سنوورەکان و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گواستنەوە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و سیستەمی سکرینکردن کە بە ژیریی دەستکرد کاردەکەن بەکاردەهێنن بۆ باشترکردنی ئاسایشی سنوورەکان. لە ناوچە چالاکەکانی بەیەکدادان و ململانێکاندا، سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد ناسینەوەی ئامانجەکانیان بە شێوەیەکی زۆر ورد و خێراتر ئەنجامداوە. بۆ نموونە بەرنامەکانی ژیریی دەستکردی ئیسرائیل وەک هابسۆرا (**Habsora**) و لاڤێندەر (**Lavender**) لیستی بیناکان یان کەسەکان بۆ ئامانجکردنی هێرشی ئاسمانی کۆدەکەنەوە کە خێراییەکی بێ ئەندازەی ژیریی دەستکرد نیشان دەدەن، هەرچەندە نیگەرانییەکی زۆری ئەخلاقیی لێ کەوتۆتەوە.

**دووەم: شیکاری خێرای داتا و شیکاری پێشبینیکراو**

دەزگا هەواڵگری و بەرگرییەکان زیاتر پشت بە ژیریی دەستکرد دەبەستن بۆ پرۆسێسکردنی داتا زۆرەکان. بۆ نموونە، دەزگا ئەمریکییەکانی وەک (CIA) و (DIA)ی ژیریی دەستکردی

بنیاتنەر بەکاردەهێنن بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییە بەرفراوانەکان، وە بە سەرکەوتوویی تۆڕەکانی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان ئاشکرا دەکەن و پێشبینی هێرشەکانی سەر ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە دەکەن. بە واتایەکی تر، ژیریی دەستکرد دەتوانێت پشتگیری لە سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە و هەڵسەنگاندنی هەڕەشە بکات بە دیاریکردنی نەخشەکان لە ئاماژەکانی هەواڵگری و چالاکیی ئەلیکترۆنیدا.

## سێیەم: سیستەمی سەربەخۆ لە بەرگریدا

سیستەمی سەربەخۆ و سیستەمی نیمچە سەربەخۆ نوێنەرایەتی یەکێک لە گرنگترین دەرفەتەکان دەکەن کە ژیریی دەستکرد بۆ بەرگری نیشتمانی پێشکەشی دەکات. درۆنە سەربازییەکان کە بە ژیریی دەستکرد تەیارکراون دەتوانن ئەرکە سیخوڕییەکان زۆر بە وردی و بە خێرایی ئەنجام بدەن و پاسەوانی لە سنوورەکاندا بکەن و ئامانجەکان بە کەمترین دەستێوەردانی مرۆیی بپێکن. ئەم سیستەمانە مەترسی لەسەر مرۆڤەکان کەمدەکەنەوە لە هەمان کاتدا توانای چاودێری بەردەوام و وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکەن[٨].

کەشتییە دەریاییە سەربەخۆکان کە بە ژیریی دەستکرد تەیار کراون دەتوانن دەوریە لە ناوچە فراوانەکانی زەریاکاندا ئەنجام بدەن، دەستدرێژییەکان دەستنیشان بکەن و وەڵامی هەڕەشەکان بدەنەوە بەبێ ئەوەی ئەندامانی تیمەکە بخەنە مەترسییەوە. بە هەمان شێوە ئۆتۆمبێلە سەربازییە خۆلێخورەکان دەتوانن ئەرکی مەترسیداری وەک فڕێدانی تەقەمەنی و سیخوڕی لە ژینگە سەختەکاندا ئەنجام بدەن.

سیستەمە بەرگرییەکانی مووشەکی پەرەپێدراو بە ژیریی دەستکرد دەتوانن هەڕەشە هاتووەکان دەستنیشان بکەن و بەدواداچوونی ورد بکەن و کاردانەوەی ڕاستەوخۆیان هەبێت بۆ هێرشەکان، دیارە ئەم پرۆسانە زۆر خێراتر و وردترن بەراورد بە سیستەمەکانی کارپێکردنی مرۆڤ. ئەم سیستەمانە دەتوانن لە یەک کاتدا بەدواداچوونی ورد بۆ چەندین ئامانج بکەن و لە هەمان کاتدا جیاکاری لە نێوان فێڵ و هەڕەشە ڕاستەقینەکاندا بکەن.

## چوارەم: بەرگری لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی

سیستەمەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی کە لەسەر بنەمای ژیریی دەستکرد کاردەکەن نوێنەرایەتی پێشکەوتنێکی گەورە دەکەن لە پاراستنی ژێرخانی نیشتمانی و زانیارییە هەستیارەکان. سیستەمە تەقلیدییەکانی پشکنین لەسەر بنەمای واژوو لە بەرامبەر هەڕەشە ئەلیکترۆنییە ئاڵۆز و وردەکاندا بەس نین. سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد دەتوانن هێرشە نەناسراوەکان دەستنیشان بکەن و خێراتر لە تیمەکانی ئاسایشی مرۆیی وەڵامی هەڕەشەکان بدەنەوە.

ئەلگۆریتمەکانی فێربوونی ئامێر دەتوانن شیکاری ورد بۆ شێوازەکانی هاتوچۆی تۆڕ، هەڵسوکەوتی بەکارهێنەر و چوونەژوورەوە بۆ سیستەمەکان بکەن بۆ دیاریکردنی گومانەکان کە ڕەنگە ئاماژە بن بۆ هێرشی ئەلیکترۆنی. ئەم سیستەمانە دەتوانن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سیستەمە مەترسیدارەکان جیابکەنەوە، هاتوچۆی زیانبەخش بلۆک بکەن و ڕێکارەکانی وەڵامدانەوەی گومانەکان دەستپێبکەن، ئەمەش کاتەکانی وەڵامدانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمدەکاتەوە و زیانەکان سنووردار دەکات. هەروەها سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد دەتوانن داتای دەستکرد بۆ مەشقە ئەمنیەکان دروست بکەن و سیستەمی بەرگری لە دژی هێرشە هاوشێوەکان تاقی بکاتەوە.

> **"لە جیهانی دیجیتاڵی بەیەکەوە گرێدراوی ئێمەدا، چەمکە تەقلیدییەکانی ئاسایشی نیشتمانی لە دەرەوەی هەڕەشە سەربازییە ئاساییەکان فراوانتر بوون و ئاسایشی ئەلیکترۆنی، شەڕی زانیاری، سیخوڕی ئابووری و هەڕەشە تێکەڵەکان دەگرێتەوە"**

**تەوەری چوارەم: هەڕەشە و مەترسییەکانی ژیریی دەستکرد بۆ سەرئاسایشی نیشتمانی**

لەم تەوەرەدا باس لەو هەڕەشە بەرچاوانە دەکەین کە ژیریی دەستکرد لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی دروستی دەکات. لەگەڵ بەردەوامبوونی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاکانی ژیریی دەستکرد بە خێراییەکی بێ وێنە، گەلان لە تەواوی جیهاندا خەریکی ململانێن لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی تواناکانی ئەم تەکنەلۆژیایە لە هەمان کاتدا لە هەوڵی ئەوەدان مەترسییەکانی کەم بکەنەوە بۆ کەمترین ئاست. ئەم تەوەرە بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکات لە کاتێکدا ژیریی دەستکرد دەرفەتی سەرنجڕاکێش بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی ئاسایشی نیشتمانی پێشکەش دەکات، لە هەمان کاتدا لاوازییە ئاڵۆزەکان دەخاتە ڕوو کە پێویستیان بە بەڕێوەبردنی ورد، هاوکاری نێودەوڵەتی و چوارچێوەی ڕێکخراوەیی بەهێز هەیە.

**یەکەم: هەڕەشەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی**

لە کاتێکدا ژیریی دەستکرد تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەرەوپێش دەبات، بەڵام توانای ئەوە بە هێرش بەرەکان دەدات هێرشی ئەلیکترۆنی زۆر ئاڵۆزتر ئەنجام بدەن. بەرنامە زیانبەخشەکان کە بە ژیریی دەستکرد کاردەکەن دەتوانن خۆیان لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی بەرگریدا بگونجێنن، لە هەوڵە شکستخواردووەکانی هێرشکردن فێربن و بە شێوەیەکی

ئۆتۆماتیکی لاوازییە نوێیەکان دەستنیشان بکەن. هێرش بەرەکان دەتوانن سوود لە ژیریی دەستکرد ببینن بۆ دروستکردنی هێرشی بڕوا پێهێنەر و سیخوڕییەکی بەرفراوان لە تۆڕە ئامانجدارەکان ئەنجام بدەن[٩]. تەکنەلۆژیای (دیپ فەیک)[١٠] مەترسییەکی بەرچاو لەسەر (ڕەسەنایەتی) زانیاری و سەقامگیری سیاسی دروست دەکات. دەتوانرێت ڤیدیۆ و تۆمارە دەنگییە دروستکراوەکانی ژیریی دەستکرد بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی بەڵگەی ساختە و دەستکاریکردنی ڕای گشتی و تێکدانی متمانە بە سەرچاوەی زانیاریی یاسایی. لە کاتی ململانێکاندا یان لە کاتی قەیرانە سیاسییەکاندا، دەتوانرێت تەکنەلۆژیای (دیپ فەیک) بەکاربهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، وروژاندنی ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان، یان ناوزڕاندنی سەرکردە سیاسییەکان.

لە مانگی ئایاری (٢٠٢٤) کۆمپانیای ئەندازیاری فرەنەتەوەیی بەریتانی (Arup) کە بنکەکەی لە هۆنگ کۆنگە، بووە قوربانی فێڵێکی ژیریی دەستکرد کە تێیدا فەرمانبەرێک فریودرا و (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری هۆنگ کۆنگ کە دەکاتە (٢٠) ملیۆن پاوەندی بەریتانی بۆ ساختەکاران گواستەوە. قوربانییەکە لەلایەن ژیریی دەستکردی (دیپ فەیکەوە)ی فریودار دوای ئەوەی بەشداری لە پەیوەندییەکی ڤیدیۆییدا کرد لەگەڵ ئەو کەسەی کە پێی وابوو بەرپرسی سەرەکی دارایی کۆمپانیاکە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا فێڵێکی ژیریی دەستکرد بوو. دیارە ئەمە یەکەم ڕووداوی فریودان بە ژیریی دەستکرد نەبوو، بەڵام یەکێکە لە تێچووترین ڕووداوەکان کە تا ئێستا پشت ڕاس کراوەتەوە. ئەمەش پرسیاری جددی سەبارەت بە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد و (دیپ فەیک) لە تاوانە ئەلیکترۆنییەکان دروست دەکات.

**دووەم: چەکە خودکارەکان و نیگەرانییە ئەخلاقییەکان**

پەرەپێدانی سیستەمی چەکە خودکارە کوشندەکان یەکێک لە مشتومڕاویترین بەکارهێنانەکانی ژیریی دەستکردن لە ئاسایشی نیشتمانیدا. ئەم سیستەمانە کە زۆرجار پێیان دەوترێت ڕۆبۆتی بکوژ (Killer Robot)[١١]، دەتوانن ئامانجەکان دەستنیشان بکەن و بپێکن بەبێ کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی مرۆڤ، ئەمەش پرسیاری قووڵی ئەخلاقی و یاسایی سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز دەوروژێنێت. بڵاوبوونەوەی چەکە خودکارە کوشندەکان دەکرێ شەڕی چەکداری ڕاستەوخۆ لە نێوان مرۆڤەکاندا کەم بکاتەوە، لەبەرئەوەی گەلان زیاتر بەرەو ئەوە دەڕۆن ئەو سیستەمانە جێگیر بکەن کە مەترسی قوربانیی مرۆیی لە لایەن خۆیانەوە دروست ناکەن. ئەمەش دەکرێ ببێتە هۆی پێشبڕکێ لە پەرەپێدانی چەکی سەربەخۆدا، کە ئەگەری هەیە ئاسایشی نێودەوڵەتی تێکبدات. نیگەرانییەکی بەرچاو لەبارەی لێپرسینەوە لە کارەکانی سیستەمی چەکە خودکارە کوشندەکان هەیە. یاسا نەریتییەکانی بەشداریکردن و یاساکانی شەڕی چەکداری بڕیاردەرانی مرۆیی بە بەرپرس دەگرن کە بەرپرسیارن لە کردەوەکانیان.

سیستەمی چەکە خودکارە کوشندەکان پرسیاری جددی لەبارەی بەرپرسیارێتی قوربانیانی مەدەنی یان تاوانەکانی جەنگ دروست دەکات[١٢].

ڕووداوی لیبیا کارگو-٢ ئاماژەیە بۆ هێرشێکی درۆنی سەربەخۆ کە لە مانگی ئازاری ساڵی (٢٠٢٠) لە کاتی شەڕی ناوخۆی دووەمی لیبیا ڕوویدا. ئەم ڕووداوە دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لێکەوتەوە لەبەرئەوەی وا باسی لێوەکرا کە ڕەنگە یەکەم جار بووبێت چەکێکی سەربەخۆی کوشندە هێرش بکاتە سەر ئامانجە مرۆییەکان بەبێ ئەوەی فەرماندەرێکی مرۆیی لە پرۆسەکەدا بەشدار بووبێت. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ئازاری (٢٠٢١)، درۆنی (STM Kargu-٢) دروستکراوی تورکیا، کە لەلایەن حکومەتی ڕێککەوتنی نیشتمانی، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانی دەکرێت، بۆ ڕاوەدوونان و هێرشکردنە سەر هێزە هەڵهاتووەکانی خەلیفە حەفتەر بە شێوەیەکی تەواو سەربەخۆ بەکارهێنرابێت. ئەم جۆرە درونە کە بۆ شوێنپێهەڵگرتن و هێرشکردنە سەر ئامانجەکان بەبێ کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی مرۆڤ دروستکراون، گوایە خۆیان ئامانجەکانیان دەستنیشانکردووە و هێرشیان کردووەتە سەر. ئەمە یەکێکە لە یەکەم حاڵەتە ناسراوەکانی سیستەمی چەکی سەربەخۆ کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئامانجە مرۆییەکان لە شەڕدا دەست نیشان دەکات و لێی دەدات، ئەمەش نیگەرانی جددی سەبارەت بە لێپرسینەوە، سەلامەتی مەدەنی و کاریگەرییە ئەخلاقییەکانی ڕادەستکردنی بڕیارە قورس و کوشندەکان بە ئامێرەکان دەوروژێنێت.

> **"لە بواری ئاسایشی نیشتمانیدا، ژیریی دەستکرد بیرۆکەیەك نییە بۆ داهاتوو بەڵکو واقیعێکی ئێستایە. حکومەتەکان و دامەزراوە بەرگرییەکان ژیریی دەستکرد لە چەندین بواردا بەکاردەهێنن، لەوانە دەزگا هەواڵگرییەکان ژیریی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ شیکردنەوەی بڕێکی زۆر لە داتا لە چەندین سەرچاوەوە، دەستنیشانکردنی هەڕەشە و مەترسییە ئەمنییەکان کە ڕەنگە لەلایەن شیکەرەوە مرۆییەکانەوە لەدەست بدرێن"**

**سێیەم: وابەستەیی و لاوازی**

تا زیاتر پشت بە سیستەمی ژیریی دەستکرد ببەسترێت، لاوازی نوێ دروست دەبێت و یەک کێشەی بچووک لە سیستەمەکەدا شکستی گەورە دروست دەکات. دامەزراوە گرنگەکان کە لەلایەن سیستەمەکانی ژیریی دەستکردەوە پارێزراون دەتوانرێت لە ڕێگەی هێرشە

ئەلیکترۆنییەکانەوە کە پێکهاتەکانی ژیریی دەستکرد دەکەنە ئامانج، بخرێنە مەترسییەوە[١٣]. هەروەها زۆر پشتبەستن بە سیستەمە خودکارەکان ڕەنگە ببێتە هۆی بەکەم زانینی توانا و لێهاتوویی مرۆڤەکان، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر تەواوی سیستەمەکە دەبێت. سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد پێویستە بەردەوام داتایان پێبدرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و کاریگەر کاربکەن، ئەمەش وا دەکات زۆر جار پشت بە تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئەو سەرچاوانەی داتا ببەسترێت کە نەیاران دەتوانن بیکەنە ئامانج. لاوازییەکان لە پێکهاتەکانی هاردوێر و سۆفتوێری ژیریی دەستکرددا مەترسی زیاتر دروست دەکەن، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە لەبەرئەوەی زۆرێک لە گەلان پشت بە پێکهاتە بەرهەم هێنراوە بیانییەکان دەبەستن بۆ سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد. ئاڵۆزی سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد وا دەکات وردبینی کردنیان قورس بێت، بە تایبەت نوێکردنەوەی سۆفتوێر و گۆڕینی ئەلگۆریتم دەکرێ لاوازی نوێ بخاتە ڕوو یان هەڵسوکەوتی سیستەم بە شێوەیەکی پێشبینی نەکراو بگۆڕێت.

## چوارەم: کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی

وەک ئاماژەی پێدرا، ژیریی دەستکرد بووەتە خاڵی سەرەکی کێبڕکێی دەسەڵاتە گەورەکان، لەبەرئەوەی گەلان باڵادەستی لە ژیریی دەستکرددا وەک هێزێکی بنەڕەتی بۆ باڵادەستی ئابووری و سەربازی لە داهاتوودا سەیر دەکەن. ئەم کێبڕکێیە بووەتە هۆی کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردن، سنووردارکردنی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و پارچەبوونی توێژینەوە و پەرەپێدانی جیهانی لە ژیریی دەستکرددا[١٤]. دابەشبوونی ژیریی دەستکرد لە نێوان گەلانی پێشکەوتووی تەکنەلۆژیا و ئەوانەی توانای ژیریی دەستکردیان نییە، دەکرێ نایەکسانییەکانی ئێستا گەورەتر بکات و فۆڕمی نوێی وابەستەیی دروست بکات. ئەو گەلانەی کە توانای پێشکەوتوویان لە سیستەمەکانی ژیریی دەستکرددا نییە، خۆیان لە دۆخێکی خراپی بوارەکانی ئابووری و ئەمنیدا دەبیننەوە. کێبڕکێی گەلان لەسەر بەهرەمەندانی ژیریی دەستکرد، سەرچاوەی داتا و ژێرخانی کۆمپیوتەر چڕتر بووەتەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر گواستنەوەی بەهرەمەندانی ئەو بوارە و بە سەربازیکردنی توێژینەوەکان کە پێشتر لە شوێنە کراوە و ئەکادیمییەکان ئەنجامدراون.

## تەوەری پێنجەم: مەترسییەکانی ژیریی دەستکرد بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان

پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیاکانی ژیریی دەستکرد کۆمەڵێک مەترسی ئاڵۆز بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان دروست دەکات. هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ لە چوارچێوەی ژینگەیەکی جیۆپۆلەتیکی ناجێگیردا، خۆی ڕووبەڕووی مەترسی

گەورە بووەتەوە وە سیستەمەکانی ژیریی دەستکردیش دەکرێ بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەو هەڕەشانە توندتر بکەن. لەبەرئەوە لەم تەوەرەدا باس لە هەندێک لەو تەحەدییاتە ئەمنییە فرەلایەنانە دەکەین کە لەلایەن ژیریی دەستکردەوە دروست دەبن، لە هەڕەشەی سەربازی ڕاستەوخۆوە تا شەڕی زانیاری، لاوازییە ئەلیکترۆنییەکان و وابەستەییە ئابوورییەکان.

**یەکەم: لاوازییە سەربازی و بەرگرییەکان**

پێگەی ستراتیجی هەرێمی کوردستان لە یەکتربڕینی چەند زلهێزێکی ناوچەیی، ژینگەیەک دروست دەکات کە توانا سەربازییە پێشکەوتووەکانی ژیریی دەستکرد مەترسییەکی بەرچاوی بۆ دروست دەکات. دەوڵەتە هەرێمی و غەیرە هەرێمییەکانیش زیاتر تەکنەلۆژیاکانی ژیریی دەستکرد دەخەنە ناو جبەخانە سەربازییەکانیانەوە، ئەمەش گۆڕانکاری بنەڕەتی لە حساباتی ئاسایشی ناوچەکەدا دروست دەکات. سیستەمی چەکە سەربەخۆکان نوێنەرایەتی یەکێک لە هەڕەشە سەربازییە دەست بەجێکان دەکەن. بڵاوبوونەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بەهێزی ژیریی دەستکرد و درۆنە خۆکوژەکان و سیستەمە زیرەکەکانی بەئامانجگرتن لە وڵاتە هەرێمییەکاندا تەحەدای ناهاوسەنگ بۆ هێزەکانی بەرگری کوردستان دروست دەکات[١٥]. ئەم سیستەمانە دەتوانن بە کەمترین دەستێوەردانی مرۆیی کاری سیخوڕی و دەستنیشانکردنی ئامانج و پێکانی ئامانجەکان ئەنجام بدەن، کە ئەگەری زۆرە بە ئاسانی زاڵ بێت بەسەر میکانیزمە بەرگرییە تەقلیدییەکانی هەرێمی کوردستان.

> **"ژیریی دەستکرد بووەتە پێکهاتەیەکی گرنگ لە ستراتیژییەتی ئاسایشی نیشتمانی مۆدێرن. بەرزی تواناکانی لە ڕووی خێرایی و وردبینی و کارایی لە بڕیارداندا، وای لێدەکات کە زۆر کاریگەر بێت بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگە هاوچەرخەکان"**

**دووەم: هەڕەشەکانی سەرژێرخانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی**

ژێرخانی دیجیتاڵی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگەکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی دەبێتەوە کە بەهۆی تەکنەلۆژیاکانی ژیریی دەستکردەوە پەرەیان پێدراوە. لەگەڵ بە مۆدێرنکردنی سیستەمە گرنگەکان لە هەرێمی کوردستان، لەوانەش تۆڕەکانی وزە، تۆڕی پەیوەندییەکان و داتابەیسە حکومییەکان، بۆشایی بۆ هێرشی نوێ دروست دەبێت کە هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی پەرەپێدراو بە ژیریی دەستکرد دەتوانن ئەو بۆشاییانە ئیستغلال بکەن و هێرشی کاریگەر ئانجام بدەن.

کەواتە هێرشە ئەلیکترۆنییە پەرەپێدراوەکان بە ژیریی دەستکرد هەڕەشەیەکی جددین بۆ سەر ژێرخانی ئەلیکترۆنی کوردستان. ئەلگۆریتمەکانی فێربوونی ئامێر دەتوانن لاوازییەکان لە سیستەمی نێتۆرکدا خێراتر و گشتگیرتر لە شێوازە تەقلیدییەکانی هاککردن دەستنیشان بکەن. ئەم سیستەمانە دەتوانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئاراستەی هێرشەکان بگۆڕن، ڕێوشوێنە ئاساییە ئەمنییەکان تێپەڕێنن و بە ئەگەرێکی زۆرەوە ببنە هۆی شکستی گەورە بۆ تەواوی ژێرخانی ئەلیکترۆنی[١٦]. بە لەبەرچاوگرتنی سنووردارێی هێزی ئاسایشی ئەلیکترۆنی هەرێمی کوردستان و توانا تازەپێگەیشتووەکانی بەرگری ئەلیکترۆنی، پاراستن لە هێرشە ئاڵۆزەکانی ژیریی دەستکرد تەحەدای گەورەن.

**"دەزگا هەواڵگری و بەرگرییەکان زیاتر پشت بە ژیریی دەستکرد دەبەستن بۆ پرۆسێسکردنی داتا زۆرەکان"**

کەرتی وزە کە بڕبڕەی پشتی ئابووری و ئاسایشی کوردستان پێکدەهێنێت، جێگەی سەرنجن بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییە چالاکەکانی ژیریی دەستکرد. پەکخستنی دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی نەوت، پاڵاوگەکان، یان تۆڕەکانی دابەشکردن لە ڕێگەی ئەلیکترۆنیەوە دەکرێ لێکەوتەی ئابووری و سیاسی وێرانکەری هەبێت. سیستەمی ژیریی دەستکرد دەتوانێت شێکاری زۆر ورد بۆ سیستەمەکانی کۆنترۆڵکردنی پیشەسازی بکات بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە گونجاوەکانی هێرش بردن و زۆرترین زیان گەیاندن لە کەمترین کاتدا.

**سێیەم: شەڕی زانیاری و ئاراستەکردنی ڕای گشتی**

ڕەنگە هیچ بوارێک هێندەی شەڕی زانیاری دروستکراوی ژیریی دەستکرد هەڕەشەیەکی کاریگەر نەبێت لەسەر ڕای گشتی[١٧]. پەیکەرە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکەی هەرێمی کوردستان کە بە فرەچەشنی سیاسی و پەیوەندی عەشایەری و گرژییە بەردەوامەکان لەسەر حوکمڕانی و دابەشکردنی سەرچاوەکان ناسراوە، زەمینەیەکی لەبار بۆ ئۆپەراسیۆنە کاریگەرەکانی ژیریی دەستکرد دەڕەخسێنێت کە بۆ چاندنی ناتەبایی و تێکدانی سەقامگیری داڕێژراون.

تەکنەلۆژیاکانی (دیپ فەیک) تەحەدای نائاسایی بۆ سەقامگیری سیاسی و متمانەی گشتی دروست دەکەن. میدیای دەستکردی دروستکراوی ژیریی دەستکرد دەتوانێت ناوەڕۆکی دەنگی، ڤیدیۆیی، یان وێنەیی بڕوا پێهێنەر دروست بکات کە سەرکردە سیاسییەکان نیشان بدات لێدوانی نابەرپرسانە دەدەن یان بەشداری چالاکییە گەندەڵەکان دەکەن. لە کوردستاندا کە ژینگەکەی زۆر بارگاوی بووە بە سیاسەت و کێبڕکێی نێوان لایەنە سیاسییەکان زۆر

چڕە و هۆشیاری میدیایی لە هەندێک توێژی دانیشتوواندا سنووردارە، ئەم جۆرە ناوەڕۆکە هەڵبەستراوانە دەکرێ نائارامی گەورەی لێبکەوێتەوە، شەرعیەتی حکومەت تێکبدات، یان قەیرانی سیاسیی دروست بکات. توانای تەکنیکی بۆ دۆزینەوە و پووچەڵکردنەوەی زانیارییە دروستکراوەکان بە (دیپ فەیک) لەناو ئیکۆسیستەمی میدیایی کوردستاندا زۆر سنووردارە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بڵاوبوونەوە و گێڕانەوەی زانیارییە چەواشەکارەکان پێش پشتڕاستکردنەوەیان بە خێرایی بڵاوببنەوە.

**چوارەم: چاودێری و لە دەستدانی تایبەتمەندی**

بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیای چاودێری بە ژیریی دەستکرد، تەحەدای قووڵ دەخاتە بەردەم ئازادییە مەدەنییەکان و ئاسایشی مرۆیی لەناو هەرێمی کوردستاندا. لە کاتێکدا کە سیستەمەکانی چاودێری ڕەنگە بە پاساوی ئەمنی ڕەوا وەربگیرێت، تواناکانیان بۆ چاودێریکردنی بەکۆمەڵ مەترسی زیادەڕۆیی و سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان دروست دەکەن[18]. سیستەمی ناسینەوەی دەموچاو، کە زیاتر لە شوێنە گشتییەکاندا جێگیر دەکرێت، ئاستێکی بێ وێنەی چاودێریکردنی دانیشتووان دەکات. ئەلگۆریتمەکانی ژیریی دەستکرد دەتوانن تاکەکان لە کاتی ڕاستەوخۆدا لە گرتە ڤیدیۆییەکانی کامێرای چاودێرییەوە دەستنیشان بکەن، بەدواداچوون بۆ جوڵەکانیان بکەن لە تەواوی ناوچە جیاوازەکان، وە زانیاری ورد و گشتگیر لە ڕەفتار و پەیوەندییەکان دروست بکەن. لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا کە دەنگی ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە حوکمڕانی دیموکراسیدا، دەکرێت ئەم جۆرە تواناییانە بۆ ترساندنی چالاکوانان، چاودێریکردنی ڕۆژنامەنووسان، یان سەرکوتکردنی دەربڕینی سیاسی ڕەوا بەکاربهێنرێت. نەبوونی چوارچێوەی یاسایی گشتگیر کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای چاودێری لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەدەبات، نیگەرانییەکی تایبەت سەبارەت بە خراپ بەکارهێنانە ئەگەرییەکان دروست دەکات.

**پێنجەم: وابەستەیی ئابووری و سەروەری تەکنەلۆژی**

نەبوونی توانای پەرەپێدانی ژیریی دەستکرد لە ناوخۆیی هەرێمی کوردستان وا دەکات پشت بە دابینکەرانی تەکنەلۆژیای بیانی ببەسترێت، ئەمەش لاوازییە ئابوورییەکان و نیگەرانییەکانی سەروەری دەناسێنێت. لەگەڵ ئەوەی کە ژیریی دەستکرد زیاتر دەبێتە ناوەندی کێبڕکێی ئابووری، ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکان و ئەرکە حکومییەکان، پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا دەرەکییەکان مەترسی درێژخایەن دروست دەکات. پشتبەستن بە سیستەمەکانی ژیریی دەستکردی بیانی لاوازی گەورە دروست دەکات. دامەزراوە گرنگەکان، سیستەمی سەربازی و ئۆپەراسیۆنە حکومییەکان کە پشت بە تەکنەلۆژیای هاوردەکراوی ژیریی دەستکرد دەبەستن،

تووشی پچڕانی دابینکردن دەبن، جا لە ڕێگەی سزای جیۆپۆلەتیکی، بڕیاری کۆمپانیاکان، یان ململانێ نێودەوڵەتییەکان بێت. پێگەی ئاڵۆزی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان، پشت بەستنی لەو جۆرە دەبێتە کێشەی گەورە، چونکە گۆڕانی هاوپەیمانییەکان یان گرژییە ناوچەییەکان ڕاستەوخۆ دەستگەیشتن بە تەکنەلۆژیا سەرەکییەکان دەبچڕێنێت.

جگە لەوەش، سیستەمی ژیریی دەستکرد کە لە دەرەوە پەرەی پێدراوە لەوانەیە دەرگای پشتەوە، لاوازی ئەمنی، یان توانای چاودێری لەخۆبگرێت کە خزمەت بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی وڵاتانی دروستکەری خۆیان دەکەن. جێگیرکردنی ئەم جۆرە سیستەمانە لە بەرنامە هەستیارەکانی ئاسایشدا بەبێ پشکنینی ورد و توانای تەکنیکی بۆ وردبینیکردنی کارکردنیان مەترسی سیخوڕی، تێکدان، یان کاریگەریی نهێنی دروست دەکات. سروشتی ئاڵۆزی سیستەمە مۆدێرنەکانی ژیریی دەستکرد وا دەکات دۆزینەوەی ئەم جۆرە کارایییە شاراوانە زۆر ئاستەم بێت، بەتایبەتی بۆ ئەو وڵات و هەرێمانەی کە شارەزایی تەکنیکی پێشکەوتوویان نییە، هاوشێوەی هەرێمی کوردستان.

هەروەها کاریگەرییە ئابوورییەکانی ئۆتۆماتیککردن بە ژیریی دەستکرد مەترسییەکانی دامەزراندن و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. لە کاتێکدا پیشەسازییە جیهانییەکان تەکنەلۆجیای ژیریی دەستکرد بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کار بەکاردەهێنن، ئابووری کوردستان کە زۆر پشت بە کەرتە تەقلیدییەکان دەبەستێت، ڕووبەڕووی بێکارییەکی زۆری گەنجان دەبێتەوە، وە ڕەنگە تووشی پەککەوتنی توند ببێتەوە. لە دەستدانی کار و ئاوارەبوونی کرێکاران لە چەندین کەرتدا بەبێ دروستکردنی هەلی کارکردنی پەیوەست بە ژیریی دەستکرد دەکرێ نارەزاییەتییە ئابوورییەکان و گرژییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بکات، کە ئەگەری هەیە تەحەدای ئەمنی لە ناسەقامگیری ناوخۆییەوە دروست بکات.

**شەشەم: مەترسییەکانی بڕیاردانی سەربەخۆ**

سپاردنی بڕیارە گرنگەکان بە سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد مەترسی هەڵەی کارەساتبار و لەدەستدانی توانای مرۆیی لە بابەتە ئەمنییەکاندا دروست دەکات. لەگەڵ زیادبوونی فشارەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ خێرایی و کارایی توانا پێشکەوتووەکانی نەیارەکاندا بگونجێت، لەوانەیە بیر لەوە بکرێتەوە بڕیارە ئەمنییەکان بە ئۆتۆماتیک بکرێت بەبێ چاودێریکردنی گونجاوی مرۆیی. لە چوارچێوەی سەربازیدا، بڕیارە سەربەخۆکانی بەئامانجگرتن مەترسی ئاشکرای قوربانیانی مەدەنی، پێکدادانی هەڵە و زیادبوونی گرژی لێدەکەوێتەوە. سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد کە لەسەر زانیاری ناتەواو یان داتای هەڵە ڕاهێنراون، دەکرێ ئامانجەکان بە هەڵە دەستنیشان بکەن، ململانێی نەخوازراو دروست بکەن، یان بڕیار بدەن کە یاسای نێودەوڵەتی پێشێل بکرێت. بۆ هەرێمی کوردستان کە لەژێر چاودێرییەکی چڕی

نێودەوڵەتیدایە و پشت بە پاراستنی پاڵپشتی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان دەبەستێت، ئەم جۆرە ڕووداوانە دەکرێ لێکەوتەی دیپلۆماسی زۆر خراپی لێ بکەوێتەوە.

**دەرئەنجام**

کاریگەری ژیریی دەستکرد لەسەر ئاسایشی نیشتمانی بە یەکێک لە کاریگەرترین تەحەدییاتەکانی سەدەی بیست و یەک دادەنرێت. ژیریی دەستکرد دەرفەتی بێ وێنە پێشکەش دەکات بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی ئاسایش لە ڕێگەی باشترکردنی کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری، بەرگری لە ئاسایشی ئەلیکترۆنی، شیکاری پێشبینیکراو و سیستەمە سەربەخۆکان. ئەم تەکنەلۆژیایانە لە ڕابردوودا بەهای خۆیان لە جیهانی ڕاستەقینەدا نیشانداوە و پێدەچێت لە دەیەکانی داهاتوودا هێندەی تر گرنگتر بن بۆ ئاسایشی نیشتمانی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ژیریی دەستکرد هەڕەشەی بەرچاو دەخاتە ڕوو کە ناکرێت پشتگوێ بخرێن. هەمان ئەو تەکنەلۆژیایەی کە ئاسایشی نیشتیمانی بەهێز دەکات، دەکرێ لەلایەن نەیارەکانەوە پڕچەک بکرێت و فۆرمی نوێی هێرشی ئەلیکترۆنی و شەڕی زانیاری و سیستەمی چەکی سەربەخۆی لێ دروست بکرێت. ئاڵۆزی سیستەمەکانی ژیریی دەستکرد و پەرەسەندنی خێرای ئەم تەکنەلۆژیایە دەبێتە هۆی دروستبوونی خاڵی لاوازیان کە دەکرێ لە لایەن نەیارانەکانەوە ئیستیغلال بکرێن.

> **"لە کاتێکدا ژیریی دەستکرد تواناکانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی بەرەوپێش دەبات، بەڵام توانای ئەوە بە هێرش بەرەکان دەدات هێرشی ئەلیکترۆنی زۆر ئاڵۆزتر ئەنجام بدەن"**

سروشتی دووانەی ژیریی دەستکرد (وەک پارێزەر و وەک مەترسی) پێویستی بە ڕێبازێکی ورد هەیە کە زۆرترین سوودی لێ بەدەست بهێنرێت و لە هەمان کاتدا مەترسییەکانی کەم بکرێتەوە بۆ کەمترین ئاست. ئەمەش پێویستی بە چوارچێوەیەکی بەهێزی بەڕێوەبردن و هاوکاری نێودەوڵەتی و ستانداردی ئەخلاقی و گونجانی بەردەوام هەیە لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان. ئەو گەلانەی کە بە سەرکەوتوویی ئەم تەحەدایە بەڕێوەدەبەن، ئاسایش و خۆشگوزەرانی خۆیان بەرەوپێش دەبەن، لە کاتێکدا ئەوانەی کە شکست دەهێنن لە بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی ژیریی دەستکرد، ڕەنگە خۆیان زیاتر لە دۆخێکدا ببیننەوە کە لە هەر کاتێکدا بکەونە بەر هێرشی نەیارەکان.

کەواتە داهاتووی ئاسایشی نیشتمانی پەیوەستە بە یەکخستنی وردی تەکنەلۆژیاکانی ژیریی

دەستکرد و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی ئەخلاقی. ئەم یەکخستنە پێویستە پابەند بێت بە بنەماکانی چاودێری مرۆڤ، لێپرسینەوە، شەفافیەت و هاوکاری نێودەوڵەتی. تەنیا لە ڕێگەی بەڕێوەبردنێکی زیرەکانەی دەرفەت و هەڕەشەکانی ژیریی دەستکردەوە، گەلان دەتوانن توانای گۆڕانکارییە ئەرێنییەکانی بەکاربهێنن و لە هەمان کاتدا ئاشتی و سەقامگیری لەم جیهانە ئاڵۆزەدا بەرقەرار بکەن. سەرکەوتن لەم هەوڵەدا پێویستی بە پابەندبوونی تەواو و بەردەوامی حکومەتەکان، ڕێکخراوە سەربازییەکان، کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا و کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە. ئەگەرەکان زۆرن، بەڵام بە وریایی و وەبەرهێنان و پابەندبوون و هاوکاری گونجاو، دەکرێ ژیریی دەستکرد وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ بەرزکردنەوەی ئاسایشی گشتی جیهانی بەکاربهێنرێت نەک تێکدانی.

---

1 . McKinsey & Company. (2023). The Age of AI: Artificial Intelligence and the Future of Work. McKinsey Global Institute، available at: https://www.mckinsey.com/mgi/our-research/generative-ai-and-the-future-of-work-in-america#/

٢ . فێربوونی ئامێر بوارێکی خوێندنە کە توانای فێربوون و باشتربوون بە سیستەمی کۆمپیوتەر دەبەخشێت لە ئەزموونەوە بەبێ ئەوەی بە ڕوونی بەرنامەی بۆ دابنرێت. گرنگی بە پەرەپێدانی ئەلگۆریثمەکان و مۆدێلەکانی ئامار دەدات کە ڕێگە بە سیستەمەکان دەدات ئەرکە تایبەتەکان بە شێوەیەکی کاریگەر ئەنجام بدەن بەبێ بەکارهێنانی ڕێنماییەکان بە پشتبەستن بە نەخشەکان و دەرئەنجامەکان لە داتاکانەوە. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە ڕێگە بە سیستەمەکان بدرێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی فێربن، خۆیان بگونجێنن و لە ڕێگەی ئەزموونەوە باشتر بن کاتێک بەرکەوتەی داتای زیاتر دەبن. فێربوونی ئامێر، لقێکی سەرەکی ژیریی دەستکردە.
٣ . فێربوونی قووڵ لقێکی فێربوونی ئامێرە کە تۆڕە دەمارییەکان بەکاردەهێنێت لە چەند چینێکدا بۆ دروستکردن و دەرهێنانی تایبەتمەندی ئاست بەرز لە داتا خاوەکان. فێربوونی قووڵ بریتیە لە ڕاهێنانی تۆڕە دەمارییە دەستکردەکان لەسەر بڕێکی زۆر لە داتا بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی وەک ناسینەوەی وێنە، ناسینەوەی دەنگ، پرۆسێسکردنی زمانی سروشتی و زۆر شتی تر. ئەلگۆریثمەکانی فێربوونی قووڵ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی فێری ناسینەوەی داتاکان دەبن لە ڕێگەی چەندین چینی پلەبەندیەوە، ڕێگەیان پێدەدات ڕاستەوخۆ لە داتاکانەوە فێری نەخش و پەیوەندییە ئاڵۆزەکان بن.
٤ . تۆڕی دەماری بریتیە لە زنجیرەیەک ئەلگۆریثم کە هەوڵدەدات پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی نێوان کۆمەڵە داتاکان بناسێتەوە لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە کە شێوازی کارکردنی لە شێوازی کارکردنی مێشکی مرۆڤ ئەچێت. لە چوارچێوەی ژیریی دەستکرد و فێربوونی ئامێردا، تۆڕە دەمارییەکان لقێکن لە فێربوونی ئامێر و لە دڵی ئەلگۆریثمەکانی فێربوونی قووڵدان. تۆڕە دەمارییەکان بریتین لە مۆدێلێکی حیسابات، بۆ ناسینەوەی نەخش و پەیوەندییەکان لە داتاکاندا داڕێژراون و بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئەرکەکانی وەک پۆلێنکردن، ناسینەوەی نەخش لە بوارەکاندا، لە ناسینەوەی وێنە و

قسەکردنەوە تا پێشبینیکردنی دارایی و شیکاری پزیشکی بەکاردەهێنرێن.

5 . Department of Defense. (2019). DOD Artificial Intelligence Strategy: Harnessing AI to Advance Our Security and Prosperity، Available at: https://media.defense.gov/2019/feb/12/2002088963/-1/-1/1/summary-of-dod-ai-strategy.pdf/ (Accessed 15/09/2025).

6 . Allen، G. C. (2019). Understanding China's AI Strategy: Clues to Chinese Strategic Thinking on Artificial Intelligence and National Security. Center for a New American Security، Available at: https://www.cnas.org/publications/reports/understanding-chinas-ai-strategy/ (Accessed 18/09/2025).

٧ . ڕوئیای کۆمپیوتەر لقێکی ژیریی دەستکردە کە توانای ئەوە بە کۆمپیوتەرەکان دەبەخشێت بە پشتبەستن بە زانیاریە بینراوەکان بتوانن تێبگەن و بڕیار بدەن. ڕوئیای کۆمپیوتەر بریتیە لە پەرەپێدانی ئەلگۆریتم و تەکنیکەکان بۆ پرۆسێسکردن و شیکردنەوە و تێگەیشتن لە وێنە و ڤیدیۆکان، واتە لاساییکردنەوەی تواناکانی بینینی مرۆڤ لەم ئەرکانەدا. ڕوئیای کۆمپیوتەر کۆمەڵێک ئەرکی جۆراوجۆری وەک دۆزینەوەی شتەکان، پۆلێنکردنی وێنە، ناسینەوەی دەموچاو و بنیاتنانەوەی دیمەن لەخۆدەگرێت.

8 . Scharre، P. (2018). Army of None: Autonomous Weapons and the Future of War. W. W. Norton & Company، p(95).

9 . Brundage، M.، et al. (2018). The Malicious Use of Artificial Intelligence: Forecasting، Prevention، and Mitigation. Future of Humanity Institute، p(20).

١٠ . دیپ فەیک (DeepFake) جۆرێکە لە ناوەڕۆکی دیجیتاڵی دەستکاریکراو یان بە تەواوی دروستکراو (وەک ڤیدیۆ، دەنگ، یان وێنە) کە ئەلگۆریتمەکانی فێربوونی قووڵی تێدا بەکاردەهێنرێت، بۆ گۆڕینی واقیعی یان دەستکاریکردنی هاوشێوەیی، دەنگ، یان کردارەکانی کەسێک، زۆرجار جیاکردنەوەیان لە میدیای ڕەسەن زۆر قورسە.

١١ . زاراوەی (Killer Robot) لە ژیریی دەستکردەدا، بە گشتی ئاماژەیە بۆ سیستەمی چەکی سەربەخۆی کوشندە. ئەم ڕۆبۆتە بکوژانە سیستەمی سەربەخۆی سەربازین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەدوای ئامانجەکاندا بگەڕێن و بیاناسنەوە و هێرش بکەنە سەریان بەبێ دەستوەردانی ڕاستەوخۆی مرۆیی. بە پێچەوانەی چەکە تەقلیدییەکانەوە، ئەوان ژیریی دەستکرد بەکاردەهێنن بۆ بڕیاردان لەسەر ژیان و مردن وە زۆرجار خێراتر لەوەی کە بەڕێوەبەرێکی مرۆڤ دەتوانێت بیکات ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

12 . International Committee of the Red Cross. (2019). Autonomous Weapons Systems: Technical، Military، Legal and Humanitarian Aspects، Available at: https://www.icrc.org/sites/default/files/document/file_list/4221-002-autonomous-weapons-systems-full-report.pdf/ (Accessed 20/09/2025).

13 . Zwetsloot، R.، & Dafoe، A. (2019). “Thinking About Risks From AI: Accidents، Misuse، and Structure.” Lawfare، Available at: https://www.lawfaremedia.org/article/thinking-about-risks-ai-accidents-misuse-and-structure/ (Accessed 30/09/2025).

14 . Horowitz، M. C. (2018). “Artificial Intelligence، International Competition، and the Balance of Power.” Texas National Security Review، Vol(1)، Issue(3).

15 . United Nations Regional Information Centre (UNRIC). (2025، January 24). UN addresses AI and the Dangers of Lethal Autonomous Weapons Systems، Available at: https://unric.org/en/un-addresses-ai-and-the-dangers-of-lethal-autonomous-weapons-systems/ (Accessed 27/09/2025).

16 . Center for Strategic and International Studies (CSIS). (2024، December 11). Addressing the National Security Implications of AI، Available at: https://www.csis.org/analysis/addressing-national-security-implications-ai/ (Accessed 20/09/2025).

17 . IBM. (2025، April 15). How a new wave of deepfake-driven cyber crime targets businesses، Available at: https://www.ibm.com/think/insights/new-wave-deepfake-cybercrime/ (Accessed 30/09/2025).

18 . ArXiv. (2024، July 3). AI Emergency Preparedness: Examining the federal government’s ability to detect and respond to AI-related national security threats، Available at: https://arxiv.org/abs/2407.17347/ (Accessed 18/09/2025).



# ڕێڕەوی زەنگەزوور وەک هەنگاوێکی ستراتیژی ئەمریکا و کاریگەرییەکانی لەسەر هاوکێشە سیاسی و ئابوورییەکانی ناوچەی قەوقاز

م.ی. گۆران سەلام محەمەد
خوێندکاری دکتۆرا لە بواری مێژوودا

## پێشەکی

قەوقاز، ناوچەیەکی شاخاویە و دەکەوێتە نێوان ڕووسیا و ئێران و تورکیا، لە سەدەی نۆزدەهەمەوە گۆڕەپانێکی کراوە بووە بۆ ململانێی زلهێزەکان، ئەمڕۆ جارێکی تر ناوچەکە لە پێشەوەی گرژییە نێودەوڵەتییەکانە لەڕێگەی پرۆژەی (ڕێڕەوی زەنگەزوور یان زەنگێزوور). هەروەها بە (ڕێڕەوی ترامپ بۆ ئاشتی و گەشەپێدانی نێودەوڵەتی) ناودەبرێت، کە ئازەرپایجان بە نەخچەوانەوە (بەشە دابڕاوەکەی ئازەربایجان) دەبەستێتەوە و بە خاکی ئەرمەنستاندا تێدەپەڕێت و لەسەر سنوورەکانی ئێرانەوە هەڵکەوتووە، زەنگەزوور ناوچەیەکی ئازەربایجان بوو ساڵی "١٩٢٠" لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە خرایە سەر ئەرمینیا، لێرەوە سنووری وشکانی هەرێمی نەخچەوان لە ئازەربایجان دابڕا.

ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر قەرەباخ لە کۆتاییەکانی سەردەمی سۆڤیەتەوە دەستی پێ کردووە، لە ساڵی "١٩٩١" گرژییەکان پەرەیان سەندووە و شەڕی "١٩٨٨-١٩٩٤"ی لێکەوتەوە، کە زیاتر لە "٣٠" هەزار کەس کوژران و زیاتر لە ملیۆنێک کەس ئاوارە بوون، ئەمەش دوای ئەوە هات ئەرمینیا ناگۆرنۆ قەرەباخ و حەوت ناوچەی دەوروبەری کۆنترۆڵکرد، لێرەوە ئازەربایجان ناچار بوو لەڕێگەی ئێران و جۆرجیا لە ڕێگەی وشکانی یان ئاسمانییەوە بگاتە ئەو هەرێمە. هەروەها ئەمەش بووە هۆی لەدەستدانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیا، لە ساڵی "٢٠٢٠" دا هەردوو وڵات تووشی شەڕی قەرەباخی "٤٤" ڕۆژە بوون و لە بەرژەوەندیی ئازەربایجان کۆتایی هات.

لەدوای ئەو شەڕەو ناکۆکی زۆر لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان دروستبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ململانێیەکە دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە وەک تورکیا، ئێران و ڕووسیا بگرێتەوە،

ئەمەش هاوپەیمانێی ئابووریی سیاسیی نوێ لە ناوچەکەدا هێنایە کایەوە تا ئەمریکییەکان هاتنە گۆڕەپانەکە، لە "١٩"ی ئەیلولی "٢٠٢٣" ئازەربایجان ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی لە دژی ئەرمینیا دەستپێکرد و گەڕاندنەوەی سەروەری خۆی بەسەر تەواوی ناوچەی قەرەباخدا ڕاگەیاند.

ململانێیەکە بەردەوام بوو تاوەکو لە:"٨/٨/٢٠٢٥" لە کۆبوونەوەی سێ قوڵی سەرۆکەکانی: (ئەمریکا، ئەرمینیا و ئازەربایجان) لە واشنتۆن بڕیار لە ڕێڕەوی زەنگەزوور درا، کاریگەریی لەسەر گۆڕینی هاوسەنگی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان دروستکردووە، بە یەکێک لە هەستیارترین پرسەکانی ناوچەی قەوقاز و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، بڕیارە لە ساڵانی "٢٠٢٦" و "٢٠٢٧"دا بڕی "٢٠" ملیار مەتر لە گازی سروشتی پێدا تێپەڕببێت، کە بە نرخی ئێستای گازی سروشتی واتە "٢٠٢٥" دەکاتە "٢" ترلیۆن دۆلار، تاوەکو "٩٩" ساڵ ماف بە ئەمریکا دەدات کار لە ڕێڕەوەکەدا بکات.

**تەوەری یەکەم: ڕێڕەوی زەنگەزوور**

ڕێڕەوی زەنگەزوور بە باشووری ئەرمینیادا تێدەپەڕێت[١]، ناوچەی ئۆراسیا بە ڕەهەندە جوگرافی و سیاسییەکانییەوە، یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی جیهان کە کاریگەریی ستراتیژی هەیە، تەنانەت (برزینسکی) ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، بە "دڵی جیهان" و "ناوەندی نوێی دەسەڵاتی جیهانی" وەسفی کردووە، لێرەوە واشنتۆن تێدەگات کە کۆنترۆڵی هەر زلهێزێک بەسەر ئەم ناوچەیەدا واتە سەپاندنی هەژموونی جیهانی[٢].

ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکە تەنها هەنگاوێک نەبوو بۆ کۆتاییهێنان بە دوژمنایەتی دەیان ساڵە، هەروەها دەتوانرێت بە دووبارە کێشانەوەی نەخشەی ڕێڕەوی بازرگانی لە قەوقازی باشوور و هێنانە ناوەوەی یاریزانێکی نوێ بۆ هاوکێشەی کاریگەریی ناوچەکە هەژمار بکرێت کە ئەمریکایە[٣]، جگە لەوەش ئەم ڕێڕەوە وەک قەرەبووکردنەوەیەک بۆ لەدەستدانی ڕێڕەوی هیندستان لەلایەن ئەمریکاوە سپۆنسەر دەکرێت[٤].

ڕێککەوتنەکە باشووری قەوقازی دەگۆڕێت بۆ ناوەندی بازرگانی و وزە[٥]، زیادکردنی خوێنهێنەرێکی نوێیە بۆ گواستنەوەی نێودەوڵەتی[٦]، هەرچەندە درێژییەکەی تەنیا "٤٣" کیلۆمەترە، بەڵام دەتوانێت ڕێڕەوی بازرگانی نێوان ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست بکێشێتەوە و حیساباتی جیۆپۆلەتیکی ئاڵۆز لەنێوان زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بەرز بکاتەوە[٧].

گۆڕینی پێگەی ئەمریکا لە باشووری قەوقاز، پرسیاری زۆری لەبارەی ئامانجە بنەڕەتییەکانی پشت تێوەگلانی لەناکاوی واشنتۆن لە ناوچەکە و پەیوەندییەکەی بە دامەزراندنی نەزمی جیهانییەوە وروژاندووە[٨]، ڕێڕەوەکە ڕێگە بە تورکیا دەدات ڕاستەوخۆ بە ئەرمینیادا بچێتە ئازەربایجان[٩]، مێژووی باشووری قەوقازی پڕە لە ڕێکخستنی ئەمنی، بەڵام کاتێک دێتە سەر

ئەوەی جوگرافیا بۆ بەهای ئابووری بگۆڕدرێت شکست دەهێنن، ئەوەی نوێیە لە ڕێڕەوی زەنگەزوور سێ توخم لەخۆدەگرێت:

١- پەیوەندییەکی خێرای ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا لەنێوان ئاسیای ناوەڕاست تا ئەوروپا.

٢- بەڕێوەبردن تایبەت بە ئەمریکا، بۆ دڵنیابوونە لەوەی لایەنی ئێران و ڕووسیا دەستوەردان نەکەن.

٣- گۆڕینی سپۆنسەری ڕووسییەوە بۆ ئەمریکی کە مۆڵەتی گەشەپێدانی پێشوەختەی بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان داوە[١٠].



**سەرۆکی ئەرمینیا، ئەمریکا و ئازەربایجان دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە**

ڕێککەوتنەکە چەندین بڕگەی سەرەکی لەخۆدەگرێت، لەوانە: "ڕێزگرتن لە سنوورەکان، کۆتایهێنان بە ململانێی ناوچەیی، دەستبەرداربوون لە بەکارهێنانی هێز"، جگە لەوەش هەردوولا ڕێککەوتن و ژمارەیەک بەڵگەنامەی تەواوکەریان واژۆکردووە[١١].

سەرەتای نزیکبوونەوەی ئەرمینیا و ئازەربایجان بە هەوڵی مارکۆ ڕۆبیۆ وەزیری دەرەوە و ستیف ویتکۆف نێردەی تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتە ئەنجام[١٢]، واشنتۆن لە خولی دووەمی ترامپ هاتە نێو ململانێکەوە و سوودی لە سێ فاکتەری سەرەکی وەرگرت: (سەرقاڵبوونی ڕووسیا بە شەڕی ئۆکرانیا، لاوازبوونی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست و پەرەسەندنی دابەشبوونەکانی نێوان مۆسکۆ و هەردوو ئەرمینیا و ئازەربایجان)[١٣].

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە ڕێککەوتنەکەدا بەڕوونی کۆتایهێنان بە گروپی مینسک دیاریکراوە، کە لە ساڵی "١٩٩٢" بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان ئازەربایجان و

ئەرمینیا پێکهێنراوە. لەو کاتەوە سەرۆکایەتییەکەی بە هاوبەشی لەنێوان ئەمریکا و ڕووسیا و فەرەنسادا بووە. بەڵام بە هەڵوەشاندنەوەی واشنتۆن بە تەنیا دەمێنێتەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە لەسەر حیسابی ڕۆڵی ڕووسیا و ئەوروپا[١٤]، واشنتۆن وەک ئامرازێک بۆ دووبارە دارشتنی هاوسەنگی هێز و دەستەبەرکردنی پێگەی ئەمریکی لە ناوچەیەکی زۆر هەستیاردا تەماشای ڕێکەوتنەکە دەکات[١٥].

ئەم هەنگاوە ئەمریکییە ناتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ خواستی تایبەتی و کەسی ترامپ بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، وەک هەندێک لێکدانەوەیان بۆ کردووە، بەڵکو وەک بەشێک لە پاکێجێکی یەکگرتوو دێت بۆ گەمارۆدانی نەیارەکەی ڕووسیا بۆ قووڵکردنەوەی ئازارە جیۆپۆلیتیکییەکانی ڕووسیا، لە پلاندایە ئەو بەندەرانەی کە ڕووسیا بە ئاوە گەرمەکانەوە دەبەستنەوە بۆ ڕۆژئاوا لەژێر کۆنترۆڵی وڵاتانی هاوپەیمانیی ئەمریکادا بن، جا لە ڕێگەی دەریای ڕەش یان دەریای بەڵتیکەوە بێت[١٦].

ڕێڕەوەکە دەرفەت دەدات بە واشنتۆن بۆ فراوانکردنی ڕێککەوتنەکانی هاوکاریی لەگەڵ ئازەربایجان، ئەرمینیا و تورکیا لە بوارە جیاوازەکاندا، ئەمەش دەرگای نوێ بۆ وەبەرهێنان و هاوبەشی ئابووری دەکاتەوە، مەزەندە دەکرێت تێچووی پرۆژەکە لە نێوان "٣" بۆ "٥" ملیار دۆلاردا دەبێت و پێشبینی دەکرێت داهاتی ساڵانەی بگاتە نزیکەی "٣٠" ملیار دۆلار[١٧].

ڕێڕەوەکە هاوکێشەی ناوچەکە بەمجۆرە دادەڕێژێتەوە:

- بۆ ئەوروپا: پەنجەرەیەکی دیکە دوور لە ڕێگاکانی ڕووسیا و ئێران دابین دەکات.
- بۆ واشنتۆن: سەکۆیەک بۆ کاریگەریی لۆجستی و وزە لەگەڵ سوودە جیۆپۆلەتیکییە ناوچەییەکان دابین دەکات.
- بۆ ئەکتەرە ناوخۆییەکان، دەستکەوتەکانی گەشەکردن و سەقامگیری ئەمنی دابین دەکات[١٨].




نەخشەی ڕێڕەوی زەنگەزوور

**تەوەری دووەم: کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکانی ڕێڕەوەکە**

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا پڕۆژە گەورەکان نەک تەنها بەهۆی ئیمکانی ئابوورییەوە سەرکەوتوو دەبن، بەڵکو بەهۆی قبوڵکردنی لەلایەن ئەو یاریزانانەی کە کاریگەرییان لەسەری هەیە سەرکەوتوو دەبن[١٩].

**١- ڕووسیا**

ڕووسیا کە لە مێژە ڕۆڵی گەرەنتی ئاسایشی لە قەوقازدا گێڕاوە، تێدەگات کە تێوەگلانی واشنتۆن بەم شێوەیە کاریگەریی تەقلیدی دابەش دەکاتەوە[٢٠]، تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و جۆرجیا لە دوای شەڕی "٢٠٠٨" بە شێوەیەکی بەرچاو توانای ڕووسیای بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی وشکانی لەگەڵ ئەرمینیا سنووردار کرد[٢١]. ئەم پێشکەوتنە نوێیە بەهۆی ئاڵۆزی پەیوەندییەکانی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بووە لەگەڵ مۆسکۆدا[٢٢].

> **"ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر قەرەباخ لە کۆتاییەکانی سەردەمی سۆڤیەتەوە دەستی پێ کردەوە، لە ساڵی "١٩٩١" گرژییەکان پەرەیان سەندەوە و شەڕی "١٩٨٨-١٩٩٤"ی لێکەوتەوە، کە زیاتر لە "١٠" هەزار کەس کوژران و زیاتر لە ملیۆنێك کەس ئاوارە بوون، ئەمەش دوای ئەوە هات ئەرمینیا ناگۆرنۆ قەرەباخ و حەوت ناوچەی دەوروبەری کۆنترۆڵکرد"**

ڕووسیا ئەو ڕێڕەوەی وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر کاریگەرییەکانی لە باشووری قەوقازی لێکدەداتەوە، ناتۆ گەیشتووە بە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەی، ئەمەش وەک بەزاندنی هێڵی سووری ستراتیجی لێکدەداتەوە، ئەگەر ناتۆ شریتێکی زەوی کە ئازەربایجان بە تورکیا دەبەستێتەوە کۆنترۆڵ بکات، مۆسکۆ لە باشوورەوە گەمارۆ دەدات، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش چاوەڕوان دەکرێت مۆسکۆ لەگەڵ تاران کار بۆ دروستکردنی ئاستەنگ بۆ پڕۆژەکە بکات، دەیان ساڵە مۆسکۆ سیاسەتی "هاوسەنگی لەڕێگەی ململانێ" لە باشووری قەوقازی پەیڕەو دەکات[٢٣]. هەروەها توندوتۆڵبوونی پەیوەندییەکانی نێوان یەریڤان و ئەنقەرە بەشداربووە لە نزیکبوونەوەی هەردوو وڵات لە تورکیا و دوورکەوتنەوە لە ڕووسیا[٢٤].

ئەمریکا لە ناوچەی قەوقازدا هاوکێشەیەکی گەورە بەڕێوە دەبات، کە بە ناوچەی جێ هەژموونی ڕووسیا دادەنرێت، لە ئێستادا ڕووسیا بەهۆی شەڕی ئۆکرانیاوە ناتوانێت لە دژی

(ڕێڕەوی زەنگەزوور) بوەستێتەوە، بەڵام لە دوورمەودادا ڕەنگە وانەبێت، چونکە ڕووسیا ناوچەی قەوقاز بە شادەماری ئابووریی خۆی دەزانێت، ئەمەش پێگەیەکی ستراتیژی دەدات بە ئەمریکا کە ناوەندێکی سەرەکی وزەیە و ئامرازێکە بۆ لاوازکردنی ڕووسیا و ئێران.

واشنتۆن لە سەرەتای خولی دووەمی ترامپ لە سەرەتای ساڵی "٢٠٢٥"دا هاتە ناو شەڕەکەوە و سوودی لە سێ هۆکاری سەرەکی وەرگرت:

١- سەرقاڵبوونی ڕووسیا بە شەڕی ئۆکرانیا.

٢- لاوازبوونی هەژموونی ڕووسیا بەسەر وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا.

٣- پەرەسەندنی دابەشکارییەکانی نێوان مۆسکۆ و هەردوو ئەرمینیا و ئازەربایجان[٢٥].

بە لەبەرچاوگرتنی جددیەتی ڕێڕەوی زەنگەزوور، بیرۆکەی دامەزراندنی هەماهەنگی سێ قۆڵی لەنێوان ئێران، ڕووسیا و چین وەک وەڵامێکی ستراتیژی بۆ هەنگاوەکانی ئەمریکا و ناتۆ لە قەوقازدا سەرهەڵدەدات[٢٦]، سێ لایەن کە بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە و هەڕەشەیان لەسەرە:

- ئێران پێویستی بەوەیە دەستڕاگەیشتن بە ئەرمینیا و ئەوروپا بپارێزێت.
- ڕێڕەوەکە ڕووسیا لە باشوورەوە گەمارۆی دەدات و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایدەبڕێت.
- ترسی چین لە لاوازبوونی ڕێگای دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگا، کە بە ئێران و ئەرمینیادا تێدەپەڕێت بەرەو ئەوروپا[٢٧].

هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، تەرکیزی ستراتیژی کرێملینی لە قەوقازەوە بۆ بەرەی ڕۆژئاوا گۆڕی، ئەمەش دەرفەتێکی بۆ ناتۆ ڕەخساند کە ئامادەیی خۆیان بەهێزتر بکەن، باکۆ بە پاڵپشتی ئەنقەرە ئەم بارودۆخەی قۆستەوە و لە ئەیلوولی "٢٠٢٣" دەستی بەسەر تەواوی قەرەباخدا گرت، ئەم بێدەنگییە بووە هۆی کشانەوەی هێزەکانی ئاشتیپارێزی ڕووسیا لە ساڵی "٢٠٢٤"، کە پاشەکشەیەکی ستراتیژی ڕوون بوو. لە ڕاستیدا ڕووسیا لە ساڵی "٢٠٢٠"دا حیسابێکی هەڵەی کرد کاتێک بەرژەوەندییەکانی ئەرمینیای پشتگوێ خست و جێگەی خۆی بە باکۆ دا، هەڵەیەک کە دواتر بوو بە ئامرازی فشار لە دژی ئەرمینیا[٢٨]، پێناچێت مۆسکۆ بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرا بڕوات، بەڵکو بەرەو سیاسەتی "خۆگرتنی وریا"، واتە قبوڵکردنی پرۆژەکە تا ئەو کاتەی کە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانی نەبێت، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی بنکە سەربازییەکانی لە ئەرمینیا پارێزگاری لە ئامادەبوونی ئەمنی خۆی دەکات[٢٩].

ڕووسیا دەیتوانی ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە و کۆتایی ئاشتی لەنێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان، بەڵام بابەتەکان بە سەریدا شکانەوە[٢٩]، ڕووسیا لە لایەک سەرقاڵی شەڕی ئۆکرانیا بوو، لە لایەکی دیکەشەوە سەرقاڵی پاراستنی گرێبەستە چەکدارییەکانی لەگەڵ باکۆ بوو، جگە لەوەش بڕیاردەرانی کرێملین لە مامەڵەکردن لەگەڵ

ئۆپۆزسیۆنی ئەرمینیا شکستیان هێنا، کە لایەنگری ڕۆژئاوا بوون و گەیشتن بە دەسەڵات[٣١].
لە سەردانەکەیدا بۆ ئازەربایجان لە مانگی ئابی "٢٠٢٤"، ڤلادیمێر پوتین، باسی لە مافی باکۆ کرد بۆ ڕێڕەوێکی وشکانی کە لەڕێگەی خاکی ئەرمەنستانەوە بە ناوچەی نەخەچەوانەوە ببەستێتەوە[٣٢]، هەندێک لە چاودێران پێیان وایە هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ چارەسەرکردنی پرسی ڕێڕەوی زەنگەزوور لە چوارچێوەی کاردانەوەکانی شەڕی ئۆکرانیادایە، بەم شێوەیە ڕووسیا بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆ دەربازبوون کە ڕێگەی پێبدات بەدەر لە سزاکانی ڕۆژئاوا ئابوورییەکەی لە خنکان ڕزگار بکات[٣٣].

> **"ڕێڕەوی زەنگەزوور بە باشووری ئەرمینیادا تێدەپەڕێت، ناوچەی ئۆراسیا بە ڕەهەندە جوگرافی و سیاسییەکانییەوە، یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی جیهان کە کاریگەریی ستراتیژی هەیە، تەنانەت (برێزینسکی) ڕاوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، بە "دڵی جیهان" و "ناوەندی نوێی دەسەڵاتی جیهانی" وەسفی کردووە "**

دەکرێ بڵێین کە ڕووسیا و ئێران بە هاوبەشی باجی حیساباتی هەڵەی ستراتیژی دەدەن، ئەمەش لە چوارچێوەی زنجیرەیەک هەڵەیە لە وڵاتانی دیکەدا، ڕووسیا وەک بڕیاردەر لە ناوچەکەدا سەیر دەکرا کە هاوپەیمانییەکی مێژوویی لەگەڵ ئەرمینیا هەبوو، هاوکات پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئازەربایجان پتەوتر کردبوو، لەهەمان کاتدا هاوسەرۆکی گروپی مینسک بوو، بەڵام مامەڵەکردنی هەڵەی لەگەڵ قەیرانەکاندا کۆششی دەیان ساڵەی بەفیڕۆچوو[٣٤].

**٢- وڵاتانی ئەوروپی:**
سەرەڕای شەڕی لەگەڵ ئۆکرانیا، هەناردەی غازی ڕووسیا بۆ ئەوروپا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە، جارێکی دیکە هەناردەکردنی غازی ئەمریکای تێپەڕاندووە، ئۆکرانیا بەنیازە لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی "٢٠٢٥" گواستنەوەی غازی ڕووسی بۆ ئەوروپا لەڕێگەی خاکەکەیەوە ڕابگرێت، ڕووسیاش بەدوای کڕیاری دەرەوەی ئەوروپادا دەگەڕێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕووسیا گرنگی بە ڕێڕەوی زەنگەزوور دەدات، بەو پێیەی کە توانای گواستنەوەی غازی خۆی بۆ کۆماری ئازەربایجان و دواتر بۆ تورکیا و دواتر بۆ ئەوروپا هەیە، هەروەها بۆ ئەوەی غازی ڕووسیا بگاتە ئێران، دەبێت لەڕێگەی کۆماری ئازەربایجانەوە بگوازرێتەوە[٣٥].

بوونی هێزەکانی ئەمریکا یان ناتۆ بەدرێژایی ڕێڕەوەکە ڕەهەندێکی جیۆپۆلەیتیکی ڕێڕەوەکەیە، ئەمەش بە واتای چاودێریکردنی وردی سنوورەکانی باکووری ئێران و گوشاری جیۆپۆلەتیکییە بۆ سەر ڕووسیا کە خەریکی ململانێیەکی ئاشکرایە لەگەڵ ناتۆ لە ئۆکرانیا[٣٦].

ئەم ڕێڕەوە گرنگی بەرچاوی بۆ ئەوروپا هەیە، هەروەها بەشێک لە سامانی غاز و نەوتی خۆی دەخاتە ژێر ڕەحمەتی ئەو ڕێڕەوانەی کە لەلایەن نەیارە مێژوویەکەیەوە کە تورکیایە بە سپۆنسەری ئەمریکا[٣٧]. بەو مانایەیە کە ئەو ڕێڕەوە ئامادەیە ببێتە خوێنبەرێکی سەرەکی بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی نێوان ئاسیا و ئەوروپا[٣٨]، بە شێوەیەکی کاریگەر ڕێگا بازرگانییە وشکانییەکانی نێوان ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست لەڕێگەی تورکیاوە دادەڕێژێتەوە، ئەمەش پێویستی بە تێپەڕین بە جۆرجیا یان گرتنەبەری ڕێگاکانی لادان نامێنێت[٣٩]، ئەمە دەبێتە هۆی پچڕاندنی پەیوەندیی ئێران و ڕووسیا لەڕێگەی خاکی ئەرمەنستانەوە و ناتۆش بەرژەوەندیی خۆی دەبینێت بۆ گەیشتن بە دەریای خەزەر لەڕێگەی ڕێڕەوی زەنگەزوورەوە لەسەر حسابی ئێران و پچڕاندنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەرمینیا کە دەروازەی ئێرانە بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا[٤٠].

## ٣- چین:

چین بە نیگەرانییەوە ئەو ڕێڕەوە وەک هەوڵێک بۆ دژایەتیی پرۆژەی (پشتێن و ڕێگا)کەی دەزانێت، کردنەوەی ڕێگای بەدیل لەڕێگەی قەوقازی باشوورەوە دەتوانێت گرنگی ڕێڕەوی باشوور کە بە ئێراندا تێدەپەڕێت کەم بکاتەوە و توانای چین بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی بازرگانی جیهانی لاواز بکات، ئەمەش وایکردووە پەکین پێداچوونەوە بە ستراتیژییەکانی خۆیدا بکات[٤١]، لەڕێگەی هەماهەنگی سێ قۆڵییەوە کە دەتوانرێت چەندین شێوەی هەبێت:

- هاوپەیمانییەکی دیپلۆماسی لە ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕەتکردنەوەی هەر گۆڕانکارییەک.
- هەماهەنگی ئابووری- لۆجستی بۆ دۆزینەوەی ڕێگای بەدیل دوور لە کاریگەرییەکانی ئەمریکا.
- هەماهەنگی ئاسایش و هەواڵگریی بۆ چاودێریکردنی جووڵەکانی ناتۆ لە قەوقاز.

سەرکەوتنی ئەم هاوکارییە هاوسەنگی بۆ قەوقاز دەگەڕێنێتەوە و ڕێگری دەکات لەوەی ببێتە شوێنی گەمارۆی ئەو سێ دەوڵەتە. هەروەها پەیامێکی ڕوونیش دەنێرێت کە هەر هەوڵێک بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران یان ڕووسیا یان پەکخستنی (ڕێگای ئاوریشمی چین) ڕووبەڕووی وەڵامێکی دەستەجەمعی دەبێتەوە[٤٢].

چین کە زلهێزێکی جیهانییە بەردەوام لە هەڵکشاندایە، هەروەها بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی دەستڕاگەیشتن بە ئەوروپا ڕاستەوخۆ بگات، لە ئێستادا چین چوار ڕێگای وشکانی

هەیە بۆ ئەوروپا کە هەموویان بە ئێراندا تێدەپەڕن[٤٣].



**دروستکردنی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن لە ڕێڕەوی زەنگەزوورلە "٢٠٢٥/١٠/٩" بڵاوکراوەتەوە.**

**تەوەری سێیەم: کاریگەرییە هەرێمییەکانی ڕێڕەوەکە**

**١- ئێران**

ئێران ئەم پێشهاتە وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر پێگەی ستراتیجی خۆی دەڕوانێت، بەو پێیەی گرنگییەکەی وەک ڕێڕەوی گواستنەوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەمدەکاتەوە، کاریگەریی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل و تورکیا لە ناوچەکەدا بەهێزتر دەکات و پەیوەندییە وشکانییە ڕاستەوخۆکانی ئێران لەگەڵ ئەرمینیا وەک دەروازەیەکی مێژوویی خۆی بۆ باکووری قەوقاز و ئەوروپا دادەخرێت[٤٤]، لای خۆیەوە تاران لە مۆسکۆ وریاتر بوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەترسیانەی کە شەڕەکە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی هێنایە ئاراوە، ئێران دەیەوێت پشتیوانییکردنی بۆ ئەرمینیا تووڕەیی ناسیۆنالیزمی ئازەریی-ئێرانی لە بەرژەوەندیی ئازەربایجان و تورکیا نەوروژێنێت.

سەرکردایەتیی ئێران ڕایگەیاندووە کە گۆڕینی "سنوورە مێژوویەکان" لە ناوچەکەدا "هێڵێکی سوورە"، فەرماندە سەربازییەکان چەندین جار ڕایانگەیاندووە کە ڕێگە بە هەنگاوێکی لەو شێوەیە نادەن، ڕێبەری باڵای ئێران دژایەتیی خۆی بۆ هەر گۆڕانکارییەکی لەو شێوەیە ڕاگەیاندووە، هەڵوێستێک کە لە وتووێژەکانی لەگەڵ سەرۆکی تورکیا و ڕووسیا دەریبڕیوە، دوای شەڕی دووەمی قەرەباخ ساڵی "٢٠٢٠"، خامنەیی وتی: "ئێمە دڵخۆشین بە گەڕانەوەی قەرەباخ بۆ ئازەربایجان، بەڵام ئەگەر سیاسەتێک هەبێت بۆ داخستنی سنووری نێوان ئێران

و ئەرمینیا، کۆماری ئیسلامی دژایەتیی ئەو سیاسەتە دەکات"[٤٥].

ڕێڕەوەکە تەحەدایەکی گەورە بۆ ڕووسیا و ئێران دروست دەکات کە بەتوندی دژایەتیی بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکەن، ئەم ڕێڕەوە هەروەشە لە ڕێڕەوی نێودەوڵەتی باکوور-باشوور کە هیندستان لەڕێگەی ئێران و ڕووسیا بە ئەوروپا دەبەستێتەوە، تێکدەدات، تاران و مۆسکۆ ئاگاداری ئەو مەترسیەن کە ئەم پرۆژەیە لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژی و ئەمنییەکانیان دروستی دەکات و بە جیا و پێکەوە کاریان کردووە بۆ پووچەڵکردنەوەی هەر ڕێککەوتنێک سەبارەت بە بوونی ئەمریکا، لە سەردانەکەی ئەم دواییەی عەلی لاریجانی (سکرتێری ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران) بۆ مۆسکۆ، هاوپەیمانییەکی ڕانەگەیەندراو لەنێوان تاران و مۆسکۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەستێوەردانەکانی ئەمریکا لە پرۆژەی ڕێڕەوی زەنگەزوور پێکهێنرا، لە ماوەی ڕابردوودا مۆسکۆ دژایەتیی هەژموونی ئێرانی لە قەوقاز دەکرد، بەڵام بە هاتنەناوەوەی واشنتۆن، هەڵوێستی مۆسکۆ گۆڕاوە و ئێستا دەیەوێت هاوکاریی تاران بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی واشنتۆن[٤٦].

**"گۆڕینی پێگەی ئەمریکا لە باشووری قەوقاز، پرسیاری زۆری لەبارەی ئامانجە بنەڕەتییەکانی پشت تێوەگلانی لەناکاوی واشنتۆن لە ناوچەکە و پەیوەندییەکەی بە دامەزراندنی نەزمی جیهانییەوە وروژاندووە، ڕێڕەوەکە ڕێگە بە تورکیا دەدات ڕاستەوخۆ بە ئەرمینیادا بچێتە ئازەربایجان"**

دژایەتیی تاران بۆ ئەو ڕێڕەوە تەنیا ڕەتکردنەوەی پرۆژەیەکی گواستنەوە نییە، بەڵکو دەربڕینی هەوڵەکانێتی بۆ پاراستنی پێگەی جیۆپۆلەتیکی خۆی لە باشووری قەوقاز[٤٧]، لەدەستدانی ئەم ڕێڕەوە تەنیا نوێنەرایەتیی لەدەستدانی هێڵێکی سنووریی ناکات، بە مانای لەدەستدانی گرنگترین و سەربەخۆترین و پارێزراوترین ڕێڕەوی وشکانی کە ڕێگە بە تاران دەدات بگاتە ئەوروپا بەبێ ئەوەی بە تورکیا و ئازەربایجان و ڕووسیادا تێپەڕێت[٤٨]، لێرە بەدواوە بۆ یەکەمجار لەدوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە زلهێزێک (کە ئەمریکایە) دێتە تەنیشتی ئێران[٤٩].

بەرپرسانی ئێران ئاماژەیان بەوە کردووە: "تاران لە هیچ بارودۆخێکدا داخستنی سنوور لەگەڵ ئەرمینیا قبوڵ ناکات و ئێران تەحەمولی پرۆژەی ڕێڕەوی زەنگەزوور ناکات[٥٠]، ئێران ناچارە لەنێوان دوو ڕێگادا ڕێگایەک هەڵبژێرێت:

١- هاوکاری و دیپلۆماسی: لەگەڵ دراوسێکانی بۆئەوەی خۆی لەم ڕێگا نوێیەدا تێکەڵ بکاتەوە.

٢- پەرەسەندنی ئەمنی: پەنابردنەبەر پشتیوانی لە گروپە یاخیبووەکان لە ناوچەی

نەخچەوان، تاوەکو بەربەست بۆ ڕێڕەوەکە دروست بکات، ئەمە ئەگەرێکی بەهێزە[٥١].
ئێران بە هۆی تێکشکانی پرۆکسییەکانی لە وڵاتانی عەرەبی و شەڕی"١٢" ڕۆژەوە هەژموونی خۆی لە ناوچەکە لەدەستداوە، ئەم ڕێڕەوە نوێیەش هێندەی دیکە گۆشەگیریی دەکات، چونکە بۆچوونی وایە بۆ تەوقدان و گەمارۆدانی وڵاتەکەیەتی، ئەوەشی ئەم ترسەی زیادکردووە نزیکایەتیی و پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا، ئازەربایجان و ئیسرائیلە، بەتایبەت پەیوەندییە ستراتیژیی، ئابووریی، سیاسیی، بازرگانی و وزەییەکانی نێوان تەلئەبیب و باکۆ، هەرچەندە ئێران ڕایگەیاندووە، بەهیچ شێوەیەک ڕێگا نادەن سنووری نێوان وڵاتەکەی و ئەرمینیا دابخرێت، بەڵام بەبێ گوێدانە کاردانەوەی ئێران ڕێڕەوەکە لە ئەمریکاوە ڕێککەوتنی لەسەر کرا.
سەرەڕای ئەوەی ئێران خاوەنی یەدەگێکی گەورەی گازی سروشتییە لە جیهاندا، بەڵام لە مێژە بەدەست کەمیی غازی سروشتی بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی دەناڵێنێت، ئەم کەمییەی ئاماژەیە بۆ ناهاوسەنگی لە نێوان بەرهەمهێنان و بەکاربردن[٥٢]. بە کردنەوەی ئەو ڕێڕەوە زیانێکی گەورەی ئابووری دەکات، ئەگەری کەوتنی بەشێوەیەکی هەرەمی دەکات بە ئەگەرێکی کراوە، نەک هەر لە دانوستانی پرۆگرامی ئەتۆمیدا، بەڵکو ئەگەری هەیە لە بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریی ئاسایی وڵاتەکەشیدا لاواز ببێت، لەسەرەتای مانگی "٨ ی٢٠٢٥" بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لەناو خودی تاران لەبەر: (گەرما، بێ ئاوی و بێ کارەبایی) دەوامی فەرمانگەکان ڕاگیرا، کە بە ئەگەری زۆرەوە ناوچەکانی دەرەوەی پایتەخت دۆخیان خراپتر دەبێت، بە دانپێدانانی بەرپرسانی ئێرانی لە نزیکی ئەو ڕێڕەوە لە ناوچەی قەوقازدا چەندین بنکەی سەربازیی لە دژی ئێران بوونی هەیە، هاوکات هەبوونی نزیکەی "٢٠" ملیۆن ئازەری تورکزمان لەناو ئێراندا بۆمبێکی تەوقیتکراوە، کە بەچڕی لەسەر سنووری ڕێڕەوەکە نیشتەجێن.
بە وتەی عەلی ئەکبەر ویلایەتی: "ڕێڕەوەکەی ئەمریکا جوگرافیا دەگۆڕێت و هەڕەشەی دابەشکردنی ئەرمینیا دەکات"، گەلی ئەرمەنیش ئەمە ڕەتدەکاتەوە"، تاران پێی وایە: "باشووری قەوقازی زەوییەکی بێ خاوەن نییە بۆ ئەوەی ترامپ بەکرێی بدات، بەڵکو دەبێتە گۆڕستانێک بۆ بەکرێگیراوەکانی و ئێران بۆ ڕێگریکردن لەم پیلانگێڕییە، لەگەڵ ڕووسیا یان بەبێ ڕووسیا، ڕووبەڕووی دەبێتەوە"[٥٣]. عەلی ئەکبەر ولایەتی ڕایگەیاندووە: "کاتێک تورکیا و ئازەربایجان پێداگرییان لەسەر جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کرد، هێزە چەکدارەکانی ئێران بە سەرکردایەتیی لیوا باقری کۆچکردوو، ئەوکات سەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکان بوو زنجیرەیەک مانۆڕی سەربازییان لە باکووری ڕۆژئاوای وڵات ئەنجامداوە"، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئامادەیی و جددیی ئێران بۆ ڕێگریکردن لەم ڕێوشوێنە"[٥٤].
لای خۆیەوە سووپای پاسداران، سەرکردەکانی ئازەربایجان و ئەرمینیای لە دووبارەکردنەوەی "هەڵەی زێلنسکی" لە هێنانی ناتۆ بۆ سنوورەکانی ڕووسیا و ئێران هۆشداری داوە[٥٥]، لە

ڕوانگەی ئەمنییەوە، بوونی هێزەکانی ئەمریکا یان ناتۆ لە چەند کیلۆمەترێک لە سنووری ئێرانەوە ئاستی هەڕەشە بەرز دەکاتەوە، لەوەش مەترسیدارتر، ئەم پەرەسەندنە دەتوانێت هانی هێزە جوداخوازەکان یان ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی بدات، کە گوشاری دەرەکی بۆ لاوازکردنی ڕژێمی ئیسلامی لە ئێراندا بقۆزێتەوە[٥٦].

نیگەرانییەکانی تاران لێرەدا لە یادەوەرییەکی مێژوویی دوور و درێژدا نوقم بووە، ململانێی سەفەوی و عوسمانی کە چەندین سەدە درێژەی خایاند، میراتێکی گوماناویی بۆ ئێران و تورکیا بەجێهێشتووە، بەلای بڕیاردەرانی تارانەوە هەر پرۆژەیەک کە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتانی تورکی زمان بەهێزتر بکات، بەتایبەت ئەگەر ناتۆ لەڕێگەی تورکیاوە پاڵپشتی بکات، ئەوا وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی ئەمنی لەلایەن ئێرانەوە لێکدەدرێتەوە[٥٧].

ناوی (ڕێڕەوی زەنگەزوور) لە ڕوانگەی ئێرانەوە زاراوەیەکی دەستکردە کە باکۆ و ئەنقەرە بۆ پێشخستنی ئەجێندا سیاسییەکانیان بەکاریدەهێنن"[٥٨]، لەم هاوکێشەیەدا ئێران بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات ڕێگری لە داخستنی سنووری باکووری وڵاتەکەی بکات، ئەمە باجێکە تاران ئامادە نییە بیدات[٥٩].

ستراتیژییەکانی ئێران بۆ وەڵامدانەوە بریتین لە:

- پەرەسەندنی دیبلۆماسی بە چالاککردنی هاوکاری لەگەڵ ڕووسیا و چین بۆ ڕەتکردنەوەی هەر گۆڕانکارییەکی جوگرافی.
- پاڵپشتی سیاسی و ئابووری بۆ ئەرمینیا بۆ ڕێگریکردن لە کردنەوەی ڕێڕەوەکە.
- چالاکیی مەیدانی لەڕێگەی مانۆڕی سەربازیی لە باکووری ڕۆژئاوا بۆ ناردنی پەیامی خۆپاڕێزی.
- کردنەوەی بەرەی دژە فشار لەگەڵ هاوپەیمانە ناوچەییەکانیدا[٦٠].

تاران بە چەند هۆکارێک ئەم ڕێڕەوە ڕەتدەکاتەوە لەوانە:

- ڕێڕەوەکە بە کردەیی بیرۆکەی "تورکستانی گەورە" جێبەجێ دەکات، بەو پێیەی تورکیا بە وڵاتانی تورکی زمان لەڕێگەی وشکانییەوە دەبەستێتەوە.
- ڕێڕەوەکە ڕێگەیەکی وشکانی بۆ دەریای خەزەر بۆ ناتۆ دابین دەکات، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ فراوانکردنی بوونی سەربازی خۆی لە قەوقاز و بەستنەوەی ئەورووپا بە ئاسیای ناوەڕاستەوە، ئەمەش هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ و "قبووڵنەکراو" بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دروست دەکات.
- ڕێڕەوەکە سنووری وشکانی نێوان تاران و ئەرمینیا دادەخات، کە دەرچەیەکی ستراتیژییە بۆ چەندین سەدە خوێنبەرێکی گرنگ بووە بۆ گەیشتنی ئێران بە دەریای ڕەش و ئەورووپا.
- ڕێڕەوەکە هاوسەنگی هێز لە قەوقازدا لە بەرژەوەندیی باکۆ دەگۆڕێت.
- بەهێزکردنی ئیسرائیل لە قەوقاز، بەو پێیەی تەلئەبیب زیاتر لە "٤٠٪"ی نەوتەکەی لە

ئازەربایجانەوە هاوردە دەکات و نزیکەی "٨٠٪"ی چەکی ئازەربایجان دابین دەکات، لەوەش گرنگتر ئێران پێی وایە خاکی ئازەربایجان لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل لەدژی ئێران بەکارهێنراوە، لەوانە تیرۆرکردنی زانایانی ئەتۆمی و هەڵدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سیخووڕی کە گەیشتوونەتە دامەزراوە هەستیارەکانی ناوخۆی وڵات، هەروەها ئیسرائیل لە شەڕی ئەم دواییەدا ئاسمانی ڕێڕەوەکەی بەکارهێناوە.

- ئەم ڕێڕەوە دەتوانێت گرنگی ستراتیژیکی تاران کەم بکاتەوە و ڕێگای باشووری چین لە ڕێگەی ئێرانەوە لاواز دەکات[٦١].

تاران پێی وایە "ڕێگای ترامپ" ڕۆڵی ئێران وەک خاڵێکی ترانزێتی بەدیل بۆ بازرگانی و وزە دەخاتە مەترسییەوە، ئێران ترسی ئەوەی هەیە کە ئەو ڕێگایە ببێتە بەرگ بۆ ژێرخانی ئەمنی یان هەواڵگری ئەمریکا لە نزیک سنوورەکانی[٦٢]، سەرانی ئێران پێیان وایە بە دەستێوەردانی ئەمریکا، ڕێڕەوی زەنگەزوور بووەتە خەنجەرێک کە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی هەر سێ وڵاتی ئێران، ڕووسیا و چین دروست دەکات. پرۆژەکە زۆر لەوە گەورەترە و زەنگەزوور دەتوانێت بە ڕێڕەوی دیکەوە ببەسترێتەوە، لەنێویاندا (ڕێڕەوی داود)ی ئیسرائیل[٦٣].

> **"ڕێڕەووەکە دەرفەت دەدات بە واشنتۆن بۆ فراوانکردنی ڕێککەوتنەکانی هاوکاریی لەگەڵ ئازەربایجان، ئەرمینیا و تورکیا لە بوارە جیاوازەکاندا، ئەمەش دەرگای نوێ بۆ وەبەرهێنان و هاوبەشی ئابووری دەکاتەوە "**

تاران پێی وایە واشنتۆن گەورەترین براوەی ڕێککەوتنەکەیە، پرۆژەکە تەنیا ڕێگایەکی بازرگانی نییە، بەڵکو بنیاتنانی ئابوورییەکی درێژخایەنە لە دڵی قەوقازدا و ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە لەڕێگەی وشکانییەوە هاوسنوورن لەگەڵ ئێران- ئەگەر ڕێڕەووەکە جێبەجێ بکرێت- بۆ شەش وڵات کەمدەبێتەوە[٦٤].

ئێران ترسی لە دابەزینی ڕێژەی هەناردە و هاوردەی وڵاتەکەی هەیە[٦٥]، تاران پێی وایە ڕێڕەووەکە ئێران دەخنکێنێت و لە ڕووی جوگرافییەوە جیای دەکاتەوە لە تاکە دەروازەیەک بۆ بەدیهێنانی خەونە گەورەکەی کە بریتییە لە درێژکردنەوەی بۆری نەوت و گاز بۆ ڕۆژئاوا ئەگەر پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکلاکردنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە باشتر بن[٦٦].

ئامانجی پرۆژەکە کاتێک زیاتر دەردەکەوێت کە پەیوەندیی زلهێزەکان بەیەکەوە لەبەرچاو بگیرێت، ئەمەریکا هەوڵدەدات ئەو ڕێڕەوە بگۆڕێت بۆ سەکۆیەک بۆ بەهێزکردنی ئامادەیی سەربازی و هەواڵگریی خۆی و بەستنەوەی بە پرۆژە بەرفراوانە ناوچەییەکانی وەکو

ڕێککەوتنەکانی ئیبراهیمی، بەمەش ئێران لە ڕووی ستراتیژییەوە گۆشەگیر دەکات و ڕۆڵی دیپلۆماسی سنووردار دەکات، لەبەرامبەردا تورکیا ئەو ڕێڕەوە بۆ چەسپاندنی پرۆژەی ئۆراسیا بەکاردەهێنێت کە لە ئەنقەرەوە تا ئاسیای ناوەڕاست درێژدەبێتەوە، لەکاتێکدا ئیسرائیل وەک ئامرازێک بۆ قووڵکردنەوەی بوونی ئەمنی خۆی لە ئازەربایجان و دەستەبەرکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە گرنگەکانی وزەی ناوچەکە بەکاریدەهێنێت[٦٧].

ئێران دەستی کردووە بە پەرەپێدانی ڕێڕەوی ئەڵتەرناتیڤ وەکو ڕێڕەوی ئاراس بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندیی وشکانی لەگەڵ ئەوروپا و باکووری قەوقاز و سنووردارکردنی هەژموونی ڕێڕەوە نوێیەکە[٦٨].

لە ئێستادا ئێران کە لەژێر قورسایی گەمارۆکانی ڕۆژئاوادایە، ڕێڕەوەکە کاریگەریی لەسەر هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندیی ئازەربایجان و ئیسرائیل لەسەر حیسابی ئێران دروست دەکات[٦٩].

تاران بێدەسەڵات وەستاوە، جوگرافیا سیاسییەکەی گەمارۆ دراوە کە پێویستە خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بگونجێنێت و بە تەواوی لەگەڵیدا هەڵبکات، بە مەبەستی پاراستنی پێگەی جیۆ-ئابووریی خۆی دوای لەدەستدانی پێگەی جیۆ-ستراتیژیی خۆی[٧٠].

زیانەکانی ئێران لە چەند ئاستێکدایە:

- لەدەستدانی ڕێڕەوی وشکانی کە ئێران بە ئەرمینیا دەبەستێتەوە.
- هەڕەشەی شەڕی نەرم بە تایبەتی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەڕێگەی بەهێزکردنی گوتاری ناسیۆنالیستی ئازەرییەکانی ئێران.
- بوونی ژێرخانی هەواڵگری و تەکنۆلۆژیای چاودێریی ئیسرائیل لەسەر خاکی کۆماری ئازەربایجان.
- ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئێران و ئازەربایجان[٧١].

ڕێڕەوەکە ئێران لە چوار ڕێڕەوی سەرەکی دادەبڕێت:

▪ئێران لە ڕێگای ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا کە چین و ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

▪ئێران دادەبڕێت لە پرۆژەی بەستنەوەی ئەوروپا بە کەنداوەوە کە لە تورکیاوە بە عێراقدا تێدەپەڕێت، یان ئەو ڕێگایەی کە بە ڕێگای گەشەپێدان ناسراوە.

▪پچڕانی ڕێڕەوی باکوور– باشوور کە بڕیار بوو بەندەری چابەهار بە قەوقاز و ڕووسیا و ئەوروپا ببەستێتەوە.

▪ڕاگرتنی پلانەکانی گۆڕینی ئێران بۆ ناوەندێکی هەناردەکردنی غازی ناوچەیی بۆ کیشوەری ئەوروپا.

هەموو ئەم پرۆژانە کە تاران هیوای خواستبوو سوودی لێ ببینێت، یان داخراون یان بەدیلیان بۆ دانراوە[٧٢].

**٢- تورکیا:**

تورکیا ئەو ڕێڕەوە وەک هەنگاوێک دەڕوانێت بۆ بەدیهێنانی خەونی "گەورەی تورکیا"، ئەمەش ڕەهەندێکی جیۆپۆلیتیکی ڕێڕەوەکە بە تورکیا دەدات، کە لەڕێگەی ئازەربایجانەوە ئەنادۆڵ بە ئاسیای ناوەڕاستەوە دەبەستێتەوە، ڕێڕەوی بازرگانی و نەوت بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئیسرائیل کورت دەکاتەوە"[٧٣].

تورکیا و ئازەربایجان هەردووکیان گەرووی ئەو پرۆژەیەن و لەڕووی سیاسییەوە خزمەتێکی زۆر بە خەڵکانی تورکزمان لە ئاسیادا دەکات، بۆیە دوای ئەمریکا، تورکیا سوودمەندی سەرەکییە، چونکە تورکیا دۆستی هەمیشەیی ئازەربایجان، نەیاری سەرسەخت و مێژوویی ئەرمینیا و ڕکابەریی گەورەی ئێرانە. وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆتایی مانگی تەمموزی "٢٠٢٥" لە ئەنقەرە لەگەڵ هاوتا ئازەربایجانییەکەی کۆبووەوە و دواتر لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: "ڕێڕەوەکە بۆ سەقامگیری و ئاشتی ناوچەکە گرنگییەکی گەورەی هەیە". "١٩"ی ئەیلوولی "٢٠٢٥" سەرۆککۆماری تورکیا لە گوتارەکەیدا لە "UN" جەختی لە دروستکردنی ڕێڕەوەکە کردەوە و گوتی: "ئێمە هەر لەسەرەتاوە پشتیوانیمان لە گفتوگۆکانی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا کردووە، بەڵام بۆچوونمان وایە ئەرمینیا بەگوێرەی پێویست ئەم هەلە مێژووییەی هەڵنەسەنگاند، ئێمە چاوەڕێین ئەرمینیا بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات".

> **"ئەمریکا لە ناوچەی قەوقازدا هاوکێشەیەکی گەورە بەڕێوە دەبات، کە بە ناوچەی جێ هەژموونی ڕووسیا دادەنرێت، لە ئێستادا ڕووسیا بەهۆی شەڕی ئۆکرانیاوە ناتوانێت لە دژی (ڕێڕەوی زەنگەزوور) بوەستێتەوە، بەڵام لە دوورمەوددا ڕەنگە وانەبێت، چونکە ڕووسیا ناوچەی قەوقاز بە شادەماری ئابووریی خۆی دەزانێت، ئەمەش پێگەیەکی ستراتیژی دەدات بە ئەمریکا کە ناوەندێکی سەرەکی وزەیە و ئامرازێکە بۆ لاوازکردنی ڕووسیا و ئێران"**

وەزیری گواستنەوە و ژێرخانی تورکیا لە مەراسیمی دەستپێکردنی هێڵی شەمەندەفەر بۆ دەستپێکردنی ڕێڕەوی زەنگەزوور لە "٢٢"ی ئابی "٢٠٢٥" ڕایگەیاند: "ڕێڕەوەکە دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێی ئاشتی و خۆشگوزەرانییە"[٧٤].

سوودەکانی ئەو ڕێککەوتنە دەتوانێت ڕێگە بۆ کردنەوەی دەروازەی سنووری لەنێوان تورکیا و ئەرمینیا خۆش بکات، کە لە ساڵی "١٩٩٣"وە بەڕووی بازرگانیدا داخراوە، تورکیا وەکو

ئەندامێکی ناتۆ سالانێکە هەوڵدەدات ڕۆڵی بەڵێندەری ناوچەیی ڕۆژئاوا بگێڕێت. ڕاستەوخۆ بەشداری لە شەڕی دووەمی قەرەباخدا کرد، ڕاوێژکاری سەربازیی نارد، بنکەی ڕێپێوان و هەواڵگریی لە کۆماری نەخچەوان دامەزراند، ئەنقەرە باش دەزانێت، بەهۆی سەرقاڵی ڕووسیا بە شەڕی ئۆکرانیا، پەنجەرەیەکی جیۆپۆلەتیکی بۆ کراوەتەوە تا دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات[٧٥]، بۆیە ڕێڕەوەکە نەخشەی وزەی باکۆ بەرەو (بەندەری جەیهان)ی تورکیا لەسەر دەریای ناوەڕاست دەگەیەنێت، کە لە گرنگیدا هاوتەریبە لەگەڵ بۆری (کەرکووک-جەیهان) کە لە کوردستانی عێراقەوە بۆ تورکیا درێژدەبێتەوە[٧٦].




**ڕێگای بۆری نەوتی باکۆ بۆ بەندەری جەیهان لە جۆرجیاوە لەگەڵ بۆری نەوتی کەرکوک بۆ بەندەری جەیهان.**

لەلایەکی دیکەوە، ئەو ڕێڕەوە بەشدار دەبێت لە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیا، بەو پێیەی مەودای نێوان تورکیا لەڕێگەی ڕێڕەوی زەنگەزوورەوە کورت دەبێتەوە. هەروەها کردنەوەی ڕێڕەوەکە پێگەی تورکیا وەک ناوەندێک بۆ گواستنەوەی وزە و کاڵا وەک بەدیلی ڕووسیا بەرز دەکاتەوە[٧٧].

نەبوونی پەیوەندییەکی وشکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئازەربایجان، بەبێ تێپەڕین بە ئێران یان پشتبەستن بە ڕێگا تەقلیدییەکانی ئەرمەنستان، نوێنەرایەتی کەلێنێکی ستراتیژی دەکرد، ئەمڕۆ بە ڕێڕەوی زەنگەزوور، تورکیا ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە، مەودا و کات کورت دەکاتەوە، خۆی وەک ناوەندێکی حەتمی بۆ بازرگانی و ڕۆیشتنی وزە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا جێگیر دەکات، بەڵام ئەم دەرفەتە مێژووییە پڕە لە سنووردارکردن هەر پەیوەندییەکانی ئەنقەرە

لەگەڵ هاوبەشە غەیرە ڕۆژئاواییەکانی وەک ڕووسیا، ئێران، یان چین لەلایەن ئەمریکاوە ئاریشەی بۆ دروست دەکرێت[٧٨].




**نەخشەی ڕێڕەوی زەنگەزوور**

دەتوانین دەستکەوتەکانی تورکیا لە دوو بواری سەرەکیدا کورت بکەینەوە. یەکەمیان پەیوەندیی بە دەستکەوتە جیۆستراتیژییەکانی بەستنەوەی خاکەکەی بە ئازەربایجان و گەیشتن بە وڵاتانی ڕێکخراوی دەوڵەتانی تورکەوە هەیە. دووەم پەیوەندیی بە دەستکەوتە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکانی تورکیاوە هەیە[٧٩].

پێشبینی دەکرێت ناوەندێکی گرنگ پێکبهێنرێت لە ڕێڕەوێکی بازرگانی بەرفراواندا کە لە لەندەنەوە تا پەکین درێژدەبێتەوە و بە بەهای تریلیۆن دۆلار، واتە ڕێڕەوی زەنگەزوور نوێنەرایەتی یەکێک لە پرۆژە جیۆپۆلیتیکییە گەورە مەبەستەکانی تورکیا دەکات لە سەردەمی دوای جەنگی ساردا، ئەو ڕێڕەوە ڕێگایەکی ستراتیژی بۆ گواستنەوەی وشکانی و شەمەندەفەر دەکاتەوە، کە لە خاکی تورکیاوە تا دەریای خەزەر درێژدەبێتەوە، لەوێشەوە بۆ قووڵایی ئاسیای ناوەڕاست تا چین. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی تورکیا لە چوارچێوەی دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگاوبانی چین و باڵادەستی لۆجستی و بازرگانی لە بازاڕی ناوچەکەدا پێدەبەخشێت بە کەمکردنەوەی تێچووی گواستنەوە و خێراکردنی ڕۆیشتنی کاڵاکان[٨٠].

### ٣- ئازەربایجان

ئەم پڕۆژەیە لە دوای شەڕی دووەمی قەرەباخ دێت، لە کاتێکدا ئازەربایجان و تورکیا هەوڵیان دەدا پەیوەندییە وشکانییەکانی نێوان ئەنقەرە و ئاسیای ناوەڕاست لە ڕێگەی باکۆوە بەهێزتر بکەن[٨١]، (ڕێڕەوی زەنگەزوور) لە ئازەربایجانەوە درێژ دەبێتەوە، دیارترین تایبەتمەندیی ئەم ڕێککەوتنە بریتییە لە دابینکردنی ڕێڕەوێکی نوێی ترانزێت کە ئازەربایجان بە ناوچەی نەخچەوانەکەیەوە دەبەستێتەوە لەڕێگەی پارێزگای سیۆنیکی ئەرمەنستانەوە، لە شەڕی "٢٠٢٣"ی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیادا، کە ئازەربایجان شەڕەکەی بردەوە، ناوچەی زەنگەزووری بۆخۆی مسۆگەر کرد، ئەرمینیا چاوەڕێی دەکرد ڕووسیا پشتیوانی لێ بکات، بەڵام ڕووسیا وەک سزایەک بۆ ئەرمینیا کە دەیەوێت لە ئەوروپا نزیک بێتەوە بێدەنگی هەڵبژارد و ڕێگەی بە ئازەربایجان دا ئەو ناوچەیە بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بۆیە ڕێڕەوەکە نوێنەرایەتیی داواکارییەکی درێژخایەنی ئازەربایجان دەکات[٨٢]، یەکێک لەو دەستکەوتە هەرە بەرچاوانەی کە ئازەربایجان لە کردنەوەی ڕێڕەوەکە دەیچنێتەوە، گەڕاندنەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی زەوییە لەگەڵ نەخچەوان[٨٣].

ئازەربایجان ئێستا لە پێگەیەکی سەربازی و سیاسی پێشکەوتوودایە، کە وای لێدەکات دۆخی زەنگەزوور دووبارە دابڕێژێتەوە بۆئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆی و تورکیا بکات. هەندێک لە چاودێرانی ڕۆژئاوا پێشبینیان دەکرد، دوای کۆنترۆڵکردنی قەرەباخ، هێزەکانی ئازەربایجان پێشڕەوی بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی زەنگەزوور بکەن، کە لەڕووی ئیدارییەوە بەشێکە لە پارێزگای سیونیک لە دووری باشووری ئەرمینیا. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ڕووسیا بە "پاشەکشە" وەسفی دەکات، کە هێزی ئاشتیپارێزی لەنێوان هەردوو وڵات جێگیر کردووە[٨٤].

ئازەربایجان چەند ئامانجێکی لە دروستکردنی ڕێڕەوەکە هەیە، ئەوانیش:

- بەستنەوەی وڵاتەکە بە نەخچەوانەوە، تاکو خاکی هەموو وڵات پێکەوە ببەسترێتەوە.
- قۆناغی دووەمی ڕێڕەوەکە، بەستنەوەی ئازەربایجانە بە تورکیا کە بەبێ دروستکردنی ڕێڕەوی زەنگەزوور، ئەستەمە.
- ئامانجی دووری ئازەربایجان ئەوەیە بەهۆی دروستکردنی ڕێڕەوەکەوە ببێت بە خاوەنی ئەو ناوچەیە.
- بەو جۆرەی ئازەربایجان دەیەوێت، نەوت و گازی سروشتی و کاڵا بازرگانییەکان ڕاستەوخۆ لە وڵاتانی تورکزمان، ئاسیای ناوەڕاست و خەزەرەوە دەگەنە تورکیا و لەوێشەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و جیهان[٨٥].

### ٤- ئەرمینیا:

سەبارەت بە ئەرمینیا، چیرۆکەکە ئاڵۆزترە، لەسەر کاغەز وەبەرهێنان وەردەگرێت و

سنوورەکانی دەکاتەوە و لەو گۆشەگیرییە جوگرافییە دەردەچێت کە بەهۆی داخستنی دەیان ساڵەوە سەپێنراوە، بەڵام لە قووڵایی دڵەوە پرسیارەکە هەر دەمێنێتەوە: ئایا دەتوانرێت ئەم دەستکەوتانە بەبێ سازشکردن لەسەر بنەمای سەروەریی تەواو بەسەر خاکەکەیدا بەدەستبهێنرێت؟[٨٦].

(ڕێڕەوی زەنگەزوور) مافە تایبەتەکانی ئەرمینیا لە باشووری قەوقاز و سەروەرییەکەی بەپێی ڕێککەوتنەکە دەپارێزێت، بەڵام کۆنترۆڵی بازرگانی ئەرمینیا لە ڕێڕەوەکەدا لە دەستی ئەمریکادا دەبێت، ناوچەی زەنگەزوور کە ئەرمینیا پێیدەڵێت (سیونیک) خاکی ئەرمینیایە و کەوتووەتە باشووری وڵاتەکە و لەگەڵ ئێران هاوسنورە، ناوچەکە وەک چۆن تاکە ڕێگای بەستنەوەی ئەرمینیا و ئێرانە، تاکە ڕێگای بەستنەوەی ئازەربایجانیشە بە کۆماری نەخچەوانی سەر بە ئازەربایجانەوە، هاوکات ئەرمینیا لە توانای کردنەوەی ڕێڕەوی بازرگانی نوێ لەگەڵ ئازەربایجان و تورکیا سوودمەند دەبێت[٨٧].

> **"بوونی هێزەکانی ئەمریکا یان ناتۆ بەدرێژایی ڕێڕەوەکە ڕەهەندێکی جیۆپۆلەیتیکی ڕێڕەوەکەیە، ئەمەش بە واتای چاودێریکردنی وردی سنوورەکانی باکووری ئێران و گوشاری جیۆپۆلەتیکییە بۆ سەر ڕووسیا کە خەریکی ململانێیەکی ئاشکرایە لەگەڵ ناتۆ لە ئۆکرانیا"**

ئەرمینیا بە فەرمی سەروەریی و خاوەندارێتی خۆی دەپارێزێت، بەڵام کۆنترۆڵی ئۆپەراسیۆنی ئەم کەرتی سنوورییە بۆ ئەمریکا دەگوازێتەوە[٨٨]، کردنەوەی ڕێڕەوەکە ئەرمینیا لە دابڕانی ئابووری ڕزگار دەکات، ئازەربایجان و تورکیا دوای داگیرکردنی خاکی ئازەربایجان لە ساڵی "١٩٩٢" سنوورەکانیان لەگەڵ ئەرمینیا داخستبوو، بەمەش هیچ ڕێگایەکی وشکانیی سەلامەت و بەردەوام بۆ ڕووسیا نەماوەتەوە کە هاوبەشی سەرەکی ئابووریی ئەرمینیا بێت، لە سەرەتای ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان تا ئێستا هیچ هێڵی ئاسنین لەنێوان ئەرمینیا و ڕووسیادا نەبووە، تاکە ڕێگای وشکانی کە بەردەستە ڕێگای بووە و بە زەوییە سەختەکاندا تێدەپەڕێت، هەندێکجار بەهۆی خراپی کەشوهەوا دادەخرێت، ئەمەش دەبووە هۆی دواکەوتنی گواستنەوەی کەلوپەلەکان[٨٩].

ئەرمینیا دامەزراندنی ڕێڕەوی زەنگەزوور بەبێ خاڵی پشکنینی ئەرمەنستان بە تێکدانی سەروەری وڵاتەکە دەزانێت، ئەمەش وایکردووە کە نەتوانێت بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی بپارێزێت. حکومەتی ئەرمینیا دان بە سوودەکانی کردنەوەی ڕێڕەوی زەنگەزووردا دەنێت،

بەڵام ڕێبازە وریاییەکەی و نیگەرانییەکانی لەبارەی ڕێڕەوەکە لە نارەزایی جەماوەرییەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆچوونەکان دژی ڕێڕەوەکە لە ئەرمینیا بە پلەی یەکەم لەلایەن گروپە ناسیۆنالیستەکانەوە دەردەبڕدرێن، کە بەشێکی زۆری دانیشتووان پشتیوانیان لێدەکەن و ئەو پرسە بووەتە ئامرازێک بۆ ئۆپۆزسیۆن بۆ هێرشکردنە سەر حکومەت، لە کۆتاییدا ئەرمینیا پێی وایە مەترسییە جیۆپۆلەتیکیەکانی ڕێڕەوی زەنگەزوور لە سوودە ئابوورییەکانی زیاترە[٩٠].

**٥- ئیسرائیل:**

ڕەهەندێکی جیۆپۆلیتیکی ڕێڕەوەکە ئەوەیە ئیسرائیل کە هاوپەیمانێکی نزیکی باکۆیە، لەڕێگەی تورکیا و سووریاوە دەستی بە کەناڵێکی لۆجستیکی دیکە بۆ خاکەکەی دەگات، بەمەش پەیوەندییە ئەمنی و ئابوورییەکانی لەگەڵ ئازەربایجان پتەوتر دەکات، بەتایبەتی لە بواری نەوت لە باکۆوە بەرەو ئیسرائیل[٩١].

هەروەها ئەمریکا ڕێگە بە وڵاتەکانی ئەوروپا و ئیسرائیل دەدات ئامادەیی خۆیان لەسەر خاکی ئازەربایجان بەهێزتر بکەن، بۆئەوەی لەڕووی جوگرافیاوە ئێران گەمارۆ بدەن[٩٢]، لە ڕووکەشدا پرۆژەکە وەک ڕێڕەوێکی بازرگانی و ئاشتی لێکدراوەتەوە، بەڵام لە قووڵایی دڵەوە ئامانجەکانی ئەمریکا و ناتۆ، تورکیا و ئیسرائیل تێکەڵ دەکات و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێ لە قاڵب دەدات، کە لە دەریای ڕەشەوە تا دەریای خەزەر درێژ دەبێتەوە[٩٣].



بە پەیوەستبوونی ئازەربایجان بە ڕێككەوتنەكانی ئیبراهیمی دەزانن، كە چوارچێوەیەك بۆ ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانی نێوان تەلئەبیب و پایتەختە عەرەبی و ئیسلامییەكان دابین دەكات، لە ڕاپۆرتەكەدا ئاماژەی بەوەشكردووە، ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ ئازەربایجان لە گفتوگۆدایە سەبارەت بە ئەگەری پەیوەستبوون بە ئازەربایجان، لەگەڵ هەندێك وڵاتی ئاسیای ناوەڕاست، بە گرنگیدان بە هاوكاریی بازرگانی و سەربازی نەك ئاساییكردنەوەی دیپلۆماسی تەقلیدی، ڕێككەوتنی ئاشتی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بە پێش مەرجێك بۆ بەهێزكردنی ئەم ڕەوتە دادەنرێت[٩٤].

تەلئەبیب ئەو ڕێڕەوەی وەك دەرفەتێك بۆ بەهێزكردنی هەواڵگری و ئامادەیی سەربازی خۆی لە دڵی قەوقازدا دەزانێت، جا چ بە ئامانجكردنی زانایانی ئەتۆمی یان هێرشی فڕۆكەی بێفڕۆكەوان بۆ سەر شوێنە ستراتیژییەكان[٩٥].

**تەوەری چوارەم: كاریگەریی ڕێڕەوەكە لەسەرهاوكێشەی غاز**

ڕووسیا و ئازەربایجان ڕایانگەیاندووە كە مەرجی گواستنەوەی غاز بۆ ئێران ڕازیبوونی ئێرانە بۆ ڕادەستكردنی ڕێڕەوی زەنگەزوور بە باكۆ، ئەگەر ئێران بە نیازی وەرگرتنی غازی ڕووسیایە، دەبێت ڕەزامەندیی باكۆ وەربگرێت. وا دیارە ئەم ڕێككەوتنە بەبێ نیازی توركیا و ئازەربایجان بۆ كۆنترۆڵكردنی ڕێڕەوی زەنگەزوور بەدی نەدەهات، تەنانەت وڵاتانی وەك ئۆزبەكستان و توركمانستانیش داوای ئەوە دەكەن كە ئێران ئەم پرسە قبوڵ بكات، نەك هەر بۆئەوەی ئێران ڕازی بێت بەوە، بەڵكو لەوەش گرنگتر بۆ دروستكردنی بۆری لە دەریای خەزەرەوە بۆ گواستنەوەی غاز لە توركمانستان و ئۆزبەكستان و كازاخستانەوە بەرەو ڕۆژئاوا بۆ باكۆ و لەوێشەوە بۆ توركیا، لە كاتێكدا ئەم وڵاتانە تا ئێستاش دوودڵن لە گواستنەوەی غازی خۆیان لە ڕێگەی ئێرانەوە، بەڵام ڕێككەوتنی پێویستیان بۆ دروستكردنی هێڵی بۆری (گواستنەوەی گاز لە توركمانستانەوە بۆ پاكستان و هیندستان لەڕێگەی ئەفغانستانەوە) لەگەڵ حكومەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان ئەنجامداوە، ئەوەی جێگای سەرنجە، سەرەڕای تێكچوونی پەیوەندییەكانی نێوان تاڵیبانی ئەفغانستان و پاكستان، هەردوولا پشتیوانییەكی بەرفراوانی خۆیان بۆ جێبەجێكردنی ئەم بۆری غازی ڕاگەیاندووە، لە لایەكی دیكەوە تەنانەت هیندستان كە لەگەڵ پاكستان ڕووبەڕووی كێشەی ئەمنی بەرفراوان دەبێتەوە، چاوی لەوەیە بەم شێوەیە غازی ئاسیای ناوەڕاست بە خاكەكەیدا بگوازێتەوە[٩٦].

كێشەی سەرەكی لێرەدا ئەوەیە كە ئازەربایجان و توركیا تەنها گواستنەوەی غازیان لە ئەرمەنستانەوە ناوێت، بەڵكوو دەیانەوێت سەروەریی ئەرمەنستان بەسەر تەواوی ڕێڕەوەكەدا بە ئازەربایجان بگۆڕن، ئەمە بۆ ئەرمینیا بۆ ئێران جێگەی قبوڵ نییە، ئێران چۆن دەتوانێت بەرەنگاریی ئەم فشارانە ببێتەوە؟ هەرچەندە زستانی داهاتوو لە ئێران پێناچێت

سەخت بێت (چونکە پێشبینییەکانی کەشوهەوا بە پشتبەستن بە ڕەوتی گەرمبوونی ئێستا پێشبینی زستانێکی سارد ناکەن)، بەڵام بێ گومان کەمیی گاز کاریگەریی لەسەر پیشەسازی و وێستگەکانی کارەبای ئێران دەبێت[٩٧].

ڕێڕەوی زەنگەزوور دوو جوگرافیای سیاسی و ئابووری بەیەکەوە دەبەستێتەوە:

**یەکەمیان:** ڕێگەیەکی سەلامەت بۆ تورکیا بۆ جیهانی تورکییەکەی، واتە گەلانی تورکزمان دابین دەکات؛ ئەمەش ئەوەیە کە ناسیۆنالیستە تورکەکان پێی دەڵێن "هێڵی توران" لەڕووی ئابوورییەوە ئەم ڕێڕەوە سەرچاوەی وزەی ئازەربایجانی بۆ جیهان ئازاد کردووە.

> **"ئێران ئەم پێشهاتە وەك هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر پێگەی ستراتیجی خۆی دەڕوانێت، بەو پێیەی گرنگییەکەی وەك ڕێڕەوی گواستنەوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەمدەکاتەوە، کاریگەریی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل و تورکیا لە ناوچەکەدا بەهێزتر دەکات و پەیوەندییە وشکانییە ڕاستەوخۆکانی ئێران لەگەڵ ئەرمینیا وەك دەروازەیەکی مێژوویی خۆی بۆ باکووری قەوقاز و ئەوروپا دادەخرێت"**

**دووەمیان:** هەناردەکردنی غازی ئازەربایجان بوو بۆ سووریا، جگە لەوەش، بۆری گواستنەوەی وزەی ئازەربایجان لەڕێگەی ئەم ڕێڕەوەوە لە چاو ڕێگاکانی ئێستا گرانتر و خێراتر دەبێت(باکو-جەیهان) لەڕێگەی جۆرجیا، لە ڕاستیدا ئیدارەی ترامپ سەرکەوتوو بووە لە دووبارە کێشانەوەی نەخشەی جیۆستراتیژی فراوانکراوی ئەو ناوچەیەی کە ڕووسیا پێی دەڵێت "ناوچەکانی ترانسکاوقاز" کە بۆ چەندین سەدە حەوشەی پشتەوەی ئەو وڵاتە بوون[٩٨].

### چ ئایندەیەک چاوەڕێی ڕێڕەوەکە دەکات؟

### گەشبینترین سیناریۆ:

ڕەنگە پرۆژەکە سەرکەوتوو بێت لە تێپەڕاندنی ئاستەنگە سیاسییەکان بە گەرەنتییەک کە ئەرمینیا دڵنیا بکاتەوە و سەروەرییەکەی بپارێزێت و ڕووسیا و ئێران دەرفەتێک بۆ بەشداریی نەک ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بدۆزنەوە.

**ڕێگایەکی نادیار:**

پرۆژەکە تا ئێستاش لە گرژیە سیاسییەکاندا نوقم بووە، دابەشبوون لەناو ئەرمینیادا لەسەر سەرۆکی بەردەوامە، ڕووسیا و ئێرانیش ناڕەزایەتیان لە بوونی ئەمریکا لە نزیک سنوورەکانیان دەربڕیوە.

**مەترسیدارترین سیناریۆ:**

ئەگەر ڕێڕەوەکە ببێتە موزایەدە، ڕەنگە ئێران ناڕەزایەتییەکانی تا خاڵی کردەی مەیدانی پەرەپێبدات، لە کاتێکدا گرژییەکانی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن پەرەبستێنێت و ببێتە هۆی میلیتاریزەکردنی قەوقاز.

**دەرئەنجام:**

- ڕێڕەوەکە تەنیا بازرگانی نییە، بەڵکو ڕێکخستنە جیۆپۆلەتیکییەکان پێناسە دەکاتەوە، هەژموونی سەربازیی ئیسرائیل و ئەمریکا وەکو دوو هاوپەیمانی هەمیشەیی دەهێنێتە ئاراوە.
- ڕێڕەوەکە پرۆژەیەکی ژێرخانی ئابوورییە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا و دواتر ئیسرائیل کە لە دژی ڕووسیا و ئێران داڕێژراوە.
- لە ڕوانگەی واشنتۆنەوە، ڕێڕەوی زەنگەزوور چەندین ئامانجی ستراتیژی ئایندەیی دەپێکێت: (گەمارۆدانی ئێران لە باکووری ڕۆژئاوا و پچڕاندنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمینیا و ڕووسیا، لاوازکردنی ڕووسیا بە دەرکردنی کاریگەرییەکانی لە باشووری قەوقاز، ڕێگریکردن لە "ڕێگای ئاوریشم"ی چین لە تێپەڕبوونی لەڕێگەی ئێرانەوە بۆ ئەرمینیا و ئەوروپا و بەهێزکردنی ناتۆ لە ناوچەیەکدا کە لە مێژە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی خۆیدایە).
- ئەم ڕێڕەوە سەرانی دەوڵەتی قووڵی ئیسرائیل لە خەونی "ئیسرائیلی مەزن" نزیک دەکاتەوە.
- ئەم پرۆژەیە نوێنەرایەتیی دەستپێکی پرۆسەیەکی سیاسیی نوێ دەکات، کە دەوڵەتەکان لەڕێگەی ڕێککەوتنە فرە نەتەوەییەکان و پرۆژەی ژێرخانەوە هەڵدەوەشێنەوە و دووبارە دابەش دەکرێنەوە، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ململانێی چەکداری ڕاستەوخۆ ببەن.
- میدیا جیهانییەکان لە بابەتی (ڕێڕەوی زەنگەزوور) تەنها ناوی ئەمریکا دەهێنن، کەچی ئیسرائیل هاوبەشییەکی سەربازی و ئابووریی بەهێزتری لەگەڵ ئازەربایجان هەیە و باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان کە بە گەورەترین و پڕ چالاکترین باڵیۆزخانەی ئیسرائیلی دادەنرێت.
- ئەگەر ئەم ڕێڕەوە ببێتە واقیعێکی نوێی جیۆپۆلەتیکی، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هاوسەنگی هێز لە قەوقاز دادەنێت.
- ڕێڕەوەکە بۆ تورکیا دەرفەتێکە بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی وەک ناوەندێکی حەتمی بۆ بازرگانی و ڕۆیشتنی وزە، هەروەها فراوانکردنی دەستڕاگەیشتنە کولتووری و سیاسییەکەی

بۆ ناو ئاسیای ناوەڕاست.

- ڕێڕەوەکە بۆ ئێران نوێنەرایەتی تەحەدای وجوودییانە لەسەر هەردوو ئاستی جیۆ-ئابووری و ناسنامە دەکات. هەڕەشەی دوورخستنەوەی لە هاوکێشە ناوچەییەکان لێدەکات.
- ئێران ئامادە نییە دەستبەرداری هەر بوارێکی جوگرافی بێت کە بتوانێت پێگەی ئەم وڵاتانە لە بواری بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی غازدا لە داهاتوودا بەهێزتر بکات، بەو پێیەی ڕەنگە سزاکان هەڵبگیرێن.
- ڕێڕەوەکە ئەوە نیشان دەدات کە جیۆپۆلەتیکی هاوچەرخ چیتر تەنها لە دەوری سنوورە تەقلیدییەکاندا ناسوڕێتەوە.

---

## لیستی سەرچاوەکان

١.غزل أريحي، ٢٠٢٥/٨/١٦، تهديدات جيوسياسية وأمنية لماذا تعارض إيران ممر زنغزور؟ https://www.aljazeera.net/politics/٢٠٢٥/٨/١٦/تهديدات-جيوسياسية-وأمنية-لماذا-تعارض، (٢٠٢٥/٩/٧).

٢.سمير العركي، ٢٠٢٥/٨/١٦، ممر ترامب" الجديد فرصة كبيرة لتركيا وفخ لروسيا وإيران، الجزيرة، https://www.aljazeera.net/opinions/٢٠٢٥/٨/١٦/ممر-ترامب-الجديد-فرصة-كبيرة-لتركيا، (٢٠٢٥/٩/٩).

٣.د. بيلال خەليفه، ٢٠٢٥/٨/١٠، ممر زنغزور واثره الاقتصادي، بغداد اليوم، https://baghdadtoday.news/٢٨٠٦٨٢-.html، (٢٠٢٥/٩/٩).

٤.د. جهاد نصر، ٢٠٢٥/٩/١٥، ما موقع "زنغزور" في الصراع الجيوسياسي بجنوب القوقاز؟ مركز رع للدراسات الاستراتيجية، https://rcssegypt.com/١٨٧٨٨، (٢٠٢٥/٩/٢٥).

٥.أمد، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/١٢، ممر زنغزور طريق تركيا إلى قلب التجارة العالمية وكابوس إيران الجيوسياسي والجيواقتصادي، https://amadcps.com/ممر-زنغزور-طريق-تركيا-إلى-قلب-التجارة-ا/، (٢٠٢٥/٩/١٠).

٦.عبد المنعم هيكل، ٢٠٢٣/١٠/٦، ممر زنغزور معبر حيوي إلى آسيا الوسطى، الجزيرة، https://www.aljazeera.net/encyclopedia/٢٠٢٣/٩/٢٦/ممر-زنغزور-بين-طموحات-أردوغان،(٢٠٢٥/١٠/١١).

٧.ربيع عبد الغفار، ٢٠٢٥/٨/١٣، اتفاق ممر "زنغزور" طريق جديد للتجارة يعيد رسم خرائط منطقة القوقاز، الشرق Blombeerg، https://asharqbusiness.com/economics/٩٣٩٢٧/ممر-زنغزور-طريق-جديد-للتجارة-يعيد-رسم-خرائط-منطقة-القوقاز/، (٢٠٢٥/٩/١٥).

٨.سمير العركي، ٢٠٢٥/٨/١٦، ممر ترامب" الجديد فرصة كبيرة لتركيا وفخ لروسيا وإيران، مصدر السابق.

٩.عبد المنعم هيكل، ٢٠٢٣/١٠/٦، ممر زنغزور معبر حيوي إلى آسيا الوسطى، مصدر السابق.

١٠.أمد، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/١٢، ممر زنغزور: طريق تركيا إلى قلب التجارة العالمية...، مصدر السابق.

١١.ربيع عبد الغفار، ٢٠٢٥/٨/١٣، اتفاق ممر "زنغزور" طريق جديد للتجارة يعيد رسم ...، الشرق، مصدر السابق.

١٢. أبعاد للدراسات الاستراتيجية، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/٢٣، ممر زنغزور ساحة صراع جديدة في القوقاز، https://www.dimensionscenter.net/ar/ممر-زنغزور-ساحة-صراع-جديدة-في-القوقاز، (٢٠٢٥/٩/١٧).

١٣.أبعاد للدراسات الاستراتيجية، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/٢٣، ممر زنغزور ساحة صراع جديدة...، مصدر السابق.

١٤.سمير العركي، ٢٠٢٥/٨/١٦ ممر ترامب" الجديد فرصة كبيرة لتركيا وفخ لروسيا وإيران، مصدر السابق.

١٥. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ الجزيرة، https://www.aljazeera.net/politics/٢٠٢٥/٨/٢٨/من-زنغزور-إلى-طريق-ترامب-تحول-جيوسياسي، (٢٠٢٥/٩/٢٠).
١٦. سمير العركي، ٢٠٢٥/٨/١٦، ممر ترامب" الجديد فرصة كبيرة لتركيا وفخ لروسيا وإيران، مصدر السابق.
١٧. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟، مصدر السابق.
٨١. أمد، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/١٢، ممر زنغزور طريق تركيا إلى قلب التجارة العالمية و....، مصدر السابق.
١٩. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ مصدر السابق.
٢٠. مصدر النفسه.
٢١. عبد المنعم هيكل، ٢٠٢٣/١٠/٦، ممر زنغزور معبر حيوي إلى آسيا الوسطى، مصدر السابق.
٢٢. أبعاد للدراسات الاستراتيجية، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/٢٣، ممر زنغزور ساحة صراع جديدة...، مصدر السابق.
٢٣. د. شيماء المرسي، ٢٠٢٥/٨/١١، تداعيات ممر زنغزور كأداة لسياسة الاحتواء وعزل إيران، السياسة الدولية، https://www.siyassa.org.eg/News/٢٢٠٧٧.aspx، (٢٠٢٥/٩/٢٢).
٢٤. أبعاد للدراسات الاستراتيجية، بێ ناوی نووسەر، ٢٠٢٥/٨/٢٣، ممر زنغزور ساحة صراع جديدة في القوقاز، مصدر السابق.
٢٥. مصدر النفسه.
٢٦. د. محمد شمص، ٢٠٢٥/٨/١١، ممر زنغزور بوابة نحو حرب جيوسياسية كبرى، الخنادق، https://alkhanadeq.com/post/٩١٦٥/ممر-٢٥٪، (٢٠٢٥/٩/٢٦).
٢٧. مصدر النفسه.
٢٨. د. شيماء المرسي، ٢٠٢٥/٨/١١، تداعيات ممر زنغزور كأداة لسياسة الاحتواء وعزل إيران، السياسة الدولية، مصدر السابق.
٢٩. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ مصدر السابق.
٣٠. مصدر النفسه.
٣١. مصطفى فحص، ٢٠٢٥/٨/١٥، الشرق الاوسط، ممر زنغزور استراتيجية القطع والوصل، https://aawsat.com/الرأي/٥١٧٥٣٩٠-ممر-زنغزور-استراتيجية-القطع-والوصل، (٢٠٢٥/٩/٢٦).
٣٢. د. جهاد نصر، ٢٠٢٥/٩/١٥، ما موقع "زنغزور" في الصراع الجيوسياسي بجنوب القوقاز؟ مصدر السابق.
٣٣. مصدر النفسه.
٣٤. سمير العركي، ٢٠٢٥/٨/١٦، ممر ترامب" الجديد فرصة كبيرة لتركيا وفخ لروسيا وإيران، مصدر السابق.
٣٥. أ. م. خالد التميمي، ٢٠٢٥/٦/٣٠، ممر زنغزور وحاجة إيران للغاز مركز الأبحاث العلمية والدراسات الاستراتيجية للشرق الأوسط / طهران، قسم الدراسات القانونية / مركز الدراسات الاستراتيجية – جامعة كربلاء، https://kerbalacss.uokerbala.edu.iq/wp/blog/٢٠٢٥/٠٦/٣٠/ممر-زنغزور-وحاجة-إيران-للغاز/، (٢٠٢٥/٩/٩).
٣٦. د. محمد شمص، ٢٠٢٥/٨/١١، ممر زنغزور بوابة نحو حرب جيوسياسية كبرى، مصدر السابق.
٣٧. مصطفى فحص، ٢٠٢٥/٨/١٥، الشرق الاوسط، ممر زنغزور استراتيجية القطع والوصل، مصدر السابق.
٣٨. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ مصدر السابق.
٣٩. ربيع عبد الغفار، ٢٠٢٥/٨/١٣، اتفاق ممر "زنغزور" طريق جديد للتجارة يعيد رسم خرائط منطقة القوقاز، مصدر السابق.
٤٠. عبد المنعم هيكل، ٢٠٢٣/١٠/٦، ممر زنغزور معبر حيوي إلى آسيا الوسطى، مصدر السابق.
٤١. حميد سعدون، ٢٠٢٥/٨/١٨، ممر "زنغزور" أكثر من مجرد طريق بري، الايام، https://elayem/news/ممر-

زنغزور-اكثر-من-مجرد-طريق-بري، (٢٠٢٥/٩/١٧).
٤٢. د. محمد شمص، ٢٠٢٥/٨/١١، ممر زنغزور بوابة نحو حرب جيوسياسية كبرى، مصدر السابق.
٤٣. حنان عزيزي، ٢٠٢٤/٩/١٣، ممر زنغزور إيران قلقة ودعوات لاحتواء روسيا، المجلة، https://www.majalla.com/node/٣٢٢٢١٥/سياسة/ممر-زنغزور-إيران-قلقة-ودعوات-لاحتواء-روسيا، (٢٠٢٥/١٠/٨).
٤٤. غزل أريجي، ٢٠٢٥/٨/١٦، تهديدات جيوسياسية وأمنية لماذا تعارض إيران ممر زنغزور؟ مصدر السابق.
٤٥. عبد المنعم هيكل، ٢٠٢٣/١٠/٦، ممر زنغزور معبر حيوي إلى آسيا الوسطى، مصدر السابق.
٤٦. أبعاد للدراسات الاستراتيجية، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/٢٣، ممر زنغزور ساحة صراع جديدة...، مصدر السابق.
٤٧. غزل أريجي، ٢٠٢٥/٨/١٦، تهديدات جيوسياسية وأمنية، لماذا تعارض إيران ممر زنغزور؟ مصدر السابق.
٤٨. د. شيماء المرسي، ٢٠٢٥/٨/١١، تداعيات ممر زنغزور كأداة لسياسة الاحتواء وعزل إيران، السياسة الدولية، مصدر السابق.
٤٩. رسول آل حائي، ٢٠٢٥/٨/٩، كيف علق الإيرانيون على اتفاق السلام بين أذربيجان وأرمينيا؟ الجزيرة، https://www.aljazeera.net/politics/٢٠٢٥/٨/٩/كيف-علق-الإيرانيون-على-اتفاق-السلام، (٢٠٢٥/٩/١٤).
٥٠. غزل أريجي، ٢٠٢٥/٨/١٦، تهديدات جيوسياسية وأمنية لماذا تعارض إيران ممر زنغزور؟ مصدر السابق.
٥١. أبعاد للدراسات الاستراتيجية، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/٢٣، ممر زنغزور ساحة صراع جديدة...، مصدر السابق.
٥٢. أ. م. خالد التميمي، ٢٠٢٥/٦/٣٠، ممر زنغزور وحاجة إيران للغاز، مصدر السابق.
٥٣. د. محمد شمص، ٢٠٢٥/٨/١١، ممر زنغزور بوابة نحو حرب جيوسياسية كبرى، مصدر السابق.
٥٤. الجزيرة، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/٩، تعهد إيراني بمنع الممر الأميركي في القوقاز، https://www.aljazeera.net/news/٢٠٢٥/٨/٩/تعهد-إيراني-بمنع-الممر-الأميركي-في، (٢٠٢٥/١٠/٧).
٥٥. د. محمد شمص، ٢٠٢٥/٨/١١، ممر زنغزور بوابة نحو حرب جيوسياسية كبرى، مصدر السابق.
٥٦. مصدر النفسه.
٥٧. أمد، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/١٢، ممر زنغزور طريق تركيا إلى قلب التجارة العالمية و...، مصدر السابق.
٥٨. غزل أريجي، ٢٠٢٥/٨/١٦، تهديدات جيوسياسية وأمنية، لماذا تعارض إيران ممر زنغزور؟ مصدر السابق.
٥٩. د. محمد شمص، ٢٠٢٥/٨/١١، ممر زنغزور بوابة نحو حرب جيوسياسية كبرى، مصدر السابق.
٦٠. غزل أريجي، ٢٠٢٥/٨/١٦، تهديدات جيوسياسية وأمنية، لماذا تعارض إيران ممر زنغزور؟ مصدر السابق.
٦١. مصدر النفسه.
٦٢. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ مصدر السابق.
٦٣. مصدر النفسه.
٦٤. مصدر النفسه.
٦٥. ربيع عبد الغفار، ٢٠٢٥/٨/١٣، اتفاق ممر "زنغزور" طريق جديد للتجارة يعيد رسم خرائط منطقة القوقاز، مصدر السابق.
٦٦. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ مصدر السابق.
٦٧. حميد سعدون، ٢٠٢٥/٨/١٨، ممر "زنغزور" أكثر من مجرد طريق بري، مصدر السابق.
٦٨. مصدر النفسه.
٦٩. د. جهاد نصر، ٢٠٢٥/٩/١٥، ما موقع "زنغزور" في الصراع الجيوسياسي بجنوب القوقاز؟ مصدر السابق.
٧٠. مصطفى فحص، ٢٠٢٥/٨/١٥، الشرق الاوسط، ممر زنغزور استراتيجية القطع والوصل، مصدر السابق.
٧١. د. شيماء المرسي، ٢٠٢٥/٨/١١، تداعيات ممر زنغزور كأداة لسياسة الاحتواء وعزل إيران،، مصدر السابق.

٧٢.أمد، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/١٢، ممر زنغزور طريق تركيا إلى قلب التجارة العالمية ...، مصدر السابق.
٧٣. د. محمد شمص، ٢٠٢٥/٨/١١، ممر زنغزور بوابة نحو حرب جيوسياسية كبرى، مصدر السابق.
٧٤. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ مصدر السابق.
٧٥. د. شيماء المرسي، ٢٠٢٥/٨/١١، تداعيات ممر زنغزور كأداة لسياسة الاحتواء وعزل إيران، مصدر السابق.
٧٦.ربيع عبد الغفار، ٢٠٢٥/٨/١٣، اتفاق ممر "زنغزور" طريق جديد للتجارة يعيد رسم خرائط منطقة القوقاز، مصدر السابق.
٧٧. عبد المنعم هيكل، ٢٠٢٣/١٠/٦، ممر زنغزور معبر حيوي إلى آسيا الوسطى، مصدر السابق.
٨٧. أمد، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/١٢، ممر زنغزور طريق تركيا إلى قلب التجارة العالمية و...، مصدر السابق.
٧٩. سمير العركي، ٢٠٢٥/٨/١٦، ممر ترامب" الجديد فرصة كبيرة لتركيا وفخ لروسيا وإيران، مصدر السابق.
٨٠.رسول آل حائي وزيد اسليم، ٢٠٢٥/٦/١١، ماذا يعني اعتراف إيران بإفشال مشروع ممر زنغزور؟ مصدر السابق.
٨١. غزل أريجي، ٢٠٢٥/٨/١٦، تهديدات جيوسياسية وأمنية لماذا تعارض إيران ممر زنغزور؟ مصدر السابق.
٨٢.أبعاد للدراسات الاستراتيجية، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/٢٣، ممر زنغزور ساحة صراع جديدة...، مصدر السابق.
٨٣. عبد المنعم هيكل، ٢٠٢٣/١٠/٦، ممر زنغزور معبر حيوي إلى آسيا الوسطى، مصدر السابق.
٨٤. مصدر النفسه.
٨٥. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ مصدر السابق.
٨٦. مصدر النفسه.
٨٧. أبعاد للدراسات الاستراتيجية، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/٢٣، ممر زنغزور ساحة صراع جديدة...، مصدر السابق.
٨٨. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ مصدر السابق.
٨٩. عبد المنعم هيكل، ٢٠٢٣/١٠/٦، ممر زنغزور معبر حيوي إلى آسيا الوسطى، مصدر السابق.
٩٠. مصدر التفسه.
٩١. د. محمد شمص، ٢٠٢٥/٨/١١، ممر زنغزور بوابة نحو حرب جيوسياسية كبرى، مصدر السابق.
٩٢. فضل الهادي وزين، ٢٠٢٥/٨/٢٨، من زنغزور إلى طريق ترامب كيف تغيرت معادلة القوقاز؟ مصدر السابق.
٩٣. أبعاد للدراسات الاستراتيجية، لايوجد الاسم الكاتب، ٢٠٢٥/٨/٢٣، ممر زنغزور ساحة صراع جديدة ...، مصدر السابق.
٩٤.ربيع عبد الغفار، ٢٠٢٥/٨/١٣، اتفاق ممر "زنغزور" طريق جديد للتجارة يعيد رسم خرائط منطقة القوقاز، مصدر السابق.
٩٥. حميد سعدون، ٢٠٢٥/٨/١٨، ممر "زنغزور" أكثر من مجرد طريق بري، مصدر السابق.
٩٦. أ. م. خالد التميمي، ٢٠٢٥/٦/٣٠، ممر زنغزور وحاجة إيران للغاز، مصدر السابق.
٩٧. مصدر النفسه.
٩٨. مصطفى فحص، ٢٠٢٥/٨/١٥، الشرق الاوسط، ممر زنغزور استراتيجية القطع والوصل، مصدر السابق.

# تەوەری  مێژوو وەک ستراتیژ



# ڕابردوو، مێژوو، مێژوونووسی و نووسینەوەی مێژوو

پ.د. هیوا عەزیز سەعید
پسپۆری بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخ

**پێشەکی:**

مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوو وەک کایەیەکی نێو زانستە مرۆڤایەتییەکان، بابەتێکی پڕ مشتومڕو دیدی جۆراوجۆرو جیاوازە، ئەم ئاڵۆزیی و فرەییە لە دید و تێگەیشتن، سەرچاوەکەی ئەو پرسیارانەن کە: چی ڕوویداوە؟ چۆن تۆمارکراوە و چۆن لەیادکراوە؟ چۆن و بەچی لێکدراوەتەوە؟

لە ناو ئەم جەنجاڵیەدا چوار چەمکی بەیەکەوەبەستراو و لە هەمانکاتدا جیاواز هەن: ڕابردوو، مێژوو، مێژوونووسی و نووسینەوەی مێژوو.

ئەگەر ڕابردوو کۆی گشتی ئەو ڕووداوانە بێت کە ڕوویانداوە؛ ئەوا مێژوو بریتییە لە بنیاتنانەوە و وێناکردنەوەی لایەنە هەڵبژێردراوەکانی ئەو ڕابردووە؛ مێژوونووسیش تاوتوێی چۆنێتی نووسینەوەی ئەو مێژووە دەکات، پرسیار لەسەر شێوازەکان، چوارچێوەکان، کارتێکەرەکانی دەکات؛ دواجاریش نووسینەوەی مێژوو ئاماژەیە بۆ پرۆسەی هەمیشەیی پێداچوونەوە بە گێڕانەوە مێژووییەکاندا، ئەمەش وەک وەڵامی بەڵگەی نوێ و ڕوونبوونەوەی دیوە لێڵ و تاریکەکان، یاخود پێداویستی و گۆڕانی خواستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. لەم سەربەنەوە لە ئاماژەکەی (ئی. ئیچ. کار E. H. Carr) باشتر تێدەگەین کاتێک ڕایگەیاندووە کە: «مێژوو پرۆسەیەکی بەردەوامی کارلێکی نێوان مێژوونووس و ڕاستییەکانە، پەیڤینێکی کۆتانەهاتووی نێوان ڕابردوو و داهاتووە»[1].

ئەم کارلێک و دانوستاندنانە، بە لێکدانەوەو شرۆڤەکاریی نێوان لایەنە جیاوازو جۆراوجۆرەکانی بوارە زانستییەکان دروستدەکرێنەوە، لەم دیدگایەوە ئاراستەی دژە پۆزەتیڤیزمی مێژوو لە سەدەی نۆزدە پشتگیریی لەو بیرۆکەیە کردووە کە "لێکدانەوە خودی

ڕۆحی مێژوونووسییە، ئەم تێڕوانینەش هەریەک لە هێگل (Hegel)، یۆهان گوستاڤ درۆیسن (Johann Gustav Droysen)، فرێدریک نیچە (Friedrich Nietzsche) و بێنێدیتۆ کرۆچێ (Benedetto Croce) –ی خستە بەرانبەر ڕانکە و چەمکی (چاوی بێگەردی مێژوونووس)یان ڕەتکردەوە، چونکە ئەو بیرۆکەیە توخمەکانی گێڕانەوەی مێژوویی بە واتای (ڕاستییەکان) هاوتا کردووە، هەموویان جەختیان لەسەر لایەنی ئەدەبیبوونی مێژوو کردەوە نەک زانستیبوونی، پێیانوابوو کە ڕاستی مێژوویی بە ئەندازەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، دروستکردنیش بووە[٢]. لە پێناو گفتوگۆی ئەو چەمکانەو کۆمەڵێک بابەتی هاوشێوە و پەیوەندیدار بە کایەی مێژوونووسی، هەوڵدەدەین لە زنجیرە بابەتێکدا هەر جارەو لەژێر سایەی سەرباسێکدا، گفتوگۆیەکی زانستیی پاڵپشت بە نوێترین دید و سەرچاوەکان بوروژێنین.

**یەکەم - چەمکی ڕابردوو:**

ڕابردوو بریتییە لە هەموو ئەو چرکەساتانەی بەر لە ساتەوەختی ئێستا ڕوویانداوە، واتە کاتێک باس لە ڕابردوو دەکەین، مەبەستمانە هەموو کاتی تێپەڕیوی بوون و بێسنووری (ڕووداو، مرۆڤ، و دیاردە)کان بکەینە پانتایی و کێڵگەی تێڕامان و بەرهەمهێنانی مێژوو. (مارک بلۆخ Marc Bloch) لە کتێبی پیشەی مێژوونووس (The Historian's Craft) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هەندێک کات وتراوە (مێژوو بریتییە لە زانستی ڕابردوو) یاخود ڕابردووناسییە، ئەمە بە خراپترین دارشتن و گوزارشت دادەنێت، چونکە بلۆخ ڕابردوو وەک بابەتی مێژوو دەبینێت. ئەو مێژووی وەک زانستی مرۆڤەکان (men) لە کاتدا پێناسەکردووە[٣].

ئەم جیاکارییە جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە ڕابردوو بە سەربەخۆیی لە ئاگایی ئێمە بوونی هەیە، بەڵام تەنها لەڕێگەی ئەو شوێنەوارانەی کە بۆ ئێستا ماونەتەوە (بەڵگەنامەکان، کەلوپەلەکان، یادەوەرییەکان و نەریتەکان) دەتوانین بیخوێنینەوە.

بە هەمان شێوە، (کۆنستانس دی سەینت-لۆرێنت (Constance de Saint-Laurent و (ساندرا ئۆبرادۆڤیچ Sandra Obradović) دووپاتی دەکەنەوە کە ڕابردوو وەک سەرچاوەیەک بۆ ئێستا خزمەت دەکات و بەکاردەبرێت، کە لەڕێگەی یادگەی کۆمەڵییەوە (collective memory) بۆ شێوەدان بە ناسنامە، سیاسەت، واتاکان سوودی لێوەردەگیرێت[٤].

پاوڵ ڕیکۆر (Paul Ricoeur) لە کتێبی بیرەوەری، مێژوو، لەبیرکردن (.Memory، History، Forgetting) جەختیکردەوە کە پەیوەندیی ئێمە بە ڕابردوو پشت بە پاشماوە و چاوەرییەکان دەبەستێت. کە بە هەمان گوزارشتەکانی کۆلینگوود (Collingwood) و کۆسیلیک (Koselleck) ئەم «شوێنەوارانە» لەڕێگەی لێکدانەوەوە بۆ واتایەکی دیاریکراو دەگۆڕدرێن. (ئێللی کێدۆری ELIE KEDOURIE) لە مامەڵە لەگەڵ ڕابردوو سێ شێوازی پۆلێنکردووە، شێوازی نوسینی بایۆگرافیا و یاداشت و بیرەوەرییەکان، کە لە میانەیدا گرنگی بە

ڕابردوویەکی تایبەت و خودیی دەدرێت، ئەم ڕابردووە ڕابردوویەکی سروشتییە (natural past). لە بەرانبەردا مامەڵەی مێژوونووس لەگەڵ ڕابردوو بەو ئەندازەیە وابەستەو سنوردار نییە، بەڵکو لە ئاستێکی فراوان و گشتی مامەڵە دەکات، لەبەرئەوە بە ڕابردووی مێژوویی ناویبردووە (historical past)[٥]. بە تەنیشتی ئەم دوو جۆرە ڕابردووە، جۆری سێیەمی ڕابردووی کرداریی (practical past) هەیە، ئەم ڕابردووە لەپێناو سەلماندن و پاساوهێنانەوە بۆ مەبەست و پێویستییەکی هەنووکەیی، یان شێوەپێدانی دیاردەیەک دەوروژێنرێت.[٦] واتە ئەم جۆرە لە ڕابردوو لە ئێستادا و بۆ بڕواپێهێنانی ئەوانیتر بەوەی کە ئێستا دەگوزەرێت کاردەکات، جا مەبەستەکە بۆ برەودان بێت یاخود ڕێگریکردن.

لەم تێگەیشتنەوە مرۆڤ لەنێوان دوو ئاڕاستەی کاتدا وەستاوە (ڕابردوو و داهاتوو)، ڕابردوویەک کە بە دیارو نادیارییەوە، تۆمارکراو و لە یادکراوییەوە ئێستای بەرهەمهێناوە، داهاتوویەکیش کە چارەنووس و ئەگەرە نەزانراوەکانی بۆ هەڵگرتووە، لەم نێوەندەدا مرۆڤ بارتەقای نیگەرانی داهاتوو، نیگەرانی تۆمارنەکراوەکانی ڕابردوو بووە، بە تایبەتی وێڵی وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە چۆن و بە چی و ... ئێستای بەرهەمهێناوە. (ڕینهارت کۆسیلیک Reinhart Koselleck) چەمکی (داهاتووەکانی ڕابردوو Futures Past)ی ناساند، کە ڕابردوو وەک (بۆشایی ئەزموون) وەسفدەکات و شێوازی وێناکردنی کۆمەڵگا بۆ داهاتوو شێوە پێدەدات. ئەوە ئەرشیفێکی جێگیر نییە، بەڵکو چوارچێوەیەکی داینامیکییە کە لەڕێگەیەوە واتاداری، چاوەڕوانی و ناسنامە بەرهەمدەهێنرێن. بە هەمان شێوە، مۆریس هاڵبواکس (Maurice Halbwachs) (یادگەی کۆمەڵی collective memory) وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی داناوە کە گروپەکان هەندێک بیرەوەری هەڵدەبژێرن و دەیپارێزن، کە پشتگیریی ناسنامە و شەرعییەتیان دەکات. لەبەر ئەوە، ڕابردوو تەنها ئەوەی ڕوویداوە نییە، بەڵکو لە یادکراو و لە بیرکراوی ناو بواری کولتووریی دەگرێتەوە[٧].

## دووەم - چەمکی مێژوو:

لیۆپۆڵد ڤۆن ڕانکە (Leopold von Ranke)، مێژوونووسی ئەڵمانی سەدەی نۆزدەهەم ئەرکی مێژووی لە وەسفکردنی ڕابردوو «وەک ئەوەی کە بە ڕاستی ڕوویداوە» داڕشتەوە[٨]. واتە کاتێک ڕابردوو هەمووی ئەوەیە کە تا ئێستا ڕوویداوە، مێژوو ئەو بوارە زانستییە (discipline)یە کە لێکۆڵینەوە لەو ڕابردووە دەکات، لێکیدەداتەوە و دەیگێڕێتەوە. لێرەوە مێژوو وەک تۆمارکردنی گۆڕانکاریی بە تێپەڕبوونی کات و دیالۆگی بێ کۆتایی نێوان ئێستا و ڕابردوو مانا وەرگرت، کە لە یەک کاتدا هونەر و زانستە، چونکە ئەزموونییە لە بەکارهێنانی بەڵگە و خەیاڵییە لە بنیاتنانەوەی وێنا و واتادا.

ئەگەرچی (جی. بی. بێری J. B. Bury) جەختیکردەوە کە: «مێژوو زانستە، نە کەمتر و نە زیاتر»[٩]،

بەڵام پێی وابوو کە مێژوو لەسەر هێڵی نێوان زانست و هونەر وەستاوە. لەسەر نووسینی مێژوویی پێویستی بە خەیاڵ و هاوسۆزی هەیە. لایەنی زانستییەکەی لە بەکارهێنانی ڕێکخراوی بەڵگەدایە؛ لایەنە هونەرییەکەی لە دارشتنی گێڕانەوەیدایە (narrative synthesis). هایدین وایت دواتر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گێڕانەوە مێژووییەکان بە پێکهاتەی ئەدەبی شێوەیان وەرگرتووە، وەک: ڕۆمانسی، تراژیدیا، کۆمیدیا و ... هتد، کە ئاراستە ئایدیۆلۆژییە شاراوەکانی نوێنەرایەتیکردنی مێژوویی ئاشکرا دەکەن.

بەم شێوەیە، مێژوو بوارێکی نێوەندگیریی نێوان بەڵگە و خەیاڵ، پێکهاتە و دەسەڵات، ڕابردوو و ئێستایە. کۆمەڵگاکان توانادار دەکات، شوێنی خۆیان لە کاتدا بۆ تێگەیشتن لە بەردەوامی و گۆڕانکاری دیاری بکەن. کۆلینگوود تێبینی کردووە: «بەهای مێژوو لەوەدایە کە فێرمان دەکات مرۆڤ چی کردووە و بەم شێوەیە مرۆڤ چییە.» کەواتە، مێژوو تۆمارێکی جێگیر نییە، بەڵکو شێوازێکی خۆتێگەیشتنی ڕەنگدەرەوەیە.

> **"مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوو وەك کایەیەکی نێو زانستە مرۆڤایەتییەکان، بابەتێکی پڕ مشتومڕو دیدی جۆراوجۆرو جیاوازە، ئەم ئاڵۆزیی و فرەییە لە دید و تێگەیشتن، سەرچاوەکەی ئەو پرسیارانەن کە: چی ڕوویداوە؟ چۆن تۆمارکراوە و چۆن لەیادکراوە؟ چۆن و بەچی لێکدراوەتەوە؟"**

ئەم دیدگا پۆزەتیڤیستە بناغەی مێژووی وەک بوارێکی ئەزموونی دانا. تەنانەت ئەو نموونە باڵایەی ڕانکە بۆ بابەتیبوون دواتر لەلایەن زانایانی وەک کار و کۆلینگوود کەوتە ژێر پرسیارەوە، جەختیان کردەوە کە ڕاستییەکان خۆیان قسە ناکەن، بەڵکو لەلایەن مێژوونووسانەوە هەڵدەبژێردرێن، چوارچێوەیان بۆ دادەنرێت و لێکدەدرێنەوە، کە لە چوارچێوەی تایبەتی خۆیاندا شێوەیان وەرگرتووە. بە مانایەکیتر ئەوە مێژوونووسانن کە ڕاستی و ڕووداوی مێژوویی دەهێننە قسە و فۆرم و شێوەیان بۆ دروست دەکەنەوە.

جی. ئارِ. ئێلتۆن (G. R. Elton) بە توندیی پشتگیریی لە وردبینی لێکۆڵینەوەی ئەرشیفی کرد، جەختی لەسەر شێواز کردەوە نەک تیۆر، چونکە بۆچوونێکی ڕوونی لەبارەی ڕێباز و مەودای لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەربڕی، بەتایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگەدا جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی و ڕەخنەکاریی دەکاتەوە. ئەو پێی وایە "توێژینەوەی مێژوویی ئەوە نییە کە بەتایبەتی فێرخوازانی سەرەتایی زۆرجار وای بۆ دەچن، کە بەدوای بەڵگەیەکی دیاریکراودا بگەڕێی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی دیاریکراو؛ بەڵکو زیاتر لە پێداچوونەوەیەکی گشتگیر و

ماندووکەرە بە هەموو شتێکدا، کە لەوانەیە بۆ توێژینەوەیەکی دیاریکراو گونجاو بێت، ئەم بنەمایە پارێزبەندییەکی ئاشکرا و کاریگەر لە بەرانبەر مەترسیەکانی گوڵبژێری کەسیانەی بەڵگەدا دابین دەکات. لێرەوە ئیلتۆن لە بەری یاسای گشتی باس لە یاسا گشتییە سنوردارەکان دەکات بۆ مێژوو، بە مانای ئەوەی کە مێژوو وەک زانست توانای بەرهەمهێنانی یاسای گشتی جیهانی نییە، بەڵکو زیاتر یاسایەکی گشتی بەڵام سنوردار و تایبەت بە دیاردە و دۆخێکی تایبەت بەرهەمدەهێنێت[١٠].

بە پێچەوانەوە، قوتابخانەی ئەناڵ Annales لە فەرەنسا بە فراوانکردنی مەوداکەی لە ڕووداوەکانەوە بۆ پێکهاتەکان و پرۆسە درێژخایەنەکان شۆڕشی لە بیرکردنەوەی مێژوویدا کرد، لەم ڕووەوە، گەشەکردنی ئەم قوتابخانەیە دەبێت وەک یاخیبوونێک دژی باڵادەستی مێژووی سیاسی کە بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخاتە سەر ڕووداوە گەورەکان سەیربکرێت، چونکە لە دابینکردنی تێگەیشتنێکی گونجاو بۆ ئاڵۆزییەکانی کەتواری مێژوویی شکستیهێنابوو، کەتواری ڕابردوو نەک تەنها هەڵگری جەنگ، پەیوەندیی دیپلۆماسی، کەسە گەورەکان، سیاسەتی دەوڵەتە، بەڵکو ڕەهەندە ئابوورییەکانیش (وەک خاوەندارێتی زەوی، کشتوکاڵ، بازرگانی)، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان (وەک چینە کۆمەڵایەتییەکانی خانەدانەکان، جووتیاران، کرێکاران، پەیوەندیی چینایەتیی نێوانیان)، ڕەهەندە کولتوورییەکان (وەک هۆشیاری، ئایینیبوون، ژیرمەندیی) لەخۆدەگرێت. ئەناڵ دژی ئەو بتانە وەستایەوە کە سیمیاند (François Simiand) ناوی لێنابوو "بتەکانی هۆزی مێژوونووسان (idols of the historian's tribe)کە پێی وابوو سێ بتی سەرەکی بە شێوەیەکی بەردەوام تووشی مێژوونووسان دەبن: بتی سیاسی کە گرنگی ڕووداوە سیاسییەکان بە گەورەیی نیشاندەدات، بتی تاکەکەسی کە تەنها جەخت لەسەر کەسە گەورەکان دەکاتەوە، بتی ڕیزبەندیی کە دەبێتە هۆی کەوتنە ناو داوی گێڕانەوە. لێرەوە بلۆخ پێی وابوو کە مێژوو تەنها بابەتێک نییە بۆ کۆکردنەوە، ڕەخنەکردن و بەکارهێنانی بەڵگەنامەکان، ڕاستییە کۆکراوەکان خۆیان قسەناکەن و بە شێوەیەکی خۆکارانە لە بەڵگەنامەکاندا ئامادەنین و مێژوو لە بەڵگەنامەکاندا نەنووسراوە، ئەوە مێژوونووسە دەبێت دەستپێشخەری بۆ پرسیاری جدی لە بەڵگەنامەکان بکات[١١].

### سێیەم- مێژوونووسی (تیۆریزەکردنی نووسینی مێژوویی):

مێژوونووسی (Historiography) بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ڕێباز، تیۆر و گریمانەکان کە لەلایەن مێژوونووسانەوە بۆ وێناکردنەوەی ڕابردوو بەکارهێنراون، دەوترێت مێژوونووسی بریتییە لە مێژووی توێژینەوەی مێژووی، بە میتۆد و بوارە کردارییەکەیەوە[١٢]، واتە مێژوونووسی بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوە نییە کە چی ڕوویداوە (ئەمە بابەتی مێژووە)، بەڵکو چۆن ڕابردوو لێیکۆڵراوەتەوە، تۆمارکراوە، گێڕدراوەتەوە و لێکدراوەتەوە[١٣]. لەم سۆنگەیەوە کاتێک

‹مێژوونووسی› دەخوێنێت، ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو ناکەیت، بەڵکو لێکدانەوە لە گۆڕاوەکانی ئەو ڕووداوانە دەکەیت کە لە بەرهەمە مێژووییەکاندا بەکارهاتوون، لە ئاستە گشتییەکەیدا خوێندنەوەی پەرەسەندنەکانی درککردنی مرۆڤە بە ڕابردوو[١٤]. لەم تێگەیشتنەوە ئارسەر ماروِیک (Arthur Marwick) پێی وایە مێژوونووسی بریتییە لە مێژووی فیکری مێژووی. لەم سەروبەندەوە پێشمەرجەکانی مێژوونووسی بە تۆمارەکان و ڕەخنەی میتۆدۆلۆژیی و درککردنی مێژوویی دیاریکردووە[١٥].

ڕەوتی مێژوونووسیی بەم تێگەو چەمکەی ئاماژەی بۆکراوە، لای (کار - E.H. Carr) لە بەرهەمی (مێژوو چییە؟ What is History?) دەستی پێکردووە، لەم نووسینەیدا کار وەک ئاڵنگارییەک بۆ بیروباوەڕی نەریتی و باو کە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بۆ توێژینەوە لە میتۆد و نووسینی مێژوویی نەبوو، جەختی کردەوە کە مێژوونووسی ڕێبازێکی ڕەخنەگرانەی زیاتر دەخوازێت، تاوەکو سنووری پشکنین و تاقیکردنەوەی ئاسایی نوسراو و کەتواری مێژوویی تێبپەڕێنێت. هەروەها لە میانەی پرسیاری ئەوەی کە ڕاستیی مێژوویی چییە؟ وەک پرسیارێکی قووڵ و گەوهەری، هەوڵیداوە پەسنی کەتوار و ڕاستی مێژوویی بکات[١٦].

لە سەردەمی کلاسیکەوە تا سەردەمی دوای مۆدێرنە مێژوونووسی گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە. ئەگەر هێرۆدۆتوس و توسیدیدس گێڕانەوەی مێژووی و فێرکاریی ڕەوشتییان تێکەڵ کردبێت، ئەوا مێژوونووسانی مەسیحی و ئیسلامی وەک قەشە ئۆگەستین و ئیبن خەلدون، مێژووی خواوەندی و خولییان ناساند. مێژوونووسی مۆدێرن، کە بە ڕانکە دەستی پێکرد، بەدوای بابەتیبوون و وردبینی بەڵگەنامەییدا گەڕا، لە کاتێکدا بزووتنەوەکانی سەدەی بیستەم ئاڵنگاریی ئەو ئایدیایانەیان کرد لە دیدگاکانی مارکسیزم، ئانالس، ... هتد سەریانهەڵدا.

مێژوونووسی مارکسیزم لە نموونەی ئێرک هۆبسباوم (E. Hobsbawm) وەک بزوێنەری گەشەسەندنی مێژوویی جەختی لەسەر هۆکارە مادییەکان و خەباتی چینایەتی کردەوە. دەبێت مێژوو داینامیکییەتی بەرهەمهێنان، کار و ئایدیۆلۆژیا ئاشکرا بکات. لەم سۆنگەیەشەوە کاتێک مێژووی سەدەی بیستەم دەنووسێتەوە، لە مێژووی سەرکەوتنەکانی مرۆڤەوە ناڕوانێت، بەڵکو مێژووی شکست و کاولکاری و کوشتن و ڕەشەکوژیی دەنووسێتەوە، لەبەرئەوە ناوی ناوە سەردەمی توندوتیژی[١٧].

بە پێچەوانەوە، مێژوونووسانی قوتابخانەی ئانالس نزیکەی سەدەیەک هەوڵیاندا مێژوو بە پێوەری ناوازە بنووسنەوە، پێیان وابوو کە ماوەی درێژ بۆ بەدیهێنانی مێژووی هەمەلایەنی پێویستە، ئەم چەمکە مێژووی تەواوی مرۆڤایەتیی بەدیهێنا. لێرەوە گرنگییان بە مێژووی گشتی دا، کە عەقڵییەتەکان، ژیانی ڕۆژانە و پێکهاتەی ژینگەیی دەگرێتەوە. ئەوان مێژوویان لە پەراوێزخراوەکانەوە (جووتیاران و ژنان و گەلانی داگیرکراو) پێناسە کردەوە، بەم هەوڵانە لەپێناو بە دیموکراسیکردنی مێژوو کاریانکرد. مەبەست بە دیموکراسیکردنی مێژوو،

ڕزگارکردنی گۆڕاوی توێژینەوەکان بوو لە قەتیسبوون لە سەرکردە سیاسییەکان و پاڵەوان و ڕووداوە دیارو ئاشکراو خێراکان، بۆ تیشکخستنە سەر وردە مێژوو و مایکرۆهیستری، هێنانەوەی ئەو کەس و هێز و پاڵنەرانەی کە پێشتر بۆ ناو وێنەی مێژوویی ڕووداوەکان فەرامۆشکرابوون[١٨].

مێژوونووسی دوای مۆدێرنە (Postmodern historiography)، کە لەلایەن هایدێن وایت و میشێل فۆکۆو ...هتد نوێنەرایەتی کرا، بە دیدێکی ڕەخنەیی بیرۆکەی مێژووی بابەتی و سنوری پسپۆڕێتی و گێڕانەوە گەورەکانیان لەبەریەک هەڵوەشاند، تاوەکو لە میانەیدا ئاڵنگاریی تێگە نەریتییەکان بۆ ڕاستیی مێژوویی بکەن، لەو ئارگۆمێنتەوە دەستیان پێکرد کە زانینی مێژوویی لە میانی گوتاردا بونیاد دەنرێت، نەک ڕەنگدەرەوەی کەتوارێکی سەربەخۆ بێت. ڕەخنەکاریی مێژوونووسی نەریتی و گێڕانەوە گەورەکان و جێگیریی ڕاستییەکان، هاوتایی ڕاڤەکاریی مێژوویی خستەژێر پرسیارەوە، کە ئەمەش دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتی شێواندن و چەواشەکاریی سەختتر کرد[١٩].

> **"ڕابردوو بریتییە لە هەموو ئەو چرکەساتانەی بەر لە ساتەوەختی ئێستا ڕوویانداوە، واتە کاتێك باس لە ڕابردوو دەکەین، مەبەستمانە هەموو کاتی تێپەڕیوی بوون و بێسنووری (ڕووداو، مرۆڤ، و دیاردە)کان بکەینە پانتایی و کێڵگەی تێڕامان و بەرهەمهێنانی مێژوو"**

کەواتە، مێژوونووسی مێژوو وەک پێکهاتەیەک ئاشکرا بەرهەمی گوتار، ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵاتە، بەڵام ئەمە بە واتای بێماناکردنی نایەت. وەک جۆن تۆش (John Tosh) لە پێشەکی کتێبی (گەڕان بە دوای مێژوودا - The Pursuit of History) لە پێناسەی مێژوونووسیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوو مانا بۆ ئەم چەمکە هەیە، مانای یەکەمی هەمان تێگەیشتنەکەی ڕانکەیە کە «زانینی ڕابردووە وەک ئەوەی بە کرداریی ڕوویداوە»، مانای دووەمی وێنای ڕابردووە لە کارەکانی مێژوونووساندا. ئەو پێی وایە ئەو کتێبەی پێشەکییەکە بۆ مێژوونووسیی بەمانای دووەم، چونکە مێژوونووسی، پراکتیکی مێژوویی بە ئاشکراکردنی گریمانەکانی، هاندان بۆ ڕەنگدانەوە (reflexivity) و ڕێگریکردن لە دۆگمابوونی (dogmatism) بەهێزدەکات. لەڕێگەی مێژوونووسییەوە، مێژوو دەبێتە خودهۆشیار (self-conscious) ئاگاداری مەرجەکانی خۆیەتی بۆ ئەگەری بوون[٢٠].

**چوارەم- نووسینەوەی مێژوو (پێداچوونەوە، یادەوەری و دەسەڵات):**

ئوسکار ویڵد (Oscar Wilde) دەڵێت: "تەنها ئەرکێکی سەرشانمان بەرانبەر بە مێژوو، نووسینەوەیەتی"[٢١]. لێرەوە تێدەگەین کە پرۆسەی نووسینەوەی مێژوو پێویستی و ئەرکی سەرشانمانە، لەگەڵ دەرکەوتنی بەڵگەی نوێ، گەشەسەندنی شێوازەکان و گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەبوونی نەوەی نوێ، مێژوونووسان هاندەدات بە بەردەوامی لێکدانەوە بۆ ڕابردوو بکەنەوە. ئەم پرۆسەیە کە هەندێکجار پێی دەوترێت پێداچوونەوە (revisionism) لە دڵی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دایە.

ئەو دەنگۆیانە کەم نین کە پێیان وایە شتێک نییە بە ناوی نوسینەوەی مێژوو، یاخود بە کارێکی شیاوی نابینن، یان پێیان وایە توانستی نووسینەوەی مێژوو لە ئارادا نییە. (ڕۆبێرت گیڵدی - Robert Gildea) لە پۆدکاستێکدا و لە وەڵامی پرسیارێکی (جۆرج میلەر -George Miller)دا دەڵێت: کاتێک بیر لەم تێگەیشتنە دەکەمەوە لە هزری خۆمدا ڕاڤەی دەکەم، ئەوەیە کە «تکاتان لێدەکەم ئەو مێژووە مەنووسنەوە کە بەکردارێی نوسیوومانەتەوە»، چونکە کاتێک مێژوو دەنووسرێت زۆربەی کات ئەو وێنەیە دەنوێنێت کە ویستراو و خوازراوە، وتە بەناوبانگەکەی چەرچڵ سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کاتێک وتویەتی: «مێژوو لەگەڵ مندا بە لوتف دەبێت، چونکە نووسیومەتەوە»[٢٢].

> **"ئەو دەنگۆیانە کەم نین کە پێیان وایە شتێك نییە بە ناوی نوسینەوەی مێژوو، یاخود بە کارێکی شیاوی نابینن، یان پێیان وایە توانستی نووسینەوەی مێژوو لە ئارادا نییە"**

لە دیوێکی ترەوە، ئەگەر تۆماس جیفرسۆن لەدوای بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی کاتێک نامەکەی بۆ جەیمس مادیسۆن بۆ پاریس ناردووە، پێی وابێت: "هەموو دەستوورێک دوای نۆزدە ساڵ کاریگەریی بەسەردەچێت و پێویستە نوێ بکرێتەوە، ئەگەرنا دەبێتە کارێکی زۆرەملێ نەک کارێک بۆ ماف"[٢٣]. ئەگەر ئەمە تێڕوانین بێت بۆ نوێکردنەوەی بەڵگەنامەیەکی نوسراوی نێوان مرۆڤەکان، کە بە ڕێکەوتن گەڵاڵە کراوەو تەمەنەکەی بە نۆزدە ساڵ دیاریکرابێت، کەواتە پێویستترە بۆ مێژوویەک کە تاکلایەنە و لە دید و تێگەیشتنێکی کەسی و بە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت و لە ڕوانگەی سەرچاوەو کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دیاریکراو نووسرابێت.

لێرەوە نووسینەوەی مێژوو بریتی دەبێت لە هەڵبژاردنی بابەت، تێبینی نووسین، ڕەوشی

لێکۆڵینەوە، وەرگرتن، پوختەکردن، کورتکردنەوە، پرۆژەی کۆتایی و ئاماژەدان بە سەرچاوە، بەڵام جگە لە لایەنە تەکنیکییەکان، پرسیارەکانی ڕەوشت و دەسەڵاتیش دەوروژێنێت. مێژووی کێ دەنووسرێتەوە؟ دەنگی کێ دەبیسترێت یان بێدەنگ دەکرێت؟

ڕەهەندێکی گرنگی نووسینەوەی مێژوو، وابەستەی بیرۆکەی نەتەوەسازیی و دروستکردنی نەتەوەکانە، بەتایبەتی بیرۆکەی درککردن بە مێژوو، یاخود بە ئەو کاریزما و سەرکردانەی ئەفسانەیی لە ڕابردوو فۆرمەڵە دەکرێن، بۆ مێژوونووسان وەک هەوێنی نەتەوەیی و نیشتیمانی دانران، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەندێکت ئەندەرسن کتێبەکەی بە ناوی (کۆمەڵە خەیاڵکراوەکان - Imagined Communities) لە ساڵی "١٩٨٣" بڵاوکردەوە[٢٤].

هەروەها (چارلس و. ئیگنارۆ-Charles W. Ingrao) وەک پەپۆڕی مێژووی ئەڵمانیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات ڕایگەیاند کە "نەتەوەکان لە هزری مرۆڤەکاندا بەدیدەهێنرێن"، لەو تێگەیشتنەوە پێی وایە کە کاتێک نەتەوەکان بەدیدەهێنین، پێویستە مێژوو بە شێوازێک بنووسینەوە کە پاساوی سەربەخۆی و جودایی لە ئەوانیتر بدات[٢٥].

لەم سۆنگەیەوە هەستکردن بە مێژووی هاوبەش و ڕابردوویەک کە سەرچاوەی خۆناسین و هاوچارەنووسی مرۆڤەکانە، نووسینەوەی بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی داهاتوویەک کە گرەنتی پاراستن و بەهێزبوونە، لە پرۆسەی نووسینەوەی مێژوودا گەڵاڵە دەکرێت.

## ئەنجام

لە پراکتیکدا چوار چەمکەکە (ڕابردوو، مێژوو، مێژوونووسی و نووسینەوەی مێژوو) دابڕاو نین؛ ئەوان سوورێکی زانینناسی بەردەوام پێکدەهێنن. ڕابردوو کەرەستەی خاو دابیندەکات؛ مێژوو لێکیدەداتەوە و دەیگێڕێتەوە؛ مێژوونووسی ڕەنگدانەوە لەسەر پرۆسەکە پێشکەش دەکات و نووسینەوە دڵنیایی لە نوێبوونەوەو مانا پێدانەوەی دەدات.

ئەم پەیوەندییە نێوانییە دەکرێت لە چەند کایەیەکدا ڕەنگدەداتەوە:

- لە مێژووە نەتەوەییەکاندا، ڕابردوو دووبارە لێکدەدرێتەوە بۆ بەردەوامبوونی یەکێتیی سیاسی. نموونە باڵاکەی ڕانکە بۆ بابەتیبوون جێگەی خۆی بە مێژوونووسییە نەتەوەییەکان لە ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەمدا کردەوە، کە ڕابردوو بۆ دروستکردنی ناسنامە بەکارهێنرا.
- لە قۆناغی دوای کۆلۆنیالیزمدا، مێژوونووسانێک بە ئاڕاستەی دژە کۆلۆنیالیستی مێژوویان نووسییەوە، ئەمەش بە جەختکردنەوە لەسەر دیدگا ڕەسەنەکان و دەسەڵاتی پەراوێزخراوەکان بەرجەستە کرا.
- لە یادگەی گشتیدا، وەک لەلایەن دی سەینت-لۆرێنت و ئۆبرادۆڤیچ لێکۆڵینەوەی لێکراوە، ڕابردوو بە بەردەوامی لەڕێگەی پەیکەرەکان، یادکردنەوەکان و مۆزەخانەکانەوە بەکارهێنراوە، کە هەر یەکەیان ڕەنگدانەوەی واتای هاوچەرخن بۆ مێژوو، نەک ڕاستی نەگۆڕ.

لێرەوە تێدەگەین کە زیندوویی مێژوو لە توانای گونجاندنیدایە، توانای لێکدانەوەی بەڵگە لە سۆنگەی پرسیارە نوێیەکانەوە. بە هەمان گوزارشتەکەی جۆن تۆش، مێژوو گرنگە، چونکە کۆمەڵگاکان توانادار دەکات بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە خۆیان تێبگەن، ڕووبەڕووی ئەفسانەکان ببنەوە و مشتومڕی دیموکراسی بەردەوام بکەن.

---

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


1 - Christine L. Crain، THE PURPOSES OF EDUCATION IN THE UNITED STATES: ORIGINS، CONFLICTS، AND COMMON GROUND، The Pennsylvania State University the Graduate School College of Education، Master of Arts، May 2012، pp 5-6.

2 - Anurag Subramani، Hayden White and the Burden of History، journal of pacific studies، Volume 36، Issue 2، 2016، PP 108-123. https://doi.org/10.33318/jpacs.2016.36(2)-6

3 - Bloch، Marc. The Historian's Craft. Translated by Peter Putnam. New York: Alfred A. Knopf، 1954، pp. 22 -27.

4 - de Saint-Laurent، C. & Obradović، S. (2019). Uses of the past: History as a resource for the present. Integrative Psychological and Behavioral Science، 53(1)، 1-11. https://doi.org/10.1007/s12124-018-9463-5

5 - KEDOURIE، ELIE. "HISTORIOGRAPHY: History، the Past and the Future." The American Scholar 53، no. 1 (1984): 109–15. http://www.jstor.org/stable/41211586.

6 - KEDOURIE، ELIE. "HISTORIOGRAPHY: History، the Past and the Future." The American Scholar 53، no. 1 (1984): 109–15. http://www.jstor.org/stable/41211586.

7 - Koselleck، Reinhart. Futures past: on the semantics of historical time، translated and with an introduction by Keith Tribe، 2004، Columbia University Press.

8 - Georg G. Iggers، Leopold von Ranke، The Theory and Practice of History، Historiografías، 2 (Julio-Diciembre، 2011): pp. 116-122. https://share.google/9qGpgieT8zREozSLB

9 - Rosemary Jann، THE ART AND SCIENCE OF VICTORIAN HISTORY، OHIO STATE UNIVERSITY PRESS: COLUMBUS، 1985، P220.

10 - Dr.N.PADMANABHAN (Prepared by)، SCHOOL OF DISTANCE EDUCATION FOURTH SEMESTER M.A. HISTORY PAPER- I RESEARCH METHODS IN HISTORY (2008 Admission onwards)، PP 33، 88، 90. https://sde.uoc.ac.in/sites/default/files/sde_videos/RESEARCH%20METHODS%20IN%20HISTORY.pdf

11 - Nawiyanto، Sri Ana Handayani، Dewi Salindri، Annales School of History: Its Origins، Development and contributions، IOSR Journal of Humanities and Social Science (IOSR-JHSS) Volume 27، Issue 5، Series 8 (May. 2022) 39-45. https://www.iosrjournals.org/iosr-jhss/papers/Vol.27-Issue5/Ser-8/G2705083945.pdf

12 - Dr. Syed Mubin Zehra، History and Historiography، International Centre for Distance Education & Open Learning Himachal Pradesh University، Gyan Path Summer Hill، Shimla، P6. https://www.hpuniv.ac.in/hpuniv/upload/uploadfiles/files/MA_%20History%20Ist%20Semester%20(101).pdf

13 - Mohana Chatterjee، History and Historiography: A Study of the Nature of History، International Journal of Creative Research Thoughts (IJCRT)، Volume 8، Issue 10 October 2020، pp 818-827. https://www.ijcrt.org/papers/IJCRT2010108.pdf

14 - Dr. Syed Mubin Zehra، History and Historiography، International Centre for Distance Education & Open Learning Himachal Pradesh University، Gyan Path Summer Hill، Shimla، P17.https://www.hpuniv.ac.in/hpuniv/upload/uploadfiles/files/MA_%20History%20Ist%20Semester%20(101).pdf

15 - Dr. Syed Mubin Zehra، History and Historiography، International Centre for Distance Education & Open Learning Himachal Pradesh University، Gyan Path Summer Hill، Shimla، PP17-18 https://www.hpuniv.ac.in/hpuniv/upload/uploadfiles/files/MA_%20History%20Ist%20Semester%20(101).pdf

16 - Mohana Chatterjee، History and Historiography: A Study of the Nature of History، International Journal of Creative Research Thoughts (IJCRT)، Volume 8، Issue 10 October 2020، pp 818-827. https://www.ijcrt.org/papers/IJCRT2010108.pdf

17 - Eric Hobsbawm، AGE OF EXTREMES THE SHORT TWENTIETH CENTURY 1914-1991، This edition published by Abacus 1995. https://files.libcom.org/files/Eric%20Hobsbawm%20-%20Age%20Of%20Extremes%20-%201914-1991.pdf?utm_source=chatgpt.com

18 - Jason U. Rose، Mentalités and the Search for Total History in the Works of Annalistes، Foucault، and Microhistory، The Hilltop Review، Volume 12، Issue 2، Article 8، October 2021، https://scholarworks.wmich.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1450&context=hilltopreview

19 - Rashid Manzoor Bhat، Truth or Fiction? The Postmodern Debate in Historical Writing، Historical Research Journal of History and Archaeology، Vol.-02، No.-02 (Apr-Jun، 2024)، PP 9-19. https://hrjha.lexarcheus.com/storage/app/public/pdf/1741299645.pdf

20 - John Tosh، The Pursuit of History Aims، methods and new directions in the study of history، Routledge، Sixth edition، 2015. http://lib.ysu.am/disciplines_bk/d4e2c7ee73f9ee31bfdceec0d21d7bf4.pdf

21 - Jiewon Baek، The Ethics of Uncovering the Something Else in Histoire(s) du cinema، Journal of French and Francophone Philosophy - Revue de la philosophie française et de langue française، Vol XXII، No 1 (2014) p 41. https://www.researchgate.net/publication/277906724_The_Ethics_of_Uncovering_Something_Else_in_Histoires_du_cinema

22 - Robert Gildea، PODCAST: Why history needs to be rewritten، Transforming Society podcast، 16th May 2024، https://www.transformingsociety.co.uk/2024/05/16/podcast-why-history-needs-to-be-rewritten/

23 - Thomas Jefferson، Thomas Jefferson to James Madison، 6 September 1789، Founders Online Founders Online، https://founders.archives.gov/documents/Madison/01-12-02-0248

24 - ALAN GREENBLATT، Rewriting History CAN NATIONS COME TO TERMS WITH THEIR OWN LEGACIES? PUBLISHED BY CQ PRESS، A DIVISION OF SAGE، VOLUME 3، NUMBER 12، DECEMBER 2009، PAGES 311-336. https://www2.gwu.edu/~sigur/assets/docs/history.pdf

25 - ALAN GREENBLATT، Rewriting History CAN NATIONS COME TO TERMS WITH THEIR OWN LEGACIES? PUBLISHED BY CQ PRESS، A DIVISION OF SAGE، VOLUME 3، NUMBER 12، DECEMBER 2009، PAGES 311-336. https://www2.gwu.edu/~sigur/assets/docs/history.pdf

# خوێندنەوەی کتێب



# نەخشەی نوێی جیهان
## وزە، کەش و هەوا و پێکدادانی نەتەوەکان
## دانیاڵ یەرگین

م. هونەر احمد کریم
لێکۆڵەر لە پرسە ستراتیجییەکان




کتێبی (نەخشەی نوێی جیهان: وزە، کەش و هەوا و پێکدادانی نەتەوەکان) نوێترین بەرهەمی دانیاڵ هاوارد یەرگین" ١٩٤٧- ....."ە، کە لە ساڵی "٢٠٢٠" چاپ و بڵاوکراوەتەوە و بۆ چەندین زمانی بیانی وەرگێڕدراوە. لە ئێستادا جێگری سەرۆکی کۆمپانیای (IHS Markit)ە، کە کۆمپانیایەکی تایبەتە بە بواری توێژینەوە و زانیاری. هەروەها بەڕێوەبەری دامەزراوەکانی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کۆمەڵەی وزەی ئەمریکا و ئەمینداری دامەزراوەی بروکینگز و ڕاوێژکاری چەندین ئیدارەی ئەمریکا بە ئیدارەکەی ئێستاشەوە. هەروەها

سەرۆکی کۆنفرانسی ساڵانەی وزەی (CERAWeek)یە. بابەتەکانیشی سەبارەت بە وزە، مێژوو و ئابووریی لە بڵاوکراوەکانی وەک: )وۆڵستریت جۆرناڵ، نیویۆرک تایمز، واشنتۆن پۆست و فایینانشیاڵ تایمز(دا بڵاوبوونەتەوە.

یەرگین لە ئەمریکا لەدایکبووە و لێکۆڵەرێکی دیاری بوارەکانی وزە، جیۆپۆلۆتیك و ئابوریی جیهانییە و یەکێکە لە دیارترین شیکەرەوە، نووسەر و مێژوونووسە ئابوورییە براوەکانی خەڵاتی پۆلیتزەرە. هەموو ژیانیشی بە توێژینەوە لە وزە و لێکەوتەجیۆسیاسی و ئابوورییەکانییەوە پابەند بووە. هەر لە کتێبی یەکەمییەوە، "ئاشتیی تێکشکێنراو"، تا دەگاتە کتێبەکانی "خەڵات" و "هەوڵدان"، نووسەر بۆ تێگەیشتن لە زۆرێک لە ئاڵنگارییەکانی وزە و ئاسایش کە بەرۆکی جیهان دەگرن، چەند بنچینەیەکی مێژوویی بە خوێنەران بەخشیوە.




دانیاڵ یەرگین لەکاتی پێشکەشکردنی وتارێك لەسەر ئایندەی گۆڕانکارییەکانی وزەی جیهانی
سەرچاوە: Bloomberg

## چوارچێوە گشتییەکانی کتێبەکە:

کتێبەکەی یەرگین (نەخشەی نوێی جیهان: وزە، کەش و هەوا و پێکدادانی نەتەوەکان) شیکارییەکی هەمەگیر بۆ یەکتربڕینی دیمەنی نێودەوڵەتیی وزە لەگەڵ کارلێک و ڕکەبەریی جیۆسیاسی و ئابووریی بەرفراوانتری نێوان دەوڵەتان دەخاتەڕوو. لەڕێی گێڕانەوەی ورد و ناوکۆیی مێژووییەوە، نووسەر کاریگەریی گۆڕانکاریی شۆڕشی بەردی زەیتی و گۆڕانکارییەکانی دواتر لە دینامیکیەتی وزە لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی وەک ئەمەریکا و ڕوسیا و چین و

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کارلێکی ئاڵۆزکاوی نێوان خستنەڕوو و خواست لەسەر وزە و گرژییە جیۆساسییەکان، ڕوون دەکاتەوە.




نووسەر لە کتێبەکەیدا، خوێنەر دەباتە گەشتێکی کاتی و کێشکەر بۆ سەر نەخشەی نوێی جیهان، پرسیار و ئاڵنگاریی گەورە لە بواری وزە و جیۆپۆلەتیک لە سەردەمی زیادبوونی گێژاوی سیاسیدا دەخاتەڕوو. هەروەها سەرنج دەخاتە سەر گۆڕانکارییەکانی بازاڕی وزە و جیۆپۆلەتیک و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەگەری براوە و دۆڕاوەکان لە سەردەمەکانی داهاتوودا دەکات. هەروەها باس لە سیستەمی نوێی جیهانی دەکات، کە لە سایەی گۆڕانکارییە دراماتیکییەکانی وزە و جیۆپۆلەتیک شێوەی گرتووە، کە نووسەر بە نەخشەی نوێی جیهانی ناوی دەبات و هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە جیهان بەم گۆڕانکارییانەوە بەرەو کوێ هەنگاو دەنێت و ڕووی لە کوێیە. ئایندەیەك کە زلهێزە جۆراوجۆرەکان ڕۆڵی تێدا دەبین، هەر لەو زلهێزانەی کە خاوەن هێزی ئابووری، سەربازی، جوگرافیا، ستراتیژیی گشتی و خواستە دوور مەوداکان، هێزی چاوەڕواننەکراون، یاخود ئەو زلهێزانەی سەرچاوەی هێز و تواناکەیان لە وزەی جۆراوجۆر، نەوت، گاز و خەڵوز، خۆر، با، ئەتۆمی و سەرچاوەی دیکەوە دێت، تا دەگاتە ئەو وڵاتانەی کە سەرچاوەی هێز و تواناکەیان لە سیاسەتەکانی پەیوەست بە ڕێکخستنەوەی سیستەمی وزەی جیهان و گەیشتن بە ئامانجی سفر کاربۆن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا سەرچاوە گرتووە.

هەرچەندە کتێبەکە لە لایەنی جیۆپۆلۆتیکی قووڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەو ڕەخنەیەشی لێ دەگیرێت "کە لە تەوەرێکی پاشتر باسی دەکەین"، کە سەرنجی لەسەر هەندێک لە دەوڵەتانی داواکار سنووردارە، کەمتریش بایەخ بە پرسی گۆڕانی ئاووهەوا دەدات، ڕوونکردنەوەکانیشی دەربارەی ئاسەوارە درێژ مەوداکانی بارگۆڕینەکانی وزەی نوێبووەوە، وەک پێویست نییە. سەرباری ئەم بەربەستانەش، کتێبەکە دیدی بەهادار دەربارەی پەیوەندیی ئاڵۆزکاوی نێوان وزە و جیۆپۆلۆتیک و ئاسایشی جیهانی، دەخاتەڕوو. ئەوەش خوێندنەوەی بۆ توێژەران و داڕێژەرانی سیاسەتنامەکان و خوێنەرانیش کە تێگەیشتنی تۆڕی ئاڵۆزکاوی وزە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی هاوچەرخدا بۆ گرنگە، پەلکێش دەکات.

یەرگین لە کتێبەکەیدا، هەوڵدەدات شیکارییەکانی پێشتری لەسەر وزە و جیۆپۆلۆتیك، نوێ بکاتەوە، بۆئەوەی پێ بە پێی گۆڕانکارییەکانی دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەم بڕۆن. کتێبەکە بە دیاریکراوی لەسەر چۆنێتیی کاریگەریی گۆڕانی خستنەڕوو و خواستنی جیهانی لەسەر وزە و پێکداچوونی پێگەی وزە لای دەوڵەتان و چۆن ئەو گۆڕانکاریيانە لە دیمەنی جیهانیی وزەدا، پێکهاتەی کارلێک و ڕکەبەریی جیۆپۆلۆتیك و ئابووریی ئێستای نێوان دەوڵەتان، دادەڕێژنەوە.

تێزی کتێبەکە گریمانی ئەوە دەکات، کە دیمەنی جیهانیی وزە لە بازاڕە جیهانییەکاندا چیتر نیگەرانی دابینکردنی وزە نییە (واتە "ترۆپکی نەوت") وەک ئەوەی زۆربەی شارەزایان لە دەیەی ڕابردوودا پێشبینییان کردبوو، بەڵکو بە بڕی هاوکاتیی خواستی جیهانی لەسەر وزە لەگەڵ هەڵکشانی دابینکردنی وزەدا (واتە "ترۆپکی خواست"). یەرگین پێی وایە سیاسەتی جیهانی وزە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمەوە لە ڕیشەوە گۆڕاوە. چیتر لایەنی خستنەڕووی سەرچاوەکانی وزە بە ئۆپیکەوە بەند نییە، بەڵکو بە دەستی بەرهەمهێنەرانی نوێی دەرەوەی ئۆپیکیشەوە، لەوانەش ئەمەریکا کە بووە بە بەرهەمهێنەرێکی سەرەکیی نەوت.

ئەوەش ئاڵنگاریی پێگەی بەرهەمهێنەرە تەقلیدییەکانی وزە دەکات، وەک ڕوسیا، کە دەکۆشێت لەگەڵ ئەمەریکادا هاوتا بێت، لەڕێی فراوانکردنی بازاڕی وزەی خۆی و هاریکاری لەگەڵ چین و دەوڵەتانی ئۆپیک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە هەوڵ دەدەن بەهۆی ناجیگیریی ناوچەیی بەرفراوانەوە، پێگەی خۆیان لە بواری وزەدا بپارێزن. لە هەمان کاتدا، لایەنی خواستیش لەگەڵ دەرکەوتنی چین وەک یەکێک لە گەورەترین هاوردەکارانی وزە لە جیهاندا و هەڵکشانی ڕۆڵی وزەی نوێبووەوە لە پەنای ترسی جیهانی لە گۆڕانی ئاووهەواوە، گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە دیوە. لەڕێی بەکارهێنانی ڕستێک لە "نەخشە نوێیەکان"ەوە. یەرگین تیشک دەخاتە سەر ئەم دوایین گۆڕانکاریيانە لە بواری وزە و جوگرافیای سیاسیدا و بە وردی بوارەکانی گۆڕانکاریی لە داهاتوودا دەستنیشان دەکات. لەم بارەوە نووسەر لە یەکەمین دێڕی سەرتای کتێبەکەیدا دەڵێت: "ئەم کتێبە باس لەو نەخشە جیهانیە نوێیە دەکات کە لەدوای گۆڕانکارییە

بنەڕەتییەکانی جیۆپۆلەتیکی جیهانی وزەدا سەریهەڵداوە، باس لەوە دەکات ئەم نەخشەیە لە ئایندەدا بەرەو کوێمان دەبات و لەڕێگەی بەستنەوەی مێژوو بە پێشهاتەکانی ئێستاوە، دیدێکی ورد سەبارەت بە وزە، جیۆپۆلیتیک، کێبڕکێی زلهێزە گەورەکان و ژینگە پێشکەش دەکات. بۆیە ئەوە دەخاتەڕوو گۆڕانکاری و سیاسەتی نوێی وڵاتان گۆڕانکاریی وزەیان لە پشتەوەیە.

**"کتێبی (نەخشەی نوێی جیهان: وزە، کەش و هەوا و پێکدادانی نەتەوەکان) نوێترین بەرهەمی دانیاڵ هاوارد یەرگین" ١٩٤٧- .....ە"، کە لە ساڵی "٢٠٢٠" چاپ و بڵاوکراوەتەوە و بۆ چەندین زمانی بیانی وەرگێڕدراوە"**

نووسەر باس لەوە دەکات لە سەدەی بیست و یەکدا وزە بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پێشکەوتنی ئابووری و هێزێکی یەکلاکەرەوە لە داڕشتنی سیستمی جیهانیدا. شۆڕشە تەکنەلۆژییەکان و گۆڕانکارییە قووڵەکانی بازاڕەکانی وزە، ئایندەی ئەم بوارەی گۆڕیووە، کاریگەریی دوور مەودای لەسەر ئابووری و سیاسەت و ژینگە هەبووە. تەکنەلۆژیای کونکردنی ئاسۆیی وشکاندنی هایدرۆلیکی وایکردووە بتوانرێت نەوت و گاز لە سەرچاوەکانی شل دەربهێنرێت، ئەمەش ئەمریکای لە هاوردەکاری وزەوە بۆ گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت و گاز گۆڕیوە. ئەم گۆڕانکارییە هاوسەنگی هێزی لە بازاڕەکانی وزەدا گۆڕیوە و پشتبەستن بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمکردووەتەوە و هەناردەی گازی سروشتی شل (LNG)ی زیادکردووە و ملیۆنان هەلی کار لە پیشەسازی وزەدا ڕەخساندووە. بەڵام پێی وایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر بە چەقی سەرنجی بازاڕی وزە دەمێنێتەوە. ناوچەکە گیرۆدەی ئاڵنگارییەکانی وەک نائارامی سیاسی و کێبڕکێی ناوچەیی و سەرهەڵدانی سەرچاوەی وزەی نوێ لە ناوچەکانی دیکەی جیهانەوەیە. هەروەها نیگەرانییەکانی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا گواستنەوەی بۆ وزەی پاکی خێراتر کردووە. ئەم گواستنەوەیە بۆ وزەی نوێبووەوە، پێشکەوتن لە تەکنەلۆژیای هەڵگرتنی وزە و کەمکردنەوەی دەردانی کاربۆن پێویستی بە هاوکاریی نێودەوڵەتی و داڕشتنی سیاسەتی ژیرانە هەیە.

**پوختەی بەشەکانی کتێبەکە:**

کتێبی (نەخشەی نوێی جیهان، وزە، کەش و هەوا و پێکدادانی نەتەوەکان)، لە ناساندنێك (لە بری پێشەکی) و شەش بەش و دەرئەنجامێکی کورت پێکهاتووە.

پاش ناساندنێکی کورت نووسەر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی دەستپێکدا **(نەخشەی نوێی ئەمریکا America's New Map)**دا، بەوردی باس لە چیرۆکی شۆڕشی پێشبینینەکراوی شل لە ئەمریکا دەکات. کە بریتییە لە زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز لەڕێگەی تێکەڵکردنی دوو تەکنەلۆژیای سەرەکییەوە: شکاندنی هایدرۆلیکی و کونکردنی ئاسۆیی. پێی وایە ئەم تێکەڵە تەکنەلۆژییە ڕێگەی بۆ دەرهێنانی بڕێکی زۆر نەوت و غازی سروشتی کە لە پێکهاتەی بەردی شلدا گیریان خواردبوو خۆشکرد، ئەمەش بەرهەمهێنانی ئەمریکای بەشێوەیەکی بەرچاو زیادکردو وڵاتەکەی لە هاوردەکاری وزەوە بۆ هەناردەکارێکی پێشەنگ گۆڕی. نووسەر پێی وایە ئەم شۆڕشە بووەتە هۆی گۆڕانی پێگەی جیهانی ئەمریکا و بازارەکانی وزەی جیهانی و دوبارە دارشتنەوەی جیۆپۆلەتیکی جیهانی.

هەرچی بەشی دووەمی کتێبەکەیە کە ناونیشانی **(نەخشەی ڕووسیا Russia's Map)**ی لە خۆگرتووە، باس لەو ئاگرە دەکات، کە بەهۆی کارلێکی نێوان(لێشاوی وزە، کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکی، گرژییە بەردەوامەکانی سەر سنوورە نائارامەکانی پاشماوەی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و هەوڵەکانی ڤلادیمێر پوتین بۆ گیان بە بەردا کردنەوەی ڕووسیا وەک زلهێزێک)، سەری هەڵداوەتەوە. لەم بەشەی کتێبەکەدا نووسەر پێشبینییەکی سەرنجڕاکێش بۆ ململانێی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکات. بە ئاماژەدان بە شۆڕشی پرتەقاڵی لە ئۆکرانیا (ل١٠٣ی کتێبەکە)، بەدواداچوون بۆ دابینکردنی غازی ئەوروپا و دابینکەرانی غازی بیانی و ناوخۆیی دەکات، لەوانەش کێڵگەی غازی گرۆنینگن لە هۆڵەندا. لە وەسفکردنی گرنگی کریمیا بۆ ڕووسیا (ل١١٥ی کتێبەکە)، ئاماژە بە پێشبینییەکەی دۆناڵد ترەمپ دەکات سەبارەت بە بەدیلگرتنی ئەڵمانیا و ئەوروپا لەلایەن ڕووسیا، بە بەکارهێنانی هێڵی دابینکردنی غاز و لە هەمان کاتدا، تۆمەتی ترەمپمان بیردەخاتەوە کە بایدن و کوڕەکەی پەیوەندییان بە کۆمپانیایەکی نەوتی ئۆکرانیەوە هەیە!

لە بەشی سێیەمدا **(نەخشەی نوێی چین China's Map)** نووسەر سەرنج دەخاتە سەر پێشکەوتنە بەرچاوەکانی چین لە بوارەکانی هێزی ئابووری و سەربازیی لە جیهاندا لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا. هەروەها لەسەر پێداویستییەکانی وزەی چین کە پێی وایە بەم زووانە دەبێتە گەورەترین ئابووریی جیهان. "کە بە هەندێک خەمڵاندن ئێستا وایە". نووسەر باس لە ڕکابەریی نێوان چین و ئەمریکا سەبارەت بە دەریای باشووری چین و پرۆژەی (پشتێن و ڕێگاو) دەکات و دەڵێت: "وزە بەشێکی سەرەکییە لە ململانێکان". هەروەها سەرنج دەخاتە سەر تێکچوونی "کۆدەنگی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی" و جەخت لەسەر کێشەی زیادبوونی وابەستەیی و پەرەسەندنی بێمتمانەیی نێوان هەردوو وڵات بەهۆی کاریگەرییەکانی پەتای "Covid-١٩" دەکاتەوە. هەروەها پێی وایە وزە ڕۆڵێکی گرنگ لە ستراتیژیی چین لە بادانەوە بە ئاڕاستەی ئاسیای ناوەڕاست دەگێڕێت؛ چونکە ئەم هەنگاوە بەرژەوەندیی وزەیی و ئاسایشی

لە پشتەوەیە.

لە بەشی چوارەمدا (**نەخشەی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست Maps of the Middle East**) نووسەر باس لەوە دەکات لە کۆنەوە سنوورە جوگرافییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام لە گۆڕاندا بووەو بەردەوام شاهدی دەرکەوتن و ڕۆخانی ئیمپراتۆریەتەکان بووە. لە ئێستاشدا یەکێک لە گەورەترین ئاڵنگارییەکانی ئێستای ناوچەکە، بریتییە لە ڕکابەریی نێوان سعودیە سوننە و ئێرانی شیعە بۆ باڵادەست بوون بەسەر ناوچەکەدا، کە بەم دواییانەش بەهۆی هەوڵەکانی تورکیا بۆ گێڕانی وەها ڕۆڵێك کە مێژووەکەی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دۆخەکە هێندەی تر ئاڵۆزتر بووە. نووسەر پێی وایە پرسە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بریتین لە چوار دەیە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران و ئەمریکا و هەروەها لاوازی بەربڵاوی حوکمڕانی لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەیە.

هەر لەم بەشەدا نووسەر باس لەوە دەکات لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرچاوەی وزەی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، کێبڕکێی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریان هەڵداوە. دۆزینەوەی سەرچاوەی گاز لەم ناوچەیە بەتایبەتی لە ئاوەکانی (ئیسرائیل، قوبرس و میسر)، دەرفەتی دابینکردنی غازی بۆ ئەوروپا و کەمکردنەوەی پشتبەستنی کیشوەرەکە بە غازی ڕووسیا ڕەخساندووە. ئەم پێشهاتانە جگە لە کاریگەرییە ئابوورییەکان، بووەتە هۆی کێبڕکێی نوێ لەنێوان وڵاتانی ناوچەکەدا. ئیسرائیل کە بەخێرایی دەستی کردووە بە پەرەپێدانی سەرچاوە گازییەکانی، هەوڵدەدات ببێتە یەکێک لە گەورە هەناردەکارانی غاز بۆ ئەوروپا. ئەم پرۆسەیە ڕووبەڕووی کاردانەوەی سیاسی و دیپلۆماسیی وڵاتانی دراوسێ بووەتەوە.




**سەرچاوە: The Economist**

ناکۆکی سنوورییەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە وەک تورکیا و قوبرس، هەروەها گرژییە سیاسییەکان لەسەر مافی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی دەکەونە ئەو سنورانە، ئاڵۆزی زیاتری لە پەیوەندییەکانی ناوچەکەدا دروستکردووە. جگە لە کێبڕکێی وزە، قەیرانە ئەمنییەکان و سەرهەڵدانی گروپە تیرۆریستییەکانی وەک داعشیش کاریگەریی قووڵیان لەسەر ئاسایشی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە. ئەم هەڕەشانە نەک هەر بوونتە هۆی پچڕانی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، بەڵکو تەحەدای جددی بۆ ئاسایشی گواستنەوەی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست کردووە.

نووسەر پێی وایە یەکێکی دیکە لە پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاونانە بەرەو وزەی نوێبووەوە. بە لە بەرچاوگرتنی فشارە جیهانییەکان بۆ کەمکردنەوەی دەردانی کاربۆن و بەکارهێنانی سەرچاوە پاکەکان، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پلانیان بۆ پەرەپێدانی وزەی نوێبووەوە هەیە. وڵاتانی وەک ئیمارات و سعودیە بە لەبەرچاوگرتنی سامانە سروشتییەکانیان، وەبەرهێنانێکی زۆر لە پرۆژەکانی وزەی خۆر و بادا دەکەن. ئەم وڵاتانە بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی وزەی پاک و نوێبووەوە، چاویان لە هەمەچەشنکردنی ئابوورییەکانیان و بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوایە.

> **"کتێبەکەی یەرگین (نەخشەی نوێی جیهان: وزە، کەش و هەوا و پێکدادانی نەتەوەکان) شیکارییەکی هەمەگیر بۆ یەکتربڕینی دیمەنی نێودەوڵەتیی وزە لەگەڵ کارلێك و ڕکەبەریی جیۆسیاسی و ئابووریی بەرفراوانتری نێوان دەوڵەتان دەخاتەڕوو"**

نووسەر لە کۆتا باسی ئەم بەشەدا، ئاماژە بەوە دەکات ئایندەی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر وابەستەی پێشهاتە جیهانییەکان و ئاستەنگە ناوخۆی و ناوچەییەکانە. کێبڕکێی نەوت و گاز، پێشهاتەکانی وزەی پاك و نوێبووەوە، گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنییەکان، ڕۆڵی گۆڕانی کەشوهەوا، ئەو فاکتەران کە وا ئایندەی ناوچەکە دیاری دەکەن. پێی وایە لە کۆتاییدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک یەکێک لەناوەندە سەرەکییەکانی دابینکردنی وزەی جیهان دەمێنێتەوە، بەڵام پێشهاتە جیهانییەکان و گۆڕانکارییەکانی سیاسەتە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان ڕەنگە نەخشەی وزەی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بگۆڕن.

یەرگین لە بەشی پێنجەمی کتێبەکە (**نەخشە ڕێگا Road map**)شدا پێی وایە، ئەگەرێکی لاوازە لەم دەیەیەدا جیهان سەبارەت بەوەی جیهان بە چ خێراییەك دەتوانێت و پێویستە

خۆی لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوادا بگونجێنێت و چەند تێچووی دەبێت بگاتە کۆدەنگییەکی گشتگیر. بەڵام پێی وایە لەگەڵ زیاتر هۆشیاربوونەوەی ڕای گشتی جیهانی و جێبەجێکردنی سیاسەتی نوێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی "سفر کاربۆن"، هەوڵدان بۆ گەیشتن بە و ئامانجە هێندەی دیکە بە پەلەتر دەبێت، کە ئەمە دەمانباتە سەر "گواستنەوەی وزە"، گواستنەوە لە جیهانێکەوە کە (٨٠٪) وزەکەی پشت بە نەوت و گازی سروشتی و خەڵوز دەبەستێت، بۆ جیهانێک کە زیاتر پشت بە وزەی پاك و نوێبووەوە دەبەستێت.

نووسەر لەبەشی (**نەخشەی کەشوهەوا Climate Map** )کە بەشی شەشەم و کۆتایی کتێبەکەیەتی، ئاماژە بەوە دەکات پرسی کەشوهەوا یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی دیاریکردنی نەخشەی نوێی وزەو سەرنج دەخاتە سەر ئاڵنگارییە سیاسی و ئابوورییەکان بۆ داهاتوویەکی کەمتر لە کاربۆن. هەروەها سەرنج دەخاتە سەر ئەم پرسیارە "گواستنەوەی وزە" لە سووتەمەنییە بەردبووەکانەوە بۆ وزە نوێبووەکان چۆن دەبێت؟ لە کتێبەکەیدا کاتێکی زۆر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی وزەی پاك و نوێبووەکان تەرخان دەکات. پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا جۆراوجۆرەکان کات دەخایەنێت و تێچووی دەبێت، گواستنەوەی وزە بۆ نەتەوە جیاوازەکان واتای جیاوازیی هەیە، جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە جیۆپۆلەتیک بەهۆی کێبڕکێی جیهانی بەشێکە لە تێکەڵەی نوێی وزە، بە جیهانیبوون و پشتبەستنی پێکەوەیی زنجیرەی لە دابینکردنیدا.

**لە بەشی دەرئەنجام و کۆتایی کتێبەکەشیدا** کە زیاتر سەرنجێکی ئایندەیی لەخۆدەگرێت، دانیاڵ یۆرگین هۆشداری لە جیهانێکی ئایندەیی دابەش بوو پەرت پەرت دەدات، کە تیایدا نەوت و گازی سروشتی بەردەوام دەبن لە ڕۆڵی سەرەکییان لە ئابووری جیهاندا و ڕۆڵیان لە پرسەکانی ژینگە، کەش و هەوا، ستراتیژی گەلان و ناکۆکییەکانی نێوانیان دەبێت.

**ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی کتێبەکە کراونەتەوە.**

کتێبەکە کۆمەڵێك ڕەخنەی جیاوازیی ئاڕاستە کراوە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

**یەکەم:** یەرگین لە کتێیەکەیدا کەس و شوێن و ڕووداوی جۆراوجۆر باس دەکات، بەڵام باسکردنەکەی هەندێک تاکرەهەندییە و گێڕانەوە و ڕاڤەکانی ڕێگە بە فرەدەنگی نادەن. بەجۆرێک مامەڵە دەکات، وەک ئەوەی داهاتوو لەلایەن تاقە فاکتەرێکەوە ڕەنگرێژ بکرێت.

**دووەم:** نووسەر سەرنجی بە پلەی یەکەم لەسەر پرسی وزەیە، بەتایبەت وزەی بەردین، بەڵام تەنیا باسی ڕۆڵ و کاریگەریی بەرهەمهێنەران دەکات. ئەی کڕیاران چی؟ کتێبەکە باسی هندستان و یابان و یەکێتیی ئەورووپای، کە گەورەترین کڕیارەکانن، ناکات. تەنانەت لە باسی ئەمەریکاشدا، ناوی گەورەی بەرهەمهێنەرانی وەک چێڤرۆن و ئێکسۆن مۆبیل نایەنێت. نووسەر لە باسی ستراتیژی ئەمەریکاشدا زۆر ڕوون نییە. وا دەردەکەوێت لەگەڵ

ئەو دژایەتییەی چیندا نەبێت، بەڵام وەکی تریش هیچ بەدیلێک پێشنیاز ناکات. دەربارەی ڕوسیاش شتێکی کەم دەڵێت، تەنیا ئەوەندە کە بووەتە کێشە یان سەریەشەیەکی گەرم.

**سێیەم:** یەرگین ئاماری باشی دەربارەی ڕووداوەکان و ئاڕاستەی شارستانێتی مۆدێرن لایە (جیهان لەکوێیە و بەرەو کوێش دەچێت). بەڵام خوێنەران تامەزرۆ دەبن بزانن کەی یەرگین زار هەڵدەبڕێت و بەوردی باسی ئەو ڕووداوانە دەکات. گەر بڕیارە هەندێک ڕووداو و پێشهاتی ناخۆش و نەخوازراو چاوەڕێمان بکەن، ئێمە بڕیارە چ بکەین؟ لێرەدا هەست بە کورتبڕیی نووسەر دەکرێت.

**چوارەم:** ئێمە لە دۆخی کتوپڕی ئاووهەوادایین، بەڵام ئەمە لە کتێبەکەی یەرگینەوە نازانین. بە دیاریکراوی، لەو دیوی تێکەڵەی ناجێگیر و گۆڕاوی چالاکییەت و زانستەکانی ئەندازەگیری و ئاووهەوادایە، کە پێدەچێت ئەم فاکتەرانە بن شێوە بە جیهانی وزە بدەن. دیارە لەو هەموو هەڵمەتەی کشاندنەوەی وەبەرهێنان لە بواری وزەی بەردیندا، نائاگایە، ئەوەش شەرمە، چونکە ئەو چالاکی و چالاکانە شێوەی تریان بە گفتوگۆی وزە داوە. دەبێت گۆڕان زوو بێت و بەدی بێت، بەڵام یەرگین هێندە سەرقاڵ و قاڵە بەنێو ڕەوتە فیکرییە کۆنەکاندا، کە لەو کتوپڕییە باش حاڵی نابێت.

> **"نووسەر لە کتێبەکەیدا، خوێنەر دەباتە گەشتێکی کاتی و کێشکەر بۆ سەر نەخشەی نوێی جیهان، پرسیار و ئاڵنگاریی گەورە لە بواری وزە و جیۆپۆلەتیك لە سەردەمی زیادبوونی گێژاوی سیاسیدا دەخاتەڕوو"**

**پێنجەم:** لە کتێبەکەدا باسکردنی کاریگەرییەکانی گۆڕانی ئاووهەوا، ونە. بە تاقە پەرەگرافێک باسی گازی میسان دەکات، کە گازێکی گەرمی بەندکارە. ڕاستە سەرنجی کتێبەکە لەسەر جیۆپۆلیتیکسە، بەڵام ئەم فاکتانەی باس کران، کاریگەریی گەورەیان لەسەر بابەتی لێکۆڵینەوەی کتێبەکە هەیە.

**شەشەم:** کتێبەکە لە باسکردنی وزە و سەرچاوەکانیدا دەوڵەمەندە، بەڵام لە باسکردنی کاریگەریی وزە بەسەر کاروباری جیهانەوە، ڕەنگە دەوڵەمەند بێت، بەڵام ڕووکەشانە و بێزارکەرە. ڕەنگە بۆ خوێنەری ئاسایی بەس بێت، بەڵام بۆ خوێنەری پسپۆڕ و جدی، دەبێت لەوە قووڵتر بێت.

بە گشتی و سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنە و سەرنجانەی کە لە کتێبی (نەخشەی نوێ..) یۆرگن دانیاڵ گیراون و هاوشێوەی بەرهەم و کتێبەکانی دیکە لە سەرنج و ڕەخنەی پسپۆڕان

و ڕەخنەگران بەدەر نەبووە، بەڵام کتێبەکە گەشتێکی قووڵ و ئیلهامبەخشی پێکداچوونە ئاڵۆزەکانی نێوان وزە و جیۆپۆلۆتیکە لە جیهاندا. توێژینەوەی ورد و شیکاریی بیرتیژانەکەی یەرگین، تێگەشتنێکی قووڵتر بۆ چۆنێتی جێگرتنی ستراتیژێکی دەوڵەتان لە مەیدان و شانۆی وزەدا بۆ خوێنەران دەڕەخسێنێت، کە ئەوەش لەکۆتاییدا لە پێکهاتنی داهاتووی جیۆپۆلۆتکی جیهاندا بەشدار دەبێت. کتێبەکە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەو کەسانەی  کە بەدوای تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی جیهانی پێکەوەبەستراوی سەردەمی ئێستا.

---

**سەرچاوە:**

1-Yergin، D. The New Map: Energy، Climate، and the Clash of Nations. Penguin Press، 2020.

سەرچاوە سود لێوەرگیراوەکانی دیکە:

2- Zin Mar Khing ( Februare 2024) ،The New Map: Energy، Climate، and the Clash of Nations By Daniel Yergin، GLOBAL POLICY HORIZONS، LABوhttps://dev25.webster.edu/documents/global-policy-research-lab/2024-zin-mar-khing-review-of-the-new-map-energy-climate-and-the-clash-of-nations-by-daniel-yergin-ua.pdf

3-Simon Montlake: (13-10-2020)، Don’t write off Big Oil: The geopolitics of energy and security ، THE CHRISIAN SCIENCE MONITOR
https://www.csmonitor.com/Books/Book-Reviews/2020/1013/Don-t-write-off-Big-Oil-The-geopolitics-of-energy-and-security

4- David Holahan، (16-9-2020،)The New Map': Daniel Yergin's sobering and smart take on the global state of energy، USA TODAY، https://www.usatoday.com/story/entertainment/books/2020/09/14/review-new-map-daniel-yergin-sobering-take-state-energy/5764296002/

5- Adam Tooze، (15،9،2020)The Future OF Energy، The New York Times
https://www.nytimes.com/2020/09/15/books/review/the-future-of-energy.html

6- Alexander Hoogsteyn،(12-10-2023) ، The New Map BY Daniel Yergin، Navigating Geopolitics and Energy Across the Globe، Renewable Reads ، https://renewablereads1.wordpress.com/2023/10/12/book-review-the-new-map-by-daniel-yergin-navigating-geopolitics-and-energy-across-the-globe/ " https://renewablereads1.wordpress.com/2023/10/12/book-review-the-new-map-by-daniel-yergin-navigating-geopolitics-and-energy-across-the-globe/ https://renewablereads1.wordpress.com/2023/10/12/book-review-the-new-map-by-daniel-yergin-navigating-geopolitics-and-energy-across-the-globe/https://renewablereads1.wordpress.com/2023/10/12/book-review https://renewablereads1. https://renewablereads1 https://renewablereads1.wordpress.com/2023/10/12/book-review-the-new-map-by-daniel-yergin-navigating-geopolitics-and-energy-across-the-globe/.wordpress.com/2023/10/12/book-review-the-new-map-by-daniel-yergin-navigating-geopolitics-and-energy-across-the-globe/ wordpress.com/2023/10/12/book-review-the-new-map-by-daniel-yergin-navigating-geopolitics-and-energy-across-the-globe/ -the-new-map-by-daniel-yergin-navigating-geopolitics-and-energy-across-the-globe09)u--The "The New Map" by Daniel Yergin

– Navigating Geopolitics and Energy Across the

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین

# لە گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

سیاسەت و ڕێنمایی نووسینی گۆڤار لە سێ بەش پێکدێت، کە بریتین لە: (ڕێنمایی نووسین، شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە، ڕێنمایی وەرگێڕان).

**یەکەم: ڕێنمایی نووسین:**

- بابەتی نووسراو، پێشتر لە هیچ جێگایەکی دیکە بڵاو نەکرابێتەوە.
- زمانی بڵاوکردنەوەکانی گۆڤار تەنها زمانی کوردییە.
- گۆڤار ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە پەیوەندیدارن بە پرسە ستراتیجی و جیۆپۆلەتیکییەکان.
- لە پەیکەری نووسینی بابەتدا هەندێك سەربەستی دەبەخشرێتە توێژەر، بەڵام پێویستە پەیکەری بابەتی نووسراو ئەم بەشانە لەخۆبگرێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، دەرئەنجام، پێشنیاز ئەگەر هەبێت، لیستی سەرچاوەکان.
- بابەتەکە بە تایپکراوی و بە فایلی(word) بێت.
- پێشەکی بابەتەکە لەنێوان (٢٠٠-٣٠٠) وشەدا بێت.
- کۆی وشەکانی بابەتی نووسراو، لەنێوان (٣٠٠٠-٥٠٠٠) وشەدا بێت.
- جێهێشتنی (٢ سم)، بۆ هەر چوار لای پەڕەکە.
- بۆشایی نێوان دێڕەکان (1.15) بێت.
- پێویستە توێژەر فۆنتی یونیکۆد (Goran) بۆ نووسینی بابەتەکەی بەکاربهێنێت.
- لە نووسینی ناونیشانی بابەت، قەبارەی فۆنتی (١٦)ی بۆڵد بۆ ناونیشان و (١٤)ی بۆڵدیش بۆ ناونیشانی لاوەکی ناوەڕۆك بەکاربێت.
- قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی بابەت (١٤)بێت.
- لە ناوەڕاستی خوارەوەی لاپەڕەوە، ژمارەی لاپەڕە دابنرێت.

- چارت و وێنەکان بە شێوەی (JPG) بێت.
- بابەتی نووسراو لەڕێگەی ئەم ئیمەیڵەوە بنێردرێت: jss@dirasatdiploma. org

**دووەم: شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی بابەتەکەدا و بەشێوازی (Insert Endnote) بێت و بە فۆنتی قەبارە (١٢) بنووسرێن.
- لە لیستی سەرچاوەکان بەم شێوازانەی لای خوارەوە سەرچاوەکان بنووسرێن:

*** توێژینەوەی بڵاونەکراوە (نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا):**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ناونیشانی نامەی ماستەر یان تێزی دکتۆرا، ناوی کۆلێج و زانکۆ، ساڵ، لاپەڕە.

*** کتێب:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی کتێب، (وەرگێڕ و پێداچوونەوە ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ، دەزگای بڵاوکردنەوە یان چاپخانە، لاپەڕە.

*** گۆڤار:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ساڵی چاپ، ناونیشانی توێژینەوە یان وتار، ناوی گۆڤار، ژمارەی بەرگ، ژمارەی گۆڤار، لاپەڕە.

*** ڕۆژنامە:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، (ڕێکەوت)، ناونیشانی بابەت، ناوی ڕۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

*** چاوپێکەوتن:**

- ناوی کەسی چاوپێکەوتنکەر، ناوی کەسی چاوپێکەوتنکراو و پیشەکەی، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن، شوێنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن، کاژێر.

*** ماڵپەڕ سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

- ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر، ڕێکەوت، (ئەگەر نەبوو ڕێکەوتی سەردانیکردن بنووسرێت)، ناونیشانی بابەت، لینکی ماڵپەڕ، یان سەرچاوەی ئەلیکرتۆنی ڕێکەوتی سەردانیکردنی ماڵپەڕ.

- **تێبینی:** لەو ڕوانگەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق ناوی خێزانیی بەکارناهێنرێت، بۆیە لەکاتی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سەرەوە، هەر ناوی سیانی نووسەر بنووسرێت.

*** ڤیدیۆ:**

- ناونیشانی ماڵپەر، (ڕێکەوتی دانانی ڤیدیۆ)، ناونیشانی ڤیدیۆ، لینکی ماڵپەڕ، بەرواری سەردانیکردن.

مەڵبەندی دیراساتی گشتی

گۆڤاری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەرزنامەیەکی سیاسی و ستراتیجییە
مەڵبەندی دیراساتی گشتیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەریدەکات.



# The Strategic Studies

Issue 3, Autumn 2025